# ئەو کاتەی
# عەشق دەمرێت

PDF4Kurd

# ئەو کاتەی
# عەشق دەمرێت

## دانییێل ستیل

**وەرگێڕانی**

**حەمە عەبدوڵڵا**

**پێداچوونەوەی**

**شێمحەمەدی باڵەك**

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەرێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **ئەوکاتەی عەشق دەمرێت (رۆمان)**
- **نووسینی:** دانییێل ستیل
- **وەرگێڕانی بۆ فارسی:** د. قەدیر گۆڵکاریان
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** حەمە عەبدوڵڵا
- **پێداچوونەوەی:** شێمحەمەدی باڵەك
- **تایپیست:** جیهاد رۆستایی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٣٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١١**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
- لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦٨٩)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب** (٦٦٠)

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# بەشی یەکەم

کلووە بەفرەکان لە ئاسمانی سوور باوەوە بە هێواشی، کە نیشانەی بارینێکی خەست بوو، بەسەر زەویدا دەبارین و وەك پەلکی گوڵەنەورۆزە، داوێنی جوانی سروشتیان لەو عەسرە خەمینەدا دەڕازاندەوە. خۆر چەند کاتژمێرێ بوو، کە لەو دیو پەردەی تووڕەییەوە خۆی شاردبووەوە و جارجارێ لە ئاسۆی ڕۆژئاواوە بە نازەوە چاوێکی دادەگرت و تیریژی تیشکە سوورەکەی دەردەخست.

پەنجەرەی ژوورەکە روو لە باشوور بوو و ئەو کاتەی، کە من وەستابووم شەڕ و ململانێم لە نێوان چەپەڵی و چاکە ـ سپێتی و ڕەشێتی ـ گەرما و سەرمادا بە روونی دەبینی. دەتگوت ئەوێ پەناگەی هەموو بینەرێکە، وەك ئەوەی من بینەری ئەم ڕووداوانە بم. بەڵام لەو ئێوارە خەمین و ماتەدا نە جوانییەکەی سرووشت مانایەکی بۆم هەبوو نە شەڕو ململانێکانی ناوی. ئەوەی، کە بۆم گرنگ بوو ژیانی خۆم بوو. ئەو ژیانە پڕ نەهاتییەی، کە خۆم بۆ خۆمم دروست کردبوو و ئێستا دامابووم.

شەڕ و هەڵلا و هەنگەمەیەك لە دەروونمدا بوو، کە شەڕی نێوان ڕۆژ و شەو لە بەرامبەریا پووشێك بوو. دەروونی من دنیایەکی پڕ لە قسە و مەکۆی ئاواتەکان بوو. هەنووکە ئاواتەکانیش لە بەرەبەرکانێی کینە و ڕقدا لە یەکتری ڕایان دەکرد و هەستم دەکرد ئیتر ڕێگای هیوایەك بۆ ژیان بەدی ناکرێت.

ئەگەر راستیت دەوێ، مرۆڤ ئەو کاتەی خەمبار و پەشێوە، پتر ئیلهان لە سروشت وەردەگرێ. شەوی بیست و سێیەمی دێسامبەر دەستی پێدەکرد. شارەکە هێشتا تا و یاوی شەوانەدا دەتلایەوە و دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان و جارجارێ هاواری خەڵکێك دەبیسترا. نیویۆرك! بەو شکۆو گەورەییەوە جاری وایە دەڵێی چۆڵترین و کرو کپترین شاری دونیایە. لەو ئێوارەیەدا من هەستم دەکرد شارەکە ئاوایە. وێڕای ئەوەی، کە دەنگی خەڵك و ئۆتۆمبیلەکانم دەبیست، لێ هەستم دەکرد هەموویان لەژێر بارینی بەفردا دەخنکێن. ئارەزووم دەکرد لەو بێدەنگییەدا هەموویان هاواری من ببیستن و بە نەعرەتەوە بڵێن، کە من لەسەر هەق بووم!

وێڕای ئەوەی، کە هەموو ساڵێك ئارەزووم دەکرد زستان زووتر بێت و من لە ژێر پرشنگی دڵبزوێنی هەتاودا خلیسکێنی سەر بەفر بکەم، لێ ئەمساڵ هەتا بەفر بارینەکەشی بۆم زۆر ماندووکەر

و ئازاردەر دەردەکەوت و هەر کلووە بەفرێکی دەباری، لە سەر دڵم دەتگوت بارێکی گرانە. سپیایی بەفرەکە دەتگوت دەمخنکێنێ و لەو ئێوارە خەمینەدا خۆمم زۆر بەتەنیا دەهاتە پێش چاو. زۆر جار (لای خۆم، لەگەڵ خۆم) بیرم کردبۆوە، کە بۆ هاتوومەتە دنیا و بۆ ئەبێ بژیەم و هەر بۆچی دەبێ ناچار بم لە ژیانێکی وا تاڵدا بم، کە بەردەوام گاڵتە بە هەستم دەکرێت؟ برێ جار بڕیارم دابوو خۆم بکوژم و زەمانێك لەم بڕیارە پەشیمان ببوومەوە و زەردەخەنەیەکم بۆی کردبوو. جگە لەوەی رۆژەکان و هەفتەکانم بە خوێندنەوە و نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بگوزەرێنم، هەر نەمدەزانی چ بکەم.

لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشای بارینی بەفرم دەکرد، هێشتا بەفر دەباری و ئیستا کلووەکانی کەمێك درشتتر دەهاتنە بەرچاو و دەڵێی بە توندیی تەواوە وە دەیویست هەموو رەشبینییەکان بنێژێ.

لە پشت مێزی کارەکەمەوە دانیشتبووم و بڕیارم دا فشار بخەمە سەر دوگمەکانی مەکینەی تایپەکە و چەند دێڕێك بنووسم. هەرچی هەوڵم دا نەمتوانی. ئاخر لە کوێوە دەستم پێ بکردایە؟ وشەکان لە مێشکمدا لێك ئالأبوون و هەرچی هەوڵم دا سەرەداوێك وەدەست بخەم و سەری قسە بە دوای یەکدا بێنم.

پێم وانەبوو بتوانم ئەم کارە بکەم.

ئاباژوورەکە* بە تیشکە کزەکەی خۆیەوە لە تەنیشت مێزەکەمەوە داگیرسابوو و دەموچاوی نیوەڕۆشنی من لە ئاوێنەکەدا دیار بوو. لە چاوەکانمدا هەستم بە خەمێکی لە مێژینە کرد. دەڵێی ئاوێنەکە دەیویست قسەم لەگەڵ بکا و هەرچییەك لە من و خۆپەرستیی مندا شاردراوەیە بیخاتە سەرزمانی وێنە!

نیونیگایەکم لە ئاوێنەکە کرد، ژوورە باریکەکە لە دوامەوە دیار بوو و گلێنەی چاوەکانم لە یەك جیاواز و رەنگیان گۆڕابوو. گۆڕانی رەنگی من، وەك بڵێی دوو لایەنەبوونی ژیانمی دەنواندەوە. ژیانێکی رابردوو، کە لەگەڵ (جین)دا دەستم پێ کردبوو و هەنووکەش بەبێ ئەو ژیانم تەواو لێك ترازابوو. هەر دەڵێی بە رۆیشتنی (جین) هەموو شتێك لێم جودا بووەتەوەو تەنیایی بە هەموو هێز و تەوژمەکەیەوە دایگرتووم و دەیەوێ لەعەرزم بدات.

---

* ئاباژوور : (1) کلاوەیەکی رەنگی بۆ ئەهوەنکردنەوەی چرا، (2) چرایەکی پایەدار، کە ئاوەها کلاوەیەکی لەسەر بێ.

بەڵێ، روخسارێکی دایساو بە چاوانێکی خەمین و نیگایەکی لە ناخی ئازار تێبڕاوەوە بە نێوچاوانێکی چرچ و لۆچەوە لە خەمێکی گیان تەزێنەوە کەمنی لە پێ دەخست. * بەتەواوی لەسەر رووی ئاوێنەکە دیار بوو. دەڵێی رەنگی ئاباژوورەکە خۆی دەیویست ئەگریجەی من وێنە بکات و منێك، کە خۆم باوەڕم کردبوو، کە شکستم هێناوە بەهەموو قایمی و راشکاوییەوە رازیم بکات، کە وەهایەو واش دەبێت.

دیسانەوە تەماشای رووە سپییەکەی کاغەزەکەم کرد، کە لە نێوان ماشێنی تایپەکەدا گیری کردبوو، هێشتا سپی سپی بوو هیچم لەسەر نەنووسیبوو. ئەسڵەن ئایا نرخی ئەوەی هەبوو، کە بیرەوەری و ئەنگێزەی خۆمم بخستایەتە سەر ئەو کاغەزە پاك و سپییەو بە وشە رەشە بێزراوەکانی خۆم پەڵاوی بکەم؟ دەستەکانم لەسەر نێوچاوانم داناو بەسەر مێزەکەمدا شۆڕ بوومەوە و کەوتمە بیرکردنەوە. چەند بیرم کردەوە نەمتوانی هیچ پێکەوە ببەستمەوە. لەو ساتەدا، کە بە تەواوی دەمویست بنووسم تا بتوانم کۆمەڵێ لە ژانی دەروونیم بخەمە سەر کاغەز، بیرم لە رابردووە دوورەکانی خۆم کردەوە. ئاخر بۆ دەبوایە من ببمە قوربانی ئەم عەشقە ئەوهاییە؟ منکە لەهەموو ئەم ماوەیەدا لە کانگای دڵەوە (جین)م خۆش ویستبوو، بۆ دەبوو مەحکوومی ئەم ببوومایەو بە ئاسانی وەلاوە نراوبم؟ ئایا خەتاباری سەرەکی من بووم؟ ئایا کۆمەڵگا هۆکاری ئەم کێشەیە بوو، کە منیش قوربانی ئەم کوشتارگایە بم؟

نازانم چەن خولەکێ بەم شێوەیە تێپەڕ بوو، ئاخێك بەتەواوی فشارەوە لە دەروونمەوە هاتە دەرەوەو سەرم بەرزکردەوە و نێوچاوانم گرژکرد. دیسانەوە بەرەو پەنجەرەکە رۆیشتمەوە. شەقامی ژمارە شانزە ئیتر بە تەواوی سپی بووبوو و هاتووچۆش کەم بووبووەوە. بڕیارم دا بڕۆمە دەرەوە تا رەنگە بەم هۆیەوە لە بیرە شپرزەکان رزگارم بێت. کووپە قاوەکە، کە سارد بووبووەوە هەڵمدا و بارانییەکەمم خستە سەرپشت و کڵاوەکەم کردە سەرم. هەر، کە لە دەرگایماڵەوە دەچوومە دەرەوە دەنگی تەلەفۆنەکە هات. سەرەتا بیرم کردەوە هێڵێکی پەیوەندیی هەڵە کەوتووەتە سەر هێڵی تەلەفۆنەکەی من، تازە یەکەم تاکی پۆتینەکەمم لە پێکردبوو، کە دیسان تەلەفۆنەکە بە تەواوی هێزەوە دەنگی بەرزبووەوە، هەروا بەرەو تەلەفۆنەکە رۆیشتم، بیستۆکەکەم هەڵگرت!

ــ(ئەلـــو، رابێرت تۆی؟ ئەلـــو... ئەلـــو...)

---

* منی لە پێ ئەخست :، کە منی تێك دەشکاند، لە وزەی ئەخستم.

ساتێك وەستام دەنگی(ئاندراس)ی، هاوڕێم بوو. ئەو کەهەمیشە منی لە نووقمی بیرکردنەوەدا دەبینی تێی هەڵدەپێچام، دەمزانی ئەگەر دیسان بەبێ تاقەتی وەڵامی بدەمەوە دووبارە ڕێخشەنێکم لێ دەداو زیاتر لە پێش، نەشتەر لە دەردو دەروونم دەدات.

ــ(ئەلـــو، ڕابێرت تۆی؟ بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟... ئەلـــو... ئەلـــو...)

ــ(بەڵێ، خۆمم، ئێوە؟)

ــ(ئەی فێڵباز خۆی لێ پاسوێ مەکە، مەگەر نازانی کێم؟...)

ــ(نەخێر، بەداخەوەنەمناسیت.)

ــ(ئێستا خۆم دەناسێنم... پیاوێکی بە شەخسیات، سەنگین، شیکپۆش و وەك هەمیشە روو بەخەندە... ئێستا زانیت؟)

_(بەڵێ، باشە چۆنی ئاندراس؟ چۆنە، کە لەم شەوەدا تەلەفۆنت کردووە؟)

ــ(هەروا، بەفر زۆر دەباری، منیش لە ماڵەوە تەنیا بووم، گوتم هەواڵی تۆ بزانم، ئێ چییەکەی؟)

ــ(دەمویست بڕۆمە دەرەوە، کە تۆ تەلەفۆنت کرد.)

ــ(ئێ باشتر! ئەگەر حەزت لێبێ بەرامبەر (سانتراڵ پارك) چاوەڕێت دەکەم، باشە؟)

ــ(باشە کاتژمێر 7. 30 خولەکی ڕێك لەوێ دەبم.)

تەلەفۆنەکەم لە شوێنی خۆی دانایەوە و ئاهێکم هەڵکێشا و بەهێمنی بەرەو دەرگای ژوورەکە ڕۆیشتم، پۆتینەکەی ترم لەپێ کردو چوومە دەرەوە، بەئارامی بەرەو ئاسانسۆرەکە ڕۆیشتم و چوومە ژوورەوە، کە دوگمەی ئاسانسۆرەکەم داگرت، چاوم بە روخساری خۆم لەسەر ئاوێنە گەورەکەی ژووری ئاسانسۆرەکە کەوت. لەم ماوەیەدا چەندە پڕتۆك و شکاو بووم. بەڕاست مرۆڤ لە کاتی شکستی سۆزاویدا ئەمەندە سەرشکستەو لاواز دەبێ؟ بەزەنگی ئاسانسۆرەکەدا زانیم، کە لە نهۆمی یەکەم دام. بەهێواشی دەرگای ئاسانسۆرەکەم کردەوە و چوومە دەرەوە. هێشتا کاتژمێر 6. 40 خولەك بوو و پەنجا خولەك کات تا کاتی دیاریکراو مابوو. ویستم بەپێ بەرەو (سانتراڵ پارك) بڕۆم. بەفرەکان لە ژێر پێما کرتەکرت دەنگیان لێ دەهات و جێ پێم لەسەر هەمبوو پاکی و راستگۆیی ئەوان نەخشی دادەنا و ئەو ڕێگەیەی، کە دەمبڕی پێشانی ئەوانی دی دەدا، لەسەرخۆ یەخەی پاڵتۆکەمم بەرزکردەوە و دەستەکانم بردە ناو باخەڵە گەورەکانی و سەرنەوی و بە هێواشی بەرەو پێشەوە چووم.

شاری نیۆیۆرك بەو گەورەییەوە لە هەوای ساردو بەفراویدا، کپ و خامۆش دەهاتە بەرچاو. لە ژێر بارینی بەفردا بەرەو پێش دەچووم و برێ جار تیشکی بڵاوە بوو لە لاییتی ئۆتۆمبیلەکانەوە، ڕێژنەی بارینی بەفرەکەیان بە جوانی دەردەخست.

گڵۆپە نیئۆنییەکانی تابلۆکانی سەر فرۆشگاکان هێشتا سەمایان دەکردو بە دەرخستنی تیشکە ڕەنگاوڕەنگەکانی خۆیان سەرنجی هەموو ڕێبوارێکیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا. لەوبەری شەقامەکەو لە تەنیشت هێڵکارییەکەوە ترافیك لایتەکەیش بە ڕەنگی زەردی خۆی چاوی لە ڕێبوارەکان دادەگرت. دەڵێی بە تەنیا ئەو لەم سەرماو بەفرەدا خۆشحاڵ بوو و پێدەکەنی و هاروهاجیی دەکرد.

لە پانایی شەقامەکە پەڕیمەوە و گەیشتمە ئەوبەری شۆستەکە. لە بەرامبەر فرۆشگاکەیدا تەماشای جامخانەکەیم کرد و بۆ ساتێك بێدەنگ بووم. وێڕای ئەوەی، کە پێڵاوەکانم دەبینی بەڵام نازانم بۆ بیرم لە شوێنێکی تر بوو و هیچکامیانم پەسند نەکرد. بە هێمنی گەڕامەوە و دیسان سەرم داخستەوە و بەرەوپێش چووم، لە پڕ پێم هەڵخلیسکاو خۆم بە یەکێکدا دا.

ـــ(کاکە ئەوە کوێری، ئاگات لە پێش خۆت بێ.)

ـــ(ببوورە کاکە، سەرما پیاو لەپێ ئەخات، زۆر داوای لێبوردن دەکەم)

ـــ(تکا دەکەم، بەڵام ئەوەندەی نەمابوو منیش بخەی.)

بە داوای لێبوردنەوە لە دەست ئەو پیاوە رزگارم بوو و لە ڕاستەی شەقامەکەوە کەوتمە ڕێ، لیژّایی شەقامەکە راستەوخۆ شنیانی(با)ی، لەگەڵ بارینی بەفردا دەکێشا بەدەم و چاومدا. جارجارێ دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلێك بێدەنگی شەقامەکەی دەشکاند و بۆ ماوەیەکیش بریقەداری تیشکی ڕەنگ سووری ئۆتۆمبیلی پۆلیس، کە بە سووڕانەوەو و تێپەڕینی، دیوارەکان و رووکاری فرۆشگاکانی بە ڕەنگی سووری خۆی رووناك دەکردەوە، شەقامەکەی زیندووتر دەکردەوە. گەیشتمە نزیك وێستگەی پاس، درێژەدانی ڕێگەکە بەپێ ئیتر مومکین نەبوو، دەبوایە لەوێستگەکەدا بمابامەوە و چاوەڕێی هاتنی پاسم بکردایە، خەڵك لە ژێر سەکۆی وێستگەکەدا وەستا بوون و وەکو پشیلەی ڕێ ونکردوو یان جووجەڵەی ترساو کرووشمەیان کردبوو و بێدەنگ بوون. ئەوانەی، کە لە ڕیزی پێشەوە وەستابوون، جارجارێ سەرە تاتکێیەکیان دەکرد و لە هاتنی پاسەکە دڵنیا دەبوونەوە.

ماوەیەك هەروا تێپەڕی و سەرئەنجام پاسەکە بە هۆڕنە دوورو درێژەکانی خۆی، کە خەڵکە چاوەڕوانەکەی کەیفخۆش دەکرد، لە بەرامبەر وێستگەکەدا وەستاو بە ئیستۆپەکەی چەن مەترێك خزاو لەولای سەکۆی وێستگەکەوە بەزەحمەت خۆی گرتەوە. خەڵکەکە بەردەوام ڕەچاوی ڕێکوپێکی و ڕێساکانیان دەکرد. ئێستا بەهۆی سەرما و سۆڵەی هەواو بارینی بەفرەوە بەرەو پاسەکە هرووژمیان دەهێنا. بەزۆر خۆم ئاخنییە ناو پاسەکەوە. پاسەکە بە تەکانە توندەکانی خەڵکەکەی خست بەسەریەکدا و بە هێواشی کەوتە ڕێ.

سەرئەنجام توانیم خۆم کۆنترۆڵ بکەم و لەسەرپێ ڕاوەستم، لەودیو شووشەی پاسەکەوە تەماشای دەرەوەم دەرکرد، بەڵام هیچ شوێنێکم نەدەبینرا، شووشەکان هەڵمیان گرتبوو وشەی (عەشق)، و (خۆشم دەوێی) و زۆر ناویش بەسەر جامە هەڵم گرتووەکانی پاسەکەوە خۆیان دەنواند، بەفر پاککەرەوەی پاسەکە بەزەحمەت بەفری سەرجامی پێشەوەی لادەبرد بە بینینی قەڵەباڵغیی چوار ڕێیانەکە زانیم، کە گەیشتوومەتە بەرامبەر سانترال پارك.

لە پاسەکە هاتمە خوارەوە و لەو بەفرو سەرمایەدا تەماشایەکی خێرای دەروبەرم کرد و لە پڕ هاوڕێکەم (ئاندراس)م، بینی، کە بەڕاکە ڕاك، بەرەو من دەهات.

ـــ(سڵاو، ڕابێرت، چۆنی؟ زۆر دواکەوتی!)

ـــ(بەپێیان دەهاتم، لەڕێگا سواری پاس بووم)

ـــ(حەز دەکەی نانی ئێوارە بەیەکەوە بخۆین؟)

ـــ(هەر چۆنێك تۆ پێت خۆشە، بەڵام ئەمجارە دەبێ تۆ پارەکەی بدەی.)

ـــ(باشە، ڕازیم.)

(ئاندراس) زۆربەی کات لەگەڵ من دادەنیشت و زۆربەی کاتەکانی بێ کاریمان پێکەوە دەگوزەراند. من ئەوم لە زەمانی قوتابخانەوە دەناسی و چەندان ساڵ پێکەوە هاوپۆل بووین، وەها یەکدڵییەك لە نێوانماندا بوو، کە تەنانەت پلارو گاڵتەکانمان بۆ یەکتر تانەئامێزو ناخۆش نەدەکەوتەوە. ئەو کوڕێکی قسەخۆش بوو و زۆربەی کات هەوڵی دەدا سەربخاتە سەرم. تەنانەت لەکاتی نانخواردن بە بیانووی دەست بەئاوگەیاندنەوە هەڵدەستا و ناچاری دەکردم پارەی نانەکە بدەم.

لەکاتێکدا لە ناو خەڵکەکەدا تێدەپەڕین (ئاندراس) گوتی:

ـــ(چۆنە ئەمشەو پیتزا بخۆین. حەزت لێیە یان نا؟)

ـــ(ئێستا، کە لە هەموو تەمەنتا جارێك میوانمان دەکەی، ئەویش بە پیتزایەك خۆت دەرباز ئەکەی).

ـــ(بۆ چییەتی. ئێمەکە لەڕووداماویمان نییە. تەنیا ویستم چەند ساتێك پێکەوەبین.)

ـــ(باشە. ئێستا بۆکوێ بڕۆین؟)

ـــ(من فرۆشگایەك دەناسم،کە لەهەموو جێیەك باشترە، وەرە باپیشانت بدەم.)

پێکەوە کەوتینە ڕێ، چەن مەترێك نەڕویشتبووینکە لەبەرامبەر فرۆشگایەکی قەرەباڵغدا وەستاین. لەسەر تابلۆ شووشوییەکەی ناوی (پیتزا پیریولی) بەرجەستە کرابوو. من و هاوڕێکەم چووینە ژوورەوە و لەپشت مێزێکەوە دانیشتین، بەهاتنی گارسۆنەکە داوای خواردنمان کردو

خواردنەکەمان ئامادە کرا، لەم کاتەدا، کە گارسۆنەکە خواردنەکەی لەسەر مێزەکە دادەنا، من چووبوومە نێو بیرکردنەوەوە.

ــ(هێی، بیرلەچی دەکەیتەوە؟ نەکا پاپۆڕەکانت نقووم بوون؟)

ــ(هیچ، وەکو هەمیشە بیر لەخۆم و ژیانم دەکەمەوە.)

ــ(بیبڕەوە ڕابێرت، ئیتر تەواو بووە، نرخی ئەم هەموو خۆخواردنەوەی نییە، ئاخر کوڕە تۆ هێشتا گەنجی و تەمەنێکت لێ نەڕۆیوە، کە حەسرەت بۆ رابردووت دەخۆی، باشە دامانننا بە هیچ شێوەیەك ئەگەری وەدەست هێنانەوەی شانس و رابردووت مەیسەر نەبوو، ئیتر دەبێ خۆت بکوژی؟ ئەمە خۆ ژیرانە نییە هاوڕێی من!)

ــ(مەسەلە ئەمە نییە، بیرلەمە دەکەمەوە، کە ئاخر بۆچی من بوومە تاکە قوربانی ئەم عەشقە؟ مەگەر من ڕێگایەکی هەڵەم بڕیبوو! ئەگەر هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی من هەڵە بوو، دەبوایە ئەم هەڵەیە ساڵانێك پێشتر دەربکەوتایە و ئێستا بۆچی دوای ئەم هەموو ماوەیە دەبوایە وای لێبهاتایە؟)

ــ(بە هەرحاڵ ئێستا شتێکەو بووە، هیچیش ناکرێ، بەخۆڕایی خۆت ناڕەحەت مەکە. ئەگەر ژیر بیت، لە مەو دواش ئەم شانس و بەختە رووت تێدەکا.)

ــ(بەڵام ئاندراس ، ئیتر زۆر درەنگە خۆت باشتر دەزانی ساڵانێکی زۆری دەوێ تاکوو جارێکیتر بتوانم وەها ژیان و چارەنووسێك دەست پێ بکەمەوە.)

ــ (تۆ راست دەکەی، بەڵام ئەمەش دەزانم، کە مرۆڤ لە سەر هەست بەندەو هەموو کات لەگەڵ ژینگەو هەل و مەرجی نوێدا خۆی دەگونجێنێ.)

ــ (راستە، بەڵام هەرچەندەی بیردەکەمەوە، ناتوانم جین لە بیر بکەم.)

ــ (دەزانم، کە چ رۆژگەلێکی جوانتان هەبوو و بەراستی ژیانی هاوسەرێتی ئێوە قسەی سەرزاری هەمووان بوو،* بەڵام هەرچییەکە ئێستا ئیتر تەواو بووەو دەبێ ژیر بیت و لەمەزیاتر خۆت شلوێ نەکەی.)

قومێکم لە ساردییەکەم خواردەوە و لەسەرخۆ چنگاڵەکەم خستە سەر قاپەکەو لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە پاڵم نا، وەك بڵێی ئیشتیاشم لەگەڵما ناکۆك بوو. (ئاندراس) هێشتا بەو شۆرو تاسە هەمیشەییەوە و بە چلێسییەکی زۆرەوە، خواردنەکەی دەخوارد. من هەمیشە خۆزگەم بەو دەخواست.

* نموونە بوو.

بەڕاستی کوڕێکی سەیر بوو، هەمووکات دڵخۆش بوو و خەمی لەدنیا نەدەخوارد، هەمیشە دروشمی ئەمە بوو کە:

ـــ (خودا مرۆڤی بۆ ئەم جیهانە بە بارمتە داناوە و ئێمە ئەمانەت و ڕێبوارین. نابێ حەسرەت بۆ رابردوومان بخۆین و هەوڵ بۆ داهاتوویەك، کە هێشتا هیچ گەرەنتیەکی نییە بدەین و هەیەجانمان هەبێ. ئەمڕۆ بەخۆشی بەڕێ بکە و سوپاس خودای خۆت بکە...)

ڕەنگە ئەم وتەیە نهێنی سەرکەوتنی ئەوبووبێ. هەرئەمەش نەیدەهێشت بەردەوام چێژ لە ژیان وەرگرێت. من هەموو کاتێ بە خواردن و پێکەنینی ئەو دڵخۆش دەبووم.

وەها بە ئیشتیاوە نانی دەخوارد، کە مرۆڤ بە لێڕوانینی وای لێدەهات دیسان پارووێکی تر بخوات.

دوای ئەوەی، کە لەخواردن بووینەوە، (ئاندراس) جگەرەیەکی داگیرساندو من لە حاڵێکدا، کە جگەرەکەمم لە نێوان پەنجەکانما دەهێناو دەبرد و تەماشای ئاگرو دوکەڵە بێ ڕەنگەکەیم دەکرد، لەناو دوکەڵی جگەرەکەدا روخساری ناسك و شیرینی(جین)م، وێنا دەکرد، کە وەك هەمیشە بەڕوومدا پێدەکەنی و خۆشحاڵی دەکردم.

دەنگی ئەو لە گوێما زرینگایەوە:

ـــ( ڕابێرت دیسان، کە درەنگ هاتی، زووبە مێزی خواردن ئامادەیە.)

ئەو هەمیشە لە دانان و ڕێکخستنی مێزی خواردندا پەلەی دەکرد، هەرکە دەگەیشتە ماڵەوە، لێ نەدەگەڕا تا جلەکانم دابکەنم و دەست و دەم وچاوم بشۆم، هەمیشە لەدەرنگ ئامادەبوون لەسەر سفرەی خواردن گلەیی دەکرد، ئێستا لەتەنیشت مێزی نانخواردنی ڕێستورانتەکە ئەوم وەبیر دەهێنایەوە، کە دەنگی لە گوێمدا دەزرینگایەوە. بەڵام ئێستا ئەو نەبوو و ماڵەکەش بەبێ ئەو مات و مت بووبوو، سەرئەنجام(ئاندراس) پارەی خواردنەکەی دا و لە ڕێستورانتەکە هاتینەدەر، لەتەنیشت یەکەوە هەنگاومان دەنا بەرەو سانتڕاڵ پارك ڕێگامان گرتە بەر، هەنووکە بارینی بەفر تەواو بووبوو و سۆڵەیەکی سەیر شاری داگرتبوو. یەخەی کۆتەکەم هێنایە سەر گۆناکانم و خۆمم قایم کرد تا سەرما دزە نەکاتە ناو جەستەمەوە، بەفرەکانی چەند کاتژمێر لەمەو پێش ئیتر بووبوونە سەهۆڵ. ئەو شەوە زۆر هەستم بە تەنیایی دەکرد. داوام لە (ئاندراس)کرد شەو لەگەڵ من بێت.

ـــ (نا ڕابێرت ئەمشەو دەبێ بڕۆمەوە ماڵ، کارم زۆرە، فایلەکانم هێناوەتەوە ماڵ تا کاریان لەسەر بکەم.)

ئەو لەو کاتەوەی زانکۆی تەواو کرد لە کۆمپانیایەکی بازرگانیدا سەرقاڵی کارکردن بوو. لەبەر ئەوەی زۆری حەز لە کارەکەی خۆی بوو، هەر لەو سەرەتایساڵەکانی کارکردنیدا گەلێ سەرکەوتنی

بەدەست هێنا و ئێستا بووبووە جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیا، کاری کۆمپانیاکەیان لەبواری بازرگانی دابوو. زۆربەی ئەو بازاڕ پەیداکردنانەی، کە بە وردی دەیکرد دەبووە هۆی وەدەست هێنانی سوودێکی زۆر بۆ کۆمپانیاکەی ، بواری کاری ئەوان تەنیا یەك لایەن نەبوو بەڵام کای سەرەکی کۆمپانیاکەیان گەڵاڵەداڕشتن و نیشاندانی جل و بەرگی زۆر نایابی ساڵانەبوو. (ئاندراس) لە ساڵێکدا دوو سێ جار سەفەری دەرەوەی هەبوو، زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمی بینیبوو لەگەڵ بازرگانەکانیاندا پەیوەندی بازرگانی دانابوو و هەتا بازاڕگەلێکی باش و لەباریشی بۆ بەرهەمەکانی خۆیان دۆزیبووەوە.

(ئاندراس) وێڕای ئەوەی حەزی دەکرد بڕواتەوە ماڵی خۆی بەڵام کاتێ پێداگرییەکەی منی بینی، گوتی:

ــ (لە ڕاستیدا هەستم دەکرد ئەمشەو بە بارینی بەفر بیرەوەرییەکان دێنەوە پێش چاوت و هەر لەبەر ئەمەش ویستم بە بیانووی خواردنی نانی ئێوارە لەماڵ بتهێنمە دەر و لە بیر و خەیاڵی پووچ رزگارت کەم.)

ــ ( بەڵام ئاندراس بڕوابکە ئەم رۆژانە من زیاتر پێویستیم بە هاوزمان و هاودمێکە. بەڕاستی تۆ لەبارەی منەوە چاکەت کرد. ئێستا وەرەو با ئەمشەویش پێکەوە بین.)

ــ (نا هاوڕێی من، بڕوابکە کارم زۆرە، باشە ئێستا تۆ بڕۆ و منیش بۆ ماڵەوە دەڕۆمەوە، ئەگەر بە گونجاوم زانی فایلەکانیش هەڵدەگرم و دێمەلات، ئێستا باشە؟

ــ (زۆر سوپاست ئەکەم...)

تازە لەو جیادەبوومەوە و خوداحافیزیم دەکرد، کە هەستم کرد کەسێك بۆ من دەڕوانێ، زاق تەماشای ئەوبەری شەقامەکەم کرد. خودای من! ئایا خۆیەتی؟ نا ئیمکانی نییە. نا ناکرێ (جین)بێت. ئێستا دەبێ ئەو لە لوس ئانجلێس بێت.

هێشتا دەستم لەدەستی (ئاندراس)دا بوو، کە نازانم چ هێزێك منی بەرەو ئەولا راکێشا.

بەبێ ترس پانایی شەقامەکەم بڕی، هێشتا نیوەی شەقامەکەم نەبڕیبوو، کە تەنیا دەنگی ئیستۆپ و تلبوونەوەی خۆمم هەست پێ کرد.

# بەشی دووەم

قەلأفەتی لاواز و بێهێزی (ڕابێرت) بە زەبری ئۆتۆمبیلەکە لەسەر سەهۆڵەکان کەوت. کڵاوەکەی بەرەو لایەك ڕۆیشت و خۆیشی لە کاتێکدا گۆنا لەڕولاوازەکەی کەوتبووە سەر کۆمەڵە بەفرێ، چاوی لێك نا.

شوفێری ئۆتۆمبیلەکە لە حاڵێکدا دەستی نابووە سەر سەری لەپشت سوکانەکەوە حەپەسا، ژنێك کە لە تەنیشتیەوە بوو دەگریا، یەکسەر بەرەو ئەو چووم. خودایە گیان! (ڕابێرت) دەڵێی چەند کاتژمێرێکە ڕۆحی تیا نەماوە.

ــ (یارمەتی! یارمەتی! کەسێك نییە یارمەتی ئەم بەدبەختە بدات. پۆلیس!...)

دەنگم لە درێژایی شەقام و لەنێوان بینا هەوربڕەکاندا بڵاو بوویەوە، شوفێرەکە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی.

ــ (بەخوا خەتای من نەبوو، گڵۆپی پەڕینەوەی نەفەر سوور بوو، ئەو خۆی هاویشتە ناو شەقامەکەوە، من گوناهێکم نی یە...)

دیسان گوێم لەسەر دڵ و سینگی ڕابێرت دانایەوە. نا، گوایە زیندوو بوو. یەکسەر کۆتەکەم داکەند و دام بەسەریدا، بەو تاریکی شەوە و لە ژێر سۆڵەی سەرمای زستانیدا دەنگی ئاژیری ئامبولأنس کەوتە گوێم، لایتە شینەکەی چەرخان و بەبێ وەستان بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوەو بە دەنگەدونگەوە بەرەو ئێمە دەهات.

ــ (ڕێگا بدەن، تکا دەکەم چۆڵی کەن. دەست لەبریندارەکە مەدەن.)

ــ (گەورەم مردووە؟)

ــ (ئارام بگرن. نا ئێستا، کە زیندووە، دەبێ زووتر بیگەیەنینە بەشی ئورژانس. * )

لەم دۆخەدا شوفێرەکە لە ترسات ئەژنۆی چەمابۆوە و خەریك بوو بەلادا بکەوێ، بەگریان و هاوارەوە گوتی:

---

* اورژانس : بەشی فریاکەوتن (طواري).

ـــ (تکا دەکەم ئێوە بڵێن... برادەرینە ئێوەکە شایەت وبینەر بوون، ئێوە بڵێن، کە من خەتایەکم نەبوو...)

لەو دەمەدا ئۆتۆمبێلی پولیسیش دەرکەوت، سەرەتا مەئموورەکە، کرووکی پێویستی لەشوێنەکە کردو دواتر فەرمانی بە یەکێکی تر لە مەئموورەکان کرد ئۆتۆمبیلی ئەو پیاوە بەرەو بنکە بەرێت، و پیاوەکەش لەگەڵ ئەوان سواری ئۆتۆمبیلی پۆلیس بوو.

منیش لەگەڵ لاشە بریندارو پێکراوەکەی(ڕابێرت)دا، سواری ئامبولانسەکە بووم و بەرەو نەخۆشخانەی (هێلس کلینیك) رۆیشتین.

بە گەیشتنی ئامبولانسەکە پەرستارەکانی نەخۆشخانە یەکسەر ڕابێرتیان بۆ بەشی ئوورژانس گواستەوە. دکتۆر(جۆرج ویلسۆن) هاتە لای(ڕابێرت)و بە پشکنینە سەرەتاییەکان فەرمانی دا، کە ژووری نەشتەرگەری ئامادە بکەن و پسپۆڕی بێهۆشی و اورتووپدیش حازربکەن.

چونکە من بەنزیکترین کەسی ڕابێرت دادەنرام، ناچار رۆیشتمە بەشی وەرگرتن و فایلی پزیشکی ئەوم پڕکردەوە، پەرستارەکە پرسی:

ـــ (تکا ئەکەم چۆنییەتی ڕووداوەکە باس بکە.)

ـــ (خاتوون، بڕوا بکەن منیش ناتوانم ڕووداوەکە بگێڕمەوە، پێکدادانەکە ساتێك روویدا و من لە حاڵەتێکدا لاشەی هاوڕێکەمم لەسەر قیرتاوە بەستووەکەی شەقامەکە ئەبینی هێزی پەرچەکردار لەمندا نەمابوو.)

ـــ (ئێوە هاوڕێی ئەون؟)

ـــ (بەڵێ، چەند خولەکێ پێش ڕووداوەکە نانی ئێوارەمان پێکەوە خوارد و دەمانویست بگەڕێینەوە ماڵەکانی خۆمانکە لەناکاو پێکدادانەکە روویدا.)

ـــ (ئایا ئەو هاوسەر یان منداڵی یان باوك و دایکێکی نییە؟)

ـــ (بەداخەوە هاوسەرەکە یان...)

ئیتر نەمتوانی ڕووداوەکە بگێڕمەوە. بەڵێ ئەو هەرچی بەسەردەهات لە هاوسەرەکەیەوە بوو. لە راستیدا بابەتی ڕووداوەکەش هەرلەبەر ئەو بوو. ئەو ژنەی، کە لەولای شۆستەکەوە بوو، زۆر لە (جین) دەچوو و ڕابێرت بە خەیاڵی ئەوەی، کە هاوسەرەکەیەتی، بەبێ بیرکردنەوە خۆی هاویشتبووە شەقامەکەوەو ئۆتۆمبیلەکەش لە ساتێکی خێرادا لێی دابوو.

تا ئەو جێیەی لەبیرمە (ڕابێرت) هەر لەمنداڵییەوە کەپێکەوە هاوپۆل و لە ڕاستیدا هاوقوتابخانەبووین، کوڕێکی هێمن و بێدەنگ و لەهەمان کاتدا زیرەك بوو. من هەمیشە زۆربەی گرفت و پرسیارەکانی خۆمم لەو دەپرسی. لە قۆناغی ئامادەیی لەگەڵ یەکێك لە هاوپۆلییەکەمان بەناوی خاتوو(جین ئوستین) ئاشنا بوو و پەیوەندییەکی کۆك لەنێوانیان دروست بوو، ئەگەرچی هەموو کات خۆی لە ڕەگەزی بەرامبەر دوور دەخستەوە و بەردەوام بیروهۆشی لای خوێندن بوو بەڵام (جین) وەها شەیدای خۆی کردبوو، کە (ڕابێرت) ملکەچ و پابەند هەمیشە لەگەڵی بوو و لە بارەیەوە دەدوا. زۆربەی کاتەکان تەنانەت منیشی لەبیر دەکرد.

(جین)یش، وەکو ئەو یەکێك لەخوێندکارە بژاردەکانی قوتابخانە بوو. ئەو، کە حەزێکی زۆری لە ئەدەب و شیعر و چیرۆك بوو، لە یانەی ئەدەبی قوتابخانەدا بەشداری دەکرد. بە پێچەوانەی ڕابێرتەوە ئەو کچێکی بزۆك و کۆمەڵایەتی بوو و زیاتر هۆگری قوتابخانە فەلسەفییەکان بوو و توێژینەوەی دەکردن. ڕابێرت بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ ئەوبێت بە ناچاری بۆ یانەی ئەدەبی دەرۆیشت و لەگەڵ (جین) لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکرد.

پەیوەندی ئەوان وەها پێگەیشتبوو و قووڵ بووبووەوە، کە ئیتر هیچ، کە کەس بوێری ڕوانینیشی لەوان نەدەبوو و وەك بلّێی ئاوێتەی یەك بوون و هەموو ساتێك و هەمیشە پێکەوە بوو. تەنانەت لە ڕۆژی کۆتایی ساڵی خوێندن، کە بڕوانامەی ئامادەیی پێشکەش بە دەرچووەکان دەکرا و دایك و باوکانیش لەوێ ئامادە بوون، دایك و باوکی (ڕابێرت)و (جین)بڕوایان وا بوو، کە ئەو دووانە بۆ یەك دروست کراون و هاوسەرگیریان مسۆگەرە.

باوکی (ڕابێرت) پزیشك و نەشتەرگەری گشتی بوو دایکیشی مامۆستای خانەنشین بوو. ئەوان لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و ڕەچەڵەك دار بوون و بەیەکێك لە بنەماڵە دیارەکانی شاری بۆستۆنی ئەیالەتی نیۆیۆرك دەهاتنە ئەژمار.

باوکی (جین)یش، کۆچەرێکی بەریتانی بوو، کە ساڵانێك لەمەوپێش هاتبووە ئەمریکاو لە کارگەیەکدا وەکو سەرکار کاری دەکرد و ساڵە کۆتاییەکانی کاری فەرمی بەرەو کۆتایی دەهێنا، دایکیشی ژنێکی ماڵدارو خەڵکی "میشیگیان" بوو.

بە پێچەوانەی ئەوەوە، کە باوکی (جین) پیاوێکی یەکدڵ و خۆشخوو قسەخۆش بوو زیاتر لە سکۆتلەندییەکان دەچوو تا بەریتانییەك، دایکی(جین) ژنێکی بەدخوو تووڕە بوو و بۆ هەموو

شتێ بیانووی دەگرت و ماوەیەکی زۆر ناڕەزایی وگلەیی دەکرد و لەسەر هەرشتێ ئەوەندە پرسیاری دەکرد، کە مرۆڤ دینی لا نەدەما.

پاش کۆتایی هاتنی ئامادەیی (ڕابێرت) لەزانکۆی (هارڤارد) لەبەشی کارگێڕی بازرگانی وەرگیراو لەهەمان ساڵیشدا (جین)لە بواری ئەدەبیاتدا دەستی بە خوێندن کرد، هەردووکیان ناچار بوون نیۆیۆرك بەجێبهێڵن و لە شیکاگۆ بخوێنن. بۆ ئەوەی سەبارەت بە ژیانی پێکەوەییان توشی گرفت نەبن، هەر لەو ساڵەدا لە کۆتاییەکانی دیسێمبەردا ئـــاهـــەنـــگی گواستنەوەیان بۆ کراو بەفەرمی بوون بەهاوسەری یەکترو لە ئاهەنگێکی شکۆداردا کە لەلایەن باوکی(ڕابێرت)ــەوە رێکخرابوو هەموو هاوڕێ و هاوپۆلەکانیش بەشداریان کرد.

بەڕاستی بیرەوەری ئەو شەوە لەیاد بمێنەم قە لەبیر ناچێتەوە. (ڕابێرت) بەچاکەت و پانتۆڵی رەش و کراسێکی سپی و بۆینباخی سوورەوە لە تەنیشت (جین)ــەوە، کە جلی بووکێنییەکی جوانی لەبەر دابوو، لە ئۆتۆمبیلی بووك هاتنە خوارەوە و بەهێمنی هەنگاویان نا و بەرەو ناسیار و بانگهێشتکراوەکان رۆیشتنوو بەخێرهاتنیان کردن. ئەو شەوە من و زۆربەی هاوڕێیان تەرح(گەڵاڵە)ی کێکێکی گەورەمان داڕشتبوو کێکێك بەگەورەیی یەك مەتر کە لەسەری هەیکەلی بووك و زاوایەك هەڵکەنرابوو و ئاواتەکانی خۆمان بۆ خۆشبەختی (ڕابێرت)و (جین) نووسیبوو و لەلایەن هاوپۆل و هاوڕێیانەوە پێشکەشمان کردبوون، لەبەردەم بووك و زاوادا ئامادەمان کرد.

شکۆو گەورەیی ئاهەنگی ئەو شەوە لە گوتن نەدەهات. تەنانەت باپیری(ڕابێرت) بەو بەساڵاچوویییەوە وەها گەشاوەو سەرحاڵ بوو، کە لەگەڵ خاتوو(مارگریت)دا سەمای کرد و مایەی گاڵتە و خۆشحاڵی هەمووانی فەراهەم کرد. لە دوای ئەو شەوە بوو، کە ژیان لە تێڕوانینی(ڕابێرت)دا روخسارێکی تری بەخۆوە گرت و مانای تەواوەتی خۆی دۆزییەوە.

(ڕابێرت) هەمیشە حەزی لەژیانێکی پێکەوەیی بناغەدارو لۆژیکی بوو. وێڕای ئەوەی جوانییەکی تەواوی هەبوو و زۆربەی هاوپۆلییەکان حەزیان بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەکرد، بەڵام ئەو زیاتر پابەندی چوارچێوە و بنەماکانی ژیانی پێکەوەیی بوو و هیچکات پێی لەبەرەکە نەدەخستە دەرەوە. تەنانەت لەسەردەمی منداڵیشا لەسەر ئەم پرسانە مشتومڕیان دەکرد و ئێستا، کە خۆی لەلای باشترین پەسندترین کچدا دەبینییەوە، ژیان بۆی تەواو شیرین و پڕمانا بوو.

(جين)ـيش كچێكی زۆر جوان بوو. ئەو بە باڵایەكی بەرز و قەشەنگ بە چاوانێكی شین و قژێكی رەش و ساف، كە تا سەركەمەری رژابوو و رەنگە گەنمییەكەی زۆر جوانتر دەردەكەوت.

برۆ كێشراوەكانی دەتگوت خۆشنووسی كراوون و بەدەستی هونەرمەندێكی سەررێژنەدار* كێشراون. هەمیشە بزەیەكی شیرینی لەسەر لێو بوو و بەمیهرەبانی تەواوەوە زیاتر ڕابێرتی بۆ لای خۆی رادەكێشا. ئەوان مانگی هەنگوینی خۆیان لە هاوایی بەسەر برد و پاش گەڕانەوەیان چەند رۆژێ لە نیۆیۆرك مانەوەو دواتر پێكەوە چوونە شیكاگۆ.

ژیانی شیرینی ئەوان لەگەڵ یەك دەستی پێكردبوو و تەنانەت ژیان و خوێندنیش بۆ هەردووكیان چێژبەخش دەردەكەوت. لە نامەیەكدا، كە (ڕابێرت) نووسیبووی، باس لەشكۆ و رووە تایبەتەكانی ژیان دەكات و ئەو رۆژە شیرینانەی كە لەگەڵ (جین) بەسەری دەبرد زۆر بە بایەخداری ئەزانی و بەردەوام دڵ بزوێنی رۆژگار و ژیانی بەگوێما دەدا. تەنانەت من خۆم زۆربەی كات ئیرەییم بە ژیانی وی دەبردو بەئاوات بووم، كە خۆزگە منیش وەها هاوسەرێكم هەبوایە. رۆژێك لەناو هاوڕێیان بۆنەیەك بە بۆنەی هاوڕێیەتی و زەماوەندی (ڕابێرت)و (جین)ـەوە رێكخرابوو. لەحاڵەتێكدا نیگاكانی ڕابێرت و جین بۆ چركەیەكیش لە یەك دوور نەدەكەوتنەوە و بەبزە شیرینەكانیان زریانێكی بەسەر دڵی كوڕ و كچە لاوەكان دەدا، بەنزمی پێم گوت:

ــ ( ڕابێرت، بڕوا بكە تۆ پیاوێكی زۆر خۆشبەختی، نرخ و بەهای هاوسەرەكەت بزانە.)

بەبێ ئەوی (ڕابێرت) وەڵام بداتەوە، جین وەڵامی دایەوە كە:

ــ راست دەكەی، راستییەكەتان گوت بەڵام ئەوە منم دەبێ نرخ و بەهای ڕابێرت بزانم.)

ــ (نا، خاتوو جین. من راستییەكەم گوت. ئێوە دوو هاوسەری خۆشبەختن بەڕاستیش لێك دەوەشێنەوە.)

ــ (بەرێز ئاندراس، هۆی ژیانێكی شیاو و دڵگربوونی لێك تێگەیشتن و دركی دوولایەنەیە، من هەست دەكەم، كە پێویستیم بەبوونی درك و ویست و تێڕوانینی ڕابێرت هەیەو ئەویش هەروەها پێویستی بەمنە.)

ــ (بابەتی سەرەكی لێرەدایە خاتوو جین. ئەگەر لێك تێگەیشتنی دوولایەنە هەبێ تەواوی كێشەكان نامێنن. هیوادارم كەهەمیشە وابیت.)

---

* سەررێژنەدار : بەسەلیقە، بەمشوور.

ئەو دووانە بزەیەکی شیرینیان بۆ یەکتر کرد و وەڵامی خۆشەویستییان دایەوە. باوکی ڕابێرت هەمیشە شانازی بە بووکەکەیەوە دەکرد و بەوپەڕی سۆزەوە لایەنگری لێدەکرد. جاروبار لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە مشتومڕیان دەکرد و وێڕای ئەمەش، کە ئاغای (ئۆلیڤەر برانسۆن) نەشتەرگەرو پزیشك بوو بەڵام بە زۆری لە پرسە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا خاوەن بۆچوون بوو و بە حەزەوە لەبارەیانەوە دەدوا. دایکی ڕابێرتیش بە تەواوی سۆز و خۆشەویستییەوە بە جین رادەگەیشت و هەمیشە لەبارەی ئاگاداری و لەبەرچاوگرتنی پاکژی فەردی* دووپاتەی لێدەکردەوە و تەنانەت بە ڕابێرتیشی دەووت و رایدەسپارد، کە زیاتر ئاگاداری حاڵی جین بێت.

بەداخەوە نەزۆکی(جین) ئەوی دەڕەنجان و هەمیشە لەم بارەیەوە نەخوازراو گلەیی دەکرد و ڕابێرت وەڵامی دەدایەوە:

ــ (دایە هێشتا زووە، کە منداڵمان بێت. دوای ئەوە، خۆمان حەزمان لێی نییە.)

ــ (بەڵام کوڕم هەموو ژنێ بەبوونی منداڵێك زیاتر تامەزرۆی ژیانی دەبێ و دڵی پێ دەدا، بێ گومان هەموو دایکێ بە هەبوونی منداڵێکی دڵگر لە چێژ و شیرینی ژیانی هاوبەش تێدەگات. دایك بە هەبوونی منداڵ خۆی پابەندی ژیان دەکاو واز لە ئارەزووە ناماقوولەکان دەهێنێ.

(دایە گیان. بە پێچەوانەوە جین زۆر دەربەستی هەم من و هەم ژیانیشمانە، ئەگەر ئێستا منداڵمان ببێ لە خوێندن و ژیان دەبین، هەم ئەرکی من قورستر دەبێ و هەمیش گرفتە ئابوورییەکان هەلی درێژەدان بە خوێندن ناهێڵێ.)

(بەڵام کوڕم هەموو شتێ کاتی خۆی هەیە، خۆ تەمەنتان لە سی تێپەڕێ، تازە منداڵتان نابێ. جگە لەوەش ئێستا توانای جین بۆ وەها مەبەستێك تەواو لەبارە. ژن کە لە تەمەنی سەرێدا منداڵی دەبێ، هێزی جەستەیی و دەروونی زۆر ئەم دەبێتەوە.) دایك و کوڕ زۆرجار لەم بارییەوە مشتومڕیان دەکرد و لەئاکامدا بە ئەنجامگەلێك نەدەگەیشتن و ئاخری (ڕابێرت) وازی دەهێنا و قسەکانی دایکی قبووڵ دەکرد و بەڵێنی پێ دەدا کە:

ــ (باشە دایەگیان. لە یەکەمین دەرفەتدا ئەم کارە دەکەم.)

---

* فەردی : تاکی.

رۆژێك، كە ئەوان رەوانەی شیكاگۆ بوون، من خۆم بۆ بەڕێكردنیان چووبوومە فڕۆكەخانە. ئەوانم لە حاڵێكدا بینی، كە وەكو دوو كۆتری باڵسووك دەستیان بە فڕین دەكرد. ئەگەر لەمنیان بپرسیایە بەختەوەری چیە. نائاگا بە ئاماژە ئەوانم نیشان دەدا و بە نموونەی زەقی خۆشبەختیم دادەنان.

(جین) لە حاڵێكدا، كە لە ژێرەوە قۆڵی ڕابێرتی گرتبوو خواحافیزی لە دایك و باوكی ڕابێرت و خۆی دەكرد. دواتر لەوەی كەمنیش بۆ بەڕێكردنیان هاتووم، سوپاسگوزاری كرد و بەرەو قادرمەی فڕۆكەكە رۆیشتن. ڕابێرت لەسەر قادرمەكەوە دەستی بەرز كردەوە و جین ماچێكی بۆ هەڵداین و هەردووكیان سواری فڕۆكەكە بوون. بەڕاستی ئەو رۆژە بۆ من زۆر شكۆداربوو و هیچكاتێ رووداوی ئەو رۆژە لەبیرناكەم، خۆرێكی زستانە بەگەرمایەكی خۆشەوە، كە تیشكی خۆی بەسەر بەفرەكاندا دەپژاند و بەفرەكایش بەلەنجەولارێكی تەواوە تیشكە دڵبزوێنەكانی خۆریان هەڵدەگەڕاندەوە، (جمبۆجێت) هەڵگری دوو هاوسەری بەختەوەرە، لەسەر زەوی بەرز بووەوەو بەرەو فڕۆكەخانەی شاری شیكاگۆ فڕی.

# بەشی سێیەم

(باشتروایە ئاپارتمانێکی بچووك بەکرێ بگرین. هەم خەرجیمان کەم دەبێتەوە و هەم پێویستیشمان بە ئارتمانی گەورە نییە.)

ــ (بەڵام ڕابێرت لەوانەیە هاوڕێیان یان دایك و باوکمان بێن. ئەو کاتەخۆ ناکرێ لە هوتێل دایاننێین)

ــ (ئازیزم خۆیان دەزانن، کە ئێمە دەخوێنین و ئەگەریش هاتنە لامان ڕۆژی دوان زیتر نامێننەوە.)

(هەرچۆنێك، کە حەزت لێیە)

سەرەتا دوو هاوسەرە لاوەکە چەند ڕۆژێکیان لە هوتێل هیلتۆنی شیکاگۆ بەسەربرد تاکو جێگایەك بۆمانەوەیان بدۆزنەوە. ڕۆژێك، کە ڕابێرت لەدەرەوە بوو و جینیش، کە سەرقاڵی پێڕاگەیشتن بە شتەکانیا بوو، دەنگی تەلەفۆنەکە بەرز بووەوە.

ــ (ئەلو... جین تۆی؟ ... هەواڵێکی خۆشم بۆت هەیە.)

ــ (ئۆو ئازیزم چی بووە؟)

ــ (ڕوداو، کەچی بڵێم، ئاخری توانیم ئاپارتمانێك بەکرێ بگرم، ئەگەر ئامادەیت ئێستا دێمە هوتێل تا لەگەڵ ڕێنوێنیکەری نووسینگەدا بۆ بینینی ئاپارتمانەکە بڕۆین.)

(. باشە. تا تۆ بێیت. منیش ئامادە دەبم)

ــ (کارێکت نییە... باشە خوات لەگەڵ)

ــ (نا. سوپاست دەکەم. خوات لەگەڵ.)

دوای نزیکەی نیو کاتژمێر ڕابێرت بە ئۆتۆمبێلەوە لەبەر دەرگای هۆتێلەکە ئامادە بوو، لە ئاسانسۆرەکەوە چووە سەرەوە و جین لە ژوورەکەدا حازر و ئامادە چاوڕوانی بوو.

ــ (سڵاو ئازیزم، چەند زوو هاتی!)

ــ (ئێ، نازانی چەند خۆشحاڵم، ئەوەندی من بیستوومە هەم جێیەکی گونجاوە و هەم هەرزانیشە. ئەگەر خوازیاری بەڕێ کەوین.)

ــ (من ئامادەم، ئۆو چرکەیەك بوەستە باکلاوەکەم بێنم.)
جین لەخۆشحاڵیدا ماچێکی گۆنای ڕابێرتی کرد و وەکو کیژۆڵەیەکی شاد لە ژوورەکە چووە دەرەوە. ڕابێرت لەدوایەوە دەرگای ژووری هۆتێلەکەی قوفڵ کرد و بە ئاسانسۆرەکە هاتنە خوارەوە. هێشتا ئۆتۆمبیلەکە لە بەرامبەر دەرگای هۆتێلەکەدا وەستابوو ئەوان سوار بوون و گەیشتنە نووسینگەکە. چەند ساتێك لەوێ وەستان و لەگەڵ ڕێنوێنیکەری نووسینگەکەدا بەرەو ئاپارتمانەکە بەڕێ کەوتن.
ئەوان دوای پانزە خولەك لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێیی زۆر جوان و رازاوەدا بوون. سەرەتا دەرگاوانی بینایەکە، کە پیرەمێردێکی رەش پێست بوو داوای ناسنامەی لێکردن و دواتر چوونە ناو بینایەکەو بە ئاسانسۆرەکە گەیشتنەوە نهۆمی هەشتەم، کاتێ دەرگای ئاپارتمانەکە کرایەوە. ئەکازیۆن و کەرستەکانی ناو ئەپارتمانەکە چاوی هەردووکیانی زەق کرد! ئەوێ زۆر جوان و رازاوە بوو. هۆڵ ژووری پێشوازییەکی فراوان و پاسیوێکی زۆر شکۆدار بوو، کە لە ژێر تیشکی کزی گڵۆپە دیواری و پەردە تۆڕییەکاندا حاڵەتێکی عاریفانەو عاشقانەی دروست کردبوو، جین لەهستی ژنانەی خۆیەوە سەرەتا چاوێکی لە چێشتخانەو حەمام و ژووری خەو کرد، ڕابێرتیش لەگەڵ ڕێنوێنینەکەرەدا سەیری ژورەکانی تری کرد. ئەوێ بۆ ئەوان گونجاو و شایستە دەهاتە بەرچاو . هەردووکیان رازی لە هەڵبژاردنی ماڵەکە بە هاوڕایی گەڕانەوە نووسینگەکەو گرێبەستی کرێی یەك ساڵیان واژوو کرد.
بڕیار درا گواستنەوەی شتەکان رۆژی یەکشەممە ئەنجام بدرێت. هێشتا پێنج شەممە بوو و دەبوایە تا ئەو کاتە لە هوتێل بمانایەتەوە. ئەو شەوە ڕابێرت لە خۆشیدا پەیوەندی بە دایك و باوکییەوە کرد و بابەتی دۆزینەوە و بەستنی گرێبەستەکەی لەگەڵ نووسینگەی خانوو بەکرێ دانەکەدا راگەیاند. باوکی، کە لەهەڵبژاردن و سەلیقەی کوڕەکەی خۆشحاڵ بوو، گوتی:
ــ (ڕابێرتی ئازیز، بیرت نەچێ، کە ماڵ بەبێ پیاو شتێکی کەم بایەخە. هەوڵ بدە هەمیشە ئاگاداری هاوسەرەکەت بی و ئەگەر نا سەفا و هاودڵی، کە دەبێ لەماڵدا هەبێ لەکاتێکدا لێك تێنەگەیشتن هەبێ، لەوێ بار ئەکا.)
ــ (دڵنیا بن، باوکە، من بە گیان و دڵ هاوسەرەکەم دەپەرستم و تازە لێرە بۆ خۆشبەختی یەکتر ماوینەتەوە.)
ــ (بەهەرحاڵ هیوادارم، کە خۆشبەخت بن، ئەگەر دەتەوێ بیستۆکەکە دەدەمە دایکت.)
ــ (ئەلو... ڕابێرت. کورم چۆنی؟ خۆباشی. وا نییە؟)

ـــ (بەڵێ دایەگیان باشم ، جین سڵاوی هەیە. نازانن، کە لەم چەند ڕۆژەدا چەندە دڵمان بۆتان تەنگ بووە.)

ـــ (هیچ نییە کوڕم. جەژنی کریسمەس نزیکە. هیوادارم بەم زووانە یەکتر ببینین. هەروەك باوکت گوتی: هەموو ماڵێ بە پێکەنین و خۆشی منداڵ شیرینتر و بە سەفاتر دەبێ، ڕاسپاردەکەمت لەبیر نەچێ)

ـــ (بەڵێنم داوە دایە. لەیەکەمین دەرفەتی شیاو و گونجاودا تۆ دەکەمە داپیرە.)

دواتر پیرەژن لەگەڵ بووکەکەی قسەی کرد و دوای هەواڵپرسین و دەربڕینی سۆز و خۆشەیستی بۆیەکتر لە بابەتی حامیلە بوونەکە جەختی لە (جین)ـیش کردەوە. جین لەکاتێکدا قسەکانی پیرەژنەکەی پەسەند ئەکرد بەڵام هێشتا لە دڵیا شك و گومانێکی هەبوو، چەندەها جار بەخۆیی گوتبو، کە بۆبوون بەدایك هێشتا زووە. نەیدەزانی بە چ هۆیەك لە منداڵبوون دەترسا، وێڕای ئەوەی ڕابێرتیش هەمشیە هەوڵی دەدا بیهێنێتە ڕاسە بەڵام جین خۆی لەم کارە دەپاراست.

دوای چەند ڕۆژێ جەژنی کریسمەس هات و دوو هاوسەرە خۆشبەختەکە بۆ دیتەنی خزمان و دایك و باوکیان بەرەو نیۆیۆڕك کەوتنە ڕێ.

دایك و باوکی (جین) لەگەڵ دایکی ڕابێرتدا بۆ پێشوازی هاتبوونە فڕۆکەخانە هەمیشەو لەو کاتەی ساڵدا فڕۆکەخانەی (جان. ئێف. کێنێدی)ی نیۆیۆڕك قەرەباڵغە. چونکە زۆربەی گەشتیارەکان بەسوود وەرگرتن لە پشووی ساڵی نوێ سەردانی ئاشناکانیان دەکەن.

لەو ناوەڕاستەدا جین دایکی بینی و بە خۆشییەوە بەرەو لای ڕۆیشت. دایك و کچ کەوتنە باوەشی یەکترەوەو بۆ چەند ساتێ بە خۆشەویستی و میهرەبانییەوە یەکتریان گوشی و ماچ کرد.

خاتوو (بێتی ئوستین) هەمدیس لە رووی کون پشکنی و وەسواسیەوە دەستێکی بە سکی کچەکەیدا هێنا و گوتی:

(کچە جوانکیلەم چیە؟ نەکا خۆت تووش کردووە؟)

ـــ (نا دایە گیان دڵنیابە. هێشتا هیچ نییە.)

ـــ (بەهەرحاڵ هێشتا زووە. ئاگادار بە، کە بەم زووییە منداڵت نەبێ. هێشتا دەرس و خوێندن گرنگە.)

ـــ (دەزانم دایە... هەروەها ڕابێرتیش لەگەڵ من هاوڕایە.)

دواتر ڕابێرتیش گەیشتە لای دایکی و باوکی جین و ماچ و مۆچی لەگەڵ کردن. ئەو رۆژە ئاغای (ئۆلیڤەر) لە نەخۆشخانە ئێشکگر بوو و لەژووری نەشتەرگەری، نەشتەری بۆ نەخۆشێك ئەنجام دەدا و لەبەرئەوەش نەیتوانیبوو لە فڕۆکەخانە ئامادەبێت.

دوای ئەوەی، کە ڕابێرت جانتا و شتەکانی لەبەشی (تووشە) وەرگرت سواری ئۆتۆمبیلەکەی خەزووری بوو و بەرەو ماڵیان کەوتنەڕێ. ئەوشەوە هەردوو خێزانەکە لەگەڵ یەکدا بە تەواوی یەکدڵیەوە دەستیان بە خواردنی ئێوارە کرد. ڕابێرت لە بارەی نیشتەجێبوون و چۆنییەتی خوێندنیان قسەی دەکردو(جین)یش بە تام و لامەوە تاریفی لەهەلومەج و کەرستەکانی ماڵەکەیان و شاری شیکاگۆی دەکرد. لەو کاتەدا، کە خێزانی جین ماڵئاواییان ئەکرد. ئاغای (ئۆلیڤەر) گوتی:

ـــ (ئاغای (ئوستین) ئەگەر حەز بکەن شەوی جەژنی کریسمەس میوانی ئێمەبن. قبوڵ دەکەن؟)

ـــ (وەڵا من، کە زۆرم پێ خۆشە، تابزانین رای خاتوون چییە.)

دایکی جین نیوە نیگایەکی لە مێردەکەی کرد گوتی:

ـــ (بەڵام ... باشتر وایە شەوی ساڵی نوێ لە ماڵی خۆمان بین. بەڕێکەوت منیش داواکاریم ئەوە بوو، کە جین و ڕابێرت ئەو شەوە میوانی ئێمەبن.

لەم کاتەدا جین خۆی ناوبژی کرد و گوتی:

ـــ (دایە ئەمە یەکەمین ساڵی هاوسەرێتیمانە و باشتر وایە هەمووومان پێکەوە بین. ئەگەر ڕابێرت بێت بۆ ماڵتان ئەو کات من خۆم دڵگران دەبم کە لە دایك و باوکی دووربێت.)

خاتوو (ئوستین) ناوچاوی گرژ کرد و گوتی:

ـــ (ئێستا خۆتان دەزانن. من، کە ئەوشەوە ناتوانم بێم، بە ئەندازەیەك ئیشم هەیە و سەرقاڵ دەبم، کە دەرفەتی چوونە میوانیشم نابێت.)

ئاغای (ئۆلیڤەر برانسۆن)، کە دەیبینی ژنی (جیمز ئوستین) بە تانەوە قسان دەکا، تەماشایەکی هاوسەرەکەی خۆی کردو گوتی:

ـــ (خاتوو (ئوستین) هیچ کێشەیەك نییە ئەگەر حەزنەکەن، پێداگری ناکەین. من دەمویست لەم جەژنەدا پێکەوە بین ئێستاکە حەزناکەن، قەیناکا.)

ـــ (منیش هەر ئەم داوایەم هەبوو. ئەگەر باشترە ئێوە مێوانی ئێمەبن.)

(ڕابێرت)، کە بینەری کێشە و هەرایەکی بێهوودە بوو یەکسەر هاتە قسە و گوتی:

ـــ (باشه خاتوو (ئوستین) من و هاوسەرەکەم لەگەڵ دایك و باوکم بۆ ئەو شەوە میوانی ئێوە دەبین.)

سەرئەنجام خێزانی (جین) ماڵئاواییان کردو بڕیار درا دووسبەی ڕۆژی جەژنی کریسمەس لەماڵی ئەوان میوان بن. ڕابێرت ئەو شەوە تا درەنگانێ لەکەنار هاوسەرەکەیدا لەگەڵ دایك و باوکی گفتوگۆ بوو. باسی لە دوورنمای ژیان و ئارەزووەکانی بۆ باوکی کرد. ڕابێرت هەمیشە حەزی لێ بوو لەکاری ڕێکلام و دۆزینەوەی بازاڕدا سەرقاڵ بێت، هەر لەبەر ئەمەش لە ڕشتەی خوێندنەکەی خۆشی زۆر ڕازی بوو. وێڕای ئەوەی، کە ئاغای(ئۆلیڤەر) حەزی دەکرد کوڕەکەیشی وەکو خۆی ببێتە پزیشك، بەڵام ڕابێرت لە منداڵییەوە حەزی لە پیشەی پزیشکی نەبوو و لە کۆتاییەکانی قۆناغی ئامادەییدا رووی لە ڕشتەی کارگێری و کاری ریکلامی هاتبوو و تەنانەت لەبەر ئەم هۆیەش درێژەدان بە خوێندنی لە ڕشتەی کارگێڕی بازرگانیدا بە باشتر زانیبوو.

ئەو شەوە کاتێ، کە هەر کامیان بۆ ژوورەکانی خۆیان چوون، ڕابێرت لەگەڵ هاوسەرەکەی (جین) لەسەر قەنەفەیەك دانیشت و لەحاڵێکدا، کە پەرداخی خواردنەوەکەی بەدەستەوە بوو چاوی لە ئاگرە ڕۆشن و بە دیلانەکەی ئاگردانەکە بڕی.

قژە درێژەکانی بە باڵایەکی بەرز و چاوانێکی مەیلەو سەوز، کە تیشکی بڵێسەکانی ئاگرەکە سێبەرگەلێکی دڵبزوێنی دەخستە سەر گۆناکانی، روخسارێکی دڵفڕێنی ئەخولقاند. هێشتا بلووسە ملدارەکەی لەبەردابوو و چاکەتێکی جوان، کە لە شیکاگۆ کڕیبووی لە ژێر تیشکی ڕۆشناییە کزەکەی بڵێسە هەڵگەڕاوەکانی ئاگردانەکەدا جوانتر دەردەکەوت.

(جین) بەشەنگییەوە لای دانیشت و دەستی کردە ملی. لەحاڵێکدا، کە ماچی لە نێوچاوانی دەکرد، گوتی:

ـــ (ڕابێرت بەڕاستی من شانازی بەبوونی تۆوە ئەکەم... ئەگەر لێم بپرسن، کە خۆشبەختی واتای چی یە؟ بۆ نیشانەو پێناسەی خۆشبەختی بێ گومان ئاماژە بەتۆ ئەکەم. لەمەی کە لەگەڵ تۆم و لەلاتم زۆر لە خوای خۆم ڕازیم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم.)

لەم کاتەدا (ڕابێرت) ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

ـــ (بەڵام خۆشبەختی بە تەنیا لەوەدا نییە، کە لەبوونی یەکتر چێژ وەربگرین و بەرامبەر یەکتر ناز و شانازیمان هەبێت، ئازیزەکەم خۆت باشتر دەزانی، کە ژیان لایەنگەلێکیشی هەیە کە دەبێ ئەوانەش لەبەرچاو بگرین.)

ــ (دیسان کەدەستت پێ کردەوە ڕابێرت. بۆ ئێمە لە چیمان کەمە تا لە خۆشبەختیمانا کەم و کووڕیی هەبێ.)

ــ (ئێستا، کە هیچ شتێ. بەڵام ئێستاکە پێداگری دایکتم بینی بە ڕاستی بۆ ساتێك هەستم کرد، کە بە هاوسەرێتی ئێمە خۆشحاڵ نییە.)

ــ (بەپێچەوانەوە زۆریش لە هاوسەرگیریمان خۆشحاڵە. تەنیا لە هەموو کارێکدا ڕاڕایە و حەز دەکا رای خۆی بسەپێت.)

(جین) دواتر قومێکی لە خواردنەوەکەی خواردەوە و لە حاڵێکدا سەری دەخستە سەر شانی ڕابێرت، گوتی:

ــ (ئازیزەکەم، بڕیارت وایە لەم چەند ڕۆژی پشووەدا لە نیۆیۆرك بین؟)

ــ (مەگەر چۆنە؟)

ــ (هیچ. دەمویست رای تۆ بپرسم، من حەزم دەکرد بڕۆینە گەڕان و ئیسکی بکەین.)

ــ (ئازیزی دڵم، مەگەر نازانی، کە هێشتا چەند هەفتەیەك لە هاوسەرگیریمان تێپەڕ نەبووە. تازە ئەمساڵ یەکەمین ساڵە، کە لای یەکترین و دەمانەوێ لەگەڵ خێزانەکەمان بین.

باشترە ئەم چەند رۆژە لەگەڵ ئەوان بین، لەدەرفەتێکی تردا داواکەی تۆش بەجێ دێنم.)

ئیتر (جین) قسەی نەکرد و چاوی لە بڵێسەکانی ئاگرەکە بڕی، لەم حاڵەدا ڕابێرت، کە هەستی دەکرد ڕەنگە جین لێی زویر بووبێ، ویستی بابەتەکە بگۆڕێ و گوتی:(حەز دەکەی سبەی نانی نیوەڕۆ لە دەرەوە بخۆین؟)

ــ (بۆچی؟)

ــ (ئێ، ویستم وەکو جاران لەدەرەوە بە تەنیا بین، ڕێستورانتێك دەناسم، کە خواردنەکانی بەڕاستی نایابە.)

ــ (باشە، سبەی، کە دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوەمان. کاتژمێر دوانزە چاوەڕێت دەکەم هەر، کە هاتی پێکەوە دەڕۆین.)

ئەو دووانە شەویان پێکەوە بەسەر برد و لە حاڵێکدا، کە ڕابێرت چاوەکانی لە میچی ژوورەکە بڕیبوو بە خەیاڵێ ڕۆژانی شیرینی داهاتوویکە لەزەینی خۆیا وێنای دەکرد چاوەکانی لێك نا. لەم حاڵەدا ماچێکی لە گۆنای هاوسەرەکەی کرد. بۆئەوەی هەست بە سەرما و سۆڵەی دەرەوە نەکا لێفەکەی پیادا.

# بەشی چوارەم

هێشتا بەفر و بۆرانەکە خۆشی نەکردبۆوە. سەرمای دەرەوە دزەی کردبووە ناو ژوورەکەشەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئاسمان هەور و هەڵڵا بوو، بەڵام لەو دیو گەواڵە هەورێکی رەشەوە رووناکیی خۆر هەروا دیار بوو. ڕابێرت لەگەڵ یەکەمین تیشکە رووناکی، کە سڵاوی بەیانیانی دەکرد لەخەو هەستا. بەهێمنی (جین)ی، ماچ کرد و لەباوەشی گرت. بەلەمسکردنی دەستە ساردەکانی ڕابێرت ژنەلاوەکە وەخەبەرهات. ئەو دووانە جارێکیتر وەکو دوو کۆتری سەربەست بۆ چەن ساتێ لێکیان روانی و پێکەنین و دواتر بۆ دەبڕینی هەستەکانیان و بۆ ئەوەی بە تەواوی بوونەوە ژیان شیرینتر کەن و چێژی لێ وەرگرن. لەیەکەوە لوولان*. (جین، کە لە ترۆپکی بە ئاوات گەیشتنندا بوو لە قوڵایی دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا و لە حاڵێکا هاوسەرەکەی بە ئامێزی خۆیەوە ئەگوشی، گوتی:

ــ (خۆشم ئەوێی ڕابێرت. تا دنیا دنیایە لەتۆ جیا نابمەوە.)

ــ (منیش خۆشم ئەوێی ئازیزەکەم. لەوەی کە لەگەڵ تۆ و تۆش ئەم هەمووە دلۆڤانی و خۆشەویستییەت بۆم هەیە زۆر خۆشحاڵم.)

دوای چەن ساتێ هەردووکیان جلەکانیان لەبەر کرد و بۆ خۆشووشتن ئامادە بوون.

جین کە خەریکی شتنی دەم و ددانی بوو، گوتی:

ــ (ڕابێرت تا لەبیرم نەچووە پێت بڵێم، کە رەنگە ئەمڕۆ نیوەڕۆ نەتوانم بۆ رۆیشتنە دەرەوە ئامادەببم.)

ــ ((بۆ؟ مەگەر دوێنێ شەو خۆت بەڵێنت نەدا ؟.)

ــ (بەڵێ، بەڵام دوایی بیرم کەوتەوە، کە دەبێ بۆ دیداری یەکێك لە هاوڕێکانم بڕۆم.)

ــ (ئازیزەکەم. من لە پێشترم یان هاوڕێکەت؟ ئێ دوای نیوەڕۆ دەڕۆیتە دیداری ئەو.)

ــ (نا ئیمکانی نییە. چونکە ئەویش دوانیوەڕوان کاری هەیە. ناتوانم زیاتر ماتڵی کەم.)

ــ (جین تۆ چەندە بۆ ئەوانیتر وردبین و دوور نواڕی بەڵام بۆ من...

---

* لوولان: وەرپێچیان.

ئێستا هەرچۆنێك پێ خۆشە.)

ــ (ڕابێرت بەس کە، مەگەر چی دەبێ، شەو دەڕۆینە دەرەوە.)

ــ (ئەی لەبیرت چووە، کە شەو قەرارمان لەگەڵ بابە هەیە، کە لە دەرەوە میوانی بین.)

ــ (ئێ سبەی شەو.)

ــ (ئیتر نازانم چی بڵێم ئافرەت. ئەی سبەی شەو جەژنی کریسمەس نییە؟ باشە بە ناخێری قەرارە لەماڵی باوکت بین.)

ــ (ئێستا من نازانم چۆن بیر دەکەیتەوە بیکە، دەبێ ئەمڕۆ نیوەڕۆ لەگەڵ ئەو بم.)

(ڕابێرت) لە حاڵێکدا، کە لەتووڕەییدا ئیتر ئیشتیاشی نەمابوو و مەیلی خواردنی نانی بەیانی نەبوو بە مڕ و مۆنییەوە چووە ناو چێشخانەکەوە. دایکی بە بینینی روخساری گرژی لێی پرسی؟)

ــ (چی بووە کوڕم؟ دوێنێ شەو نەخەوتووی؟)

ــ (بۆ، بە پێچەوانەوە زۆر راحەت بووم.)

ــ (ئەی بۆ ئەوەندە وەڕەزی؟ نەکا لە قسەی خەسووت ناڕەحەتی، کە دوێنێ شەو پێی گوتین؟)

ــ (نا دایە گیان. تۆش ئەوەندەی سەر و کەلاَن لێ جودا مەکەوە. بابەتەکە لەسەر شتێکی ترە.)

(چی بووە، بڵێ لانی کەم منیش تێبگەم.)

ــ (ئەمڕۆ قەراربوو لەگەڵ جین بڕۆینە دەرەوە و نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین. خانم ئەیەوێ سیلەی رەحم بۆ هاوڕێکانی بەجێ بێنێ.)

ــ (باشە، قەی چێکا، خۆ ئێوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێکەوە نین، دواییش دەتوانن بڕۆنە دەرەوە.)

ــ (نا دایە گیان، مەسەلە ئەمە نییە. ئێمە تاکۆتایی ساڵی خوێندن تەنیا ئەم چەند رۆژەمان هەیە تالای ئێوەبین، گوتم با لەم ماوەیەدا پێکەوە خۆش بگوزەرێنین، سەردانی هاوڕێ لە کاتێکی تریش دەکرا.)

ــ (کوڕم ئەوەندە ژیان لەخۆت قورس مەکە، هەرچییەك بێ ئەویش ژنەو هەستی هەیە. تۆچۆن دەربەستی لایەنە سۆزدارییەکانی و حەزت لێیە لەگەڵ ناسیار و هاوڕێکانت پێکەوە بن. ئەویش وەها مافێکی هەیە، لە لایەکی ترەوە ئەوەندە ناچاری گوێڕایەڵی ویستەکانتی مەکە.)

ـــ (دایە گیان خۆمن قسەیەکی نابەجێم نەکردووە، خۆمن دژی هاتوچۆو ئام وشۆی لەگەڵ هاوڕێکانیدا نیم. تەنیا دەمویست نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین، دوانیوەڕۆ هەرکوێی بویَ بە ئۆتۆمبیلەکەی بابە دەیگەیەنمەجیَ.)

ـــ (باشە زۆر خۆت نارەحەت مەکە، لێگەڕیَ من قسەی لەگەڵ دەکەم.)

(جین)یش دوای پۆشینی جل و ڕێك خستنی خۆی هاتە چێشخانەکەوە. لەگەڵ سڵاوکردن ماچی لە دەم و چاوی خاتوو (بڕانسۆن) کردو لەسەر یەکیَ لە کورسییەکان دانیشت و لەحاڵێکدا لە ژێرەوە لە روخساری گرژی رابیێرتی ئەڕوانی لەتە نانێکی هەڵگرت و و مرەبای پیاساوی. لەم کاتەدا بۆ ئەوەی ڕابیێرت بهێنێتە قسە، گوتی:

ـــ (بەه بەه چ مربایەکی بەتام! ڕابیێرت تۆش بخۆ ئەگەر نا هیچکات وەها مرەبایەکت دەست ناکەویَ ها.)

خاتوو برانسۆن، کە ئاگای لە رەفتاری ئەو دووانە بوو، هاتە ناو حەچەڵەکەوە و گوتی:

ـــ (جین کچم ئەمرۆ بڕیارە بۆ کویَ بڕۆن؟)

ـــ (وەڵڵا من بە تەواوی نازانم، گەلاڵەداڕێژ و بەڕێوبەری بەرنامەکە ڕابیێرتە. گوایە بڕیارە بڕۆینە دەرەوە و لە فرۆشگای (فونێکس) شت بکڕین.)

لەم ساتەدا (ڕابیێرت) وەکو شێرێك هەڵچوو و لە جێی خۆی هەستاو گوتی:

ـــ (دوای ئەوە قەرارە بڕۆینە کویَ؟)

ـــ (هیچ شوێنیَ، من، کە لەم بارەیەوە هیچ نازانم.)

ـــ (قسەکانی دوێنیَ شەوت لەبیر چووە؟ نەکا یادگەت لە دەست داوە؟.)

ـــ (ئۆوە! ئێستا بیرم کەوتەوە. بەڵیَ دایە گیان قەرار وا بوو نانی نیوەڕۆ لە دەرەوە بخۆین.)

ـــ (ئیَ باشتر. کەواتە منیش ئەمرۆ بە ئاسانی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی جەژن دەڕۆمە دەرەوە، عەسر چاوەڕێتانم.)

ـــ (دایەگیان منیش عەسر ئەگەڕێمەوە، ڕابیێرتیش خۆی ئەزانیَ.)

ڕابیێرت دەیویست شتیَ بڵیَ، کە دایکی چاوێکی لیَ داگرت و بێدەنگی کرد. بە زەحمەت چەند پاروویێکی هەڵگرت و بەنابەدڵییەکی تەواوەوە ئامادەی رۆیشتن بوو. کاتیَ، کە جین لە ژوورەکەیدا جلەکانی دەگۆڕی تا بۆ ڕۆیشتنە دەرەوە ئامادە بێت. دایکی ڕابیێرت وەبیر کوڕەکەی هێنایەوەکە:

ـــ (کوڕم دەبیَ قبوولّی بکەی، کە ئەو منداڵ نییە، کە هەر چۆنێکت بویَ هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەی. ئەو دوای بیست و شتێك ساڵ، کە لەگەڵ دایك و باوکی و هاوڕێکانیدا بووە. ئێستا

دڵی بەتۆ داوە و دەیەوێ لەگەڵ تۆ بژیەت. ئەگەر ژیانی پێکەوەیی بە تاڵی بۆ دەربخەی و بیخەیتە ژێر فشارو زۆری خۆتەوە، ئەوا زوو لەم جۆرە ژیانە ماندوو دەبێ و ژیانی هاوسەرێتی هیچ نرخێکی بۆی نابێ. ئێستا، کە دەڕۆنە دەرەوە لەبیرت نەچێ، کە پێداویستییە جوانکارییەکانی درەختی کاژی جەژنیش بۆ من بێنێ.)

_(بەلام دایە ...)

ــ (بەڵامی ناوێ، ئەوەی کەوتم ئیتر تەواو. زۆر فشار مەخە سەری.)

لەم کاتەدا جین بە مەکر و حیلەیەکی تایبەتەوە و لە حاڵێکدا، کە پرچە رەشەکانی دەجولان و وەکو یاڵی ئەسپێکی تاك بەز دەرئەکەوت، جانتاکەی سووڕان و بەدەنگی بەرز گوتی:

ــ (پایە بەرز بەندە لە خزمەتتاندا ئامادەم، ئەمر بفەرموون.)

خاتوو برانسون ماچێکی لە دەموچاوی بووکەکەی کرد و دواتر هەردووکیانی تا بەردەرگا رەوانەکرد. ڕابێرت هێشتا رووگرژبوو و لە حاڵێکا، کە سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبوون، خاتوو برانسۆن بینەریان بوو. چەن ساتێ دواتر ئۆتۆمبیلەکە لە پێچاوپێچی شەقامەکەدا ون بوو و خاتو برانسۆن کە سەری دەجوولان. لای خۆی گوتی:

(ئەی منداڵە نەزانەکان، ئێوە هێشتا زۆر بچووکن تاماناى لێك گەیشتن و ژیانی پێکەوەیی بزانن.)

(ڕابێرت)و (جین) لەبەرامبەر فرۆشگای (فونیکس)دا، وەستان. جین لەو سەرمایە بەتۆفەدا دەستی خستەژێر باڵی ڕابێرت و هێدی هێدی بەرەو فرۆشگاکە هەنگاویان هەڵنا. بەهۆی دەسپێکی ساڵی نوێوە خەڵکی هەموو لە هەوڵ و کۆشدا بوون و خەریکی شت کڕین بوون. ئەو دووە سەرەتا چوونە نهۆمی ژێر زەوی و سەیری کەرستەکانی ناو ماڵیان کرد. جین جانتایەکی دەستی چەرمی پەسەندکرد و کاپشینێکی چەرمی جوانیش بۆ مێردەکەی هەڵبژارد. کچە فرۆشیارەکە، کە کیژێکی سەرنجڕاکێش و دلڕفێن بوو بە شەنگییەکی تەواوەوە ئەوی بۆ ژووری جل گۆڕین ڕێنوێنی کرد.

چەندان کاپشینی تر لەو جۆرە بەڵام لە تەرحگەلی جیاوازدا بەهۆی ئەو کچەوە بۆلای ڕابێرت هێنران. سەرئەنجام یەکێك لەوانە پەسەندکراو لە حاڵێکا ڕابێرت بەدڵێکی خۆشەوە لە ژووری جل هەڵواسین دەهاتە دەرەوە و کاپشینەکەی بەکچە فرۆشیارەکە ئەدا، کە بیپێچێتەوە، (جین) گوتی:

(زۆر شەنگۆڵ و لەسەر کەیفی، دیارە بەدڵی تۆ بوو.)

ــ (زۆر سوپاسگوزارم. زۆر جوان بوو.)

ــ (بەڵێ، کە جوان بوو. پرچە ئاڵتوونییەکانی منیش، کە ژنم فریو ئەدا.)

ــ (چی دەڵێی جین، من کاپشینەکە دەڵێم جوانە نەك کچەکە.)

ــ (ئەی بۆئەوەندە خۆشحاڵی؟ تا ئێرە کەمچ و مۆن بووی بەڵام بە بینینی ئەو کچە هاتیە سەر کەیف.)

ــ (وازم لێبێنە جین. چ قسەگەلێ دەکەی؟ کچێ مەگەر عەقڵ لە کەللەتا نەماوە. ئەو فرۆشیارە و هەر فرۆشیارێکیش بۆ راکێشانی مشتەری ئەداو ئەتوارێ لەخۆی دەردێنێ. من خۆ دڵم بەو نەداوە کەوا دەڵێی.)

ــ (باشە وازبێنین. خەتای تۆش نییە. هەموو جوانی جێی پەسندە.)

لەحاڵێکا دیسان ڕابێرت لە تانەو تەشەرەکانی ئەو رەنجابوو، پارەی جانتا و کاپشینەکەشی داو لەفرۆشگاکە هاتنە دەرەوە. هێشتا کاتێکی زۆری مابوو تا نیوەڕۆ. ئەوان دەیانتوانی سەردانی شوێنەکانی تریش بکەن. ناچار لەبەرامبەر ویترینی فرۆشگاکاندا دەوەستان و تەماشای شتەکانیان دەکرد. هەرشتێ، کە بەجێ بوو بۆخۆیان کڕی. لەم ماوەیەدا ڕابێرت کڵاوێکی ژنانەی قەشەنگی بۆ دایکی و بۆینباخێکی لاجوەردی رەنگی بۆ باوکی کڕی و لەم نێوانەشدا دایك و باوکی جینی لەبیر نەکرد. کراسێکی زۆر شیك و چوارخانەی بۆ باوك و کراسێکی بە رەنگی شینی نیلی بۆ دایکی جین کڕی. هەردووکیان شادان دەم بە پێکەنینەوە دوای چەند کاتژمێرێ گەڕان و کڕین چوونە ناو کافتریایەکەوە. بەهۆی ساردی کەشەوە هیچ شتێ بەئەندازەی کافە گلاسەیەك نەدەچەسپی. داوای دوو فنجان قاوەیان کرد و چاوەڕێ بوون تا گارسۆنەکە بیانهێنێ. لەم کاتەدا، کە ڕابێرت جگەرەی دەردەهێنا، دەستی بەقسەکرد و گوتی:

ــ (باشە جین بەڕاستی ناتەوێ ئەمڕۆ پێکەوە بڕۆین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ.)

ــ (ڕابێرت تۆ چەند پێداگری دەکەی. بەیانی گوتم بابۆ دوایی بێت.)

ــ (بەڵام ئازیزەکەم دەبینی کەمن هەمیشە پێم باشترە لەگەڵ تۆبم. هەر لەبەر ئەمەش تامەزرۆی ژیانی هاوسەری بووم.)

ــ (بەڵام ڕابێرت دەبێ بزانی، کە ژیانی پێکەوەیی بەم مانایە نییە، کە مرۆڤ لە گیروداوی یەکتردابێ و سنوردار ببێت. راستە، کە ژیانی هاوسەرێتی لەرووی عورف و شەرع و یاساوە کارێکی لۆژیکی و وماقووڵە و من خۆیشم پێوەی پابەندم و هەم، بەڵام ئەمە قبوڵ بکە من ناهێڵم هەل و مەرجی ژیان هاوسەرێتی گۆڕانکارییەك لە ژیانی رابردوومدا دروست بکا.)

ــ (بەڵام جینی خۆشەویست هەرچەندەش نەتەوێ، ئەم گۆڕانکاریانە لەخۆوە خۆ دەردەخەن. بۆ نموونە دەبینی رۆژێك منداڵت بووە و ئیتر کاتت نییە، کە وەکو رابردوو بەدوای هەر کارێکا بڕۆی.

کەواتە لانی کەم لە ئێستاوە خۆت پابەندی بنەماکانی هاوژینی بکە. تۆ دەبێ لە ژیانماندا من لەبەرچاو بگری و منیش هەروەها هەمیشە تۆم لەبیردا بێ.)

ــ (بۆ من شتێ جگە لەمە دەکەم؟ تەنیا گوتم، کە نامەوێ ژیانی هاوبەشمان ببێتە هۆکارو بەربەستێك بۆ تێکچوونی ئام و شۆو هاورێیەتی من لەگەڵ ئەوانی تر، وێڕای ئەوەی کە تۆ خۆشەویستی بۆم بەڵام ئەوا نیتریش جێگای رێزن بۆم.)

ــ (لەعنەت لە حاشاکەری.)* کچێ من کەی بەتۆم گوتووە پەیوەندییەکەت بپچڕێنە، تەنیا تکای من ئەمە بوو، کە ئەبێ بڕی ئەم بینین و سەردانانە کەم بکەیتەوەوە.)

ــ (خۆشەویستم تۆش دەبێ ئەوە قبوڵ بکەی، کە ناتوانم ئەم داواکارییەت جێ بەجێ بکەم. ئێستا، کە هاتووینە نیۆیۆرك دەبێ سەردانی هاورێکانیشم بکەم.)

ــ (باشە، بەڵام دەبێ ئاگاداربی، کە ئیتر بەرپرسیاریت زیاتر بووە و هەلومەرجی ئێستای ژیانت لەگەڵ رابردوودا جیاوازە.)

ــ (ئۆوە، ڕابێرت بەسی کە. مەگەر چ شتێ گۆڕاوە؟ ئێ هەروەك چۆن، کە پێشتر ئازاد و سەربەست بووین ئێستاش هەرواین، تەنیا ئەمجارە بڕیارمان داوە هەمیشە پێکەوە بین. هیچ شتێ نەگۆڕاوە.)

ــ (یەعنی بەبڕوای تۆ ژن و مێردایەتی مەسەلەیەکی ئەوەندە سادەیە؟ بەڕای تۆ ژیانی هاوبەش بەم مانایەیە، کە مرۆڤ تەنیا لەگەڵ یەك بێت و شتێك لە سەردەمی بزێوی نەگۆڕێ؟)

ــ (بەڵێ، بەبۆچوونی من هاوسەرگیری تەنیا بیانووی پێکەوە بوونە. هەرلەبەر ئەمەش نامەوێ بەو شێوەی، کە جێی پەسەندم بووە، شتێك لەو بۆچوونە بگۆڕدرێ، یەعنی بەو شێوەیەی، کە دەمویست، هەرئەوەشم لە قۆناغی جێبەجێ بووندا دەوێ.)

ــ (لە راستیدا دەتوانم قسەکەی تۆ بەم شێوەیە مانا و راڤە بکەم، کە هاوسەرگیری بە بۆچوونی من تۆ کڵاوێکی گەورەیە، کە لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە و ئەوانی تری دەکەین.)

ــ (هەرچۆن مانای دەکەی بیکە.)

ــ (ببیرەوە کچێ، لە راستیدا هەڵێنجانەکەی تۆ هەڵەیە. بەم شێوەیە نەك تەنیا ئەوانیتر فریو دەدەین بەڵکو خۆیشمان دەخەڵەتێنین. ئێستا تێگەیشتم، کە بۆچی لەمنداڵبوون دەترسای.

* لەعنەت لەوەی، کە حاشای لێئەکا.

نەتدەویست بەرپرسیارییەتی قبولْ بکەی و لە راستیشدا خوێندن و زانکۆ لە بیانوویەك زیاتر هیچ نەبوو.)

ــ (ئەگەر نارەحەت نەبی دەبێ بە راشکاوی بڵێم، کە بۆچوونەکەت راستە.)

ــ (کەواتە ئەگەر وا بێت منیش دەبێ بەڕاشکاوی بڵێم، کە ناتوانی من فریو بدەی.)

ڕابێرت ئەم رستەیەی بەوەها تووڕەیی و گڕوتینێکەوە دەربڕی، کە موشتەرییەکانی تر کە لە مێزە نزیکەکانی تر دانیشتبوون بۆ ساتێك چاویان لەوان بڕی.

قسەی ئەوان بە ئەندازەیەك درێژو و مشتومڕەکەیان درێژەی کێشابوو، کە قاوەکانیان سارد بووەوەو بەبێ ئەوەی بیخۆنەوە، پارەکەیان داو و چوونە دەرەوەی کافتریاکە. ڕابێرت هیچ سەری لەو قسانە دەرنەدەکرد، کە بیستبووی. نەیدەزانی چۆن قسەکانی جین هەڵسەنگێنێ، ئایا بەڕاستی ئەو لە بەرامبەر ژیاندا ئەوەندە نادەروەست بوو؟ بەڕاستی لە دیدی ئەودا هاوسەرگیری تەنیا ڕێگەی رەوای ژیانە لە پالْ یەکدا؟ بەڕاست ژیانی هاوبەش بۆ ئەو نرخی سەرومڕی* نەبوو؟

دنیا لەپێش چاوی ڕابێرتدا رەش و تار بووبوو. هەستی دەکرد، کە تۆپی زەوی بەدەوران دەوری سەریدا دەسووڕێ. بەزەحمەت سویچەکەی خستە ناو قفلّی دەرگای ئۆتۆمبیلەکە و کردیەوە، تەنانەت ساتێك وەها مات و حەپەساو بوو، کە لەبیری چوو دەرگاکەی تر بۆ جین بکاتەوە. بەلێدانەکانی سەری پەنجەی جین ، هاتەوە سەرخۆی و دەرگاکەی کردەوە. ژنە جحێڵەکە کاتێك لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی دانیشت گوتی:

ــ (دەمەوێ راستییەکت بۆ ڕوون بکەمەوە. ئێستا، کە تۆ بەم قسەیەی من ئەوەندە خۆتت دۆڕاندووە. خوا دەزانێ ئەگەر نەبم چی ئەکەی؟

ــ (ئازیزەکەمن من بە درێژایی ژیانم ئاواتم ئەوە بووە کە لە ژێر میچی ماڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و سەفاو هاودڵی، لەگەلْ هاوسەرێکی باشدا بژیەم و منداڵێکم لەو هەبێ و لە ڕێگەی ڕێ و شوێن و لۆژیك و نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانەوە درێژە بەژیانی ئابڕوودار و شەرەفمەندانەی خۆم بدەم، ئاواتم بوو، کە بەرهەمی ئەم ژیانە، کە منداڵێك یان منداڵگەلێك دەبن تەندروست و تەربیەت کرا و رادەستی کۆماڵگەی خۆمی بکەم بەڵام ئێستا، کە قسەکانی تۆ دەبیستم زۆر بە داخەوەم. ئەگەر رۆژێك منداڵیشم هەبێ بەشێوە بیرکردنەوەکانی تۆ خوا دەزانێ چی لێ دەردەچێ و دەگاتە کوێ.)

---

* سەرومڕ: کافی و وافی ، پەسندە.

ــ (بەڵام ڕابێرت دەبێ ڕاست بێ بیت. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە شتێکی تر نیشان دەدا تێڕوانینی گشتی کۆمەڵگای ئێمە بە شێوەیەکی جیاوازە لە بیرەکانی تۆ، پیاو و ژن تاکاتێ یەکتریان قبووڵە کە لای یەکن.)

ــ (ئەی لەم نێوەدا چارەنووسی منداڵە پاکەکان چی بەسەر دێ؟)

ــ (هەر لەبەر ئەمەیە هەندێ ژن وەك من رازی نین، کە منداڵیان ببێت.)

ــ (کەواتە دەتوانم وەها هەڵێنجان بکەمکە لەراستیدا پیاوان بوونەتە یاریچەی ئێوەی ژن.)

ــ (هەڵبەت هەڵ و مەرجێکی دوولایەنەبوونی هەیە.)

ــ (بە ڕای من لەهەردوو لایەنەوە ئەم بیرێکی گەلاییە و نەویستراوە. ئێستا، کە دەڵێی کۆمەڵگای ئێمە تێڕوانینی وایە دەبێ وەبیرت بهێنمەوە، کە سەخت لەهەڵەدای کۆمەڵگا واناڵێ، ئێوەن کەوا لێی تێدەگەن.)

ــ (بەهەرحاڵ ئەسڵەن بۆ قسەمان گەیاندە ئێرە؟ من تەنیا دەمویست سەردانی هاوڕێکەم بکەم، چ پێویستی دەکرد ئەوەندە یەکتر بڕەنجێنین.)

ــ (ئێ ئەسڵی مەسەلەکە هەر لێرەدایە. من دەمویست تۆ ئاگادار کەم، کە ژیانی هاوبەش بنەماو ڕێسای خۆی هەیە، کە جودایە لە ژیانی زگورتی. بەڵام تۆ دەتەوێ ئینکارییان بکەیت و من بەبۆچوونە هەڵەکان رازی بکەی.)

ــ (ئەوەندە توندی مەگرە هێشتا زووە لەیەك بگەین. خۆ چەند ساڵ یان چەند مانگ تێپەڕ نەبووە، کە ئەوەندە فەرماندەرانە لەگەڵ یەك هەڵس و کەوت دەکەین. هێشتا ساڵە های ساڵ کات ماوە تا لە مەبەستی یەك تێبگەین. ئەگەر لێم وەرگری ڕەنگە هەردووکمان هەڵە بیربکەینەوە، باشە ئێستا روخسەت دەدەی لەگەڵ هاوڕێکەم بم.)

ــ (من، کە ئارەزووم بوو لەگەڵ من بیت، ئێستا، کە خۆت بە باشی دەزانی دژایەتییەکم نییە.)

ــ (دواتر ڕابێرت ئوتومبیلەکەی خستەکارو بە خێرایی بەرەو شەقامی (مێدیسۆن) لێی خوڕی. هاوڕێکەی جین کچێك بوو بەناوی (شارلۆت)کە لەزەمانی خوێندنەوە یەکیان دەناسی. (شارلۆت) دایك و خوشکێکی هەبوو، کە دایکی شووی بە پیاوێکی ئینگلستانی کردبوو و چووبووە ئینگلستان. تاقە خوشکەکەشی لەگەڵ پارێزەرێکدا کە لە نووسینگەکەی کاری دەکرد پەیوەندی ناشەرعی دانابوو و لەو رووەوە، کە منداڵێکی ناشەرع(زۆڵ)ی لەو بووبوو، پارێزەرەکە ئامادە نەبووبوو هاوسەرگیری لەگەڵ ویدا بکا و خۆی کوشتبوو و ئێستا (شارلۆت) بەتاقی تەنیا دەژیا.

ئەو لەکۆمپانیایەکی ڕێکلامدا کاری دەکرد و لە راستیدا گەلاڵەدارێژی مۆدێلی ئەنجام دەدا. ئەو هەمیشە باوەڕی وابوو، کە ژنان دەبێ ئازاد بن و وەکو پیاوان لە کۆمەڵگادا دەرکەون. لە تێڕوانینی ئەوەوە هاوسەرگیری و یان پابەندبوون بە داب و نەریت و باوەڕە کۆنەکانەوە شتێکی نالۆژیکی و دوور لە ئاوەز دەهاتە ئەژمار.

شارلۆت زیاتر ڕێزی لە بیروباوەڕی قوتابخانەگەلی بەناو فەلسەفەگەلاییەکان دەناو ستایشی ئازادی سێکسی دەکرد. رەنگە هەر لەبەر ئەوە بوو، کە هەر لەهەمان سەردەمی لاوێتیدا لوولەکانی منداڵدانی خۆی گرتبوو تا بە ئاسانی لەگەڵ هەموو پیاوێکدا پەیوەندی سێکسی هەبێت. ئێستا ڕابێرت لەوە دەترسا، کە ژنەکەی بکەوێتە ژێر کاریگەری نانەزوانەکانی* ئەو و ژیانی بەزایە بچێ. بێ گومان ئەو قسانەی، کە جین دەیکرد سەرچاوەگرتوو لە قسە و نانەزوانە پووچەکانی شارلۆتەوە بوو. بەڕاست جین بە چ مەبەستێ نیازی بینینی ئەوی بوو.

شارلۆت تەنانەت لەکاتی زەماوەندەکەدا وەکو دژایەتییەك سەبارت بە بڕیارەکەی جین ئامادە نەبوو بوو بەشداری لە ئاهەنگەکەدا بکات.

ئێستا جین بە هۆیەکەوە دەیویست سەردانی بکا و هەتا چەند کاتژمێرێکیش لەگەڵ ئەو بێت؟

ڕابێرت بەنابەدڵیەوە ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو شوێنی کارەکەی ئەو ئاژووت. کاتی، کە لەبەرامبەر بینایەی بەڕێوبەری کۆمپانیای ڕێکلامکردنی (جی. بی. پرینگستۆن)دا وەستان. جین بەگومان و دوو دڵییەوە، کە لە چاوەکانیا دیار بوو دەستی رابێرتی گرت و لە حاڵێکدا ماچی دەکرد خواحافیزیی کرد و گوتی:

ـــ (دوا نیوەڕۆ کاتژمێر "4" چاوەڕێتم، هەرلێرە چاوەڕێم بیت.)

ـــ (باشە. ئەگەر وەدرەنگ کەوتم خۆت وەرەوە.)

کاتێ، کە جین لە ئوتۆمبیلەکە دابەزی و بەرەو دەرگای چوونەژوورەوەی بیناکە دەڕۆیشت. ڕابێرت بیری لە داهاتوویەکی ناڕوون بە شێوە بیرکردنەوە گۆڕاوەکانی هاوسەرەکەیەوە دەکردەوە و سەرەتا نوێیەکانی، کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دەقی ژیانیا خۆنوێنی دەکەن لە مێشکی خۆیدا وێنا کرد.

---

* القا: نانەزوان: بۆ نموونە، کە منداڵێك تازەفێری قسە ئەبێ ، قسەیەکی ناشرین فێرئەبێ و زۆر دووبارەی ئەکاتەوە، ئەڵێن ئەو دایك و باوکی ناویانەتەزوانی یان خستوویانەتە دەمی یان سەر زمانی.

# بەشی پێنجەم

ئەو شەوە بەڕێز (ئۆلیڤەر برانسۆن) تەرتیبی میوانی نانی ئێوارەی بۆ کوڕەکەی و بووکەکەی لە ڕێستورانتی چوار وەرزی شاری نیۆیۆرك دا دابوو. هێشتا ئەو کاریگەرییە دەروونیانەی، کە قسەکەی جین لەسەر ڕۆحیەی ڕابێرتی دانابوو بەتەواوی بە ڕواڵەتی پیاوە لاوەکەوە دیار بوو. وێڕای ئەوەی، کە جین هەوڵی دەدا بە هەڵس و کەوتە ئاساییەکانی خۆی دایك و باوکی ڕابێرت لە بابەتەکە ئاگادارنەکا بەڵام ڕەنگ پەڕیوی و پەرێشانی ڕۆحی ڕابێرت هەموو شتێکی ئاشکرا دەکرد.

ئەو، کە هەمیشە بەکەیف و دڵخۆش بوو. ئێستا لە سپێدەوە تا ئەو کات لە بیری خۆیا نقووم بووبوو بەبێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە وەڵامی قسەکانی دایك و باوکی تەنانەت (جین)ی، دەدایەوە. خاتوو برانسۆن، کە تاڕادەیەك سەرەداوەکەی لە دەستا بوو، زۆر لێکۆڵینەوەی نەدەکرد بەڵام بەڕێز (ئۆلیڤەر) زۆر سەری سووڕما بوو و لەهەڵس و کەوتی کوڕەکەی زۆر نیگەران بووبوو، هەر لەبەر ئەوە پرسی!

ـــ (ڕابێرت کوڕم نەخۆشی. بۆ دژداماوی* ؟)

ـــ (هیچ نییە بابە. تەنیا کەمێك ماندووم و هەست دەکەم پێویستیم بە پشووە.)

ـــ (بەڵام تۆ، کە دوێ شەو حاڵت باشتر بوو.)

لەم کاتەدا دایکی ڕابێرت هاتە ناو حەچەڵەکەو گوتی:

ـــ (شتێکی وا نییە مێردە خۆشەویستەکەم، ڕابێرت ئەمڕۆ سەر لەبەیانی لە دەرەوە زۆر خولاوەتەوە و هەر لەبەر ئەوە ماندووە.)

ئەمان هەرچۆنێ بوو نانی ئێوارەیان خواردو ڕەوانەی ماڵ بوونەوە.

لەڕێدا ڕابێرت ئەسڵەن قسەی نەکرد و تەنانەت ئاوڕێکیشی لەجین نەدایەوە. جین، کە وەك هەمیشە دامەنێکی سپی و کراسێکی پەمەیی یەخە ئیسکی لەبەر کردبوو و کۆتە چەرمینەکەیشی دلڕفێنییەکی زیاتر دەکرد بە هیچ شێوەیەك هۆی ڕاکێشانی سەرنجی ڕابێرتی

---

* چرا تو فکری: بۆ دژ داماوی: بۆ ا دۆش داماوی ـــ بۆ کەوتوویە ناو بیرەوە(فکرەوە).

فەراهەم نەکردبوو. بەڕێز ئۆلیڤەر لەکاتی لێخوڕیندا ئاگادارو چاودێری هەڵس و کەوتی کوڕو بووکەکەی بوو. دەیزانی هەرچی هەیە لە نێوان ئەو دووانەدا شاردراوەیە. بەڵام نەیدەتوانی بوێری بداتە خۆی تا شتێکیان لێ بپرسێ. چاوەکانی ڕابێرت پڕ لە فرمێسك بووبوون. دیار نەبوو ئەم فرمێسکانە لەزۆری قین و تووڕەییەوە بوو یان بە لاوازی و بێ توانایی خۆی دەگرییەت. بەڕێز ئۆلیڤەر بە ڕوونی پەرێشانی ڕۆحی و نالەباری دەروونی کوڕەکەی دەبینی و لەبەر ئەوەش بە تەواوی نیگەرانی حاڵی بوو. هەر چۆنێك بوو گەیشتنەوە ماڵەوە جین و ڕابێرت لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین و خاتوو بڕانسۆن چاوەڕێی کرد تا مێردەکەی ئۆتۆمبیلەکە بباتە گەراجەکەوە.

ژن و مێردە لاوەکە، کە ڕۆیشتبوونە ژوورەوە، ئۆلیڤەر هەلەکەی قۆستەوە و لەژنەکەی پرسی:

ــ وەك بڵێی کێشەیەك لە نێوانیان دا دروست بووە، ڕای تۆ چییە؟

ــ (شتێکی وا گرنگ ڕووینەداوە، تۆ نیگەرانیان مەبە. گوایە قەرار بوو ئەمڕۆ نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆن بەڵام جین پێداگری کردووە، کە بڕواتە لای هاوڕێکەی و تەنانەت تا ئەو جێیەش من زانیم ئەوان تا کاتێکیش، کە پێکەوە بوون کێشەو هەرایان زۆر کردووە و چونکە جین بەقسەی ڕابێرتی نەکردووە، لەبەر ئەوە کوڕەکەمان زویرە .)

ــ (ئەگەر وابێ زویرییەکەی بێ جێیە. چۆنە قسەیان لەگەڵ بکەین.)

ــ (نا، بە باشی نازانم، لێگەڕێ باخۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەربکەن.)

ــ (باشە. هەرچۆنێ، کە تۆ دەیڵێی.)

ئەو دووانەش هاتنە ژوورەوە. جین لەو دەوروو بەرەدا نەدەبینرا بەڵام ڕابێرت لە چێشتخانەکە دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە گۆشەیەك و سەری پەنجەی دەکێشا بەسەر مێزەکەدا. بەڕێز ئۆلیڤەر بە بینینی ئەو گوتی:

ــ (کوڕم حەزت لەخواردنەوە هەیە؟)

ــ (نا بابە، سوپاست دەکەم.)

ــ (بۆ ئەوەندە وەڕزی؟ شتێك ڕووی داوە؟)

ــ (نا، ئێوە وابیردەکەنەوە.)

ــ (بەڵام لەزمانی دایکتەوە پەییم بە بابەتگەلێ بردووە، ئەگەر ڕووداری نەبێ دەمویست بەتەواوی لە بابەتەکە ئاگادار بم. ڕەنگە بتوانم یارمەتیەك بدەم.)

ـــ (بە پێچەوانەوە، پێویستیم بە یارمەتی فیکری ئێوە بوو. بابە بەڕاست بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە هاوسەرگیری چییە؟)

ـــ (ئێ، ... دەتوانم چی بڵێم ... هاوسەرگیری. هاوسەرگیرییە ئیتر.)

ـــ (نا، مەبەستم ئەوەیەکە لەتێڕوانینی ئێوەوە هاوسەرگیری چ ماناو واتایەکی هەیە؟)

ـــ (بە ڕای من هاوسەرگیری زاگەی ژیانێکی تەندروست و بەنەشەیە کەهەر ژن و پیاوێ بەدەست گرتن پێوەی دەتوانێ ڕێگای دەستەبەرکراو و بێوەی ژیان ببڕێ.)

ـــ (باشە. لەم ڕێگەیەدا چ تێڕوانین و ڕوانگەگەلێك شاراوەیە.)

ـــ (لە ڕاستیدا هەر شتێ کەوەکو داب و نەریت لەناو ئێمەی مرۆڤدا بووەتە باو، ڕیشەی لەزۆرێك لە فاکتەرە زانستی ، پزیشکی، دەروونی، جەستەیی، ئەخلاقی و تەنانەت مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا هەیە. هاسەرگیری نەك تەنیا جێ پەسەندی نەریتە بەڵکو ئایینەکانیش بە جەخت کردنەوەوە ئاماژەیان پێکردووە. چونکە مرۆڤ بە هاوسەرگیری کردن هەست بە بەرپرسیارێتی دەکاو هەوڵی ئەوەیە تەنیا بیر لەخۆی نەکاتەوە و جگە لەخۆی بایەخ بەژن و منداڵەکانیشی بدات. لەهەڵ و مەجێکی وادایە، کە بەدەستەبەرکردنی تەندروستی ڕۆحی و جەستەیی تاکەکان، کۆمەڵگاش بەرەو بەختەوەری هان دەدرێ.)

ـــ(باشە بابەگیان، ئێستا بابەتی سەرەکی و لە ڕاستیدا جیاوازی بۆچوونم لەگەڵ (جین)دا لەم بابەتە دایە.)

ـــ (بۆچی ئەو چی دەڵێ و چ بۆچوونێکی هەیە.)

ـــ (جین پابەندی بڕوایەکی وانییە. ئەو دەڵێ، کە مرۆڤ تەنیا لەبەر ئەوە هاوسەرگیری دەکاکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەویستراو نەبێ و پەیوەندییە سێکسییەکانی ناشرین دەرنەکەون.)

ـــ (ئەگەر بەم شێوەیە بیربکاتەوە سەخت لە هەڵەدایە.)

لە دەمی ئەو بردە بردەدا (جین)یش هاتە چێشتخانەکەوە، کاتێ، کە باوك و کوڕی لە حاڵی قسەوباسی گەرم دا بینی، زانی، کە بێگومان مەسەلەکەی خۆیان هێناوەتە ناوەو باسی لێوە دەکەن. بەشك و گومانەوە تەماشای چاوەکانی (ئۆلیڤەر)و (ڕابێرت)ی کرد بە ئارخەیانییەوە* پرسی:

* ئارخەیان: خاترجەم، دڵنیا، ئارخەیانی: بەخاتر جەمییەوە، بە دڵنیاییەوە، بە ئاسوودەییەوە.

(لێرە چ خەبەرە؟ خۆ موزاحیم نیم؟)
(ئۆلیڤەر بەتانەیەکەوە وەڵامی دایەوە:
ــ (ناکچم، دیارە، کە موزاحیم نیت، بەڵام دەمویست لەگەڵ تۆش قسەبکەم.)
ــ (شتێکی تایبەت ڕوویداوە بابەگیان؟)
(بابەت، کە بڵێم چی. بەڵام مەسەلەیەکە، کە دەمویست ڕاشکاوانە لەگەڵت باسی بکەم. وەك ئەوەی، کە ئەمشەو لەهەڵس و کەوتی تۆ کوڕەکەمدا بینیم، هەستم کرد کێشەیەك لەنێوان فیکرەکانی ئێوەدایە. لەم ڕووەوە بەباشی دەزانم، کە هاوڕێییانە تاوتوێی بکەین.)
ــ (باشە، بابە گیان، من ئامادەم.)
ــ (باشە، کچم پێم بڵێ بزانم بەڕای تۆ ژن و پیاو چەئەرککگەلێکیان لەبەرامبەر یەکدا هەیە؟)
ــ (دیارە، دەبێ لە ڕووی جەستەیی و روحییەوە یەکتر ڕازی بکەن.)
ــ (بەڕای تۆ ئەم ڕازیکردنە دوولایەنەیە لە چ ڕێگاگەلێکەوە گونجاوە؟)
ــ (ئێ، ئەوەندەی کەدیارە. لەڕووی سۆزداری و هەستی خۆشەویستی سەبارت بە یەك و دەرککردنی یەکتر و هەستی هاوژینی هاوبەش و هەروەها لێکگەیشتن دەکرێ بگەینە ڕازیکردنی دەرونی و ڕۆحی و لەڕووی جەستەییشەوە دەتوانین ئاماژە بۆ پێداویستییە سێکسییەکان بکەین.)
ــ (ئافەرین کچم. ئایا ئەم ڕازیکردن و تێرکردنە سۆزداری و جەستەییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دانراوە؟)
ــ (نەخێر، تا کاتێك، کە هەردوو هاوسەرەکە کەیەکتر دەرك دەکەن و بەوپەڕی توانایانەوە پێداویستییەکانی یەکتر جێ بەجێ دەکەن ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێ.)
ــ (یانی بەڕای تۆ کاتێ ژنێ یان پیاوێ نەتوانن پێداویستییەکانی یەکتر دابین بکەن ئیتر پێویست ناکا پێکەوە بژیەن؟)
_(بە تەواوی وایە.)
ــ (کەواتە ئەگەر وابێ دەبێ هەموو ئەو پیاو و ژنانەی، کە قۆناغی لاوێتییان تێپەڕاندووە و گەیشتوونەتە پیری لەیەك جیاببنەوە؟)

لێرەدا جین ئێسێکی* کرد و نەیتوانی وەڵامێك بداتەوە، ئۆیلڤەر درێژەی دایە:

ــ (بەداخەوە ئەم کولتوورەو ئەم تێڕوانینە ئەمڕۆکە بونیادی کۆمەڵگەی ئێمەی هەڵوەشاندووە. کچم تۆ دەبێ ژیرانە بیربکەیتەوە. تۆ، کە کچێکی خوێندەواری، نابێ بەمشێوەیە بیربکەیتەوە. هەموو ژن و پیاوێ پێداویستی گەلێکی هەیە، کە ڕێگاکانی تێرکردنی لەبوونی یەکتردا شاراوەیە.

بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت مرۆڤ پێویستی بە لێکگەیشتن و دەرککردنی یەکترە و دەرك و لێکگەیشتنیش مەیسەر نابێ مەگەر کاتێ کە مرۆڤ بتوانێ ڕێز لە بیرەکانی یەکتربگرێ و بەرپرسیارێتی خۆی سەبارەت بەیەك قبووڵ بکا.)

ــ (خۆمن لەم بارەیەوە بەرهەڵستییەکم نییە.)

ــ (با، بەپێچەوانەوە بەرهەڵستی تۆ بەبێ ویست لەم بارەیەوە. و تەنانەت دەڵێی، کە مرۆڤ تاکاتێ یەکتریان قبووڵە کەتوانای تێرکردنی پێداویستییەکانی هەیە، کەواتە لەڕوانگەی تۆوە هەر ژنێ یان پیاوێ توانای نەبێ لەژیان دەرکراوە. وانییە؟)

ــ (بەڵێ، بەشێوەیەکی گشتی کاتێ کەژن یان پیاوێ خۆی لەگیرو‌داوودا ببینێ و ناچار بێ بە تێرکردنی پێداویستییەکان، بەڕای من جێی گرفتە.)

(. باشە، ئێستا ئاماژەت بەباسێکی سەرنج ڕاکێش کردووە، بەڕای تۆ لەبنەڕەتدا گیروداو مانای چییە و ناچاری بە چ واتایەکە؟)

ــ (بۆتێگەیشتنی زیاتر نموونەیەك دەهێنمەوە. بۆ نموونە کاتێ کەمن شووم کردووە و دوای بیست ساڵ یان بیست و یەك ساڵ ئازادی تەواو، لەگەڵ هەرچی و هەرکەسێکدا، کە پەیوەندیم هەبووە، ئام و شۆم کردووە و ئێستا سنووردار بووە و ئازادنیم سەردانیان بکەم، بەڕای من ئەمە گیروداوە.، کە لە چوارچێوەی هاوسەرگیری دا داڕێژراوە. ڕەنگە سادە بێتە پێش چاو بەڵام هەر ئەم گیروداوە نیشانەی نەبوونی لێکگەیشتنی دوولایەنەیە، کە بۆ سیستەمی خێزان ناتەواوی یەکە.)

ــ (نازانم تا چ ڕادەیەك دەتوانم قنیاتت پێ بهێنم و تێتبەگەیەنم: بەڵام بە بۆچوونی من کاتێ ژنێ یان پیاوێ هاوسەرگیری دەکا، نەك هەر سنووردار نابێ، بەڵکو خودی هاوسەرگیری کلیلی بزوێنەری و وزەی پایەداری مرۆڤە. کاتێ ژنێ شوو دەکا دەزانێ، کە هەموو ڕۆژێ

---

* مکپ: ئێس، گت. درەنگ: بەتایبەت بۆ ماوەیەکی کورت.

چەندان کەس چاوەڕێی دەکەن، داخوازی گەلێکیان لەهەوڵ دەسکەوتی ئەو دەوێ، لەسۆزو خۆشەویستی ئەو پاراو دەبن. کەوایە ئەمە دەبێــتە هۆی ئەوەی، کە ژن بۆخۆی لە ئەرکی هاوسەری و بەتوانایی خۆی تێدەگاو دەزانێ، کە تەنیا خۆی نییەو جێگیری و سیستەمی خێزان پێویستی بەوەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی ئەوە. لە بەرامبەردا پیاویش کاتێ دێتە ناو ژیانی هاوبەشەوە. ئەگەر بەرپرسیار نەبوو و ئەگەر گەڕاڵ و سەرەڕۆ بوو. ئێستا، کە دەزانێ هەموو ڕۆژێ هەندێ چاوەڕێی دەکەن و پێویستیان بە خۆشەویستی و سەرپەرشتی ئەو هەیە و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خێزانیش لە هەولّی ئەودایە.)

ــ (بەڵام بۆچوونی من وا نییە، مرۆڤ بۆ ئەوە نەئافرێنراوە کەوەکو کۆیلە لەخزمەتی ئەویتردابێ. مرۆڤ دەتوانی بەهۆی هێزی بازووی خۆی و بڕشت و بەهرەی هۆشییەوە سەرقاڵی کاری خۆی بێ و پێداویستییە مادییەکانی خۆی دابین بکا. لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێ بۆ تێرکردنی پێداویستییە مەعنەوی و نامادییەکانیش لەگەڵ ئەویترا پەیوەندی هەبێ. بەڵام ئێستا واباوە، کە ئەم پەیوەندییە حاڵەتێکی فەرمی وەر بگرێ. ئەگەر فەرمییەتیش نەبێ دیسان ئەم دابینکردنی پێداویستییانە دەکرێ.

ــ (زۆر بەداخەوە کەئەم تێڕوانینە لەتۆ دەبینم و ئەم ڕستانە لەتۆ دەبیستم. لەڕاستیدا بەڕێیەکی هەڵەدا دەڕۆی و تێڕوانینەکەت بەشێوەیەکی گشتی هەڵەیە. مرۆڤ نەك هەر بەرپرسیاری خۆی، بەڵکوو بەرپرسیاری ئەوانیتریشە. لەڕاستیدا تۆ بەم بۆچوونە سەبارەت بە ڕەهەندێکی ئەرکەکان بە بێئاگایی دەمێنێتەوە، ئەگەر بڕیاربێ هەرکەس پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، ئەی کۆمەڵگا لەم نێوەدا چ کارەیە؟ مەگەر ئەو کۆیلەی ئێمەیە، کە هەموو پێداویستییە माددییەکانی ئێمە لەپیشە، ماڵ، ئێمکاناتی خۆشگوزەرانی، تەندروستی و و و... دابین دەکا؟ جڤات، کە پێکهاتوو لەمن و تۆیە،لە ڕاستیدا هەرلێدراوێکە لە ڕەسەنایەتی فەردی. من و تۆ و ئەوانیترین، کە توانیومانە دەرفەتەکانی دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانمان لە جڤاتدا فەراهەم بکەین و سوودی لێ وەرگرین. ئەگەر ئەم پێداویستییانە دابین نەبوونایە، بەدڵنیاییەوە ڕەزایەتی دەروونیش نەدەهاتەبوون و هەریەك زیاتر گرێدراوی* یەکتر دەبووین. ئێستاکە لەکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا دەژیەین لە ڕاستیدا نابێ کفری نیعمەت بکەین. ئەم پێشکەوتن و تەکنەلۆژی و ئاسوودەییە لەسایەی قەبووڵکردنی بەرپرسیارێتی من

---

* وابەستە:- پەیوەندی دار، گرێدراو.

و تۆوە بووە. ئەگەر من و تۆ لەسایەی دەستوورێکی ڕاست و چوارچێوەیەکی بناخەداردا پێداویستییە سۆزدارییەکانمان دابین نەکەین هۆیەکانی لەیەك ترازانی فیکرەکانمان فەراهەم کردووە و خاڵێکی ڕەشمان لە پێشکەوتنی ئامانجەکانمان لەبواری زانست، کولتوور و پیشەسازی دا دروست دەکەین.

(جین)بەم قسانە بێدەنگ بوو و (ئۆلیڤەر) بۆ ئەوەی ڕازی بکات و هەستی خۆبەکەم زانین لەودا دروست نەکا ماچێکی لەنێوچاوانی بووکەکەی کرد و خولکی قاوەیەکی کرد. ئێستاکە (ڕابێرت) دڵهەدا دیاربوو دەستە ناسکەکانی هاوسەرەکەی خستەناو دەستی لەحاڵێکدا بە نەرمی ئەیگوشی، نیگایەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی، کە لە کانگای دڵیەوە هەڵدەقوڵا لە چاوەکانی(جین) کرد و وەك بڵێی ڕێگایەکی بیّ کۆسپ لە نێوانیاندا دروست بوو.

جین لە حاڵێکدا چاوەکانی پڕ لە ئەڵقە جوانەکانی فرمێسك بووبوو ڕوانییە هاوسەرەکەی، دەتگوت دنیایەك قسەی هەبوو و دەیویست بە نیگاکردنی (ڕابێرت) تێبگەیەنیّ. لەو کاتەدا (ئۆلیڤەر)و هاسەرەکەی، کە ئاگایان لەو دووانە بوو بە ئارامی لە موبەقەکە چوونە دەرەوەو ویستیان دوو هاوسەرە لاوەکە بەتەنیا جیّ بێڵن. بە ڕۆیشتنی ئەوان(ڕابێرت) بەئارامی نووشتایەوە و پەنجە قەشەنگەکانی(جین)ی ماچ کرد و بە چرپەوە گوتی:

ـــ (خۆشم دەوێی ئازیزەکەم. بڕوا بکە خۆشم دەوێی. نامەویّ تۆ لە دەست بدەم.)

ـــ (منیش هەروەها، داوای لێبوردن دەکەم، کە ئەمڕۆ زویرم کردی، دانی پیا دەنێم، کە هەڵەم کرد و بە ڕێگەیەکی هەڵەدا ڕۆیشتبووم.)

ـــ (هیچ نییە جوانکیلەکەم، باشترە ئەمشەو بە خەیاڵی ئاسوودەوە بخەوین، کە بەیانی کاری زۆرمان هەیە.)

(جین) زەردەخەنەیەکی خستەسەر لێوەکانی و هەردووکیان لە جێگاکانیان هەستان و بەرەو ژووری میوان ڕۆیشتن، ئاغا و خانمی برانسۆن بە بینینی ڕوخساری گەشی ڕابێرت و جین، خەیاڵیان ئاسوودە بوو. ئەوانیش، کە چاوەڕێی وەها ساتیّ بوون، هەستان و بە شەوشادگوتنەوە بەرەو ژووری خەوتن ڕۆیشتن.

***

سەرلەبەیانی هەڵهاتنی قەشەنگی هەتاو بە ڕەنگی زیوین و بە زێوارێکی* سەوزەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەبینرا. سڵاوی گەرمی هەتاو، پەیامگەلێکی دڵخۆشکەری بۆ خێزانی(برانسۆن) دەهێنا. هەوای ساردی زستانە بە هەڵهاتنی گیان گەشێنی هەتاوەوە هەستی پێ نەدەکراو (ڕابێرت) بە ڕوویەکی کراوەو و وەك هەمیشە گەش، سڵاوێکی بەرزی کرد و هاتە ناو مووبەقەکەوە، لەو کاتەدا خاتوو برانسۆن لەگەڵ جین، سەرقاڵی دروستکردنی کێك بوو، لەولای مووبەقەکەیشەوە، بەڕێز (ئۆلیڤەر) چەرەسەکەی تێکەڵ دەکرد و جارجارێ قومێکی لەپیپەکەی دەدا. ڕابێرت، کە بەتەنیا خۆی جودا لە کاروانی چالاك و پێشوازیکەرانی جەژنی کریسمەس دا دەبینی، بەخۆشی و شادییەوە دەنگی هەڵبڕی و ئاخری پرسی:

ــ (ئەی من لەم ناوەدا چکارەم؟ گوایە منتان فەرامۆش کردووە.)

ــ (نەخێر قوربان. فەرامۆشمان نەکردووی، تەنیا نەماندەویست موزاحیمی ئیسراحەتت بین.)

لەم کاتەدا جین بە چاوێکی پاك و بێ گوناحەوە سەیرێکی ڕابێرتی کرد و لە کاتێکا پێزانین و سوپاسگوزاری لە هاوسەرەکەی لەبەر سۆز و خۆشەویستی شەوی ڕابردوو دەردەبڕی، بە شەنگییەوە گوتی:

ــ (داری کاژەکە چاوەڕێی تۆیە کوڕی چاك. بڕۆ دەستبکە بە ڕازاندنەوەی درەختەکە.)

ــ (ئەی بەسەرچاو، ئێوە ئەمر بکەن. نۆکەری گوێ لەمست لە خزمەتتانایە.)

لەگەڵ ئەم قسەیەدا هەمووان پێکەنین. پاشان ڕابێرت بەرەو درەختەکە ڕۆیشت و سەرقاڵی ڕازاندنەوەی بوو. دوای تەواوبوونی کارەکان هەموان لە دەوری سفرەی نانی بەیانی دانیشتن و کاتژمێرێکیان بە گێڕانەوەی بیرەوەری ساڵانی پێشوو و ڕۆژگاری ڕابردوو بەسەر برد. ئەو ڕۆژە بە ڕادەیەك سەرقاڵ بوون، کە نەیاندەزانی چەن کاتژمێر سەرقاڵی کار بوون. ئاخری کاتژمێر پێنجی دوانیوڕۆ بوو کە(ئۆلیڤەر) بانگی کرد:

ــ (منداڵەکان میوانییەکەتان لەبیر نەچێ!)

لەم کاتەدا، کە ئەوان ئامادەی ڕۆیشتن دەبوون و هەرکام سەرقاڵی پۆشینی جلەکانیان بوون. تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا. خانمی برانسۆن، کە لە هۆڵەکەدا بوو، یەکسەر بیستۆکەکەی هەڵگرت، سەرەتا وای زانی خوشکەزاکەیەتی، کە تەلەفۆنی کردووە و دەیەوێ پیرۆزبایی ساڵی

* زێوار: حاشیە. هەمان سەرچاوە.

نویّ بکات، بەڵام بە گڕیی دەنگەکەدا زانی کەسێکی ترە. لەم کاتەدا بەڕێز(ئۆلیڤەر) هاتە لای مێزی تەلەفۆنەکە و بیستۆکەکەی وەرگرت:

ــ (ئەلو... ئەلو... ئێوە؟)

ــ (سلاو هاوڕێی ئازیز... ساڵی نویّ پیرۆز... من (ئوستین)م.)

ــ (ئۆوە، سلاو بەڕێز(جیمز ئوستین) جەژنی ئێوەش پیرۆز، لە ڕاستیدا دەمانویست ئامادە بین، کە بیبینە ماڵی ئێوە.)

(نەخێر کاکە، زەحمەت مەکێشن و خەرجیمان زۆرمەکەن...)

(ئۆلیڤەر لەکاتێکدا پێدەکەنی، پرسی:

ــ (چۆن؟ نەکا شتێ ڕووی دابێ وا بۆچوونتان گۆڕاوە؟)

ــ (نا هیچ ڕووی نەداوە، بەڵام بڕیارمان دا، ئەمشەو ئێمە موزاحیمی ئێوەبین. مەگەر پێشتر خۆتان واتان نەدەویست؟

ــ (بەڵێ. زۆریش خۆشحاڵ دەبین، کەوایە چاوەڕێتانین.)

ــ (باشە نیوکاتژمێری تر دەگەینە ماڵتان، منداڵەکان چۆنن؟)

ــ (هەموو باشن و سلاویان هەیە، دەی ئەمرێکت نییە؟)

ــ (نەخێر، تکا دەکەم. خوات لەگەڵ.)

ــ (خوات لەگەڵ. بەهیوای دیدار، سلاوی خاتوون بگەیەنە.)

دواتر بیستۆکەکەی لە جێی خۆی دانایەوەو بەدەنگی بەرز گوتی:

ــ (منداڵەکان زەحمەت مەکێشن، ماڵی بەڕێز (ئوستین) بۆ ئێرە دێن.)

(جین)بە بیستنی ئەم قسەیە هوورای کێشا و یەکسەر بۆ ژووری خەو ڕۆیشت.

لەم کاتەدا، کە ڕابێرت دووشی دەگرت. پرسی:

(ئەهای، چی بووە؟ چەند دەنگە دەکەن؟)

ــ (زاوازێڕینە وەرە دەرەوە، خەزوورت دێتە ئێرە.)

ــ (بەڕاست ؟ چۆنتان زانی؟)

ــ (خۆیان تەلەفۆنیان کردبوو، تا نیوکاتژمێری تر دەگەنە ئێرە.)

ــ (زۆر باش بوو، ئێستا منیش دێمە دەرەوە.)

ئەوان بە خۆشحاڵییەوە سەرقاڵی کارەکەیان بوون. ئۆلیڤەر یەکسەر درەختی کاژەکەی لە سووچێکی ژووری نشیمەنەکەدا داناو ئاباژۆرێك، کە لەولاوە بوو لە تەنیشتییەوە دانرا تا تیشکەکەی لەسەر مانگ و ئەستێرە تاج ئاساکانی سەر درەختەکە، هەڵگەڕێتەوە.

خانمی برانسۆنیش لە مووبەقەکەدا سەرقاڵی ڕازاندنەوەی کێك بوو و لە حاڵێکا، کە هەوڵی دەدا مێزی نانخواردنەکە ئامادە بکا. (جین) وەکو فریشتەیەکی جوان دەرکەوت.

ئەو بەکراسێکی سپی و هێلەکێکی کورتی ڕەنگ ڕەشی چەرمین و کوڵکنەوە و قژێکی کەلەسەر گوێکانی کۆبووبوونەوەو بە گیرەیەکی ئاڵتوونی بەسرابوو و ماکیاژێکی کەمیش بە دەموچاوییەوە دیاربوو، زۆر جوانتر دەردەکەوت. خودی بەڕێز ئۆلیڤەریش بە بینینی بووکەکەی لە ناکاو گوتی:

ــ (ئۆووه... چ فریشتەیەکی قەشەنگ!)

لەم ساتەدا، کە هەستی ئیرەیی لە گیانی خانمی(برانسۆن)دا، توند بووبوو گوتی:

ــ (چ سەیرە، کە چاوی ئاغا جوانی لە ناشیرین جیاکردەوە.)

ــ (ئاخر ئازیزەکەم من تائێستا جوانیم نەبینیبوو، کە بتوانم لێکی بکەمەوە.)

ــ (کوێر بی، کە نەتبینیوە.)

لەم کاتەدا(جین) پێکەنی و لەحاڵێکا سوپاسی دەکردن، گوتی:

ــ (بابە گیان ئێوە ئەوەندە میهرەبانن، کە جوانی دنیا لە ژینگەی ماڵی ئێوە دایە. تۆو دایە وەها لە جوانیدا نقووم بوون، کە جوانی ناناسن.)

لەم کاتەدا ڕابێرت لەحەمام هاتەدەرەوەو بە خاولییەکەوە، کە دابووی بەسەر شانیدا یەکسەر بۆ ژووری خەوەکەی ڕۆیشت.

دوای چەن خولەکێ ئەویش شادان و بریقەدار هاتە دەرەوە. ڕابێرتیش بە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەساسی و کراسێکی مەیلەو کرێمی و بۆینباخێکی ڕەنگ جوان، وێکهاتوو لەگەڵ جلەکەی لە ژووری نشیمەندا ئامادە بوو.

کەشی ماڵەوە بەئەندازەیەك سەرنج ڕاکێش و سۆزاوی بوو، کە لە هەموو سوچێکی یەوە نیشانەیەك لە جەژن و سروود هەستی پێدەکرا.

زۆری نەخایاند، کە دەنگی وەستانی ئۆتۆمبیلێك هاتە گوێ. (ئۆلیڤەر)لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کردو گوتی:

ــ (منداڵەکان، میوانە خۆشەویستەکان هاتن.)

دەنگی پاسی سەگەکە لە دەرەوە، نیشانەی هاتنە ژوورەوەی ماڵی (ئوستین) بوو.

ئۆلیڤەر بەخێرایی بەرەو بەردەرگا ڕۆیشت و بە کردنەوەی دەرگاکە خانم و ئاغای ئۆستینی بینی:

ــ (سلاو، فەرموون، زۆر چاوەڕێتان بووین.)

ــ (چاکەی خۆتان بوو بەڕێز(برانسۆن). وێڕای ئەوەی، کە من هەر لەو شەوەوە حەزم دەکرد شەوی جەژن لەگەڵ ئێوە بەسەر ببەین، بەلام پێداگریی خانم بووە ڕێگر لە دەربڕینی حەزەکەم.)

ــ (بەهەرحاڵ ئێمەش تامەزرۆ بووین و سوپاس بۆخوا ئاواتەکەمان هاتە دی.)

میوانەکان هاتنە ژوورەوە و لەکاتێکا هەمووان ماچ و مووچیان دەکرد.

(جین) بەتاسەوە سەیری دەکردن. بەڕێز(جیمز ئوستین) لەپڕ دەستەکانی کردەوە و کچەکەیی لەباوەش گرت و لەحاڵێکا لەسەریەك ماچی ڕوومەتەکانی دەکرد، فرمێسکی خۆشی لە چاوەکانی هاتە خوارەوە.

خانمی(برانسۆن)یش، کە پاڵتۆکەی خانمی (ئوستین)ی. لەبەر دائەکەند. پرسی:

ــ (چۆنە، کە یادی ئێمەتان کرد؟)

ــ (لەڕاستیدا ئەمڕۆ سەرلەبەیانی هەموو شتەکانم بۆ میوانی ئێوە ئامادە کردبوو. نازانم لە ڕووی چ هەستێکەوە بوو، کە لە ناکاو خۆمم بە خەتابار زانی و ویستم بێینە لای ئێوە. جگە لەوەش چوونکە جین دوێنێ و تەنانەت ئەمڕۆش نەهاتە ماڵمان، زۆر نیگەران بووم و ویستم ئەمشەو پێکەوە بین.)

ــ (بەهەر شێوەیەك بێت ئێمەتان خۆشحاڵ کرد. جین، کە دوێنێ بۆ شت کڕین ڕۆیشتبووە دەرەوەو ئەمڕۆش لە بەیانی زووەوە لەگەڵ مندا کار دەکا. .)

لەم کاتەدا، کە هەمووان هێشتا خەریکی چاك و چۆنی بوون، بەڕێز (ئوستین) لەپڕ هاواری کرد:

ــ (ئۆوە چەن فرامۆشکارم، شتێکم لەبیر کردووە.)

دوای ئەوە لە جێگاکەی هەستاو بەڕاکە ڕاك ڕۆیشتە دەرەوە. هەمووان، کە لە ڕەفتارەکەی واق وڕماو بوون، دەنگی پاسی سەگەکە دیسان بەرز بووەوەو دواتر دەنگی بەڕێز(جیمز ئوستین) هاتە گوێ کەسەگەکەی ڕاو دەناو دەیویست لە خۆی دووربخاتەوە. لەم کاتەدا ئۆلیڤەر ڕۆیشتە دەرگای دەرەوە و بینی، کە بەڕێز(جیمز) بە بەسەکەیەوە بەرەو ماڵەوە دێت.

ــ (ئەمە ئیتر چییە؟)

ـــ (دیاری بابە نۆئێلە.)

ـــ (ئایا هی خواردنە یان هی یاری؟)

ـــ (ڕاوەستە بێمە ژوورەوە، دوایی دەردەکەوێ، کە خواردەمەنییە یان شتی تر.)

هەردووکیان بە پێکەنینەوە هاتنە ژووری میوان، خاتوو ئۆستین، کە بەستەکەی لە دەستی مێردەکەیدا بینی، تازە بیری کەوتەوە، کە چییان لەبیر کردبوو. بە بینینی بەستەکە، گوتی:

ـــ (ببوورن، کە لەبیرمان کرد، هەروەك پێشتر پێمگوتن، ئێمە دەمانویست ئەمڕۆ ئێوە بێن و چاوەڕێتان بووین و کەوابوو "قەل"* ی، شەوی جەژنم ئامادە کردبوو و دوایی، کە بڕیارەکەمان گۆڕا، بەباشم زانی، کە ئەویش بهێنمە ئێرە تا پێکەوە بیخۆین.)

(ئۆلیڤەر)لێوەکانی لێسایەوە و، گوتی:

ـــ (وەڵا کارێکی بەجێتان کردووە... ئێمەش چاوەڕێی ئەمە بووین... یەعنی چاوەڕێی ئێوە بووین.)

لەگەڵ ئەم قسەیەدا هەمووان پێکەنین و خانمی برانسۆن لەگەڵ بووکەکەی هەڵیگرت و بۆ گەرمکردنەوەی قەلە گۆشتنەکە بۆ مووبەقەکە چوو. ئەوان لای یەك دانیشتبوون و لە هەموو بارەیەکەوە قسەیان دەکرد. بەڕێز ئوستین باسی سەردەمی گەنجێتی خۆی دەکرد و لەبارەی ئینگلستان و چۆنییەتی کۆچکردنی خۆیەوە قسەی دەکرد. بەڕێز برانسۆنیش ڕشتەی پزیشکی و ئەو نەشتەرگەرییانەی، کە جاروبار بۆی مایەی پێکەنین و زەمانێك هەیەجان هێن بوون یان تووشی دڵەخورپێی دەکرد، هێنایە ناو باس، ژنەکانیش باسی کاری ڕۆژانەیان دەکرد و جین و ڕابێرتیش جاروبار تێکەڵی باسی مەجلیسەکەیان دەبوون. لەگەڵ پێکەنینی ئەواندا پێدەکەنین و بە بێدەنگبوونیان، بێدەنگ دەبوون. شەوێکی زۆر بەشکۆیان لەگەڵ یەکدا بەسەر دەبرد.

دوای چەن ساتێ (جین) لەجێگاکەی هەستاو چووە مووبەقەکەوە و بە ئاماژەی دەستی هاوسەرەکەی (ڕابێرت)یشی، بانگ کرد.

ـــ (چی بووە؟)

ـــ (دەمەوێ سوپڕایز بکەم.)

ـــ (چۆن چۆنی؟)

---

* بوقلمون:- قەل، عەلەشیش.

ــ (مێزەکە ڕێکدەخەم، تۆش دیارییەکان ئامادەبکە.)

جین یەکسەر دەست بەکار بوو و سەرمێزی نانخواردنەکەی بە سەلیقەیەکی تایبەتەوە ڕێکخست. لە ناوەڕاستی مێزەکەدا گوڵدانێکی قەشەنگی داناو گوڵگەلێکی جوانی، کە جێی حەزی دایکی و هەروەها خانمی برانسۆن بوو، لەناویا دانا. ڕابێرتیش بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت و دیارییەکانیکە لەکاغەزی دیارییەوە پێچابوو. ئامادە کرد و بەقردێلەگەلێکی جوان دەوری گرتن و گوڵی دەستکردیشی پێوە لکاندن و بەرچەسپێکیشی* بەسەر هەر دانەیەکیانەوە لکاند و جەژنە پیرۆزەی تیا نوسیبوو و دیارییەکانی پێشکەش کردبوو. دواتر بە ئارامی خستنییە باوەشی و هاتە نهۆمی خوارەوە و لەژێر مێزی نانخوارنەکەدا، لەژێر قاچی هەر کورسییەکا بەستەکانی دانا، لەم ئانەدا، جین بە سینییەکی پڕ لە خوارەدنەوە هاواری کرد:

ــ (میوانە بەڕێزەکان جەژنتان پیرۆز بێت. تکایە فەرموون، خواردن ئامادەیە.)

ئەوان، کە سەرگەرمی قسە بوون، تازە هەستیان کرد کەجین و ڕابێرت لەلایان ڕۆیشتوون، هەستان و بەرەو ژووری پێشوازی ڕۆیشتن.

بەبینینی ئەو سەلیقەیەی، کە لەڕێکخستنی مێزەکەدا بەکار هاتبوو،خاتوو "برانسۆن" پەنجەی سەرسووڕمانی خستە بەینی ددانییەوە ئافەرینی بووکەکەی کرد.

لەم کاتەدا بەخوڵق کردن و داوای (ڕابێرت)، چوونە ژووری پێشوازی و بەدەروی مێزی نانخواردنەکەدا دانیشتن. سەرەتا وەك نەریتی هەمیشەیی دۆعای ساڵیان خوێند و دوای ئارەزووی سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ یەکتر، بەڕێز برانسۆن چەقۆیەکی گەورەی هەڵگرت و قەلە بژراوەکەی لەناوەڕاستا کرد بەدوو لەتەوە. ئەوان بەخۆشی و شادییەکی تەواوەوە نانی ئێوارەیان خوارد و ئاهەنگی ساڵی نوێیان سازکرد.

دوای خورادنی ئێوارە، کە جین بۆ کۆکردنەوەی قاپەکان ئامادە بووبوو(ڕابێرت) گوتی:

ــ (ئەی چ خەبەر لە بابە نوئێل؟)

باوکی وەڵامی دایەوە،

ــ (هێشتا لەڕێیە، چەن خولەکێکی تر لەدەرگای ماڵی ئێمەش دەدا.)

(ڕابێرت) بە شەیتانی و زیرەکییەکی تایبەتەوە گوتی:

* بەرچەسپ:- بەرچەسپ، نیشانە، مۆرك.

( بەڵام بابە نوئێل تەلەفۆنی بۆمن کردبوو، کە زووتر هاتووەتە ماڵمان و دیارییەکانی هێناوە.)

(ئەوان بەم قسەیە کەمێ واقیان وڕماو گوێیان بەقسەکانی نەداو سەرقاڵی قسەکردن بوونەوە. چەن خولەکێ بەم شێوەیە تێپەڕی. هەتا جین قاپەکانی شتبوو. بەگەڕانەوەی ئەو، ڕابێرت گوتی:

ــ (گوایە ئەمانە ئاگاداری هیچ شتێ نەبوون.)

ــ (چۆن؟ ئەسڵەن نەیانزانی، مەبەستی تۆ چی بوو. ؟)

ــ (نا کەنەیانزانی، بەڵام هەستیان نەکرد ئێمە دیارییەکمان بۆ کڕیین.)

ــ (جین بە نزمی شتێکی بەگوێی ڕابێرتدا چرپاند و، ڕابێرت لە پلانەکەی ئەو پێکەنین گرتی. دایك و باوکی ڕابێرت، کە ئاگاداری پێکەنینەکەی بوون، سەرەتا بەسەرسووڕمانەوە سەیریان کرد، بەڵام دوایی پێکەنینەکەیان بەئاسایی وەرگرت و سەرقاڵی قسەی خۆیان بوونەوە.

(جین) سەرەتا بۆ مووبەقەکە ڕۆیشت و دواتر بەسینییەکی پڕ لە چەرەسەوە بەرەو میوانەکان گەڕایەوە.

لەم کاتەدا ئەوانیش لەسەر مێزی نانخواردنەکە هەڵدەستان دووبارە بۆ ژووری نشیمەن دەڕۆیشتنەوە. جین، کە بارودۆخەکەی بەم شێوەیە بینی، لە پڕ بە درۆ قیژەیەکی کرد دایکی(جین) هەراسان بەرە و کچەکەی ڕای کرد:

(چی بووە کچم؟ بۆ قیژاندت؟)

ــ (... مشك... مشك لەوێیە.)

ژنەی داماویش لە ترسان پەنای بردە سوچێکەوە و لەم کاتەدا. بەڕێز(جیمز ئوستین) هەستا و گوتی:

ــ (کوا؟ کچم، مشك، کە ترسی ناوێ.)

جین بەپرتاو بەرەو کورسییەکە ڕۆیشت و لە حاڵێکا نووشتایەوە. بە پەنجەی ئاماژەی بۆ ژێر کورسییەکە کرد. کاتی، کە بەڕێز(ئوستین) نووشتایەوە تاکو مشکەکە ببینێ، بەستەی دیارییەکانی بینی و هاواری کرد:

(بەڕێز برانسۆن، وەرنە ئێـــرە، چ مشکێکی گەورە!)

بەم قسەیەی ئەو پیرەمێردیش لە جێی خۆی هەستاو هاتە لای و ئەویش دیارییەکانی بینی و گوتی:

ــ (ئۆوو ... چ مشکێکی گەورە، تەماشای ئەویّ بکە، دانەو دووان نین، ئەڵێی ئەمشەو مشکەکانیش جەژنیانە.)

خاتوو ئوستین و دایکی ڕابێرت، کە هێشتا تێنەگەیشتبوون، بە لەرزو کزکردوویەوە وەستابوون، کە بەڕێز (برانسۆن) یەکێك لە بەستەکانی هەڵگرت و بەپەلە فڕێی دایەسەر مێزەکەوە گوتی:

ــ (ئاگادرا بن گاز نەگریّ.)

ژنەکان تازە تێگەیشتبوون، پێکەوە گوتیان:

ــ (بێویژدانینە، تەواو ئێمەتان ترساند.)

دواتر هەموویان بە سەرسامییەوە و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵ، بەرەو دیارییەکان ڕۆیشتن و لەحاڵێکا بەرنووسەکی سەر دیارییەکان، کە بە واژۆی (ڕابێرت)ـەوە بوو دەخوێندەوە سوپاسیان کردو دیارییەکانیان کردەوە.

لێرەدا ڕابێرت، پاکەتێکی بچووکی کەبە کاغەزی شین، بەڕەنگی چاوەکانی جین بوو، پێشکەشی هاوسەرەکەی کرد. جین بەتامەزرۆییەوە کردییەوەو کاتیّ سەری هەڵپچڕی، ئەنگوستیلەیەکی زۆر جوانی لە ئەڵماس، کە دەورەکەی بە بەردگەلێکی گران ڕازابووەوە، تیا بوو. (جین) بە بینینی بەخۆوە لە خۆشیا هاوارێکی کردو ماچی گۆناکانی مێردەکەی کردو گوتی:

ــ (سوپاسگوزارم، ئازیزەکەم، تۆ منت زۆر شەرمەزارکرد.)

ــ (تکا دەکەم، شایانی ئێوەی نییە. بەڵام ئەمە دیارییەکە، کە لە یەکەمین ساڵدا پێشکەشم کردی و هیوادارم تازیندووم هەموو ساڵیّ خۆشحاڵت کەم و ئاوەها ڕۆژێکت بۆ خۆش کەم.)

ئەنگوستیلەکە بەهەموو جوانی و قەشەنگییەوە لە ژێر تیشکی لۆستەرەکەدا ئەدرەوشایەوە. جین لە حاڵێکا تەماشای دەکرد. وەك بڵێی بەردە ئەڵماسەکەی ناوەڕاستی ئەنگوستیلەکە ئاوێنەی ژیانی ئەو بوو. لە ناو ئەڵماسەکەدا خۆی و داهاتووی خۆی دەبینی. ئایا هەمیشە ژیان بۆ ئەو ئاوەها شیرین دەبیّ؟ ئایا(ڕابێرت) بەردەوام دەیپەرستیّ؟ عەشقی ڕاستەقینە هەردەم کۆخەکەی ئەوان ڕووناك و گەرم دەکاتەوە؟

مەبەستی ڕابێرت لە پێشکەشکردنی ئەم دیارییە چی بووە؟

هەموو ئەم فکرانە (جین)یان مەشغوولْ کردبوو. وەها نقوومی بیرەکانی بوو، کە چەن خولەکێ بە مات و حەپەساوی مایەوەو ئەم ڕاماوی و بێدەنگییەی بووە جێی سەرنجی ئەوانیتریش. (ڕابێرت)، کە دەیزانی هاوسەرەکەی بیر لە چی دەکاتەوە، خەندەیەکی لە ڕووی قایلبوونەوە کرد و گوتی:

ـ (خۆشەویستم، ئەگەر لە ڕووداوەکەی دوێ شەو نارەحەتی، دەبێ بڵێم، کە منیش بە داخەوەم لە ڕەفتارەکەی دوێنێی خۆم.)

ـ (نا ڕابێرت، خەتابار من بووم. بەڵام ئەسڵەن نازانم لەڕووی چ هەستێکەوەیە، کە جاروبار خۆم لە نێوان دووڕێیانێکدا دەبینم. لەوەی، کە ئازاری تۆ دەدەم، ڕەنج دەکێشم، بەڵام لەلایەکی ترەوە، هەمیشە لەو داهاتووەیش، کە چاوەڕێمانە، دەترسم.)

ئەم ڕستەیە وەکو مێکوتێکی* ترسناك فشاری خستە سەر مێشکی ڕابێرت. لە حاڵێکا، کە بە سەرسووڕماوییەوە سەیری دەکرد، شیرینی یە نیوە خوراوەکەی لەسەر قاپەکە داناو پرسی:

ـ (یەعنی لەچی دەترسی؟)

ـ (لەوەی، کە نەتوانم ببمە دایکێکی باش و یان هاوسەرێکی تەواو دڵخوازی تۆ بم.)

ـ (بێهوودە خەیاڵپەروەری مەکە، تۆ باشترین ژنی دنیای. دەزانم، کە دایکێکی شایستەیش دەبیت بۆ منداڵەکانت.)

ـ (بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە لێرە دایە، کە ترسم لە هەبوونی منداڵ هەیە.)

ـ (ئاخر بۆ مەگەر منداڵ چ زیانێکی بۆ ئێمە دەبێ و یان چ بەربەستێك دەخاتە سەر ڕێمان؟)

ـ (نازانم... نازانم، بەڵام هەست ئەکەم ئەگەر منداڵم هەبێ، ئیتر ئازاد نابم.

خوێندن و کار ماناو مەفهوومێکیان بۆم نابێ.)

لەم کاتەدا، کە خانمی (برانسۆن) گوێی لە قسەکانی ئەوان گرتبوو، خەندەیەکی لە ڕووی میهرەبانییەوە بۆ بووکەکەی کردو گوتی:

---

* یتك:- مێکوت، پیك، خۆترەکی. . . هتد

ــ (کچم بە پێچەوانەوە منداڵ بوون و ئامادەیی ئەو لەماڵدا، ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە شیرینی و سەفایەکی تایبەت لەکەشی خێزاندا باڵا دەست بێت، لە بنەڕەتدا ڕەنگە داهاتوو و بەختەوەری منداڵ یان منداڵەکانت تۆ ناچار بکا، کە زیاتر هەوڵ بدەی، بەپێچەوانەی ئەوەوە لەبەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتنی تۆدا ڕێگر بن.)

جین دیسان وەك هەمیشە لەبەرامبەر لۆژیك و قسەی ماقوولدا بێدەنگ بوو و تەنیا بە هەڵکێشانی ئاهێك قنیاتی کرد. ڕابێرت بە بینینی حاڵەتی نائومێدی و بێ هیوایی هاوسەرەکەی، دەستێکی بەقژەڕەش و سافەکەیا هێناو لە حاڵێکا فنجانی قاوەکەی دەدا بەدەستییەوە، گوتی:

ــ (ئێستا هەستەو فنجانێکی تر قاوەم بۆ بێنەو ئاوەها خۆت بە مەسەلەکە بێهوودەو خەیاڵپەروەرییەکانتەوە مەڕەنجێنە.)

جین فنجانەکەی وەرگرت و بۆ مووبەقەکە چوو. هێشتا بیرە ئاڵۆزەکان، ساتێکیش ئەویان بە هێمنی و بێدەنگی جێ نەدەهێلا. هەستێك لە دەروونییەوە، ئەوی لەو داهاتووەی، کە بۆی کێشرابوو و لە ڕاستیدا خۆی کێشەری بوو، دەترساند.

جین هەستی دەکرد ئەگەر ببێتە خاوەنی منداڵ، نەك تەنیا دەرفەتی خوێندنی نابێ، بەڵکوو تەواوی تەمەنی لەپێناوی بەخێوکردن و پەروەرشتی منداڵدا دەڕوا.

ئەو لە سەرەتای ژیانییەوە ئارەزووی بوو، کە ببێتە نووسەرێکی ناسراو و بەناوبانگ. ئارەزووی دێرینەی ئەو، هەمیشە بە بزوێنەری ڕاستەقینەی دەژمێردرا.

لەڕاستیدا ڕۆیشتنە زانکۆ و سەرسامی ئەو بۆخوێندن لەڕشتەی ئەدەبیاتدا، سەرچاوەگرتوو لەم بۆچوون و خواستە ناوەکییەوە بوو. هەموو هەوڵ و بیرکردنەوەیەکی تەنیا بۆ گەیشتن بەم خواستە بوو. ئەو ئارەزووی بوو دوای تەواوکردنی زانکۆ دەست بە نووسینی کتێبێك بکات، کە لە جۆری خۆیدا بێ هاوتا بێت. ئەو بەزۆری دەیویست، دەردو ئازاری ژنان و چینی مێیینەی کۆمەڵگاکەی بنووسێتەوە.

بەداخەوە لەم نێوەدا ئەوەی جاروبار ڕێگری بوو، بۆچوونە دوور لە عەقڵ و هەڵەکانی بوو، کەساردی و بێ متمانەیی لە خێزاندا دروست دەکرد.

خاڵی لاوازی (جین) لەوەدا بوو، کە ناسینێکی گشتی لەسەر چەمکی هاوسەرگیری و سیستەمی کۆمەڵایەتی خێزان نەبوو. لەبەر ئەوەی، کە خێزان و پەیوەندییەکانی بە بەربەستێك دەزانی، جاروبار ڕێگەی هەڵەی لە بۆچووندا و ڕەنگە لەکرداریشدا دەبڕی. وای هەست ئەکرد

ئەگەر سەبارەت بە سیستەمی خێزان و بنەما پەیوەندیدارەکانی بێ بارو گوێپێنەدەر بێت و زیاتر خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ، ئەتوانێ ئازاد بێت و بە ئاواتەکەی بگات. ئەگەر چی ئەم بۆچوونە ئەوی بەرەو لەناوچوون و ڕەنگە شکست لە ئامانجەکەیشیدا ببات. جاروبار لەوەی، کە ملی بۆ هاوسەرگیری دابوو خۆی مەحکووم دەکرد.

هەندێ جار بڕیاری دەدا، کە تا کات ماوە و دەرفەتی لەدەست دەرنەچووە، خۆی لە گێروداوی بنەماو چوارچێوەکانی سیستەمی هاوبەشی خێزانی ڕزگار بکات.

هەندێ شەو لەکاتێکدا بەسەختی بەم بیرانەوە سەرقاڵ دەبوو و بە خەیاڵ شپرزەییەوە بۆ هەموو لایەکی دەڕوانی، لە بەامبەر ئاوەها هزرێکدا، خۆی بە خەتابار و گوناهکار دەزانی. دەربڕینی هۆگری و عەشق و خۆشەویستی ڕابێرت و خێزانەکەی سەبارەت بەوی، خۆی بووبووە کۆسپێ لە بەردەم ئەو بڕیارەیدا.

هەرچەن بیری دەکردەوە، کە بیانوویەك بدۆزێتەوە و لە ڕابێرت تەڵاق وەربگرێ، ئەم بیانوویەی نەدەدۆزییەوە. بە هەر لایەکدا دەیڕوانی، بەرزی عەشق و خۆشەویستی و ئەوین و یەکدڵی بە تەواوی گەورەیی و شکۆیەوە دەبینی.

بەڕێز (برانسۆن) بەزۆری لایەنگری ئەو بوو و زیاتر لە هەموان خۆشی دەویست.

خاتوو (برانسۆن) ئەوی وەکو کچی خۆی ستایش دەکرد و شانازی بە چالاکی و تەنانەت جوانییەکەیشیەوە دەکرد و ڕەنگە لە خودی (ڕابێرت)، کە کوڕی بوو، زیاتر خۆشی دەویست. (ڕابێرت)یش، کە جوانی و خۆشبەختی و کامەرانی ژیانی لەبوونی ئەودا کورت کردبووەوە.

(جین) هەرچی بیری دەکردەوە ئەم مەسەلە و خۆگرییانە بە بابەتگەلێ لە هەست و هزرگەلێکی سادە وێنا بکات، بەڵام نەیدەتوانی ئەم کارە بکات. چۆن دەیتوانی لە بەرامبەر ئەو هەموو میهرەبانی و خۆشەویستییەدا بێ ئینساف بێ و تەواوی ئەو ڕێز و بایەخپێدانە بخاتە ژێر پێ و ژیان بەسەر یەکا تێك بدات؟

ئایا شایستە بوو، کە ئەو بەم هەموو شتە بەنرخانەوە و تەنیا و تەنیا لەبەر بەدەستهێنانی هێز و ناوبانگی کۆمەڵایەتی، چش لە ژیانی شیرین و کامەرانی بکا؟

ئایا بوون بە نووسەر لە گەیشتن بەناوبانگ لە بواری ئەدەبیاتدا، نرخی ئەوەی هەبوو، کە بەها مرۆڤانەو سۆزدارییەکان بخاتە ژێر پێ و دڵی هەندێ بشکێنێ؟

ئێستا، کە ڕابێرت ساڵی یەکەمی هاوسەرێتییانی لەگەڵیا جەژن ئەگرت و ئەوینی بەبوونی هاوسەرەکەی دەبەخشی و بە شانازییەوە لە کەنار ئەودا خۆ نوێنی دەکرد، چۆن دەکرا بە قسەکەی جین بە یەکجاری خۆی بۆ جیابوونەوە ئامادە بکات؟

(جین) بە بیرە پەرێشانەکانییەوە فنجانی قاوەکەی هەڵگرت. ئێستا زیاتر لە جاران دڵی توند بووبوو. بەخششی ساڵی نوێ، کە ئەنگوستیلەیەکی گرانبایی بوو، ئەوی زیاتر شەرمەزار کردبوو، نەیدەزانی لە بەرامبەر ئەو هەموو خۆشەویستی و دڵبەستەییەی هاوسەرەکەیدا چ ڕێگە چارەیەك بگرێتە بەر. ڕەنگە ئەگەر ئەوەی قبووڵ نەکردایە، باشتر بوو، دەکرا ئەمە بەهانەیەك بێت بۆ تەلاق وەرگرتنی، بەڵام ئەم کردەیەش شایستە نەدەبوو. چوونکە لە ساڵی نوێدا و لە شەوێکی لە بیرماودا، ڕەد و قەبووڵنەکردنی دیارییەك، کە ڕەنگە بۆ ڕابێرت، دنیایەك نرخ و مانا و مەفهوومی هەبوو، کارێکی دوور لە عەقڵ و لۆژیك و تەنانەت ڕەفتارە مرۆڤانەکانیش بێت.

دەبوایە چی بکردایە؟ هەرچەندە چاوی بە ئەنگوستیلەکە دەکەوت، زیاتر هەستی بەدەست و پێ بەستراوی خۆی دەکرد و لەو بیرانەی، کە لە مێشکیدا جێیان دەگرت شەرمەزار دەبوو.

خۆی نەیدەزانی، کە چەن خولەکێ ماتڵ بووە و بیری کردووەتەوە. ڕابێرت بە هەستی نیگەرانییەوە لە ڕوودانی ڕووداوێك، هەستاو بەرەو مووبەقەکە هات.

ــ (جین) بیرلە چی دەکەیتەوە؟ ئازیزەکەم بۆ درەنگت کرد؟)

(جین) بەبیستنی ئەم قسەیە وەك بڵێی لەخەو هەستابێ، لەبەر ئەوەی بە بیستنی دەنگەکە داچڵەکابوو، فنجانی قاوەکە لە دەستی بەربوو و کەوتە سەر زەوی. دەنگی شکانی فنجانەکە، ئەوانیتریشی بەدەنگ هێنا:

ــ (چی بوو؟ چی ڕوویدا؟)

ــ (هیچ، بابەگیان ئێوە نیگەران مەبن، فنجانەکە کەوتە سەر زەوی و شکا.)

ــ (سوپاس بۆ خوا، ترسام نەکا شتێ ڕوویدابێ.)

(ڕابێرت بە بینینی ئەم حاڵەتە، دەستە ناسکەکانی جینی خستە ناو دەستەکانی و (جین) بە هەستی شەرمەوە، فرمێسك لە چاوەکانیا ئەڵقەی بەست و تەنیا توانیی بڵێ:

ــ (ئاه ڕابێرت، داوای لێـــــبوردن دەکەم. ببوورە.)

# بەشی شەشەم

کاتژمێر 9. 45 خولەکی سەرلەبەیانی ڕۆژی ژانوییە بوو، کە ڕابێرت و جین لە فرۆکەخانەی (جان. ئێف. کێنێدی) ئامادە بوون. خێزانەکانی (ئوستین) و (برانسۆن)یش لەگەڵ ئاندراس، بۆ ڕەوانەکردنیان ئامادە بوون و چاوەڕێی کاتژمێری فڕینیان دەکرد.

ڕابێرت وەك هەمیشە لەوەی، کە لە شارو مەڵبەندی خۆی دوور دەکەوتەوە، حاڵەتێکی خەمبارو ناهومێدانەی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام جین بە پێچەوانەی ئەوەوە بە خۆشییەوە چرکەژمێری دەکرد. (ئاندراس) وەك هەمیشە گۆنگڵ بێژییەکەی پشکوتبوو و سەری دەنایە سەر ڕابێرت و ڕابێرتیش لە حاڵێکا تاقەتێکی بۆ وەڵامدانەوەی قسەکانی وی نەبوو بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە وەڵامی دەدایەوەو هەربەوەندەش بەسی دەکرد.

ئاغای (ئۆلیڤەر برانسۆن) بەپێی هەستی باوکێتی ڕاسپاردەکانی خۆی دەکرد.

ــ (ڕابێرت) هەر، کە گەیشتییەوە شیکاگۆ حەتمەن تەلەفۆن بکەو لە گەیشتنتان ئاگادارمان بکەوە، کوڕم هەرکاتێ کێشەیەکتان هەبوو حەتمەن پێمان بڵێ. هیوادارم لە کارو خوێندنەکەتدا سەرکەوتوو بیت. لە ڕووی مادیشەوە هیچ نیگەران مەبە، (جین) کچم، لەم ڕووەوە تۆ زیاتر بە بەر پرسیار دەزانم، ئەگەر هەستتان کرد کێشەیەك یان تەنگانەیەکتان هەیە، حەتمەن بەبێ لە ڕوودامان بەمنی ڕابگەیەنە.)

ــ (بەچاوان بابە گیان، ئێمە، کە جگە لە ئێوە کەسمان نییە.)

ــ (هەر چۆنێك بێت ئێوە ئێستا خوێندکارن و خوێندن و کاریش پێکەوە ناکرێ. هەر پێویستییەك یان یارمەتییەك لەلایەن منەوە بۆ ئێوە کەڵکگر بێت، حەتمەن پێم بڵێن.)

لەم کاتەدا (جیمز ئوستین)یش، وەك ئاغای (برانسۆن)، بەڵێنی هاوکاری و یارمەتیی دا و ئومێدەواری کردن، کە لە هەر هەلو مەرجێکدا دەتوانن لە یارمەتییە مادی و مەعنەوییەکانی ئەویش دڵنیاو ئومێدەوار بن.

کاتژمێر دەونیو فڕین بەرەو شیکاگۆ ئەنجام دەدرا، هێشتا بیست خولەکی تا کاتی فڕین مابوو. خاتوو(ئوستین) وەك جارەکانی پێشوو هۆشداری دەدایە کچەکەی، کە ئاگاداری خۆی بێت نەوا دووگیان بێت.

بەڵام بە پێچەوانەوەی ئەوەوە خاتوو (برانسۆن) جەختی دەکردەوە، کە بۆ سەفا بەخشین بە ژیان و دوورکەوتنەوە لە داهێزراوی و ژاکاوی و یەك ڕیتمی ژیان، دەست بەکار بن و ببنە خاوەنی منداڵ.

بڵندگۆکە ڕایگەیاند، کە گەشتیارەکان بۆ سواربوونی فڕۆکە، بڕۆنە هۆڵی تێرمیناڵەکەوە. (جین) ڕوومەتی باوك و دایکی ماچکردو لە حاڵێکاکە لەدوورکەوتنەوەلێیان دڵتەنگ بووبوو بە چاوانێکی پڕ فرمێسکەوە دەستی کردە ملی دایك و باوکی (ڕابێرت) و لەم کاتەدا خاتوو (برانسۆن) بۆ ئەوەی خۆشحاڵی بکات، دەستێکی بەزگی (جین)دا هێناو گوتی:

ــ (جارێکی تر، کە گەڕایتەوە ەبێت موسافیرە بچووکەکەش لەگەڵ خۆت بێنی)

(جین) هیچی نەووت و تەنیا زەردەخەنەیەیەکی کردو (ڕابێرت)یش ماڵئاوایی لە هەموان کردو لە حاڵێکدا، کە (ئاندراس) تا هۆڵەکە بەڕێی دەکردن، لە دایك و باوکیان دوورکەوتنەوە، ئاندراسیش بەگەیشتن بە هۆڵەکە، وێڕای ئاواتی سەرکەوتن و کامەرانی ڕوومەتی هاوڕێکەی ماچ کرد و تەوقەیەکی لەگەڵ (جین) کرد و ڕەوانەی کردن.

فڕۆکەکە بە خێرایی لە زەوی هەستا، هێشتا (جین) نەیدەزانی، کە چ ڕووداوگەلێك لە ژیانیدا دێنە پێش. (ڕابێرت)یش بە یادی ڕۆژانی ڕابردوویان لە نیۆیۆرك کەوتبووە بیرکردنەوە، خزمەتگوزاری فڕۆکەکە بە پەزێرایییکردنیان وە ئاگای هێنان. جین هێشتا وەك ئەو شەوەیکە لەچێشتخانەکەدا مات و حەیران مابوو، بیری دەکردەوەو ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەبوو. فڕۆکەکە، کە لە ڕۆژێکی بەفریدا لە زەوی هەستابوو، ئێستا لەسەرو هەورەکانەوە دەفڕی، خۆرەتاوی دڵگەشێن وەکو تاکە سواری مەیدان لە ئاسمانی شیندا خۆنوێنی دەکرد و هەورەکانیش وەکو فەرشێکی سپی لە ژێر فڕۆکەکەوە دەبینران. ڕووناکی درەوشانی خۆرەتاو لەشووشەی پەنجەرەی فڕۆکەکەوە دزەی دەکردو چاوی جینی زاق دەکردەوە. لەم ساتەدا نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و بەبێ پێشەکی پرسی:

ــ (ڕابێرت) دەمەوێ ڕاستییەکت لەگەڵ باسکەم، بڵێ بزانم ئەگەر من منداڵم نەبێ، وازم لێدێنی؟)

ـــ (سەیرە، دیسان چ بیرێك هاتۆتە مێشکت؟ مەگەر شێت بووی؟ باشە ئەگەر هۆیەکی تایبەتی هەبوو، کە تۆ دووگیان نەبی، مەگەر شێتم، کە تەڵاقت بدەم. من تۆم ئەوێ و ئەگەریش حەزم لەمنداڵە، لەبەر ئەوەیە، کە بەبوونی ئێوەوە بە تەواوی هەست بە خۆشبەختی بکەم.)

ـــ (باشە، ئەگەر نەبوو، چی؟)

ـــ (مەبەستت چییە؟ گوتم ئەگەر هۆیەکی تایبەتی هەبوو و بۆ نموونە لە ڕووی جەستەییەوە کەمایەسیت هەبوو و یان هۆکارەکە لەمنەوەبوو، ئەو کاتە حەتمەن خۆم لەگەڵ هەلومەرجەکەدا دەگونجێم.)

ـــ (ئەگەر هۆکارێکی نەبێ، ئەو کاتە چی دەکەی؟)

ـــ (یانی چی؟)

ـــ (واتە ئەوەی بۆ نموونە من خۆم نەمەوێ قەت دووگیان بم، ئەو کاتە چی دەکەی؟)

(ڕابێرت) بۆ ساتێك ڕاوەستاو هەر چەن ویستی قسەیەکی لۆژیکی بکات، کە هەم جین نارەحەت نەکات و هەمیش قەناعەت پێبێنێ، وەها فکرێك نەهاتە زەینی و بەناچاری گوتی:

ـــ (ئاخر، چی بڵێم؟ ئێ ئەم مەیل نەبوونەش حەتمەن سنووردار دەبێ، دوای ماوەیەك خۆت ڕازی دەبی.)

ـــ (ئەگەر وانەبوو، چی دەکەی؟)

ـــ (ئاخر مەگەر دەکرێ مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێ، کە منداڵی ببێ بەڵام خۆی پشت لەم نیعمەتە خواییە بکات. واز بێنە (جین) تۆ تاکەی دەتەوێ بەم فکرانە خۆت ئازار بدەی.)

ـــ (شۆخی ناکەم، دەمەوێ ئێستا، کە دەڕۆینەوە شیکاگۆ، ئەمە بەڕاشکاوی بڵێم، کە من هیچکاتێك ناهێڵم، کە شتە نەویستراوەکان من لەگەیشتن بە ئامانجەکانم بگێڕنەوە.)

ـــ ئاخر کچێ ئامانجی تۆ چییە؟ باشە، دەتەوێ ببی بە نووسەر، مەگەر من دژم و یان منداڵەکەت دەبێتە ڕێگر؟)

ـــ (دەزانم کەتۆ دژنیت، بەڵام لەوە دەترسم، کە خۆم ویژدانەن نەتوانم قەناعەت بەخۆم بێنم، کە سەبارت بە ئێوە بێ مبالات بم و سەرقاڵی کاری خۆم بم. ئەگەر بە ئێوە ڕابگەم لە کارەکەم دوائەکەوم و ئەگەر بە کارەکەم ڕابگەم بەدڵنیایی یەوە ناتوانم بە ئێوە ڕابگەم و ناتوانم ئەرکەکانی خۆم بە باشترین شێوە ئەنجام بدەم.)

ــ (تۆبیتوو خوا بیبڕەوە جین، لە مایینی نەبوو، ئاخوڕ مەبەستە، لێیگەڕێ لە کاتی خۆی بڕیار دەدەین.)

ــ (بەڵام دەمەوێ ڕاشکاوانە پێت بڵێم، کە من حەز ناکەم منداڵم ببێ.)

ــ ڕابێرت دەیزانی، کە ئەگەر بابەتەکەی لەگەڵ بکاتەوە و خەریکی باس و مشتومڕ بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە موسافیرەکانی تر ئاگاداری قسە تێکگیرانی ئەوان دەبن، بۆیە گوتی:

ــ (باشە ئیتر بیبڕەوە. هەرچۆنێك پێت خۆشە وابکە. لانیکەم بهێڵە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بگەینە جێ.)

(ڕابێرت) لە حاڵێکدا کەبەسەختی لەبیرکردنەوە دابوو و نەیدەزانی کەلەمێشکی هاوسەرەکەیدا چ هەرایەکە، لەناکاو خزمەتگوزارەکە گەیشتنی فڕۆکەکەی بە شیکاگۆ ڕاگەیاند. فەرمانی بەستنی قاییشەکان و نەکێشانی سیگار دەرچوو و ڕابێرت لەم حاڵەدا بەبێ بایەخییەوە قایشەکەی بەست.

بە پێچەوانەی نیۆیۆرکەوە، کەشی شیکاگۆ تا ئەندازەیەك گەرم بوو. هەڵهاتنی خۆری نیوەڕۆ بە درەوشانەوەی خۆی زستانی زیاتر لەوەی، کە لە زەینی مرۆڤدا وێنا بکرێ جوانتر کردبوو. بەڵام لەگەڵ ئەم وەسفانەشدا هەموو شوێن و هەموو کەسێ بۆ ڕابێرت بەردڵ نەبوو. بۆ هەر شوێنێکی ئەڕوانی، بۆنێکی لە ڕق و بێزاری ئەبینی، ئەیڕوانییە هەر ژنێك وەك ئاژەڵگەلێکی یاخی و لاسار وێنای دەکردن. لە هەر جێیەك کچێ یان ژنێ بەبێ بەندوباری بجووڵایەتەوە و یان شێوەی جلپۆشینی لای ڕابێرت پەسند نەبووایە، وای بۆ دەچوو، کە هەموویان ئاژەڵ و زالووگەلێکن، کە ڕیشەی کۆمەڵگا دەڕزێنن. لاقەکانی یارمەتیان نەدەدا تاکو هەنگاو بنێ. بە وەڕزییەوە بۆ بەشی تۆشە ڕۆیشت و جانتای خۆی و هاوسەرەکەی هێنا، لەتەنیشت جینەوە سواری تاکسی بوو و بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتن.

ماڵەکە زۆر بێدەنگ و هێمن بوو. بۆنی شێ نیشانەی چۆڵی و نەبوونی دانیشتوانەکەی بوو. (جین) دەستبەجێ دەستبەکار بوو و پەردەکانی لادا تا تیشکە گەرما بەخشەکانی خۆرەتاو بێتــە ماڵەوە. ڕابێرت بە بێ تاقەتییەوەلەسەر قەنەفەکە شانی دادا و چووە ناو بیرکردنەوەوە، جاروبار جگەرەیەکی دادەگیرساند و بە نیوە داگیرساوی فڕێی دەدایە سەر تەپڵەکەکەوە. بۆ ماوەیەکیش لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی بەبێ ئەوەی شتێکی لێ وەرگرتبێ هەڵدەدایەوە، سەرەنجام کاسەی سەبری لێوڕێژ بوو و لە حاڵێکدا، کە جین ئامادەبوو بۆ حەمام، بانگی کرد.

ــ (جین لە کوێی؟ ئەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.)

ــ (ئازیزم لێگەڕێ دوایی قسەدەکەین، ئێستا دەبێ خۆم بشۆم.)

ڕابێرت بۆ ساتێك تووڕەبوو و دواتر بەزەحمەت دانی بەخۆیدا گرت، لەم کاتەدا دەنگی خوڕەخوڕی ئاو لە حەمامەکەوە دەگەیشتە گوێ. وەك بڵێی ئەم دەنگە وەکو بەرهەنگاری* بەخشی بیرەوەرییەکانی لە ڕابردوو، ڕابێرتی بەرەو قوڵایی بیرەکانی برد. بەبیری دەهاتەوە، کە زەمانێ بە بینینی خۆشەویستی و عەشقی دایك و باوکی، حەزی دەکرد، کە زووتر گەورە ببێ و بگاتە قۆناغی هاوسەرگیری و خۆیشی ژنێك بۆ هاوسەرگیری هەڵبژێرێ و وەکو دایك و باوکی بەختەوەر بێت. بە ڕوونی دەهاتەوە بیری، کە بە جۆرێك باوکی و دایکی جاروبار دەکەوتنە شوێن یەك تا ئاستی لێکەوتن و سەرگێژە لە پێکەنیندا یەکتریان ڕاودەناو یان لە حەمامدا یەکتریان دەگرت و یا پاڵیان بەیەکەوە دەنا بۆ ناو حەوزی باخچەکە.

لەو کاتەدا ڕابێرتە بچکۆلەش بە هەنگاوە منالآنەو شیرینەکانی خۆیەوە، شیرینی و چێژی دایك و باوکی زیاتر دەکرد. دەهاتەوە بیری، کە دایکی ئەوی دەخستە سەر جۆرکە پفدراوەکە و لەسەر حەوزەکە دەیجوولآن. ساتە شیرینەکانی مەلەکردنی باوکی، کە خۆی بەسەر شانیدا ئاوێزان دەکرد هێشتا دڵگیر و شیرین بوو.

ئاه! چ ڕۆژگەلێکی دڵنشین و جوان، کە زوو تێپەڕین. ئایا ئێستا (جین)یش، دەیتوانی وەکو خاتوو (برانسۆن)، کە بۆ هاوسەرەکەی وەفادار بوو، بۆ ڕابێرت وەفادار بێت و شیرینی ژیان بەدڵی ئەو دڵگیرتر و خۆشتر بکا؟

بەم بیرەوە کەڕەنگە لەجۆری هەڵس و کەوتی خۆیدا کەمتەرخەمی و زیاد لەوەی پێویستە (جین) بەرەو خۆی هان بدا، لە خۆیی نیشان نەداوە، کەوتە بیر کردنەوە. بەم خەیاڵەوە، کە ڕەنگە ئەگەر کاتێکی زۆر بۆ هاوسەرەکەی تەرخان بکات، ڕەنگە ئەویش ڕازی بێ بە بەردەوامی پێدان بە ژیانی، لە جێگەکەی هەستا، بە هێمنی بۆ ژووری نوستنەکە ڕۆیشت و جلەکانی دەرهێناو بڕیاری دا خۆیشی بڕواتە حەمام.

---

* بەرهەنگاری: وەبیرهاتنەوە، هاتنەوە پێش چاو.

بۆ ئەوەی جین نەترسێنیٚ، بە دەنگی پژمە دەرگای حەمامەکەی کردەوە و چووە ژوورەوە، جین وەك هەمیشە بیٚ گەم* سەبارەت بە هەموو شتیٚ پێشوازی لێکرد. دەتگوت هیچ ڕووداویٚ وەیان تێکگیرانێکی لەفزی لە نێوانیاندا نەبووە. بۆ ماوەیەك بەگاڵتەو یاری حەمامیان کردو سەرەنجام ڕابێرت بۆ ئەوەی ئەو ڕازی بکا تەواویبوونی ڕۆح و جەستەی پێشکەش بە جین کرد و خۆشەویستی خۆی خستە بەر پێی ئەو.

ئەو دووانە کامەران لەچێژی عیشق و موحیببەت و ڕاستی، بۆ یەکتری پێکەنین و دواتر ڕابێرت گوتی:

ــ (ئازیزەکەم تۆ هەرچییەکت بویٚ بۆت دەکەم. تەنیا تکام لە تۆ هەیە، کە ئاگاداری ئەم ژیانە خۆش و گەشەمانبە. گۆڕەپانێك، کە ساڵانێکە من لەحەسرەتی ژیانی شیرین و هاوبەشدابووم، کە لەگەڵ ژنێکی بەوەفادا لە ژێر میچی ماڵێکی بە سەفاو یەکدڵیدا تەمەن بەسەر بەرم. کەواتە بە بۆچوونە بێهودەکان، من و خۆت دڵمەند مەکە و بەرپیشەی ژیانماندا مەچۆ خوارەوە.)

ــ (گاڵتە مەکە ڕابێرت مەگەر من بیٚ عەقڵم، کە ژیانمان خەسار بکەم. بەخوا خۆیشم نازانم بۆچی هەندیٚ کات ڕاڕا دەبم، بەبیٚ ئەوەی بیربکەمەوە، قسەیەك دەکەم بەڵام دواتر لەوەی، کە تۆ دەڕەنجێنم خۆم بە خەتابار دەزانم)

ئەو ڕۆژە بەخۆشی و شادی بەسەرچوو، لەبەر ئەوەی، کە یەکەمین ڕۆژی گەیشتنیان بە شیکاگۆ بوو. ڕابێرت بڕیاری دا، کە لە دەرەوە نانی ئێوارە بخۆن، ژن و مێردە لاوەکە ئەوشەوە زووتر لەکاتی بڕیاردراو چوونە دەرەوە. بڕیاریان وا بوو، کە سەرەتا هەندیٚ شت بکڕن و دواتر بۆ ڕێستوران بڕۆن.

بە پێشنیاری ڕابێرت سەردانی فرۆشگا زنجیرییەکانی (کراس)یان کرد. ڕابێرت جلێکی بۆ هاوسەرەکەی هەڵبژارد و بڕیاری دا بۆی بکڕێت لە حاڵێکدا، کە جین بەم کارە ڕازی نەبوو، بە پێداگریی ڕابێرت وەریگرت و بۆ لەبەرکردن و تاقیکردنەوەی ئەندازەکەی چووە ژووری خۆگۆڕینەوە. لەم کاتەدا ڕابێرتیش سەیری هەموو کەرستەو جلەکانی کرد. لەکاتێکا، کە تەماشای جل و چاکەتە مۆدێل نوێییەکانی دەکرد، لەسەر ئاوێنە دیوارییەکە سیمای ژنێکی

---

* بی تفاوت: بیٚ گەم ــ بی تفاوتی : بیٚ گەمی: بارودۆخی ئاوڕدانەوە لەبەرامبەر شتیٚ یان کەسیٚ یان ڕووداوێکەوە. ((فرهنگ فارسی کردی، دانشگاه کردستان)).

بینی، کە بەوردی سەیری دەکرد. سەرەتا وایزانی، کە ڕەنگبێ واهاتبێـتە بەرچاوی. بەڵام وا نەبوو و ئەو ژنە بە سەرەنجێکی تەواوەوە دەیپشکنی.

ئەو ژنە چاویلکەیەکی ڕەشی کردبووە چاوی و کڵاوێکی سەوز بەگوڵێك بەتەنیشتییەوە و کۆتێکی درێژ و پۆتینی ڕەشەوە وەستابوو. جل و ڕوخساری دەرەوەی و هەروەها جانتاکەی دەستی، کە لە چاکترین پێستی (گوئی جی)بوو، وای دەردەخست، کە لە خێزانێکی دەوڵەمەند بێت.

(ڕابێرت) سەرتا خۆی لەگێلی دا و هەوڵی دا سەیری نەکات بەڵام هەرکاتێ چاوی بەئاوێنەکە دەکەوت، دەیبینی، کە ئەو ژنە سەیری دەکات. نیگای ژنەکە وەها چووبووە دڵی ڕابێرتەوە، کە بۆ ساتێك لەرزی. هەزاران فکرو خەیاڵ هاتەمێشکییەوە. ناچار بۆ ئەوەی خۆی نەدۆڕێنیێ، بەرەو بەشی کاڵا پێستییەکان ڕۆیشت و خۆی بەجانتاو کیفەکانەوە سەرقاڵ کرد. لەم کاتەدا ژنەکە بە هێواشی هەنگاوی بەرەو ئەو هەڵهێناو دەنگی نزیك بوونەوەی بە هەنگاوەکانیا دیار بوو. هەرهەنگاوێك، کە دەیناو دەنگی نزیکتر بەگوێی ڕابێرت دەگەیشت، پیاوە لاوەکە زیاتر دەترسا، دەتگوت دەنگی هەنگاوەکانی ژنەکە وەکوو خۆترەکێکی* قورس لەدڵی ڕابێرتی دەدا، لەکاتێکدا ڕابێرت جانتایەکی بەدەستەوە گرتبوو و بەشێوەیەکی ساختەییانە تەماشای دەکرد، ژنەکە بە ئارامی لایەوە وەستاو گوتی:

ــ (سڵاو.)

ڕابێرت ئاوڕی نەدایەوە و ویستی خۆی لەگێلی بدا تاکو ژنەکە وازی لێبێنیێ. بەڵام ژنەکە چاویلکەکەی لابردو جارێکیتر گوتی:

ــ (سڵاو، ڕابێرت، نامناسی؟)

ڕابێرت لەوەی، کە ژنێکی نەناسراو ناوی هێناوە لەناکاو بەرەوڕووی گەڕایەوە.

ــ (سڵاو. دەبوورن خاتوون من ئێوە ناناسم.)

ــ (یانی ئەوەندە پیربووم، کە نامناسی؟)

ــ (ئەگەر باوەڕم پێبکەن، دەبێ بڵێم، کە بە ڕاستی ناتانناسم.)

ژنەکە پێکەنینێکی کرد و لەم کاتەدا جین بەرەو لایان هات. ژنەکە گوتی:

ــ (مەگەر ئێوە ڕابێرت برانسۆن نین؟)

ــ (بەڵێ، خۆمم، بەڵام ئێوە چۆن من دەناسن؟)

ـ (ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵ لەمەو پێش، دەمناسەوە. من ئاگنێسم، ئاگنێس ڤالێنتین.)

ـ (ئۆوە، خودای من... تۆ ئاگنێسی. خودای من چەند فەرامۆشکارم چۆن تۆم نەناسی، لێرە چی دەکەی؟)

ـ (دەبێ من بپرسم، کە ئێوە لێرە چی دەکەن؟)

ـ (من و هاوسەرەکەم لێرە دەخوێنین، ئۆوە خودای گەورە تەواو لەبیرم کرد. باشترە بەیەکترتان بناسێنم. ئەمە (جین ئوستین)ی، هاوسەرمە و ئازیزەکەم ئەوەش خاتوو (ئاگنێس ڤالێنتین)ە. پێشتر لە نیویۆرك هاوسێمان بوون. باشە ئاگنێس لێرە خەریکی چیت؟)

ـ (وەڵا، بڵێم چی.، کە شووم بە(ئالفرێد) کرد و ئەویش منی هێنایە ئێرە، ئیتر لە ڕاستیدا لێرە ماومەتەوە.)

(باشە ئێستا (ئالفرێد) چی دەکا. ئێستاش بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواییە؟)

ـ (ئەوە چەند مانگێك دەبێ هەواڵێکم لێی نییە؟)

ـ (یانی چی؟ مەگەر لەگەڵ ئەوناژیت؟)

ـ (نا، نزیکەی نۆ مانگە لە یەکتر جیا بووینەتەوە. یانی ڕاستت بوێ من بە باشم زانی، کە لێی جیاببمەوە.)

(بۆ؟ مەگەر کێشەیەك لە ژیانتاندا هەبوو؟)

ـ (نا. لەهەندێ پرس و تێڕوانیندا جیاوازیمان هەبوو و هەر ئەم شتانەش بووە هۆی ئەوەی جیا ببینەوە.)

ـ (باشە منداڵەکانت لەکوێن، لەگەڵ تۆ دەژین یان ئالفرێد؟)

ـ (منداڵکە لەیەکێك زیاتر نەبوو ئەویش لای ئالفرێدە. هەرچەند کچێکی شیرین زمانە بەڵام بەباشم زانی لەگەڵ باوکی بێت و من ئاسوودە بم.)

(باشە. ئێستا خەریکی چیت؟)

ـ (لەستۆدیۆیەکی ڕێکلامدا کار دەکەم، مانکەنی ڕیکلامم. ئەکتەری کورتە فیلمە بازرگانییەکانم، پارەیەکی باشم دەست دەکەوێ.)

(ڕابێرت) لە بیستنی شێوەی بیرکردنەوەی زانی، کە ئەویش لەو جۆرە ژنانەیە، کە بەدوای پارە، ناوبانگ و هەوەسەوەن. بۆ ئەوەی زیاتر لە سرووڕازی ئەوسەر دەربێنێ، داوای لێکرد، کە ئەو شەوە نانی ئێوارەیان لەگەڵ بخوات.

بەڵام (ئاگنێس) وەڵامی دایەوە:
ــ (نا، ئەمشەو ناتوانم، منیش بۆ کڕین هاتبووم، کە تۆم بینی. سەرەتا وامزانی هەڵەم بەڵام کاتێ بە وردی لێتم ڕوانی زانیم، کە خۆتی.
باشە من ئادرێس و ژمارە تەلەفۆنی خۆمتان دەدەمێ، هەرکاتێ ویستتان بێن بۆ ماڵم، ئەمشەو بەرنامەم هەیەو دەبێ زووتر بڕۆمە ماڵ و پاش حەسانەوە دەبێ خۆم بگەیەنمە ستۆدیۆ.)
ڕابێرت و جین ژمارە تەلەفۆن و ئادرێسی ئەویان وەرگرت و ئادرێس و ژمارە تەلەفۆنی خۆیان دا بە ئاگنێس و پاشان ماڵئاواییان کرد و خۆشیان بەرەو ڕێستوران بەڕێ کەوتن.
لەمیانەی خواردنی نانی ئێوارەدا، جین پرسیاری لە ڕەوشی ئاگنێس کرد.
ڕابێرت گوتی کە:
ــ (ئەو هاوسێی ئێمە بوو و ئێستاش دایك و باوکی هاوسێمانن. کچێکی زۆر عجوول و سەرسەری بوو. تەمەنی هەژدەساڵ بووکە لەماڵەوە ڕای کرد و کوڕێکی بەناوی ئالفرێد ناسی. لەوەوە، کە ئالفرێد فەرمانبەری ئاژانسی ئاسمانی بوو و هەمیشە لەسەفەر و مەئموورییەتدا بوو زیاتر کەوتبووە بەر دڵی ئاگنێس. لەلایەکەوە جوانی و قەشەنگی ئاگنێسیش، ئەوی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هەموو پیاوێ یارمەتی دەدا، پاشان دەرکەوت، کە ئەوان دوای چەند مانگێك هاوسەرگیرییان کردووە، تەنانەت هاوسەرگیرییەکەشیان لە نیۆیۆرك ئەنجام درا و من خۆیشم بەشداریم تیاکرد. من لەو کاتەوە بە جیاوازییە ڕەوشتییەکانی ئالفرێد و ئەوم زانی. ئالفرێد کوڕێکی بە ئەدەب و لەهەمان کاتدا حەزی بە ژیان بوو. هەمیشە کاری دەکرد ئیش وکاریشی بەتەنیا بۆ خێزانەکەی دەویست. بەڵام بەداخەوە ئاگنێس هەمیشە یان لەگەڵ هاوڕێکانی بوو و یان ئەوی ناچار بەسەفەرە بێهوودەکانی دەکرد. سەرئەنجام دوای ئەوەی، کە کۆچییان بۆ لۆس ئانجلێس کرد، هەواڵێکم لێیان نەبوو و ئێستاش، کە خۆت ئاگادار بوویت، گوایە مێردەکەی لێرە کار دەکات و خۆیشی، کە ئەکتەری دەکات.)
ــ (بەڵام ڕابێرت وێڕای ئەوەی کەمن خۆم ئەوەندە لەمنداڵ ڕازی نیم بەس کاتێ، کە ئەو بەبێ گوێدانێکی تەواوەوە گوتی، کە منداڵەکەی وێڵ کردوەو لەوەی، کە لای خۆی نییە ئاسوودەیە، زۆر ناڕەحەت بووم.)
ــ (ئێ ژیانە ئیتر، چی دەکرێ. ئەویش وەها تێڕوانینێکی هەیە.)

ئەو شەوە، ڕابێرت و جین تا بەشێك لەشەو لە دەرەوە گەڕان و ڕۆیشتنە سینەماو دواتر کفت و ماندوو گەڕانەوە ماڵ. دووسبەی قەراربوو بڕۆنەوە پۆلی خوێندن. بەیانی زوو تەلەفۆنی ماڵەکەیان زەنگی لێدا، ڕابێرت، کە ماندوو بوو، لەسەر قەرەوێلەکەی لاخێزبوو و باوشکێکی داو بیستۆکەکەی هەڵگرت.

ـ (ئەلـــو... فەرموون،)

ـ (کارم بە ئاغای (ڕابێرت برانسۆن) بوو...)

ـ (خۆمم، ئێوە؟)

ـ ئۆوە، ڕابێرت تۆی، (ئاگنێسم). هەر ئێستا لە ستۆدیۆ هاتمەدەرەوە. خەریکبووم دەچوومەوە ماڵەوە، گوتم تەلەفۆن بۆ ئێوە بکەم و ئەگەر حەزتان لێبوو ئەمڕۆ نیوەڕۆ میوانی من بن.)

ـ (نا شەرمەزارمان مەکە، ئێستا ناتوانم بەڵێنی تەواوەتی بدەم.)

ـ (بۆچی، ئێستا، کە بێ کارن. منیش هەروەها ئیتر کارێك و بەرنامەیەکم نییە. بەهەرحاڵ ئەگەر بێن، زۆر خۆشحاڵتان کردووم.)

ـ (کەواتە لەو حاڵەتەدا دەبێ لە (جین)یش بپرسم، دەقەیەك بیستۆکەکە لە خزمەتتاندا بێت.)

دواتر ڕابێرت هاوسەرەکەی لە خەو هەستاند، کاتژمێر "8"ی، بەیانی بوو.

(جین) بەبێ خولڵقیەوە خۆی بەرەو هاوسەرەکەی وەرگێڕا.

ـ (ئاگنێس لەسەر هێڵە. داوەتی کردووین، کە بۆ نیوەڕۆ بچینە ماڵی، حەزت لێیە. ؟)

ـ (ئەگەر بەرنامەیەك یان مەوعیدێکت نییە. باشە... ئۆوە دەقەیەك ڕاوەستە، بڵێ دوایی خۆمان تەلەفۆنی بۆ دەکەینەوە.)

(ڕابێرت) دووبارە بیستۆکەکەی هەڵگرتەوە و گوتی:

ـ (ئەلو... ئاگنێس ببوورە، کە ماتڵم کرد، ئێستا جین خەوتووە، ئەگەر نارەحەت نەبی، دوایی پەیوەندیت پێوەدەکەمەوە.)

ـ (باشە. ئاساییە. من تا نیوەڕۆ لە ماڵەوەم. هەرکات بڕیارت دا تەلەفۆنم بۆ بکە. باشە خوات لەگەڵ.)

دواتر پەیوەندییەکە پچڕا. لەکاتێکدا ڕابێرت خۆی حەزی بەم میوانییە نەبوو، لە قوڵایی دڵەوە ئارەزووی دەکرد (جین)یش، بەبیانوویەك لە ڕۆیشتن پەشیمان بێتەوە.

له دوای نانی بەیانی جین دیسان قسەی لە ئاگنێسەوە دەست پێکرد.

ــ (ڕابێرت بزانم، ئەو برایەك یان خوشکێکی هەیە.)

ــ (بەڵێ، برایەکی گەورەی هەبوو، کە بەداخەوە لەشەڕی ڤێتنامدا کوژرا و تەنانەت جەنازەکەیان پاش چەند مانگێك هێنایەوە.)

ــ (ڕێخۆشکەری ناسینتان چی بوو؟)

ــ (ئێ، هاوسێمان بوو و بەم هۆیەوە یەکترمان دەناسی.)

ــ (لە دوێنێوە، کە ئەو ئەوەندە بە گوێنەدەری و کەمتەرخەمییەوە لە بارەی ژیانی هاوبەشیەوە قسەی کردووە، مل و مۆ* بووم بۆی و هەر لەبەر ئەوەش حەز دەکەم زیاتر بیناسم.)

(. بەڵام ناسیاری تۆ لەگەڵ ئەو چ سوودێکی هەیە. ئەگەر عاقڵ بووایە، بە دڵنیاییەوە قەدری ژیانی خۆی دەزانی و کچەکەی وێڵ نەدەکرد.)

ــ (ڕەنگە ئەو لەسەر هەق بێت و ژن و مێرد نەیانتوانیبێت لێکگەیشتنیان هەبێت.)

ــ (خۆ خۆت بە گوێکانت بیستت، گوتی، کە خەتا لە ملی خۆیدا بووەو بەڕەزامەندی خۆی، خۆی بەتەلاق دان داوە و جیا بووەتەوە.)

ــ (بەهەرحاڵ ژیان هەزار ڕووی هەیە. خودا دەزانێ گوناهکار و خەتاباری ڕاستەقینە کێ بووە. ڕەنگە لە ڕووی شکانی خودەوەیە کەوا دەڵێت.)

ــ (ئەگەر ئەو وەها بوایە و ئەم جۆرە تایبەتمەندێتی یەی هەبوایە، لانی کەم هیچکات کچەکەی وێڵ نەدەکرد.)

ــ (بڕیارم وایە ئەمڕۆ نیوەڕۆ میوانی بین. ئەگەر تۆش حەز دەکەی، تەلەفۆنی بۆ بکە.)

(ڕابێرت) ساتێك ئێسێکی کرد و لەوەی، کە تیرەکەی داویەتی لە بەرد ئاخێکی هەڵکێشا و بیستۆکەکەی هەڵگرت و پەیوەندی بە ئاگنێسەوە کردو بابەتی هاتنی بۆ نانی نیوەڕۆی پێ ڕاگەیاند. وێڕای ئەوەی، کە ئاگنێس لە قبووڵکردنی داوەتەکەی خۆشحاڵ بوو، داوای کرد، کە چەن کاتژمێرێ زووتر بڕۆنە ماڵی و قسە بکەن.

پاش کاتژمێرێك ڕابێرت و جین ئامادەبوون و چوونە ماڵی ئاگنێس. ئاگنێس لەبەر دەرگای ماڵ پێشوازی لێکردن. پانتۆڵێکی جین* و تیشێرتێکی لەبەر کردبوو و قژی لە پشتەوە

---

* مل و مۆ: کنجکاو:- حەزی زانینی ڕازی دیتران.

بەستبوو. ماکیاژە کەمەکەی زۆر جوانتری دەردەخست. ئاگنێس بەخۆشڕووییەوە بەرەوژوورەوە ڕێنمایی کردن. ناو ئاپارتمانەکەی زۆر جوان و ڕازاوە بوو، هاڵ و پەزێراییەکی گەورەو ژووری بەرین و کەرەستەی جوانکاری ئەوێیان زیاتر لە پێشتر جوانتر دەردەخست. وێڕای ئەوەی، کە پەردەکان کراوە بوون. بەڵام ڕەنگ و هەوایەکی عاریفانە لە فەزای ماڵەکەدا حاکم بوو.

بۆنی چێشت لە مووبەقەکەو بۆنی عەتر و ئەدکۆڵۆن لە فەزای ماڵەکەدا ئەخولایەوە. ژن و مێردە لاوەکە لەسەر قەنەفەیەکی ڕاحەت دانیشتن و دوای ساتێ "ئاگنێس"یش هاتە لایان. دوای ئەوەی، کە ماوەیەك پێکەوە قسەیان کرد ئاگنێس خواردنەوەکانی هێنا. لەم حاڵەتەدا ڕابێرت ئاگاداری پەرچەکردارو خۆشی و هەیەجانی هاوسەرەکەی بوو. دەوتوت جین حەزی لەو ماڵەو ژیانی ئاگنێس کردووە و ڕەنگە شەیدای بووبوو. تەنانەت کاتێك، کە ئاگنێس قسەی دەکرد بەهەمموو هەستەوە گوێی بۆ ڕادەگرت. کاتێ، کە ئاگنێس بابەتەکەی گەیاندە تەڵاقی خۆی و مێردەکەی (جین) بە کون پشکنی تەواوەوە پرسی:

ــ (هۆی چی بوو، کە تەڵاقت وەرگرت؟)

ــ (بڵێم چی ڕەنگە بە ڕای ئێوە ناپەسند بێت بەڵام هەرچی بوو ئێمە نەمانتوانی لەقسەی یەکتر تێبگەین و لەسەر ئەم بنچینەیەش بەباشم زانی، کە لێی جیاببمەوە.)

ــ (باشە ئێوە، کە چەند ساڵێك پێکەوە بوون. حەتمەن لەم ماوەیەدا لە یەکتر تێگەیشتوون، کە توانیوتانە بژین. ؟)

ــ (بەداخەوە لەم ماوەیەشدا هەموو کاتێ لەبگرەو بەردە دا بووین. واتە بۆچوونەکانی من بۆی قابیلی قبووڵ نەبوو. ئالفرێد پیاوێکی زۆر باش بوو، بەڵام من نەمدەتوانی لەگەڵ ئەودا بژیم.)

لێرەدا ڕابێرت بە بیانووی ئەوەی، کە لە خەتاکەی ئاگاداری بکاتەوەو ڕەنگە بە دانپێدانانی ئاگنێس بتوانێ پەند و ئامۆژگاری بداتێ، گوتی:

ــ (ئاخر بۆ؟)

ــ (تۆ، کە خۆت ئالفرێدت لە نزیکەوە بینیوە، وێڕای ئەوەیکە لەسەردەمی نوێدا دەژی، بەڵام زیاتر پابەندی بنەماکانی ژیانی باوکسالارانەو ڕێ و ڕەسم و نەریتی ڕابردووە. لەو کاتەوەیکە لەمانگی هەنگوینی گەڕاینەوە، من هەمیشە داوام دەکرد، کە لەگەڵ دیتراندا

---

* جین:- مۆدێلێکی پانتۆڵ.

پەیوەندی و ئام و شۆم هەبێت، بەڵام ئەو ئامۆژگاری دەکردم، کە ئیتر ئێمە هی یەکترین و لە دەرفەتی لەباردا لەگەڵ دیترانیش پەیوەندیمان دەبێ.)

ــ (باشە خۆ ئەم بۆچوونە هەڵەنییە.)

ــ (ئاخر هەر بەوەوە نەوەستا، هەتا دژی چوونەدەرەوەی منیش بوو. تەنانەت ڕۆژێك، کە لەگەڵ هاوپۆلییەکەی خۆم قەراری خواردنی نانی نیوەڕۆم دانابوو، تێکیداو و منی لەپێش ئەو سەرشۆڕکرد.)

ــ (جین) پرسی:

ــ (تۆ چ بۆچوونێکت هەبوو، کە ئەو دژایەتی تۆی دەکرد؟)

ــ ( بە بڕوای من، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا دەژین و پەیوەندی و ئام و شۆ ڕۆتەکانیش ئازادانەن. هاوسەرگیری ناتوانێ ژن یان پیاو بخاتە گیرو بەندەوە. بە بڕوای من هاوسەرگیری تەنیا هۆکاری بەردەوامی پەیوەندی ژن و پیاوە، نەك ئەوەی، کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەویتر بخاتە دیلی و کۆیلەیەتییەوە.)

ــ (هەروەها منیش هەمان بڕوای ئێوەم هەیە، بەڕای من ئەمڕۆکە هاوسەرگیری بەربەستی پێشکەوتن و گەشەو تەنانەت چالاکی هەر کەسێکە.)

ڕابێرت کەبەم قسانە تووڕە بووبوو، بەدەستە لەرزۆکەکانییەوە سیگارەکەی داگیرساندو گوتی:

ــ (ئەگەر بڕیار بێت هاوسەرگیری تەنیا هۆکاری بەردەوامی پەیوەندییەکان بێت، ئەو کاتە جیاوازی ئێمە لەگەڵ بوونەوەرە لینی* یەکاندا کەلەیەك ئاخۆڕدا دەبەسترێنەوە و دەژیەن لە چیدایە؟، ئاژەڵەکان ڕۆژانە بەکاری خۆیان سەرقاڵن و شەوان لە یەك جێگادا و لە ژێر یەك میچدا، بە دەوری یەکدا کۆ دەبنەوە و پەیوەندیی ڕەمەکی خۆیشیان درێژە پێدەدەن.)

ــ (باشە مرۆڤیش جۆرێك ئاژەڵە، بەڵام بەم جیاوازییەوە، کە ئاوەزی هەیە و چاك و خراپ لێك جویێ دەکاتەوە).

ــ (ئەم نیعمەت و کەرەستەیە، کە ناتوانێ ئەو لە ئازادییەکانی بگێڕێتەوە).

ــ (ئەسڵەن ئێوە ئازادی لە چیدا مانا دەکەن؟)

---

* لینی:- ماڵی، کەوی، دەستەمۆ.

جین دەیویست وەڵام بداتەوە، کە ئاگنێس کەمێك لەسەر قەنەفەکە جووڵا و هاتە پێشەوە و گوتی:

ــ (بەبۆچوونی من... . واتە مرۆڤەکان ئازادییان لەوەدایە، کە بتوانن تا ئەو پەڕی مانا لەو بەش و نیعمەتە خواییانەی، کە هەیانە سوود وەرگرن. ئیتر جیاوازی نییە ئەم نیعمەتە ئاوەز بێت یان ڕەمەك. هەردووکیان بەش و نیعمەتن و شێوازی بەکارهێنانیشیان لەبوونی مرۆڤدا شێوەی وەرگرتووە. کاتێك، کە هەوەس دەگاتە ترۆپکی خۆی، ئیتر کۆنترۆڵکردنی مومکین نییە و دەبێ سوودی لێ وەربگیردرێ.)

ــ (کەواتە بەڵگە هێنانەوەی ئێوە ئەمەیە، کە ئەگەر ڕەمەك فەرمان بکا، کە بەکار بهێنرێ، دەبێ بەهەر شێوەیەك بێت بەکار بهێنرێ.)

ــ (بەتەواوی وایە، یان دەبووایە خوداوەند ئەم نیعمەتەی نەدایە و ژیانی مرۆڤی نەشێواندایە و ئێستاش، کە داویەتی دەبێ ئازادیش بۆ مرۆڤەکان بڕەخسێنێ، کە بتوانن سوودیان لێ ببینن.)

ــ (ئەگەر نارەحەت نەبن دەبێ بە ئێوەش بڵێم، کە بیرتان زۆر لاواز و هەڵوەشێنەرە. ئاخر ئاگنێس مەگەر خۆت نەتگوت ئێمەی مرۆڤ خاوەن ئاوەزین؟)

ــ (بەڵێ، هەروایە.)

ــ (ئێ ئاوەزی مرۆڤ، کە چاك لە خراپ جیا دەکاتەوە، فەرمان بە مرۆڤ دەدا، کە بۆ بەرگریکردن لە ئابڕوو و شەرەفی خۆی و هەتا ناموس، کە سەرچاوەی سەلامەتی مرۆڤە، تەقەللا بکات. ئەگەر بڕیار بێت، کە مرۆڤەکان هەمیشە پەیڕەوی هەواو هەوەسی خۆیان بن، ئەو کاتە هەموو ڕووجوانەکان دەکەونە بەر چاوچنۆکی و خوازەڵۆکی پیاوە ئاڵۆش پەرستەکان و ئافرەتە ناشرینەکانیش بۆ ڕازیکردنی خۆیان دەست بە توندوتیژی دەکەن. ئەو کاتە مرۆڤ ناتوانێ بەو شێوەی، کە شایستەیەتی بەردەوامی بە ژیانی بدات. دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێم ئەگەر بڕیار بێت هەمیشە گوێڕایەڵی شەهوەت بین، کەواتەبوونی ماڵ و ژیان چ مانایەکی هەیە. ئەگەر ئەوێش بکەینە جێگای شەهوەت پەرستی خۆمان، ئەوا کۆمەڵگای مرۆیی لە تەویلەی ئاژەڵەکان زۆر پیستر و پەستترە.

مرۆڤ بە دوو هێزو ڕەمەك ئافرێنراوە. ڕاستە، کە ڕەمەك و شەهوەت لەبوونی مرۆڤدا بەبارمتە دانراوە، بەڵام ڕێگاکانی بەکارهێنانیشی تەواو بێ کەم و کوڕییە. لەسەر ئێمە ئەو هێزە بۆ وەچەخستنەوە و لەناوبردنی بیرە شوومەکان، کە بە بۆچوون و بەپێی بەڵگە هێنانەوەی

ئێوە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە مرۆڤ هەرچی بیەوێ بیکات، سوود وەرگرین. ئەگەر ئەم هێزە لە چوارچێوەدا نەبێت، هەمووان دەبنە جەنایەتکار و بکوژ. یەکێك بەهێز دەبێت و زۆرتر لەبوونی ئەوانیدی سوود دەبینێ و ئەویتریش هەمیشە دەکەوێتە بەر چاوچنۆکی، واتە هاوسەگیری باشترین ڕێگایە، کە هەر کەسێك لە چوارچێوەیدا هەم شەرەف و ئابڕووی خۆی دەپارێزێ و هەم ئەوەش، کە دەتوانێ پێداویستییە سێکسیەکانی خۆی دابین بکات.)

ـــ (بەهەر شێوەیەك بێت من دژی بیروڕای ئێوەم، "ئالفرێد"یش وەکو ئێوە قسەی دەکرد بەڵام من هەر لەبەر ئەوە لێی جیابوومەوە تاکو بە ئاسانی درێژە بە ژیانم بدەم. تەنانەت بەویشم گوت، کە بە دوای ژنێکدا بگەڕێ کەلەگەڵ بیروبۆچوونەکانیدا تەبابێت. من ئێستا زۆر ئاسوودەم.)

ئەو ڕۆژە قسەکانیان هەر لەدەوری ئەم پرسانەدابوون و سەرەنجام دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، ڕابێرت، کە دەیبینی هاوسەرەکەی بە ئاسانی کەوتۆتە ژێرکاریگەری نانەزوانەکانی "ئاگنێس"ەوە، هەوڵیدا هەرچی زووترە لەو ماڵە بڕۆنە دەرەوە.

بەر مەبنای ئەمەش ڕابێرت ڕۆخسەتی ڕۆیشتنی لە ئاگنێس خواست و لە حاڵێکدا، کە ئاگنێس هێشتا حەزی دەکرد لای بمێننەوە، ئاخری، بە پێداگری ڕابێرت ئەوانی تابەر دەرگا ڕەوانە کرد. کاتی خواحافیزی (ئاگنێس) ساتێ وەستا و دواتر ویستی ڕوومەتی ڕابێرت ماچ بکات، کە ڕابێرت هەنگاوێك ڕۆیشتە دواوە و نەیهێڵا ئەو کارە بکات. کاتی ماڵئاوایی جین هێشتا حەزی نەدەکرد لای ئاگنێس بڕۆن و بەنابەدڵی لێی جیابووەوە، لە ساتی سواربوونی ئۆتۆمبیلەکەدا (جین) بە هاوسەرەکەی گوت:

ـــ (چ کەریەتییەکت کرد ڕابێرت، ئەو لە حەزی خۆیەوە ویستی بە ماچکردنی تۆ ڕێزی خۆییت بۆ بسەلمێنێ بەڵام تۆ پاك کەسایەتیی منیشت خستە ژێر پێ.)

ـــ (ئازیزەکەم، من خۆ هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەو نەبوو و هیچ خزمایەتییەکیشمان نییە. کەواتە چ پێویستی دەکرد، کە ئەو ئیجازەی وەها گوستاخییەك بەخۆی بدات. ؟)

ـــ (هەر چییەك بێت، تۆ زۆر لە کاروانەکە دووری.)

ـــ (باشە، چۆنت پێخۆشە، وای دانێ.)

ئەو دووە کاتێ گەیشتنەوە ماڵەوە، هێشتا لەسەر پرسەکانی ژن و مێردایەتی مشتومڕیان بوو. ڕابێرت چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی جاروبار سەری گۆچانەکەی خۆی خوار بکات و ئیتر

لەدوای قسەی ئەو قسەیەك نەكات. كاتێ، كە جین بەتووندی ڕووی دەمی دەكردە ئەو و دەیویست بۆچوونەكانی خۆی پێ قبولّ بكات. دەنگی تەلەفۆنەكە بەرزبووەوە.

ــ (ئەلو... فەرموون. خۆمم.)

ــ ( ئۆوە ڕابێرت! بڕوابكە لەوەی، كە گوێم لە دەنگتە زۆر خۆشحالّم، باشە جین چۆنە. ؟)

ــ (سوپاس بۆ خوا، خراپ نین. تۆ چۆنی ئاندراس؟)

ــ (ئێمەش سەرقالّی كاروباری خۆمانین. بڕیار دراوە بمنێرنە لۆس ئانجلێس. هەر لەبەر ئەوەش ویستم پێش قبولّكردنی پێشنیاری كۆمپانیا، تۆش ئاگادار بكەمەوە و ڕەنگە تۆش ڕێنماییم بكەی.)

ــ (زۆر سوپاسی دلۆڤانیت دەكەم. هەرچۆنێك بۆت باشە وابكە. منیش بە پێشكەوتنی تۆ خۆشحالّم. باشە چ بەرپرسیارێتییەكیان پێ سپاردووی؟)

ــ (بڕیار وایە، بەرپرس و بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی كۆمپانیا بم.)

ــ (چ باش! كەواتە دەبێ بەلێن بەخۆمان بدەین، كە هاوڕێ خۆشەویستەكەشمان لە حالّی... بەلّێ ئیتر...)

ــ (مەبەستت چییە؟)

ــ (ئەی فێلّباز خۆت لەخەت مەدە، دیارە كەچی دەلّێم. ئێ سەروسامان دەگری و ئێمەش لەم سوورساتەدا بەشدار دەبین.)

ــ (لەوبەری هێلّی تەلەفۆنەكەوە (ئاندراس) پێكەنی و گوتی:

ــ (وێڕای ئەوەی، كە هیوادارم لەم كارەدا سەركەوتوو بم، بەلاّم كچانی لۆس ئانجلێس ناگەنە كچانی نیۆیۆرك.)

ــ (ئەمەت زیادەبێژی* بوو.)

ــ (تۆ لە چ بارودۆخێكدای. خەبەرێك لەمندالّ نییە؟)

ــ (هەمیشە لەسەر ئە مەسەلەیە شەڕمانە. پێش تەلەفۆنەكەی تۆ باسی ئەوەمان دەكرد.)

لەم كاتەدا جین ڕۆیشتبووە حەمام و ئاگای لە تەلەفۆن و قسەكانی مێردەكەی لەگەلّ ئاندراس نەبوو.)

---

* زیادەبێژی:- اغراق.

ــ (هیچ نییه، ئاخری ڕازی دەبێت. خۆت ناڕەحەت مەکە. سەفەر و گەڕانیٚ ڕێك بخە، عاقیبەت وەکو مانگی هەنگوینی تەرتیبی منداڵەکەش بدە.)

ــ (باوەڕبکە ئەوەندە گرفتارم، کە ناتوانم بڕیارێکی وا بدەم. بەڵام پێشنیارەکەی تۆش خراپ نییە، هەوڵ دەدەم. هیوادارم لە پشووی هاوینەدا ئەم کارە ڕێك بخەم.)

ــ (باشە من لەمە زیاتر موزاحیمت نابم. هەر کاتیٚ ویستم بەرەو لۆس ئانجلێس بێم ، بە دڵنیاییەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم.)

ــ (بەهەرحاڵ شانازی ئێمە بەپێشکەوتنی تۆ وەیە، سوپاس بۆ تەلەفۆنەکەت.)

ــ (پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ئەو دوو هاوڕیٚ کۆنە پچڕا. (ڕابێرت) لەو بیرەدا بوو کەچۆن ئەوە بگەڕێنێتەوە بۆ ژیان، ئایا جین لە زایین دەترسا  یان بەڕاستی گوێی بەژیانی خۆ نەدەدا؟ ئایا ئەو لە ژیانی خۆیدا هەستی بە بەختەوەری نەدەکرد بەکە بیانووگەلێکی جۆراوجۆر دەیەویٚ مێردەکەی بیٚ هیوا بکات؟

(ڕابێرت) بەم بیرانەوە هەوڵی دا، هەرچی زووترە لەگەڵ ژیان ئاشتی بکاتەوە. ڕەنگەبوونی منداڵێك بتوانیٚ سەبارەت بە ژیانی هاوبەش هیواداری بکات.

# بەشی حەوتەم

(ئاندراس) وەکو بەڕێوەبەری کۆمپانیا لە لۆس ئەنجێلۆس دەستی بەکار کرد. ڕۆژی کردنەوەی فرۆشگاکەو نووسینگەی نوێنەرایەتی کۆمپانیاکە، زۆرێك لەگەورەکانی شاریش بانگهێشت کرابوون. ئاندراس ئەو ڕۆژە خۆشترین و بەشکۆترین ڕۆژی تەمەنی دەبینی. ئەگەرچی نقوومی شادی و خۆشی بوو بەڵام هێشتا جێی ڕابێرتی هاوڕێی خاڵی بوو. کاتێك چووە ناو گۆڕەپانەکەوە، هەستی بەهەموو شکۆو جوانییەکەی کرد. ژنان و پیاوان بەجلی شکۆدار و دەستە گوڵەکانەوە ئامادە بووبوون. لە بەرامبەر دەرگای هاتنەژوورەوەدا، کە سەکۆیەکی لکاو بە قادرمەکانەوە هەبوو، لەهەر دوو لایەوە شوێنی گوڵکاری دەبینرا، کە لە بەرامبەریاندا دوو پەیکەری شێر دانرابوون. شریتەیەکەی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگ، کە بە هەردوولاوە بەسترابوو، دەبوایە ئاندراس بیبڕیایە. جێگری یەکەمی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا، لەتەنیشت ئاندراسەوە بوو، ئەو دووانە بە هێمنی دەڕۆیشتنە پێشەوە و لە دۆخێکدا، کە کچێکی جوان بە کراسێکی تەسك و باق و بریق دارەوە، سینی لە دەست دەهاتە پێشەوە. ئاندراس بە بینینی شەیدا بوو.

ئەو کچە قژێکی ئاڵتوونی زۆر درێژی هەبوو و چاوە شینەکانی ڕەنگی سپی ڕوخساری ئەویان وەکو پەرییەکان دەردەخست. لەگەڵ ئەوەدا، کە ئاندراس مقەستەکەی لەسەر سینییەکە هەڵدەگرت، بەڵام سەرنجی هەر لەسەر ئەو کیژە بوو. کتوپڕ نیگایان تێکەڵ بوو.

ئاندراس وا هەستی کرد، کە دڵی کەوتە خوارەوەو بۆ ساتێك ئێسێکی کرد. بۆ ئەوەی خۆی نەدۆڕێنێ، زەردەخەنەیەکی کرد و کچە قەشەنگەکەش لە وەڵامی خەندە و موحیببەتی ئەودا، زەردەیەکی شیرین و ڕووخۆشانەی هێنایە سەر لێوەکانی. ئاندراس مقەستەکەی هەڵگرت و لەسەرخۆ شریتەکەی بڕی. لەگەڵ چەپڵەلێدانە بەردەوامەکانی بانگهێشتراوەکاندا، کیژە جوانەکەش بە ئارامی گوتی:

ــ (پیرۆزباییتان لێدەکەم، هیوادارم لەکارەکەتاندا سەرکەوتووبن.)

ئاندراس وەڵامی دایەوە بەڵام ئیتر دەرفەتی بۆ نەڕەخسا قسەی لەگەڵ بکات. لەگەڵ جێگری یەکەمی لێژنەی بەڕێوەبەری دا چووە ناو هۆڵەکەوە. میوانەکانیش لە جێگاکانیان دانیشتن. میواندرای دەستی پێکرد. ئاندراس لەگەڵ ئەوەی، کە زۆر سەرقاڵی میوانەکان بوو، بەڵام بەردەوام چاوی بەدوای ئەو کچە جاحێڵەدا دەگێڕا. دەیڕوانییە هەر جێیەك، نەیدەدۆزییەوە.

ئەو شەو و ڕۆژەش بەرنامەی کردنەوەی نوێنەرایەتی کۆمپانیا کۆتایی پێ هات. ئیتر ئاندراس تا ڕادەیەك کچە لاوەکەی فەرامۆش کردبوو، تەنانەت زۆری کارەکان و هەروەها پێڕاگەیشتنی فایلەکان، وەها سەرقاڵیان کردبوو، کە هەتا لەبیری کردبوو تەلەفۆن بۆ ڕابێرتی هاوڕێی بکات و باسی بەرنامەی کردنەوەکە بکات.

هەفتەیەك بەم شێوەیە تێپەڕی، بڕیار بوو بەرنامە نوییەکان بۆ فرۆشتنی هاوینە دەست پێبکات. ئاندراس هەموو ڕاوێژکار و گەڵاڵەداڕێژەرەکانی کۆمپانیای لە کۆبوونەوەیەکدا کۆکردەوە و ڕاوێژ و چارەسەرییەکانی پێ ڕاگەیاندن. بڕیار درا کەخۆی بۆ دۆزینەوەی کۆمپانیا بڕواتە ئەورووپاو لە تەرحی جلە هاوینییەکانی ئەوانیش سوود وەربگرێ و بازاڕێکی فرۆشتنیان بۆ بدۆزێتەوە. لەم سەفەرەدا، ڕاوێژکار و گەڵاڵە داڕێژی کۆمپانیاش، بەڕێز (مایکل پریسڵی)ی لەگەڵ دابوو. دوو ڕۆژی مابوو، کە بەرەو ئەوڕوپا بکەونە ڕێ، ئاندراس بەیانی زوو لە کۆمپانیا و نووسینگەکەیدا ئامادە بووبوو. بە سەختی سەرقاڵی پێڕاگەیشتنی فایلەکانی بوو، کە تەلەفۆنەکەی زەنگی لێدا.

ـــ (قوربان، خاتوونێك دەیەوێ بتانبینێ، ڕوخسەت دەدەن.؟)

دەنگی سکرتێرەکەی بوو. ئاندراس ساتێ ئێسی کرد، چ کەسێك دەیویست ئەو ببینێ؟ بەم بیرەوە کەوتە مڵومۆوە و گوتی:

ـــ (ناویان چییە؟)

ـــ (لێرەن، ئەگەر حەز بکەن، ڕێنمایی دەکەم بۆ ژوورەکەتان.)

ـــ (قەیدی نییە، لێگەڕێن با بێن.)

ئاندراس دووبارە سەرقاڵی خوێندنەوەی نووسراوو فایلەکان بووەوە. ساتێك دواتر دەرگاکە بە ترنگەیەك* دەنگی لێوە هات و دواتر کچێك هاتە ژوورەوە. ئاندراس، سەرەتا نەیڕوانی و

* ترنگە:- پلتۆك، پەلەپیتکە.

وەك هەمیشە بەدەست ئاماژەیەکی بۆ میوانەکەی کرد، کە دابنیشێت. کاتێك دەنگی کچە جاحێڵەکە هاتە گوێی، وەك بڵێی شتێك لە بن گوێیا تەقیبێتەوە و لەناکاو بەتۆقیوی سەری بەرەو کچە جاحێڵەکە وەرگێڕا. جێی باوەڕ نەبوو. ئەو ئافرەتەی، کە مقەستەکەی بۆ هێنابوو، لە ژوورەکەیدا ئامادە بوو.

ــ (ئۆوە... ببوورە، کە ئاگادار نەبووم، فەرموون... فەرموون...)

ــ (تکادەکەم، هیوادارم، کە موزاحیمتان نەبووبم.)

ــ (تکا دەکەم . تەنیا پێویست بوو، کە بەم فایلانە ڕابگەم، کە هێشتا کات ماوە، باشە شتێك مەیل دەکەن؟)

ــ (ئەگەر فنجانێك قاوە هەبێت، سوپاسگوزار دەبم.)

ئاندراس زەنگێکی لێداو دوای ساتیێ، سکرتێرەکەی بەدوو فنجان قاوەوە هاتە ژوورەوە. دوای خولێك کردن ڕۆیشتەدەرەوە و کچە جاحێڵەکە سەری قسەی بەم شێوە دەست پێکرد:

ــ (بەڕێز ئاندراس ببوورن، کە کاتی ئێوە دەگرم، بەڵام پێویست بوو خۆمتان پێ بناسێنم. من ناوم (مێگان جیسۆن)ە. لە کۆمپانیایەکی تر وەکو مانکەنی جل و بەرگ کارم دەکرد، بەهۆی نامەنوسینەوە، کە لەگەڵ کۆمپانیاکەی ئێوەداکە لەنیۆیۆرك هەمبوو و زانیم، کە لێرە نوێنەرایەتی دەکرێتەوە، مەیلی خۆمم بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا دەربڕی، خۆشبەختانە سەرکەوتوو بووم و جێی پەسندبوو. ئێستا لە خزمەت دام تا ئێوە ڕێنماییم بکەن.)

ئاندراس ساتێك ئەنگوستەکانی جووڵاند و لە حاڵێکدا تەواو خۆی دۆڕاندبوو و نەیدەزانی چی بڵێ، بە زەحمەت لێوی جووڵاند و وەڵامی دایەوە:

ــ (هەروەها ئێمەش خۆشحاڵین لەوەی، کە کەسێکی چالاکی وەك ئێوە کارمان بۆ دەکات. ئەو ڕۆژەی، کە یەکترمان ناسی، ئەسڵەن وام نەدەزانی وەها پرسگەلێك لەنێواندا بێت، ئێ پێشتر چیتان دەکرد؟)

ــ (ووتم، کە پێشتر لە کۆمپانیایەکدا کارم دەکرد و دوای ئەوەش لەبەرنامە تەلەفیزیۆنی و فیلمە ڕیکلامییەکاندا کایە دەکەم و ئێستاش حەز دەکەم لەگەڵ کۆمپانیاکەی ئێوەشدا گرێبەستێك ببەستم و لەگەڵ کایەکردن لە فیلم دا، لەکۆمپانیاکەی ئێوەشدا کار بکەم.)

ئاندراس وێڕای ئەوەی، کە کایەکردنی ئەو لە فیلمدا ئەوەندەش ڕازی نەبوو، بەڵام نەیدەزانی بەرمەبنتی چ هەستێکی دەروونی بوو، کە گوتی:

ــ (باشە. لە هەفتەی داهاتووەوە دەتوانن دەست بە کارەکەتان بکەن. بەڵام تا بیرم نەچووە، بڵێم، کە کۆمپانیا بەرپرسیارێتی ئێوەی دیاری کردووە یان بڕیارە من پۆستی ئێوە دیاری بکەم؟)
ــ (نەخێر). ئێستا، کە ئیختیاری ئێمە لەدەستی ئێوە دایە.)
ــ (باشە تا هەفتەی داهاتوو هێشتا چەند ڕۆژێك ماوە. منیش بەپێی حەزەکانی ئێوە هەوڵدەدەم لەجێیەك سەرقاڵ بن، کە جێگەی حەزی ئێوە بێت.)
ــ (زۆر سوپاسی چاکەی ئێوە دەکەم، ئەگەر ڕوخسەت بفەرموون. ئێستا دەڕۆم. نەتانگوت کەی پەیوەندیتان پێوە بکەمەوە؟)
ــ (دوو ڕۆژی تر چاوەڕێتانم.)
ئەو ڕۆژە ژنە جاحێڵەکە لای ئاندراس ڕۆیشت. بەڕۆیشتنی ئەو، ئاندراس هەستی کرد، کە دڵیشی لەگەڵ ئەو ڕۆیشت. بەردەوام بیری لەو دەکردەوە. دەیتوانی چ کارێك بۆ (مێگان) دابنێ. ئایا فرۆشیاری دەرکرد؟ ئایا دیسان دەبووە مانکەن؟ هەر چەندە بیری کردەوە، عەقڵی نەدەگەیشتە جێیەك. ئاخری بڕیاری دا دووبارە لەبارەی زانیاری و زانینەکانییەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکاو دواتریش سەبارت بە دانانی لە پۆست ێکدا بڕیار بدات.
ئەو ڕۆژە زۆرێك لە هاوڕێکانی تەلەفۆنیان بۆکرد و پیرۆزبایی دامەزراندنیان لێکرد. هەتا لەم نێوانەدا ڕابێرتیش بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی خۆی، مایەی خۆشحاڵی ئاندراسی فەراهەم کردبوو. بەو هۆیەوە، کە ئەو دوو هاوڕێیە پێکەوە زۆر یەکدڵ بوون، ئاندراس بابەتی (مێگان)ی، بۆ ڕابێرت باس کرد.
لەگەڵ ئەوەی، کە ڕابێرت سەری دەنایە سەر هاوڕێکەی، ڕایسپارد، کە لایەنی خۆپارێزی بەرنەدات و پێشنیاری کارێکی باش بۆ مێگان بکات.
ئەو ڕۆژە بەم شێوەیە تێپەڕی، ڕۆژی دوای ئەوەش وەك هەمیشە بە کار و سەرقاڵی پیشەییەوە کۆتایی پێ هات. کاتێ شەو، کە ئاندراس لەماڵەکەی بوو، هەستی کرد دڵەڕاوکێیەتی. لەوەی، کە بەیانی لەگەل کیژە جاحێڵەکەدا چۆن هەڵسوکەوت بکات و چۆن چۆنی وای لێبکات حەزی لە پیشەکەی بێت، سەخت کەوتە بیرکردنەوە، بڕیاری دا ئەو ژمارەیەی، کە پێی دابوو، لێیبداو قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام دواتر لەخەیاڵی خۆیدا گوتی:
ــ (ئەگەر من تەلەفۆنی بۆ بکەم، پێگەی خۆم لەکەدار دەکەم، باشترە چاوەڕێ بم تا بەیانی خۆی دێت و تەرتیبی کارەکان دەدەم.)

له جێکەی هەستا، جلەکانی داکەند و مایۆی مەلەی لەبەر کرد و چووە حەوزی باخچەی ماڵەکە، ماڵە بەشکۆکەی، کۆمپانیا ئیجارەی کردبوو. ئەو ماڵە هی ئەکتەرێك بوو، کە ئێستا لە ئەوروپایە و لەبەر ئەوەی، کە پێویستی پێی نەبوو، بە کۆمپانیاکەی ئاندراس بە ئیجارەی دابوو. حەوزە جوانەکەی لەناوەڕاستی باخچەکەو لەنێوان مێرگومێرغوزارەکاندا و بەتایبەت لەشەودا، لەژێر تیشکی دڵ بزوێنی گڵۆپەکاندا گەلێك دڵنشین و جوان دەهاتە بەرچاو.

ئاندراس بۆساتێك لە لێواری حەوزەکەدا وەستا و بەخەیاڵی کیژە جاحێڵەکەوە گوپی دا ناو ئاوەکە. چەندین جار دەست و پێی جوڵاند و بە درێژایی و پانایی حەوزەکەدا مەلەی کرد و دواتر ماندوو هاتە دەرەوە و خاولییەکەی دا بەشانیدا و چووە ژوورەوە. کاتێك، کە لە مەتبەخەکەدا خواردنەکەی ئامادە دەکرد، تاقەتێکی وای نەبوو.

ئەسڵەن دەتگوت دەست و پێی کار ناکات، هەستی کرد لە ژیانیدا زۆر تەنیایە و پێویستی بە شتێکە. خۆی و ژیانی خۆیی زۆر بە خاڵێتی دەبینی. ئیتر ماڵێك بەو جوانی و شکۆیەوە نرخ و بایەخێکی بۆی نەبوو. کەوتە بیری قسەکانی باوکی، کە هەمیشە ڕایدەسپێرا: کورِم ژیان بە هەموو شکۆ و گەورەییەوە کاتێ دڵگیرو شیرین دەبێت، کە مانا ڕاستەقینەکەی بزانی. ژیان بە هەموو شکۆ و گەورەیی خۆیەوە حاڵەتێکی تەنیایی نییە. هەر شتێك تەواوکەری شتێکی ترە. ئێمەی مرۆڤیش، کە لە سرووشت داین و دەژین. پێویستیمان بە تەواوکەرێکە، کە خواوەند بۆی داناوین.

ئاندراس بە وەبیرهاتنەوەی ئەم ڕستەیە دڵنیابوو، کە باوکی ڕاستی شتەکەی گوتووە. ئەو بۆ ئەوەی ژیانی کامڵ بکات پێویستی بەبوونی شتێکی تر بوو، ئێستا، ماڵ، ئۆتۆمبیل، پیشە و پۆست و مەقامێکی باشی هەبوو و تەنیا شتێك کەژیانی ئەوی لە خۆشی و دڵۆڤانی خاڵی دەکرد. نەبوونی ژن بوو.

ئاندراس بەم شێوە بیرکردنەوەیەوە بڕیاری دا، ئێستا، کە مێگانی لە ناخی دڵەوە خۆش دەوێ، بەیانی پێشنیاری هاوسەرێتی بۆبکات. ئەو شەوە بە زەحمەت ساندویچێکی سازکرد و پاش خواردنی چووە ناو جێگاکەی. نەیدەزانی چەند کاتژمێر چاوی بریوەتەوە میچەکە، کە خەوی لێ کەوت.

بەیانی زوو چووە نووسینگەکەی. "مێگان"یش لە جیاتی ئەوەی خۆی بێت تەلەفۆنی کردبوو و سکرتێرەکەش گوتبووی، کە "ئاندراس" نەهاتووەو پێشنیاری کردبوو، کە دواتر پەیوەندی بکاتەوە.

ئاندراس ڕۆیشتە ژوورەکەیەوە، نیو کاتژمێرێك لەدرێژایی ژوورەکەدا، پیاسەی کرد و بیری کردەوە، کە چۆن سەری قسە لەگەڵ مێگاندا بکاتەوە. هەر، کە لەسەر جێکەی دانیشت، کە سەرقاڵی کارەکەی بێت، دیسان دەنگی تەلەفۆنەکە هات و سکرتێرەکە ئاماژەی دا، کە لەو لای هێڵەکەوە خاتوونێك، چاوەڕێی قسەکردنە لەگەڵ ئەو. ئاندراس دەیزانی، کە بەدڵنیاییەوە مێگان پەیوەندی کردووە، یەکسەر فەرمانی دا، کە پەیوەندییەکەی بۆ بگوازێتەوە.

ـــ (ئەلو... فەرموون.)

ـــ (بەڕێز ئاندراس؟)

ـــ (فەرموون، ئێوە؟)

ـــ (من مێگان جیسۆنم.)

ـــ (ئاه، خاتوو مێگان، باشبوو پەیوەندیت کرد، چاوەڕێی پەیوەندی ئێوە بووم.)

ـــ (دەمویست لەبارەی ئەو بابەتەی، کە پێرێ پێکەوە قسەمان کرد، پرسا ببم.)

ـــ (هەروەها بەندەش...)

ساتێك وەستا و دواتر بە ئاهەنگێکی زۆر ئارام بە مێگانی گوت:

ـــ (بەڵێ، بەندەش حەزم دەکرد لە نزیکەوە یەکتر ببینین و لەبارەی بابەتەکەوە زیاتر قسە بکەین.)

ـــ (هەر چۆن مەیلتان لێیەتی، بۆ من جیاوازییەکی نییە.)

ـــ (ئەگەر مایل بن نیوەڕۆ کاتژمێر یەك، لە ڕێستوران یەکتر دەبینین.)

(مێگان) دەیزانی، کە بابەتەکە زیاتر لە مەسەلەی کارەکە سەرووتر ڕۆیشتووە. و ئێستاش پێشنیارەکەی ئاندراس لەسەر خواردنی نیوەڕۆ تەنیا لە دەور و پێچی بابەتی کارەوە نابێ. بەڵام لە ڕووی هەستی دەروونییەوە وەڵامی ئەرێی دایەوە و بڕیار درا، کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ لە ڕێستورانتی (مرواری ئاڵتوونیدا) یەکتر ببینن.

ئاندراس ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ بە شەوق و هەیەجانێکی تایبەتەوە کاری کرد و جاروبار لە کاتی کارکردن، نائاگایانە بەیادی (مێگان)ەوە، لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و دواتر لەوەی، کە وەکو شێت لە خۆیەوە قسە دەکات، پێکەنین دەیگرت و بە دەبەنگی خۆی پێدەکەنی. کاتژمێر 12:10 خولەك بوو، کە لە نووسینگەکەی هاتە دەرەوە و بە ڕاسپاردەگەلێکەوە، کە بە سکرتێرەکەی ڕاگەیاند، بەرەو ڕێستورانتی (مرواری ئاڵتوونی) کەوتەڕێ.

پێشتر مێزێك دابین کرابوو و کاتێك ئاندراس هاتە ناو ڕێستورانتەکەوە، مێگانی بە جلێکی زۆر جوانەوە بینی. مێگان بلووزێکی تۆڕی پەمەیی و دامەنێکی تەسکی شینی لەبەر کردبوو. پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی بالاّیان بەرزتر لە هەمیشە دەردەخست، پتەوی هەیکەل و پانی سینگی، دلڕفێنی کچە جاحێڵەکەیان زیاتر دەکرد. قژە ئاڵتوونییەکانی بەلایەکدا بردبوو و بە دەرزیلەیێکی پاپیوون* شێوەی گەورە کۆی کردبوونەوە و بەسەر شانی چەپیدا بەری دابووەوە، نیو چاکەتە ژنانەکەی لەسەر شانی بوو. بەبینینی ئاندراس هەستاو پێشوازی لێکرد. ئاندراس بۆ ساتێك وەستاو سەرەنجام بڕیاری دا بابەتەکە باس بکات.

ــ (خاتوو مێگان پێش ئەوەی لە پۆستێکدا داتبمەزرێنم، دەمویست بزانم خۆت حەزت لە چ کارێکە. و پاش ئەوە بەندە بڕیاری خۆم دەدەم. هەر لەبەر ئەمە ویستم قسەت لەگەڵ بکەم.)

مێگان پێکەنینێکی فێڵبازانەی کرد و ئاندراس تێگەیشت، کە مێگان خۆی لەبابەتی دەعوەتی نیوەڕۆ پەی بە هەندێ شت بردووە، بەم بۆنەوە گوتی:

ــ (بەڕێز ئاندراس هەروەها منیش پێشنیارەکەی ئێوەم لەهەموو بارێکەوە قبووڵە، بەلاّم ئێستاکە دلۆڤانیتان کردوە و هەڵبژاردنتان داوەتە دەستی خۆم، منیش ئەگەر ئێوە خوازیار بن، حەز دەکەم لە کۆمپانیاکەی ئێوەدا لە بەشی تەڕاحیدا کار بکەم)

ــ (ببوورە، کە ئەم پرسیارە دەکەم، ئاستی خوێندنتان لە چ ئاستێکدایە؟)

ــ (من دەرچووی بەشی ''بەرگدووریم''.)

ــ (ئۆوە چ سەرنجڕاکێش! کەواتە زۆریش جێی شانازیمان دەبن، کە لە بەشی شێوەکاری کار بکەن.

ــ (زۆر سوپاسی دلۆڤانیتان دەکەم.)

لێرەدا، گارسۆنەکە خواردنە داواکراوەکانی هێناو و دوای خواردنی نانەکە ئاندراس نیوە نیگایەکی مێگانی کردو لە حالێکدا، کە مێگانیش تەماشای دەکرد بە وێکەوتنی نیگاکانیان، ئاندراس خۆی دۆڕاند.

ئیتر نەیدەتوانی لەوە زیاتر دان بە خۆیا بکات. کەوچکەکەی خستە لایەك و لە حالێکدا، کە دەمی پاك دەکردەوە، گوتی:

* پاپیوون:- پەپوولەئاسا.

ـــ (خانمی مێگان، بەڵام من پێشنیارێکی گەورەترو گەلێك بە بەهاترم لە کارەکەی ئێوە هەبوو، ڕەنگە لە ڕوانینی یەکەمدا بە ڕووداری بزانن، بەڵام دەبوایە بابەتەکەم لەگەڵ ئێوە باس بکردایە.)

مێگان زەردەیەکی شیرینی کردو بۆ ئەوەی لەوە زیاتر پیاوەلاوەکە نەخاتە هەلومەرجی نەخوازراو و پاڵەپەستۆی دەروونییەوە، خۆی سەری قسەی کردەوە و گوتی:

ـــ (بەڕێز ئاندراس دەبوایە پێتان ڕابگەیەنم، کە من ئێستا زگورتیم. واتە پێشتر شووم کردبوو بەڵام بە هۆکارگەلێك مێردەکەمم لە دەست دا.

ئاندراس نەیدەزانی خۆشحاڵ بێت یان بەداخ بێت. لەوەی، کە دەیبیست ژن لاوەکە هێشتا زگوردە، زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام بۆ ئەوەی هاوخەمی بێت، لە لەدەستچوونی هاوسەرەکەی ناڕەحەت بوو. . مێگان گوتی:

ـــ (لە ڕاستیدا، مێردەکەم یەکێ لە خزمەکانی خۆمان بوو، دووساڵ لەمەوپێش لە ڕوداوێکی ئاسمانیدا کۆچی دوایی کرد. ئەو فڕۆکەوان بوو، کە فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوەو لە ناوچوو. لەو ڕۆژە بەدواوە بڕیارم دابوو شووبەکەس نەکەم و هەر بۆیەش تائێستا بە زگوردی ماومەتەوە.

ئاندراس بەبیستنی ئەم بابەتە بەداخ بوو و بە ئارخەیانییەوە پرسی:

ـــ (ئێستاش هەر لەسەر ئەم خوازە و بەڵێنەی خۆتانن؟ واتە ناتانەوێ شوو بکەن؟)

مێگان پێکەنی و گوتی:

ـــ (نازانم، ڕەنگە ئەگەر کەسێك بەشیاوی حاڵی خۆم بزانم، بڕیاری شووکردن بدەم.)

ئاندراس کەئەم هەلەی بە دەسکەوت دانابوو و ئەیبینی وا مێگان خۆی بە سانایی بابەتی ژیانی هاوبەشی هێناوەتە ناو باس، بە بوێرییەوە گوتی:

ـــ (خاتوو مێگان بەڵام من پێشنیاری پێشوو وەردەگرمەوەو پێشنیارێکی ترم هەیە.)

مێگان سەرسووڕما و بوو و بە واق وڕماوییەوە پرسی:

ـــ (بۆ؟ واتە من بە شایانی ئەم کارە نازانن؟)

ـــ (بە پێچەوانەوە، من ئێوە بە شایانی زیاتر لەم کارانە دەزانم و پێشنیارێکی ترم هەیە.)

ـــ (چ پێشنیارێك؟)

ـــ (چونکە وا بڕیار ماوەیەکی تر سەفەری ئەوروپا بکەم و لەم کارەدا بڕیارە تەرحەکانی ساڵانە ببینم و بازاڕێکی کڕینیش بدۆزمەوە، هێشتا دەرفەتم هەیە هەندێ کار ئەنجام بدەم. پێشنیارەکەم ئەوەیە، کە ئەگەر خوازیار بن، لەگەڵ ئێوە ژیانی هاوبەشی دروست بکەم.)

مێگان بەم پێشنیارەی سەری داخست و ڕەنگی گۆناکانی داگیرسان، دواتر ئاندراس بۆ ئەوەی لەو حاڵەتی شەرمە دەری بێنێ، بەئارامی دەستەکانی ژنەلاوەکەی لەناو دەستی ناو و لەم حاڵەدا مێگان هەستی کرد بەرقێك لە وجودیا لێدرا. بەم هەستەوە چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك و لە حاڵێکدا بە هێمنی سەیری ڕوخساری پیاوەلاوەکەی کرد تا وەڵامی چاوەڕوانییەکەی بداتەوە، گوتی:

ــ (بەڵام خۆ هێشتا یەکترمان باش نەناسیوە، چۆن متمانە بەمن دەکەن، کە پێشنیاری هاوسەرێتی دەکەن؟)

ــ (لەمە زیاتر خۆتان کەم مەگرن. هەروەها دڵی من و تەنانەت نیگاکان و ڕاستگۆیی تۆ نیشانی دەدا، کە دوو هاوسەری باش بۆیەك دەبین.)

ــ (بەڵام کاتێکی وامان نییە، دامنابوو تا ئەم ماوەیە، کە لێرەین، زەماوەند بکەین و مانگی هەنگوینی خۆمان لە ئەوروپا بەسەر ببەین.)

ــ (من قسەیەکم نییە، بەس بهێڵە با دوو سێ ڕۆژێ بیربکەمەوە و دواتر بڕیار بدەم.)

ئەو دووانە بەدڵخۆشی لەیەکتر، نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەیان کۆتایی پێهێنا و تەنانەت چەند کاتژمێرێکیش لە نووسینگەی ئاندراس دا قسەیان کرد. هەنووکە مێگانیش هەستی دەکرد، کە ئاندراس کەوتووەتە دڵیەوە و جێگایەکی بۆخۆی گرتووە. ئەو ڕۆژە ئاندراس ژنە لاوەکەی گەیاندەوە ماڵەکەی. هەرچەن مێگان داوای لێکرد بێتە ژوورەوە، بەڵام ئاندراس وەها ئیجازەیەکی بەخۆی نەدا و گوتی:

ــ (نا، دەبێ بڕۆم. لە داهاتوویەکی نزیکدا پێکەوە دەبین. ئێستا ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ، دەڕۆم.)

مێگان بە ڕووخۆشی و ئەو هەستەوە، کە ئاندراس تا چ ئەندازەیەك دەربەستی سنوورەکانە و خۆشەویستی پاك لەگەڵ هەوەسدا تێکەڵ ناکات، خۆشحاڵ بوو و تا لای ئۆتۆمبیلەکە ڕەوانەی کرد.

دوای دوورکەوتنەوەی ئاندراس، هێشتا مێگان بۆ ماوەیەك تەماشای دەکرد و دەستی دەجووڵان. ئەویش باوەڕی وابوو، کە لەگەڵ ئاندراسدا بەختەوەر دەبێت. ئەوینێکی پاك لە نێوانیاندا گەشەی دەکردو فراوان دەبوو، تەواویبوونی مێگانی دادەپۆشی. لەلایەکەوە ئاندراسیش لەکاتی ئاژووتندا هەستی دەکرد ئەو بۆشاییەی، کە لە ژیاندا هەستی پێدەکرا، ئێستا بەرەو پڕبوونەوە دەچێت. بەڵێ هاودڵی و نییەت پاکی دوو لاوەکە دەڕۆیشت تا دوو باڵندەی تیژفڕ پێکەوە پێوەند بکات.

# بەشی هەشتەم

ــ (ئەلو... ئاندراس، خۆتی؟)

ــ (بەڵێ... فەرموون، ئێوە؟)

ــ (مێگان)م، چۆنە نەتناسیم؟)

ــ (ببوورە ئازیزم، خەوتبووم لەبەر ئەوە نەمناسیت.)

مێگان لەو ساتەوەیکە لەئاندراس دابڕابوو، سەخت کەوتبووە بیرکردنەوە لەوەی، کە شووی پێ بکات، هەموو لایەنەکانی شتەکانی هەڵسەنگاندبوو و سەرئەنجام ڕازی بووبوو کەهاوسەرگیری لەگەڵ ئاندراس دا چ بەربەستێکی نییە و زۆر شایستەش دەبێت. بەم هۆیەشەوە خۆی پێڕانەگیرابوو و لەو کاتی شەوەدا، بڕیاری دەربڕینی حەزی خۆیی دابوو، ویستبووی بابەتەکە ڕابگەیەنێ و کۆتایی بە چاوەڕوانی و نیگەرانی خۆیی و ئاندراس بێنێ. بەم بۆنەیەوە گوتی:

ــ (ئاندراس دەمویست بابەتێکی گرنگت لەگەڵ باس بکەم، خۆ دەزانی مەبەستم چییە؟)

ــ (دەزانم ئازیزم، بەڵام ئاگاداری چەندێتی و چۆنێتیەکەی نیم.)

ــ (دەمەوێ مژدەت بدەمێ، مزگێنی یەکەم چ دەبێ؟)

ــ (هەر چییەکت بوێ، ئێ مژدەکەت چییە؟)

ــ (من... من ڕازیم... واتە ڕازیم شووت پێ بکەم.)

لێرەدا ئاندراس لێفەکەی لەسەر خۆی لاداو بە خۆشحاڵییەوە هووڕای کێشا و پرسی:

ــ (توخوا ڕاست ئەکەی؟)

ــ (دیارە، کە ڕاستییەکە دەڵێم. ئەمشەو نەمتوانی بخەوم، بۆیە بڕیارم دا سەرەتا بە تۆ بڵێم و دواتر ئارام بم.)

ــ (بڕوابکە ئەمە گرینگترین و لەهەمان کاتدا شیرینترین هەواڵێکە، کە تا ئێستا بیستوومە. زۆر سوپاسگوزاری تۆم مێگان.)

ئەگەر ئێستا شەو نەبووایە بڕوا بکە بە دڵنیاییەوە دەهاتمە لات.)

ـــ (باشه، ئازیزم، هێشتا کات ماوە، سبەی یەکتر دەبینین.)

ـــ (حەزدەکەی سبەی بێمە دوات.)

ـــ (کاتژمێر 8 چاوەڕێتم، خوات لەگەڵ.)

ئاندراس ئەو شەوە بەشەوقێکی زۆرەوە خەوی لێکەوت و هەتا لە خەونیشدا مێگانی بینی، دەمەو بەیانی بە ئەنگوتنی یەکەم تیرێژی تیشکی خۆرەتاو لە جێکەی هەستاییەوە. بەبێ ئەوەی ناشتایی بخوات، ئامادە بوو و سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو. کاتژمێر (7)ی. بەیانی بوو، کە لە بەرانبەر ماڵی مێگاندا ئامادە بوو.

بەلێدانی زەنگەکە، مێگانیش لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، ئەوی بینی. ژن و پیاوە لاوەکە خۆشحاڵ و ڕازی یەکتریان لەباوەش گرت. مێگان، کە دەیزانی تاقەت ناهێنێ تا کات بگاتە کاتژمێر 8 ، ئامادەبوو بەرچایی بۆ دوونەفەر ئامادە کردبوو، مێگان بەڕووخۆشییەوە خولکی ماڵەوەی کرد و دواتر هەردووکیان لە حاڵێکدا، کە باسیان لە داهاتوو و بەرنامەکانی ژیانیان دەکرد، یەکەمین بەرچاییان پێکەوە خوارد.

مێگان، باسی لەو ژیانە شیرینەی، کە لەزەین و فانتازیای خۆیدا وێنا و پەروەردەی کردبوو، بۆ ئاندراس دەکرد. ئاندراسیش لەکاتێکدا لەگەڵی هاوڕابوو، بەلێنی دا، کە ئاواتەکانی لە ژیانی هاوبەشیاندا بێنێتەدی.

ئەوان وەکو دوو یاری هاودڵ و چەشنی جووتێکی بەختەوەر، کە ساڵانێکە پێکەوە دەژین لەماڵ هاتنەدەرەوە. ئەو ڕۆژە هەمووان لە فرۆشگاکە و لە نووسینگەی ئاندراسدا، لەوەی، کە دەیانبینی ئەو دووانە پێکەوە هات و چۆدەکەن و مێگان قۆڵی بەقۆڵی ئاندراسدا کردووە و بە فەخرو شانازی یەوە هەنگاو دەنێ، سەریان سووڕ مابوو.

ئاندراس ئەو ڕۆژە لە یەکەمین دەرفەتدا تەلەفۆنی بۆ ڕابێرت کردو بابەتی ناسین و هاوسەرێتی نزیکەو ڕوودانی لەگەڵ مێگان باس کرد. بڕیار وابووکە لەسەرەتای مانگی ئایاردا زەماوەند بکەن و ڕۆژی پانزەهەمی هەمان مانگیش بڕۆنە ئەورووپا، تا مانگی هەنگوینییەکەیان لەوێ بەسەربەرن. لەم ئاهەنگی زەماوەندەدا زۆربەی ناسیارو هاوڕێیان بانگهێشت کرابوون و لەسەروو هەمووشیانەوە ڕابێرت و جین بوون. هێشتا بیست ڕۆژی تا سەرەتای مانگی ئایار مابوو. ئەو دوولاوە بەخۆشی و کامەرانییەوە پێشەکییەکانی کارەکەیان دەستەبەر کرد و ئیتر ئاندراس و مێگان زۆربەی کاتەکان پێکەوە بوون. نانی نیوەڕۆیان پێکەوە

دەخوارد، بەرچاییان ڕۆژێك لەماڵی ئاندراس و ڕۆژەكەی تر لەماڵی مێگان دەخوارد، شەو تا درەنگانێ لە دەرەوە بوون و پێداویستییەكانی زەماوەندییان فەراهەم دەكرد.

تا ڕۆژی ئاهەنگەكە هەفتەیەكی مابوو، كارتی بانگهێشت ئامادە كرا و هەموو دۆستان و ناسیارەكان بانگهێشتی ئاهەنگەكە كران. ڕۆژی بیست و هەشتەمی نیسان، جین و ڕابێرتیش لەگەڵ خێزانەكەیان واتە دایك و باوكی (ڕابێرت) چوون بۆ كالیفۆڕنیاو شاری لۆس ئانجلێس. ئۆتۆمبیلێكی ڕەش، كە لە بەرامبەر هۆڵی تەرمینالی فڕۆكەخانەكەدا وەستابوو، پیاوێكی ڕەش پێست بە جل و بەرگێكی ڕێك و پێكەوە، كە نووسراوەیەكی بەدەستەوە بوو لەسەری نووسرابوو: (بەخێرهاتنی خێزانی برانسۆن دەكەین)

ڕابێرت بە بینینی ئەو نوسراوە تێگەیشت، كە پیاوە ڕەش پێستەكە لەلایەن ئاندراسەوە بۆ پێشوازی هاتووە.

ئەوان شتەكانی خۆیان كۆكردەوە و بەرەو پیاوە رەش پێستەكە چوون، ئەو پیاوە بە بینینی ڕابێرت و ئۆتۆمبیلەكەی بەڕێزەوە كڕنوشێكی بردوو سواری خێزانەكەی، كڕنوشێكی بۆ كردن و گەیاندنییە هۆتێل.

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ئاندراس لەگەڵ مێگان بۆ بەخێرهاتنیان هاتنە هۆتێل. ئاندراس بەئەندازەیەك خۆشحاڵ بوو، كە لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبووەوە. پیاوە لاوەكە لە خۆشیدا دەتگوت چەندین ساڵ گەنج تر بووبووەوە، ئەوان پیرۆزباییەكانی خۆیانیان لە ئاندراس و مێگان كردوو دوای قسەگەلێكی زۆر بڕیار درا، نانی ئێوارە پێكەوە لە رێستورانتی هوتێلەكە بخۆن.

لەم نێوانەدا ئەوەی كەزیاتر جێی سەرنج بوو و تەنانەت ئاندراس بە تەواوی ئاگادار بووبوو و هەتا مێگانیش سەرنجی دابوو، نائومێدی و حاڵەتی خەمباری جین بوو. وێڕای ئەوەی، كە ئاندراس هیچی نەووت بەڵام ڕابێرت دەیزانی، كە ئەو ئاگاداری شتێك بووەو بە دڵنیاییەوە لە كاتی گونجاودا، لێی پرسا دەبێ. ئاندراس و مێگان لەوان جیابوونەوەو تا كاتژمێر حەوتی شەو ماڵ ئاواییان لە یەكتر كرد.

ئاندراس لە حاڵێكدا، كە ئوتومبیلی لێدەخوڕی مێگان ئاخێكی هەڵكێشاو بە حاڵەتێكی كون پشكنانەوە رووی بەرەو ئاندراس وەرگێڕا و پرسی:

ــ (ئاندراس هیچ ئاگات لە هەڵسوكەوتی هاوسەری هاوڕێكەت "ڕابێرت" بوویت؟ دەتگوت لە شتێك نارەحەت بوو)

ــ (بەڵێ وابزانم دەمەقەڵەی هەمیشەییان دیسان پەنێكی ناوەتەوە.)

ــ (مەگەر چۆن؟)

( هیچ، ئەگەرچی ئەوان زۆر لەمێژە یەکتر دەناسن و هاوسەرگیریەکەشیان بەخۆشی و باش تێپەڕی و تەنانەت هەردووکیان بەشەوقەوە ئەم کارەیان کردبوو بەڵام لەچەند ڕۆژ دوای زەماوەندەکەوە هەمیشە ڕابێرت لەگەڵ جین کێشەی هەیە.)

ــ (ئەی چۆن یەکتر تەحەممول دەکەن؟)

ــ (کێشەکەیان تا ئەو ئاستە نییە کەببێتــە هۆی جیابوونەوە، لەهەندێ بیروبۆچووندا، لەگەڵ یەك جیاوازن.)

ــ (لە چ بۆچوونگەلێکدا ڕێك ناکەون؟)

ــ (وەڵا ئەوەندی من بزانم، جین لە هەڵس و کەوت و ئازادیخوازی وەها بێبەش بووە و هاوسەرێتی بە بەربەستی هەموو ئازادییەك دەزانێ. ئەو هاوسەرێتی بەمانا راستەقینەکەی قبووڵ ناکات و بەم هۆیەشەوە ڕابێرتیش لەگەڵی دژە، وابزانم ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بن سەرئەنجام لە یەکتر وەزاڵە* دێن.)

ــ (بەڕاستی، کە ئەمڕۆکە سیستەم و ژیانی خێزانی کەوتووەتە بەر مەترسیگەلێکی جۆراوجۆرەوە.)

ــ (ئەسڵی پرسەکە لێرەدایە، ڕابێرت بڕوای وایە، کە مرۆڤ کاتێ ژیانی هاوبەش پێکدەهێنێ وەکو مڵك و ماڵ دەبێتە موڵکی مێردەکەی و مێردیش هەروەها دەبێــت پێڕۆی هاوسەرەکەی بێت ونابێ پێ لە بەرەی سنووری ژیانیان درێژتر بکات، بەڵام جین بڕوای وایە، کە ئەمڕۆکە دونیا لەگەڵ سەدەی شازدەهەم و هەڤدەهەم و یان هەتا هەژدەهەمیشدا نییە، دەبێ هەموو کەسێك ئازاد بێت و بتوانێت بۆ هەرکارێك، کە دڵی دەیەوێت، بڕوات. تەنانەت هاوسەرێتیش جۆرە مامەڵەیەکی قۆناغییە، کە هەندێك لەسەر بنچینەی لێکگەیشتنێك، کە هەستدەکەن لەگەڵ ئەویتردا هەیانە، دەیکەن.)

ــ (بەڕاستی سەیرە. ئەگەر جین وەها بیروڕایەکی هەبێت، من وەکو خۆم وەلاوەی دەنێم، ئەو هەڵە دەکات)

ــ (باشە تۆ دوای زەماوەندەکەمان چی دەکەی؟)

ــ (مەبەستت لەم قسەیە چییە؟)

---

* زاڵەهاتن:- جاڕزبوون، وەڕەزبوون.

ــ (مەبەستم ئەوەیە، کە دیدگای تۆ لەبارەی هاوسەرێتییەوە چییە؟)

ــ (من بڕوام وایە، کە ئافرەتێك کاتێ شوودەکات، ئیتر نابێ تەنیا بیر لە خۆی بکاتەوە. ئەو کاتەش نەك تەنیا دایکێکی میهرەبان دەبێ بۆ منداڵەکانی، بەڵکو هاوسەرێکی شایستە و لێوەشاوەش دەبێت بۆ هاوسەرەکەی. من، کە ژیانی هاوبەشمان پێکهێنا، ئەگەر هەست بکەم کارەکەم زیانێك بەبونیادی سیستەمی خێزانیمان دەگەیەنێت، بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری گەلێك لە ژیانماندا دەکەم.)

ــ (ئەگەر مەبەستت پیشەی ئەکتەری خۆتە، من دژایەتییەکم نییە.)

ــ (دەزانم، بەڵام هەستدەکەم، کە دوای زەماوەند ئیتر بەتەنیا خۆم، کە بەیانی زوو بڕۆمە ستۆدیۆ  یان وەکو جارانی پێشوو لەسەر شاشەی تیڤییەکان، ڕیکلام بۆ شتێك بکەم. تۆ چۆن حەزت لێ بێ من وا دەکەم.)

ــ (زۆر سوپاسگوزارم لێت، بەڕاستی منیش شانازی بەبوونی هاوسەرێکی وەك تۆوە دەکەم.)

ئەو دووانە دواتر لە کاتێکدا لە یەکگرتن و دڵنیایی یەکتر خۆشحاڵ بوو بوون، گەیشتنەجێ. مێگان دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ماڵی ئاندراس مایەوە و بۆ خواردنی نانی ئێوارە لەگەڵ خێزانی (برانسۆن)دا، ئامادەبوو. کاتژمێر "7"ی شەو هەمووان لە ڕێستورانتەکە ئامادەبوون و لە کەشێکی پڕ لە خۆشەویستی و موحیببەت و ڕێزدا، نانی ئێوارەیان خوارد.

بەیانی ئەو ڕۆژە مێگان تەلەفۆنی بۆ جین کردو داوای لێکرد لە ئاهەنگی گواستنەوەی هاودەمەکەیدا، ئامادە بێت. وێڕای ئەوەی خوشکە بچووکتر لە خۆی بوو. وەلێ لەبەرئەوەی جین تێبگەیەنێ و لە خەیاڵە پووچەکان دووری بخاتەوە، بڕیاری ئەم کارەی دا. جین، بەخۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی مێگانی قبوڵ کرد. بڕیاردرا جین بڕواتە ماڵیان تاکو پێشەکییەکانی زەماوەند فەراهەم بکەن. لەم نێوانەدا ڕابێرتیش هەلی بەدەرفەت زانی و چووە لای ئاندراسی هاوڕێی. ئاندراس بە بینینی ڕابێرت، بەبێ ئەوەی باس لە بابەتگەلێکی تر بکات، باس لە ڕەوتانەی دوێنێ و ناڕەحەتی و غەمگینی جینی هێنایە کایەوە. وەلە وەڵامی کون پشکنی ئاندراسدا، پیاوەلاوەکە واتە (ڕابێرت) گوتی:

ــ (هاوڕێی ئەزیز، خۆت، کە باشتر دەزانی، من و جین هەمیشە لەسەر ئەم پرسانە شەڕو مشتومڕمانە. هەروەها لەو ڕۆژەوەی، کە ئاگنێسی ناسی، ئەم شەڕ و هەراو داوا زارەکییانە زیاتر بوو. خۆزگە ئەو ڕۆژە ئاگنێسم نەبینیایە).

ــ (ئاگنێس ئیتر کێ یە؟)

ــ (ماوەیەك لەمەو پێش هاوسێمان بوو و ئێستاش دایك و باوکی هاوسێی ماڵەکەی ئێمە لە نیۆیۆرکن. چەند مانگ لەمەو پێش بەڕێکەوت ئەوم لە فرۆشگا بینی. هەڵبەت ئەو منی ناسی و میوانییەکەی ڕێکخست و ئەو ڕۆژەی، کە چووینە ماڵی، ئەوەندە لەبارەی ژیانی خۆی و ئازادیی بێ مەرج و سنووری ژنانەوە قسەی کرد، کە تەواو جینی لەخۆی دوورخستەوە. ئیتر من لەو ڕۆژەوە ژیانێکی راحەتم نییە. یان ئاگنێس لە ماڵی ئێمەیە، یان جین دەچێتە ئەوێ. هەموو ڕۆژێ خراپتر لە ڕۆژانی پێشتر، سمرتر دەبێ و لەگەڵ من بگرەوبەردەیەتی.)

ــ (بەڕاستی بەداخەوەم . وەلێ ئەگەر لەبیرت بێت، چەند مانگ لەمەو پێش پێشنیارم بۆت کرد، کە سەفەرێکی دڵپەسەند ڕێکبخەی، تابەم شێوەیە ئەو لە ناسراوەکانی دووربخەیتەوە، تا بتوانێت تامەزرۆی ژیانی بێت.)

ــ (منیش هەر وەها نیازێکم هەیە، چاوەڕێی کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکانی کۆرسم. هەر، کە تەواو بوو، دامناوە بچینە هاوایی.)

ــ (بیرێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە، ڕەنگە لەم ڕێگەیەوە، بیری جین بگەڕێنیتەوە.)

ــ (بەڵام دەترسم سەرکەوتوونەبم، خۆزگەم بە تۆ، کە هاوسەرێکی تێگەیشتووت هەیە.)

ــ (فشەمەکە (ڕابێرت). تۆش هاوسەرێکی باشت هەیە، ئەمە ناکرێتە پێوەر، کە بەهۆی جیاوازی بۆچوونتانەوە، خۆشەویستی و عەشقی ناختان، سەبارەت بەیەکتر کەم بکرێتەوە.)

ــ (بەپێچەوانەوە، عەشق و خۆشەویستی من کەم نەبووەتەوە. بەڵکو ئەوە، کە بەم قسە و کردارانەی، دەخاتە سەر ئەو بڕوایەی، کە عەشقی ئەو بۆ من کەم بووەتەوە.)

ــ (بەهەر شێوەیەك بێت جگە لەخۆت کەس ناتوانێ ڕێنمایی بکات. ئێستاکە بە ئامۆژگارییەکانت سەرکەوتوونەبووی، کەواتە بەکردار ڕازی بکە.)

ــ (هەوڵ دەدەم. ئێستا تاچەند سەرکەوتوور دەبم، خودا دەزانێ.)

دواتر ئەو دوو هاوڕێ دێرینە لەبارەی بەرنامەکانی ئاهەنگی زەماوەندەکەوە، دەستیان بە گوت و وێژکرد. ئیتر زیاتر لە چەند کاتژمێرێکی بۆ ئاهەنگی زەماوەندەکە نەمابوو، هەموو پێشەکییەکانی ئاهەنگەکە فەراهەم کرابوو و ئۆتۆمبیلی بووك و میوانەکانیش

ئاگادارکرابوونەوە. ئاهەنگی زەماوەندەکە لە کلێسای (سێنت ئاگۆستین) بەڕێوە دەچوو. لەم ئاهەنگەدا جگە لە دۆستان و ئاشنایان

نوێنەری کۆمپانیا بەڕێز (بنیامین ڕاسبۆنیش) ئامادە بوون، ئەو، کە بە هاودڵترین هاوڕێی ئاندراس دەهاتە ئەژمار، بە ئامادەبوونی دڵنیاییەکی دەروونی دەبەخشییە ئاندراس و مایەی خۆشحاڵی هەمووانی فەراهەم دەکرد.

ئەو شەوە هەمووان لە هەوڵ و تەقەللادا بوون. ڕابێرت جل و بەرگی فەرمی خۆی ئامادە کردبوو (جین)یش، هێشتا لای بووك بوو. کاتی شەو، کە ڕابێرت خۆی بۆ بەرنامەی بەیانی ئامادەتر کرد، لەناکاو دەنگی دەرگای ژوورەکەی بەرز بووەوە. بەڕێز (ئۆلیڤەر برانسۆن)ی، باوکی لەو دیو دەرگاکەوە بوو. ڕابێرت بە شپرزەیی دەرگای ژوورەکەی لە باوکی کردەوە. لەوەی، کە ئاغای (ئۆلیڤەر) ڕەنگ پەڕیوتر دەهاتە بەرچاو، ڕابێرت زیاد لە پێشتر ناڕەحەتی و نیگەران بوو.

ــ (چی بووە بابە؟)

ــ (هیچ شتێ، تەنیا ... تەنیا حاڵی... حاڵی دایکت کەمێ تێك چووە،، ئەگەر بتەوێ با بیگەیەنینە نەخۆشخانە.)

ڕابێرت بە خێرایی کۆتەکەی لەبەر کرد و بەدوای باوکیدا چووە ژوورەکەیانەوە، دایکی ڕابێرت لەسەر تەختەکەی ڕاکشاو ڕەنگی دەموچاوی شین هەڵگەڕابوو و دەنگگەلێکی سەیرو سەمەرەی لە خۆی دەردەهێنا.

ڕابێرت، کە نیگەرانی دایکی بووبوو، ئاغای ئۆلیڤەر ئاگاداری کرد، کە خۆی نیگەران نەکات، تەنیا فشاری بەرز بووەتەوە.

ــ (... دەبێ هەرچی زووترە بیگەیەنینە نەخۆشخانە، زۆر هەوڵم دا دەرمانیکەم. بەڵام بەداخەوە هەرکە لە حەمام بووم، دەنگی کەوتنیم بیست. هەر، کە هاتمە دەرەوە ئەوم لەم حاڵەدا بینی.)

ــ (ئێستا چی ڕوودەدا؟)

(هیوادارم مەترسییەك ڕووبەڕووی نەبێتەوە، زووکە... بەرزی بکەوە...)

لێرەدا مەئمووەرکانی ئورژانس* لە ئاسانسۆری هۆتێلەکەوە هاتنە دەرەوە، ژنە نەخۆشەکەیان لەسەر دەسەبەرەکە خەواند و خێرا گەیاندیانە نەخۆشخانە. دوای کەمێك کوڕە و باوکیشی لە ژووری چاوەڕوانی نەخۆشخانەدا، پیاسەیان دەکرد.

ــ (بابە تۆ، کە خۆت پزیشکی، لانی کەم خۆت لەلای دەبووی؟)

ــ (نا، کوڕم. کەمێك هەیە جان زەدەم. باشترە لێرە بم. ناتەوێ تەلەفۆن بۆ ئاندراس بکەی؟ زۆر درەنگ بووە ئێستا، ڕەنگە کارێکی پێت هەبێت؟)

ــ (نا، بابە گیان. بڕواناکەم پێویست بێت، ئەگەر پێیان بڵێم، کە دایە لە نەخۆشخانەیە، زۆر دەشڵەژێن.)

هۆڵی هێمنی نەخۆشخانەکە بەڕەنگی گڵۆپە فلورسێنتەکان و ئەو دەنگە سەیرانەی، کە ئامێرەکان و مۆنیتۆرەکانی ئاگادارکەرەوەی ئاماژەکانی ژیانی نەخۆشەکان لە خۆیان دەردەهێنا، دڵی هەر پیاوێکی دڵڕەقی دەهێنایە لەرزین، باوك و کوڕ بەدرێژایی هۆڵەکە پیاسەیان دەکرد، هەردووکیان لە حاڵی نەخۆشییە پڕمەترسی یەکەی خاتوو (برانسۆن) نیگەران بوو. ئاغای ئۆلیڤەر لەسەر کورسی هۆڵەکە دانیشتبوو و دەست لەسەر نێوچاوان بیری دەرکردەوە. ڕابێرتیش بەردەوام جگەرەی دادەگیرساند. لێرەدا پەرەستاری ئێشکگر هات پێشەوە و گوتی:

ــ (ببورە بەڕێز، جەنابت چەن کاتژمێرێکە، کە ئاوا دێیت و و دەڕۆیت و جگەرە دەکێشی، ئەمە بۆ تەندروستیتان مەترسیدارە، باشترە کەمێك بحەوێنەوە.)

دواتر بەرەو باوکی ڕابێرت ڕۆیشت و لە حاڵێکدا خولکی کووپێك قاوەی دەکرد، گوتی:

ــ (ببوورە، جەنابت مێردی نەخۆشەکەی؟)

ــ (بەڵێ خانمی پەرستار، بۆچی؟)

ــ (هیچ، تەنیا لە ڕووی کونپشکنییەوە پرسیارم کرد، باشە ڕووداوەکە چۆن ڕووی دا؟)

ــ (نازانم چۆن بوو، هەڵبەت لەکاتی خواردنی نانی ئێوارەوە، هەستی بە سەرئێشە دەکرد و دەیگوت، کە حاڵی باش نییە و هەست بە دڵتوندی دەکات. دوای نانی ئێوارەش، کە ئامادە

* فریاکەوتن.

بووین تا شتەکان بۆ بەرنامەی بەیانی، کە زەماوەندی یەکێك لە هاوڕێکانە، جەم و جۆر بکەین، دیسان هاواری ئازاری سینگی کرد. هەڵبەت من خۆم پزیشکم، دەویانم* کرد.

هەستم بە هیچ ناساغییەك لە دڵیدا نەکردو تەنیا فشاری خوێنی بەرزبووبووەوە. دەرمانێکم پێ دا و چوومە حەمام. لەناکاو دەنگی کەوتنی شتێ منی ئاگادار کردەوە، هاوسەرەکەمم بینی، کە تەختی سەر قەرەوێڵەکەی بووبوو.)

ـــ (بەهەرحاڵ هیوادارم، کە چاکبوونەوەیان بەدەست بێننەوە، ئێوەش کەمێ پشوو بدەن.)

پاش ڕۆیشتنی پەرەستارەکە، ڕابێرت ویستی تەلەفۆن بۆ جین بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی، کە هاوسەرەکەی هێشتا لای بووکە، نیگەران بوو و لە تەلەفۆن کردن پەشیمان بووەوە. دوای ساتێ دەرگاەی هۆڵەکە کرایەوە. ڕابێرت لەوەی، کە دەیبینی، سەری سووڕمابوو.

ـــ (ئۆوە... ئاندراس... تۆ لێرە چی دەکەی؟

ـــ (. کوڕە مەگەر لەم شارە غەریبەدا بێ کەس و کاری، کە بەتەنیا هاتویتە ئێرە، لانی کەم تەلەفۆنت بۆمن بکردایە.)

(وەڵا باوکم گوتی، کە پەیوەندیت پێوە بکەم، بەڵام من بە باشم نەزانی نارەحەتتان بکەم، باشە تۆچۆنت زانی؟)

ـــ (هیچ، کۆمەڵێ داخوازیم هەبوو، کە دەمویست بەتۆ بڵێم، ئەو کاتەی، کە تەلەفۆنم بۆ هۆتێل کرد، گوتیان کەلەوێ نیت. نیگەران بووم و خۆم هاتمە هوتێل، بەرپرسی هۆتێلەکە گوتی، کە خانمی برانسۆن نەخۆش بووە و گواستویانەتەوە بۆ نەخۆشخانەو دەم و دەس بۆ ئێرە هاتم.)

ـــ (بە هەر شێوەیەك بێت بووینەتە هۆی زەحمەتی تۆ، زۆرداوای لێبوردن دەکەم، کە خۆشی ئێوەمان بەم شێوەیە تێکدا.)

ـــ (بیبرەوە ڕابێرت، مەگەر چی بووە، کە خۆشیمان تێکچووە.)

---

* دەویان:- معاینە:- کارو ڕەوتی لێروانینی شوێنێ، بەتایبەت توێژینەوەی لەش یان بەشێك لە لەشی گیاندار بۆ دەرخستنی ئازار، نەخۆشی یان لەبەر دڵنیایی لە ساغبوونی. . (فرهنگ فارسی-کردی، دانشگاه سنندج.

له کاتی قسەکانی ئەواندا، پزیشك لە بەشی چاودێرییە تایبەتەکانەوە هاتە دەرەوە و بەبینینی پزیشك، ڕابێرت و ئاندراس و ئاغای ئۆلیڤەر هەرسێکیان بەرەو ئەو ڕایان کرد. پزیشکەکە بە بینینی پەشۆکاوی ئەوان، خەندەیەکی شیرینی کرد و لە حاڵێکدا دەستەکانی وەکو سەربازێکی بەیدەس بوو بەرز کردبووەوە، گوتی:

(بووەستن بەڕێزان، بووەستن... سوپاس بۆ خوا، کە مەترسییەکە ڕەوییەوە، ئەوەندەی نەمابوو، کە سەکتە لێی بدات، من دەبێت سوپاسی بەڕێز بڕانسۆن بکەم، کە کارێکی ژیرانەی کردووە و دەرمانی دژی فشاری خوێنی داناوە.)

(نەخێر دکتۆر دەبێت ئێمە سوپاس گوزار و مەمنونی ئێوەبین. ئێستا دەتوانین ئەو ببینین؟)

(بەڵێ، تکایە لەگەڵ من وەرن)

دکتۆر کەوتە پێشیانەوەو هەرچوار نەفەرەکە چوونە ژوورەوە. خانمی بڕانسۆن بە ئارامی لەسەر چارپایەیەك درێژ بووبوو و ئامێرو دەزگاکانیش لە دەوران دەوری چارپایەکەدا کاریان دەکرد. ئاغای بڕانسۆن لە یەکەمین نیگادا نەیتوانی خۆی رابگرێ و بەزەحمەت گریانەکەی کۆنترۆڵ کرد بەڵام فرمێسکی پیرەمێردەکە لە چاوەکانییەوە دەڕژا. لە تەنیشت نەخۆشەکەوە پەرستارێکیش وەستابوو، کە بە ئاماژەی پزیشکەکە لە چارپایەکە دوور کەوتەوە. ڕابێرت بە ئارامی دەستی دایکی گرت و لە لێوەکانی نزیك خستەوەو ماچی کرد. لەو لاوە ئۆلیڤەریش، کە لە حاڵێکدا، کە قژە پەرێشانەکانی پیرەژنەکەی دەلاواند وای کرد خانمی بڕانسۆن چاوەکانی هەڵبێنێ.

ـــ (ئۆوە ئۆلیڤەر، تۆی؟ زۆر داوای لێبوردن دەکەم، کە ئێوەم خستە دەردیسەرییەوە.)

ـــ (ڕابێرت، پێش باوکی، بۆ ئەوەی ژنە نەخۆشەکە ئاگادار بکات، وەڵامی دایەوە:

ـــ (هیچ نییە دایە گیان.)

ئاغای ئۆلیڤەریش ماچی لەنێوچاوانی کرد و گوتی:

ـــ (بەڵێ، خۆشەویستم، هیچ قەیدی نییە، سوپاس بۆ خودا، کە مەترسییەك پێش نەهات، ئێستا حاڵت باشە یان نا؟)

ـــ (هەست ئەکەم ڕاحەتم، وەلێ کەمێ ماندوو و بێ هێزم.)

ــ (گرنگ نییه، ئەمە لە بەرژەنگی* فشاری خوێنەوەیە. ئەگەر بخەوی بەنەشە* دەبیت.)

ــ (حەز دەکەی بڕۆینەوەماڵەوە؟)

لێرەدا پزیشکی چارەسەرکەر، ئەنگوستی خستە سەرلێوەکانی و گوتی:

ــ (ووس... نەخێر دکتۆر بڕانسۆن، ئەوان دەبێ 24 کاتژمێر لەژێر چاودێری ئێمەدا بن. ئەو کاتە، تەواو تەندروست لە ئەختیاری ئێوەدا دەبن.)

ــ (بەڵام دکتۆر، ئێمە بەیانی ئاهەنگی زەماوەندمان هەیە.)

ــ (شتە گرنگەکەش هەر لێرە دایە. ئەگەر سبەی لە ئاهەنگی زەماوەندەکەدا هەیەجان لێیان بدات. بۆ تەندروستییان باش نییە. خۆتان، کە لەمن باشتر دەزانن.)

ــ (زۆر سوپاسی دلۆڤانیتان دەکەم. هەرچۆنێك بەباشی دەزانن، ئێمە ملکەچی دەستوورەکانی ئێوەین.)

دواتر لە حاڵێکدا، کە خانمی بڕانسۆن، فرمێسك لە چاوەکانیا ئەڵقەی بەستبوو، بە ئارامی بە ئاماژەی چاوەکانی، ئاندراسی بۆ لای خۆی بانگ کرد و گوتی:

ــ (کوڕم ئارەزووم بوو ئاهەنگی زەماوەندی تۆش وەکو ڕابێرت ببینم و لە خۆشی ئێوەدا بەشدار بم. گوایە مەسڵەحەت نەبوو و لە ئاهەنگەکەی تۆدا، دەبوایە لەسەر چارپایە بکەوم، بەهەر حاڵ لەبانگ هێشتێك، کە کردبووت سوپاسگوزارم و ئارەزووی بەختەوەریتان بۆ دەخوازم. لەلایەن منەوە داوای لێبوردن لە مێگانیش بکە.)

ــ (بە چاوان خانمی برانسۆن، بەڵام ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ئەمشەو تابەیانی حاڵتان تەواو باش بوو، دێین و ئێوەش دەبەین بۆ ئاهەنگەکە.)

(ڕابێرت) بە بینینی ناڕاحەتی دایکی، ئوناقی بەربوو و چووە هۆڵەکەوە. وە ئاغای برانسۆن پرسی:

ــ (پێویست دەکات یەکێك لە ئێمە لات بمێنینەوە؟)

(،نا، خۆشەویستم. ئێوە بڕۆن ئەگەر حاڵم باش بوو و پزیشك ڕوخسەتی دا، بەیانی زوو تەلەفۆن دەکەم و ئێوە دێن تا من بەرن.)

---

* عارضة:- بەرژەنگ.

* نەشە:- نشاط.

دوای چەن ساتێ خواحافیزیمان لە یەکتر کردو بەرە و هۆتێلەکە کەوتنە ڕێ. ئاندراس داخوازییە پێویستەکانی بە رابێرت راگەیاند و خۆیشی بۆ ماڵە تایبەتییەکەی ڕۆیشتەوە.

بەیانی کاتژمێر 7 بوو، کە هەواڵێك لە (دایە)وە نەبوو و ڕابێرت نیگەران لە حاڵی دایکی، ژمارەی نەخۆشخانەکەی لێ دا و داوای دایکی کرد، لەجێی دایکی، کەسێك لەوبەری هێڵەکەوە قسەی کرد.

ــ (من دکتۆر (مەك کارتی)م، ئێوە؟)

ــ (دکتۆر من کوڕی نەخۆشەکەم، ناوم ڕابێرت بڕانسۆنە.)

ــ (زۆر خۆشحاڵم بەڕێز بڕانسۆن، خۆشبەختانە حاڵی دایکتان باشەو هیچ مەترسییەك ڕووبەڕوی نەبووەتەوە، بەڵام دەبێ بڵێم، کە دەبێت ئەمڕۆش لە نەخۆشخانە بمێننەوە.)

ــ (بۆ دکتۆر؟ شیمانەی مەترسی گورمتەی دڵ لە ئارادایە؟)

ــ (ڕەنگە، بۆ ئەوەی تەواو دڵنیابین، دەمانەوێ ئەمڕۆش بیهێڵینەوە. ئەگەر موزاحیمی بەرنامەکەتان بووم و بوومە هۆی ناڕەحەتی ئەوان، پێشا پێش داوای لێبوردن دەکەم.)

ــ (تکا دەکەم دکتۆر، هەرچۆن دەتانەوێ، وابکەن.)

ڕابێرت دواتر، بیستۆکەکەی لەسەر جێگاکەی دانایەوە و بابەتەکەی بە باوکی ڕاگەیاند. ئەوان ئامادەی ڕۆیشتن بوون . کاتژمێر 8ی بەیانی گەیشتنە ماڵی ئاندراس. زاوا بەخۆشی و شادی تەواوەوە، ئامادەی ڕۆیشتن بۆ کڵێسا بوو. ڕابێرت بەپێی بەڵێنێك، کە دابووی، ئۆتۆمبێلی بووکی ئاژووت. کاتژمێر 9:15 خولەك بوو، کە بۆنەی مارەکردنەکە دەستی پێکرد، ئەگەرچی هەموان پێدەکەنین، وەلێ ئاغای بڕانسۆن دەگریا و لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا ڕوخساری کەیفخۆش دەربخات، وەلێ گریانە شاراوەکانی، لەو فرمێسکانەی، کە دەڕژانە سەرگۆناکانی، بە تەواوی دیار بوو.

ڕابێرت چووە لای باوکی، ئاغای (ئۆلیڤەر) بە دڵێکی پڕ غەم و خەفەتەوە، گوتی:

ــ (کوڕم هەموو شتێ بە شکۆیە، خۆزگە دایکیشت لێرە بووایە، جێگەی ئەو خاڵییە...)

ــ (ڕاستە بابە. هەڵ و مەرجەکە وا ڕێکەوت و هیچیش نەدەکرا. لەمە زیاتر خۆتان ئازار مەدەن. سوپاس بۆ خوا، کە هیچ ڕووداوێ ڕووی نەدا، ئەگەر نا هەمووان لە بەرنامە ڕێکەوتیەکەی ئێمە، دڵ پەرێشان دەبوون.)

دواتر هەردووکیان تێکەڵی ئاهەنگەکە بوون. مێگان لە بەرگێکی سپی زۆر جواندا لە تەنیشت ئاندراسەوە، کە بەجل و بەرگێکی ڕەشەوە و بەکراسێکی سپی و بۆینباخێکی شینی

بەستبوو، دەهاتە پێشەوە. دەستە گوڵەکان لەبەر دەم هەنگاوەکانیاندا دەخرانە سەر زەوی. "جین"یش، بە دوای بووکدا دەبزووت، پاش تەواوبوونی بۆنەی مارەکردنەکە، بووك و زاوا، سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون و بەرەو ماڵی ئاندراس ڕۆیشتن، هێشتا ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ بەردەوام بوو. ئەگەرچی بڕیار وا بوو پازدە ڕۆژی تر ئەوان بڕۆنە مانگی هەنگوینی، وەلێ هاوڕێکەی ئاندراس، ئاغای (بنیامین ڕابسۆن)، کە نوێنەری کۆمپانیا بوو، بەرنامەکەی وا ڕێك خستبوو، کە ئاندراس هەفتەیەك زووتر بڕواتە ئەورووپا و لەمیانەی کاری ئیداریدا، مانگی هەنگوینی خۆیشی بەسەر ببات.

پاش تەواوبوونی بۆنەی ئاهەنگی زەماوەندەکە، جووتە بەختەوەرەکە، مێگان و ئاندراس بەیەکەوە، ساتگەلێکی دڵگیریان بەسەر برد. دەتگوت خەمی دونیا لاچووە و ژیان تەنیا لەبە یەکگەیشتنی دوو یاردا، مانای وەردەگرت. ئەوان وەکو دووباڵندەی عاشق دەنووکیان لە دەنووکی یەك دەساوی و باڵە پاکەکانیان لەیەك دەخشاند، عەشقی ڕۆحی، ئەوانی بەوەها ترۆپکی هێز و بەختەوەرەییەك گەیاندبوو، کەوا دەهاتنە بەرچاو لە یەکتر تێر نابن. هەرجارەی مێگان شەنگی دەنواند، ئاندراس لێی دەگەیشت و کاتێکیش، کە ئاندراس وەکو منداڵێکی مەعسووم دەچووە سوچێکەوە، جووتە شیرین زمانەکەی وی (مێگان) دەچووە لای. ڕۆژ و شەو مانا و واتایەکی بۆیان نەبوو، ئەوەی بۆیان گرنگ بوو، ئەوەی، کە لای یەکتر بن و لە عەشق بلێن و لە ئەوین تێراو بن و لەبوونی یەکتر بە کۆتا پلەی هێز و ترۆپکی چێژ و لووتکەی وەفا و جوامێری بگەن.

شیرینی بە دڵی ئەوان وەها شیرینتر بوو، کە تێپەڕینی ڕۆژەکانیش لایان مانایەکی نەبوو، هەتا ڕۆژێك، کە مێگان لە شەو بێداری ڕابردوو ماندو بووبوو و لە وانی حەمامەکە دانیشتبوو تا لە ژێر ئاوە شیرتینەکەدا، جەستەیەکی سەرحاڵ و ڕۆحێکی بەنەشەی هەبێت، لە مێردەکەی پرسی:

ــ (خۆشەویستم، ئەمڕۆ چەندی مانگە؟)

ــ (وا بزانم چواری مانگی "مەی" بێت.)

دواتر، کە لە ماڵەوە بەرەو ژووری کارەکەی دەڕۆیشت، چاوی بە تیانووسی ڕۆژژمێرەکە کەوت، کە لە سەری بەرنامەی ڕۆژانە و چاوپێکەوتنەکانی دەنوسی. لە ناکاو بە بینینی ئەو تیانووسە، بیری کەوتەوە، کە چەند ڕۆژێکە لە کاتیش غافڵ بووە. دەبوایە ئەو ڕۆژە کەرەستەکان و ئەو نموونانەی تازە خرابوونە بازاڕی فرۆشتنەوە، بە بەشی تۆشەی فرۆکەخانەی

بسپاردایە و لە لایەکیشەوەپێداویستییەکانی سەفەری ئامادەبکردایە. مێگان بە بیستنی ئەم قسەیە پێکەنی و سەری نایە سەر مێردەکەی. ئاندراس ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، بەرچایی ئامادە کرد و بە دڵخۆشییەوە خواردیان.

ئاندراس سەرەتا تەلەفۆنی بۆ کۆمپانیا کرد و دەستووره پێویستەکانی بە بەرپرسەکان ڕاگەیاند. پاشان خۆی ئامادە کرد و سەرەتا چووە ئەنبارەکە و پاش ئامادەکردنی پێداویستی و نموونەکان، گەیاندنییە فرۆکەخانە.

ئەو شەوە بڕیار بوو، کە ڕابێرت و جین، لەبەر ئەوەی، کە بەیانییەکەی بەرەو شیکاگۆ بەرێ دەکەوتن، لەگەڵ ئەوان نانی ئێوارە بخۆن. کاتژمێر 7ی شەو بوو، کە ڕابێرت لەگەڵ هاوسەرەکەی (جین) لە ڕێستورانت ئامادەبوون. شادی دوو هاوڕێکە لەگەڵ هاوسەرەکانیان بووبووە هۆی سەرسووڕمان و واق وڕماوی ئامادەبووانی ڕێستورانتەکە، دەتگوت ئەو شەوە هەموو کێشە و تێگیرانەکانی نێوان جین و ڕابێرت لەناو چوون. دوای خواردنی نانی ئێوارە هەموان پێکڕا چوونە دەرەوە و بۆ ماوەیەك گەڕان. نزیکی نیوە شەو بوو، کە بۆ ماڵەکانیان گەڕانەوە، ئاندراس زیاد لە هەموو کاتێ خۆشحاڵ بوو. چونکە سبەی دوانیوەڕۆکەی دەچووە سەفەرێك، کە لە تەمەنیدا تازەیی هەبوو. ئەم سەفەرە هەم لە ڕووی پیشەییەوە بۆی گرنگ بوو، هەم ئەوەی، کە مانگە هەنگوینییەکەی خۆیشی دەگوزەراند.

کاتی بەیانی، مێگان زووتر لە جاران لە خەو هەستا، بەبێ ئەوەی مێردەکەی لەخەو هەستێنێ، چووە چێشتخانەکەو ناشتاییەکی تێرو تەسەلی ئامادە کرد. پاشان جانتاکانی ئامادە کردو لەسەرخۆ لای هاوسەرەکەیەوە دانیشت و لە حاڵێکا دەستی بە قژیا ئەهێنا بە ئارامی ماچێکی لە گۆنا گەرمەکانی ئاندراس کرد. ئاندراس بە هەستکردن بە گەرمابوونی هاوسەرەکەی، لەسەرخۆ چاوەکانی هەڵهێنا و لە حاڵێکدا بە گەردنی ئەوەوە ئاوێزان دەبوو، مێگان گوتی:

ــ (هەستە، کوڕی باش، تاکەی دەبێ بخەوی؟)

ــ (سەعات چەندە ئازیزەکەم.)

ــ (وابزانم کاتژمێرێك درەنگتر لەجاران هەستاوی، کاتژمێر 8ی بەیانییە.)

دواتر ئاندراس هەستاو خۆی شووشت و بەرچاییان کرد و سەرقاڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی پێداویستیەکانی سەفەر بوون. کاتێ ئاندراس جانتا گەورەکەی دادەخست، دەنگی تەلەفۆنەکە هات و مێگان، کە بەپێوە بوو بیستۆکەکەی هەڵگرت. دەنگی ڕابێرت دەهاتە

گویێ، کە خواحافیزی لێدەکردن. لەبەر ئەوەی، کە دەبوایە ئاندراس و هاوسەرەکەشی ئەو ڕۆژە دوانیوەڕۆکەی بڕۆنە سەفەر، "رابێرت" نەیهێڵابوو، کە بۆ ڕەوانەکردنیان بڕۆنە فڕۆکەخانە و تەنیا خواحافیزی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە بەس زانیبوو.

ئاندراس و مێگان ئارەزووی بەختەوەری و سەرکەوتنیان بۆکردن و خوازیاری سەفەرێکی خۆش بوون بۆیان و پاشان ڕابێرت و جینیش، ئارەزووی کامەرانییان بۆ کردن و بەم شێوەیە خواحافیزییان لە یەکتر کرد.

*** *** ***

ــ (زووکە ئازیزەکەم، درەنگە!)

ــ (پەلەمەکە، هێشتا ئۆتۆمبیلەکە نەگەیشتووە.)

(. ئیێ تا ئێمە ئامادە دەبین، ئۆتۆمبیلەکەش دەگات.)

لێرەدا دەنگی ئیستۆپکردنی ئۆتۆمبیلێك هاتە گوێیان، ئاندراس لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد. ئۆتۆمبیلی کۆمپانیا چاوەڕێی دەرکردن. جووتە بەختەوەرەکە شتەکانیان بردە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێ کەوتن.

هۆڵی فڕۆکەخانەکە پڕاوپڕ لە جەماوەر بوو، بڵندگۆی ترمینیاڵ بەردەوام هەواڵی لە نیشتنەوە یان فڕینی فڕۆکەکان دەدا. کاتژمێر 13:10 خولەك فڕۆکەی پان ئەمریکەن بەرەو پاریس دەفڕی و دەبوایە ئاندراس و مێگان، سواری ببوونایە و بفڕینایە.

وادەی دیاریکراو گەیشت و ئەوان بە سپاردنی جانتاکانیان بە بەشی تۆشەو وەرگرتنی کارتی فڕین، بەرەو دەرەوەی هۆڵی تەرمیناڵەکە چوون. پاش ماوەیەك میواندار ڕێنمایی کردن و لە سەرجێگاکانیان دایکیشاندن. لەو ساتەدا هەردووکیان لە هەیاجانێکی توندا بوون. ئاندراس لەوەی، کە گرنگترین هەنگاوی لە پانتایی ژیان و پیشەیی دا دەنا، هەیەجاناوی بوو و مێگانیش لەوەی، کە وەکو مێردەکەی یەکەمین هەنگاوی لە دەسپێکی ژیانی هاوسەرێتییەوە هەڵدەهێنا و لەلایەکی تریشیەوە یەکەمین جار بوو، کە سەفەری بۆ ئەورووپا دەرکرد، خۆشحاڵ و دڵخۆش بوو.

فەرمانی بەستنی قایشەکان دەرچوو و میواندارەکە ڕادەی پلەی گەرما، بەرزی فڕین و هەروەها درێژی ماوەی فڕینەکەی بە موسافیرەکان ڕاگەیاند. لێرەدا، کە ئاندراس بە شەوق هاتبوو، گوتی:

ــ (ئازیزەکەم، بەڕاستی ئەوەی، کە ئێستا دەیبینم، باوەڕناکەم، دەڵێی خەون دەبینم.)

ــ (مەگەر چۆن؟)
-(ئیَ دیارە. وێکەوتی بە رێکەوتی من و تۆ و زەماوەندی نزیکەورووداں و ئەم سەفەرە، بەراستی بۆمن وەك خەونێکە.)
ــ (بەڕاستی ئەگەر ژیان ئێمە زۆر بە خۆمانەوە سەرقالٚ نەکات، وەکو خەون وایە. واتە لە چرکەساتی لە دایکبوونەوە ئەوەی، کە دەیبینین و قۆناغگەلێك، کە تێیاندا قەرار دەگرین، ئەگەر باش بن یان ئێمە دوچاری گێچەلٚ بکەن، پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگار، تالٚ و شیرین وەکو خەون دەمێننەوە.)
ــ (ئەم قسەیەت بە تەواوی ڕاستە، بەلاّم بڕوابکە من ئەسلّەن نەمدەتوانی لە زەینی خۆمدا وێنای بکەم، کە ڕۆژێك دێمە کالیفۆڕنیا و لەویَ کارێکم دەست بکەویَ و لەگەلٚ ژنێکی وەك تۆدا هاوسەرگیری بکەم.)
ــ (ئیتر لەمە زیاد زیادەبێژی مەکە، من خۆ فریشتە نیم، کە ئەوەندە پیێمدا هەلٚ دەدەی و ستایشم دەکەی.)
ــ (ڕەنگە تۆ وابزانی، بەلاّم تێڕوانینی من سەبارەت بەتۆ بە جۆرێکی ترە. تۆ بەڕاستی فریشتەی. چونکە لەبەر خاتری من و ژیانت، پشتت لە هەموو شتیَ کرد و تەنیا خوازیاری بەختەوەری من و منداڵەکانی داهاتوومان بووی.)
لێرەدا مێگان بەشەنگییەوە شانێکی لە مێردەکەی داو و لە کاتێکدا سوپاسی دەکرد، شەکرۆکەیەکی نایە دەمی ئاندراسەوە. هەنووکە ئیتر ئەو دووانە باوەڕیان هەبوو، کە ژیانیان بۆ سازاوە و داهاتوویەکی گەلێك ڕووناك چاوەڕێیانە، ئێستا ئەو دووانە لە ئاسمانی شیندا ڕوو بە ڕۆژهەلاّت و بەرەو پاریس، شاری جوانییەکان دەفڕین.

# بەشی نۆیەم

بەرەبەری نیوەشەو بوو، کە فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی پاریس نیشتەوە. جوانی و شکۆی شاری پاریس هەر لە سەرەتاوە بەتەواوی دیاربوو. ئەوان بە پێی بەرنامەکەیان، سەرەتا چوونە ئەو هوتێلەی، کە پێشتر لەلایەن کۆمپانیاوە دابین کرابوو. شوێنی حەوانەوەیان بە پێچەوانەی باقی موسافیرەکانەوە، کەرەستەو ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی تەواوی هەبوو. لەبەر ئەوەی، کە لیژنەی بەڕێوەبەری کۆمپانیا ئاگاداربوون ئەو سەفەرە بۆ ئاندراس، لە ڕوویەکی ترەوە بایەخی هەیە، ژوورێکیان بە سوییتی تەواوەوە دابین کردبوو.

مێگان کاتێك چووە ناو ژوورەکەوە، دەتگوت فیلمە سینەمایییەکان دەبینێ. ژوورێکی فراوان بە پەردەگەلێکی شین، کە لە ژێر گڵۆپە کزەکاندا، وەکو جێگایەکی عاریفانە و عاشقانە بوو، ئەویان شاگەشکە کرد. دەفرێکی کریستاڵ لەسەر مێزەکە بوو و گلاسەکانی خواردنەوە خۆیان دەنواند. سیسەمێکی گەورەو دوو نەفەری بە چەرچەفێکی زۆر جوانەوە لە جنسی سەتەن، چاویان ئەبڵەق دەکرد. دیوارەکانی بە تابلۆ ریالیستیکەکانەوە، شوێنەکەیان زۆر جوانتر دەردەخست. مێگان بە سەرسووڕمانێکی تەواوەوە بۆ چەند ساتێ سەرقاڵی تەماشاکردنی دەوروبەری ژوورەکە بوو. لێرەدا، کە ئاندراس چاوەڕوانی هاتنی بارەبەری هۆتێل بوو تا چەمەدانەکان بێنێ. نوقمی تەماشای خۆشی هاوسەرەکەی بوو. لەگەڵ ئەوەی مێگان تا ئەو کاتە زۆرێك لە هوتێلەکانی بینیبوو و زۆرێك لە شارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڕابوو و خۆیشی لە ماڵی باوکیدا ئیمکاناتێکی باشی هەبوو، بەڵام ئەم هوتێلە بۆ ئەو بە ئیمکاناتەکانییەوە و ئەویش بە بیانووی زەماوەندەوە تازەیی و گیراییەکی تایبەتی هەبوو.

ماوەیەك لەسەر قەنەفە لەلای یەك دانیشتن و دوای عەشقبازییەکی زۆر و دەربڕینی خۆشەویستی، ئامادەی حەوانەوە بوون. ئەو خواردنەوە فێنکەی ئەو شەوە بۆیان دانرابوو، هەردووکیانی زیاتر خستبووە شۆر و هەیەجانێکی تایبەتەوە. تا ئەو ڕۆژە، هیچکامیان وەها هەستێکیان نەبوو. چێژیان لە زەڕە زەڕەی بوونی یەکتر وەردەگرت. دەتگوت خۆشییەکانی دونیا لەبوونیاندا شاردراوەتەوە و هەموو شتێ بۆ بەختەوەری ئەوان ئامادە کراوە.

مێگان، کە ڕازی دەهاتە بەرچاو، وەکو پشیلەیەکی ژیکەڵە بەسەر باڵی مێردەکەیدا ڕۆکەوت و خەوت و، ئاندراسیش وەکو باوکێکی میهرەبان لە ئامێزی گرت و یەکەمین شەو لە مانگە هەنگوینییەکەیان دەستی پێکرد. سەر لە بەیانی ئەنگوتنی زەرد و زیوینی خۆر، لە سووچی پەردەی ژوورەکەوە هاتە ژوورەوە و بە سلاوێك بانگهێشتی دەستپێکردنی ڕۆژێکی جوانی کردن، ئاندراس چاوەکانی هەڵهێناو لەسەرخۆ لە جێگاکەی هەستایەوە و لە حاڵێکدا بەرەو پەنجەرەکە دەچوو، مێگانیش لەخەو هەستا. بە لادانی پەنجەرەکە، بورجی ئیڤێل بە جوانی دەرکەوت. مێگان، کە هێشتا لەسەر سیسەکەمە ڕاکشابوو، بە بینینی نووکی بورجەکە، لەناکاو هاوارێکی لە خۆشییەوە کرد و گوتی:

ــ (ئۆوها! خودای گەورە، تەماشای ئەوێ بکە چ بە شکۆیە !)

ــ (ئاهـ بەخەبەر بووی ئازیزەکەم، وەرە، وەرە تەماشا بکە.)

پاشان مێگان لە جێگکەی هەستا و لەحاڵێکدا بە لارولەنجە دەڕۆیشت و مێردەکەی زیاتر بەرەو خۆی هان دەدا، چووە لای ئاندراس. دەستی خستە سەرشانی بە سەرسووڕمانەوە کەوتە سەیرکردنی بورجی ئیڤێڵ. تیشکی خۆر لەو دیو بورجی ئیڤێڵەوە دیار بوو. خرتی هەتاو وەك گۆیەکی بەتین و سوور دەبینرا، مێگان خۆی ڕێك خست و ئامادەی خواردنی ناشتایی بوو. پاش خۆشتن کردن، ئامادە بوون تا بڕۆنە کافتریاکەی خوارەوە ناشتاییەکەیان بخۆن. مێگان بە بینینی شکۆ و ڕەسم و یاسای هۆتێلەکە زۆر سەری سووڕمابوو، کچە کاڵەکان بە جل و بەرگی ڕەنگین، کە وەك جلی ئەوانەی لە سێرکدان دەدەرەوشانەوە و بە هەموو لایەکدا دەڕۆیشتن و بە میهرەبانی و دڵنەوابییەوە موسافیرەکانیان ڕێنوێنی دەرکرد، یەکێك لە کچەکان بە زاراوەیەکی شیرین، کە دیار بوو بە ڕەگەز فەڕەنسییە، داوای لێکردن، کە بە دوایدا بڕۆین. ناو کافتریاکە زۆر هێمن و نەوای ئاوازێکی دڵنشین، مژدەی سپێدەیەکی شیرین و دڵگیری دەدا، مێگان و ئاندراس لە پشت مێزێکەوە دانیشتن و داوای خواردنی بەیانییان کرد.

دوای خواردنی ناشتایی بە مەبەستی گەڕان و بینینی شەقامەکان و شوێنە دڵڕفێنەکان، هەموو شار گەڕان. ئاندراس لەگەڵ هاوسەرەکەی سەریان لە فرۆشگاکان دا و لە حاڵێکدا لە سەیرکردنیان تێرنەدەبوون، بە ناچاری بەرەو سەنتەرەکانی کڕین و سەودا چوون، تا ڕاوێژی پێویست لەبواری کڕینی جل و بەرگ و تەرحە نوێیەکانی کۆمپانیادا ئەنجام بدەن.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ئاندراس، هاوسەرەکەی بۆ گەڕان لە شوێنگەلی تەماشاکردن و کڕین و فرۆشتن لە سەنتەرە گرنگەکان بردە دەرەوە، لە شەقامی شانزەلیزە، گرتووخانەی باستیل

و... دیەنیان کردو سەرئەنجام سەردانی فرۆشگای بەناوبانگ و ناسراوی فەڕەنسی بە ناوی "شەنێل"* کرد و لە باشترین و نوێترین بەرهەمەکانی ئەوێیان کڕی. مێگان هەرچەند دەگەڕا پاریس زیاتر سەرنجڕاکێش دەبوو لای.

نزیکەی سێ ڕۆژی تەواو لە پاریس مانەوە و پاشان بۆ ئەنجامدانی کاری پێ ڕاسپێردراویان چوون بۆ میلانی ئیتالیا. شاری میلان بە هەموو جوانیو شکۆیەوە زۆر جەنجاڵ و پڕ ترافیك بوو. مێگان لەوێش خۆشترین کاتەکانی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەسەر برد و سەرئەنجام بە کڕینی باشترین پێڵاو لە چەرمە باشەکان و هەروەها جلی چەرمین، بیرەوەری ئەو شارە قەشەنگەشی لە دەفتەری یادەوەرییەکاندا تۆمارکرد.

ئێستاو لە درێژەی ئەم سەفەرەدا، مەبەستیان بوو بڕۆن بۆ لەندەن. ئەو شەوەی، کە دوا شەوی مانەوەیان لە میلان بوو، مێگان ویستی، کە سەیری فیلمەکانی ئەو شارەش بکات. ئاندراس، کە دایم حەزی لە خواردنی ئێسپاگێتی بەناوبانگی ئیتالیا دەکرد، بە بیانووی چوونە سینەما، لەگەڵ مێگان چوونە دەرەوە. سەرەتا لە ڕێستورانتی (جولیۆ پریڤلی) لە ئێسپاگێتی یە بەناوبانگەکەی ئەوێیان خوارد و بیرەوەرییەکی شیرینیشیان لەوێ تۆمار کرد و پاشان چوونە تەماشای فیلمێکی سۆزداری و تا درەنگانێکی شەو تەماشایان کرد. ئەو شەوە ماندووکەرترین شەو بوو بۆیان. بەم حاڵەوە هیچکام لەوان هەستیان بە ماندوویێتی زۆر نەدەکرد و هەر ساتە و بۆیان شیرین و بیرەوەری بزوێن بوو، ئەو هۆتێلەی، کە تیانیشتەجێ بوون، لە ڕاستیدا هەڵکەوتێك لە چاخە کۆنەکان و شارستانییەتی نوێ بوو، حاڵەت و دیمەنێکی نوێی پێك هێنابوو، کە سەرنجی هەموو بینەرێکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا.

کاتژمێر (9)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە فڕینەکەیان بەرەو لەندەن ئەنجام درا، فڕۆکەی (بریتیش ئێرویز) وەك هەمیشە لەکاتی خۆیدا دەفڕی. حاڵەت و هەڵس و کەوتی میواندار و بەرپرسەکانی فڕۆکەکە، هەر لەسەرەتاوە بە تەواوی حاڵ و هەوای ئینگلێستانی دەهێنایە پێش چاو، ئەگەرچی ئەوان تا ئەو ڕۆژە ئینگلێستانیان نەبینیبوو، وەلێ حاڵەت و کەشی زاڵی ناو فڕۆکەکە، ئەو وڵاتەی بەتەواوی لە زەینی ئەواندا وێنا دەکرد.

کاتێ، کە فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی لەندەن نیشتەوە، نیوەڕۆ بوو، ئاندراس لە حاڵێکا، کە لە قادرمەی فڕۆکەکەدا وەستابوو، سەرنجی هاتووچۆو ترافیکی ئاسمانی لەو فڕۆکەخانەیە دا.

---

* Chanel paris

ئەو دووانە پێکەوە چوونە ناو فڕۆکەخانەکەوە. پێش ئەوەی بەرەو هۆتێل بڕۆن، بڕیاریان دا لە ڕێستورانتی فڕۆکەخانەکەدا، نان بخۆن. خواردنی دڵگر و ئێستەیك* تایبەت بە لەندەن بە دڵی هەردووکیان بوو. شیرینی ساتەکانی ژیانی هاوبەش هەموو ساتێ بەڕوونی دەردەکەوت. مێگان لەوەی، کە باشترین و شایستەترین هەڵبژارنی لەماوەی ژیانیدا ئەنجام داوە، ڕازی دەهاتە بەرچاو. هەرساتێ، کە لە قولایی دڵەوە پێکەنینی بۆ ژیانی دەکرد و یان بە قووڵی سەیری مێردەکەی دەکرد، شانازی بەبوونی ئاندراسەوە دەکرد و لە بەرامبەردا ئاندراسیش لەوەی، کە هاوسەرێکی بەو باشی و ڕەوشت جوانییەوە هەیە وئەوی تا ئەو ئەندازەیە لە خۆشحاڵیدا دەبینێ، خۆیشی خۆشحاڵ و دڵهەدا دەبوو.

دوانیوەڕۆ بوو، کە ئەوان لە هوتێلدا دەحەوانەوە. ئەوێش باشترین هوتێلی شاربوو. تا عەسر حەوانەوە و کاتی ئێوارە بەمەبەستی سەردانی شار چوونە دەرەوە. هەوای کۆتاییەکانی وەرزی بەهار، کە شاری تەماوی کردبوو، شێیەکی تایبەتی بەسەر شاردا زاڵ کردبوو. مێگان، کە تا ئەو ڕۆژە وەها دیمەنێکی نەبینیبوو، هەستی بە دڵتەنگی دەکرد. لەهەوای تەماوی لەندەندا، گڵۆپە نیئۆنییەکان جوانتر دەبینران. جلی مەئموورە سکۆتلەندییەکان بە جل و بەرگە تایبەتیەکەیانەوە، سەردەمانی ڕابردوو و مێژووی کۆنی ئینگلیستانیان دەهێنایەوەە پێش چاو. عەمارەتی بەردین و بەرز بە شەقامە کۆنەکانەوە، کە هەندێجار شۆستەکان وەکو ڕۆژگاری کۆن بەردە ڕێژبوون لە دیدی مێگاندا سەیر بوون. شاری لەندەن بەو گەورەیی و شکۆیەوە نوێنە*یەك لە چەرخی شارستانییەتی کۆن و نوێ بوو.بوونی کاتژمێرە گەورەو بەرزەکەی (بیگ بێن)*، کە نوانەی شاری لەندەنە، لەهەموو لایەکی شارەوە دەبینرا. دەنگی ئەو کاتژمێرە لە هەر چوارلای شارەوە دەبیسترا. شاری لەندەن بەم هەموو وەسفەوە زۆریش سەرنجی مێگانی ڕانەکێشا. ئەو شەیدای پاریس بووبوو. سبەینێی پاش ئەو ڕۆژەش بڕێك شتیان لەو شارە کڕی و سەردانی دیمەن و موەزەخانەکان و هەروەها زانکۆکان و کتێبخانە پاشاییەکانیان کرد.

ئەو شەوە، کە ئاندراس بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ لۆس ئانجێلۆس ئامادە دەبوو، بیری کەوتەوە، کە تەلەفۆن بۆ لۆس ئانجێلۆس بکات، پێش ئەوە بڕیاری دا، کە هەواڵێکیشی لە

---

* ئێستەیك:- خۆراکی گۆشتی ڕاستەی پانەوەکراوی سوورەوەبوو. "فرهنگ کردی-فارسی دانشگاه سنندج.

* Big ben

هاوڕێکەی (ڕابێرت) هەبێت. لەو کاتەدا مێگان لە حەمام بوو. ئاندراس بیستۆکەکەی هەڵگرت و ژمارە تەلەفۆنی ڕابێرتی لێدا، بەڵام بەداخەوە لەو دیوی هێڵەکەوە کەس وەڵامی نەدایەوە.

پاشان تەلەفۆنی بۆ بەرپرسەکەی کرد و کارەکانی پێ ڕاگەیاند و لەگەڵ قسەکانی دا گەڕانەوەی خۆشیانی پێ ڕاگەیاند. مێگان هێشتا لەحەمام بوو، وەلێ بە پێچەوانەی جارانەوە دەنگی دووشەکە نەدەبڕا. ئاندراس بۆ ساتێ بێ گوێدان سەرقاڵی کەل و پەلەکان بوو، بەڵام پاش ماوەیەك، کە مێگان دەنگی نەبوو، نیگەران بوو و چووە حەمام، مێگان ڕەنگ پەڕیو لە ناو وانەکەدا کەوتبوو. ئاندراس بە تۆقاوییەوە چووە ژوورەوە.

ــ (مێگان، مێگان چی بووە... نەکا هەڵم لێی دابێ؟)

وەلێ مێگان نەیدەتوانی قسە بکات و تەنیا تەماشای دەکرد و چاوەکانی دەجووڵان و وەك بڵێی چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسك. ئاندراس دووشی ئاوی ساردی بۆ کرد و پاشان بەزەحمەت هێنایە دەرەوە و دوای وشك کردنەوەی لەسەر سیسەمەکە خەواندی. مێگان هێواش هێواش دەهاتەوە سەرخۆی. ئەگەرچی دەگەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی بەڵام دەگریا. ئاندراس لایەوە دانیشت و لە حاڵێکدا سەری ئەوی لە باوەش گرتبوو و دەیلاواند، گوتی:

ــ (نارەحەت مەبە ئازیزەکەم... سوپاس بۆ خوا، کە هیچ نەبووە، بۆ دەگریەی؟)

ــ (ئاندراس ئەگەر بمردمایە چیت دەکرد؟ بۆ حاڵی تۆ دەگرییێم.)

ــ (بەسە ئازیزەکەم. بە دڵنیاییەوە هەڵم لێی داوی بۆیە تووشی سەرگێژە بووبووی.)

ــ (نازانم، کتوپڕ حاڵم گۆڕا و هەستم کرد خەوم دێت و هەر بەو شێوەیەی لە وانە(بانیو)ەکەدا ڕاکشابووم، کەوتم، ئیتر وامدەزانی هەناسەم گیراوە.)

ــ (بە دڵنیاییەوە ماندووبووی و ئاوی گەرم تۆی سست و بێ هێز کردووە.)

ــ (هەرچی بوو، تەواو بوو، ئەگەر تۆ نەهاتایەی ڕەنگە ئێستا مردبووم، ئەسڵەن لەم ماوەیەدا لە کوێ بووی، بۆ نیگەرانم نەبووی؟)

ــ (وەڵا لەناکاو بیرم هاتەوە، کە زۆرت پێچووە، دەمویست تەلەفۆن بۆ ڕابێرت بکەم پەیوەندیم کرد بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.)

ــ (ئێ دووبارە پەیوەندی بکەوە، ڕەنگە لە دەرەوە بووین.)

ئاندراس بەپێی ڕاسپاردەی مێگان داوای لە فەرمانبەری هۆتێلەکە کرد، کە ئەو ژمارە تەلەفۆنەی، کە پێشتر پێی دابوو، لە شیکاگۆ بۆیان وەربگرێ و بیدا بە ژوورەکەیان. پاش چەند ساتێ تەلەفۆنەکە زەگی لێ دا و، کە ئاندراس هەڵیگرت دەنگی ڕابێرت دەهاتە گوێ.

ــ (ئەلو... ئەلو... خۆتی ڕابێرت؟)

ــ (بەڵێ... ئێوە؟)

ــ ( ئاندراسم. لە لەندەنەوە تەلەفۆن دەکەم.)

ــ (ئۆوە چ سەرنجڕاکێش، ئێ دەنگوباس، کەش و هەوای ئەوێ چونە؟)

ــ (خراپ نییە، کەمێك نمدارو شێدارە. جێگاتان خاڵی، زۆر خۆشمان لی گوزەراوە.)

ــ (ئێ کاروبارەکانت چۆنە؟ مێگان چۆنە؟)

ــ (سوپاس بۆ خوا هەموو کارەکانم ئەنجام داوە ومێگانیش ئێستا لامە، سڵاوی هەیە بۆت، ئێ دەنگوباسی جین چییە؟.)

ــ (ئەویش باشە، ئێستا لە مووبەقەکەیە و نانی ئیوارە ساز دەکات.)

(نیو کاتژمێر پێشتر تەلەفۆنم کرد، کەس وەڵامی نەدایەوە، لەکوێ بوون؟)

ــ (ئۆو، بەڵێ، لە دەرەوە بووین، چەند خولەکێکە هاتووینەتەوە بۆ ماڵەوە.)

ــ (ڕابێرت بزانم، ئێستاش جین دژایەتیت لەگەڵ دەکات یان عاقڵ بووە؟)

ــ (ئێستا، کە کێشەیەکمان نییە. بەڵام بیرکردنەوەی لە چاو ڕابردوو گۆڕاوە.)

ــ (خۆ ڕاسپاردەکەی منت لەبیر نەکردووە.)

ــ (نا، زۆریش گوێقوڵاخی وەها هەلێکم تا ڕاسپاردەکەی تۆ بەجێ بێنم. نیازمان وایە هەفتەی داهاتوو بۆ هاوایی بڕۆین.)

ــ (زۆر خۆشتان لی دەگوزەرێ. حەتمەن ئەم کارەبکە.)

ــ (ئێ خۆتان بڕیارتان چییە؟ هێشتا ناتانەوێ بگەڕێنەوە.)

ــ (بۆچی نا، دەمویست گەڕانەوەی خۆمان بە کۆمپانیا ڕابگەیەنم، کە بیرم کەوتەوە تەلەفۆنیش بۆ تۆ بکەم. قەرارە سبەی بەرەو لۆس ئنجێلۆس بگەڕێینەوە.)

ــ (بەهەرحاڵ سوپاست دەکەم، کە پەیوەندیت کردووە، بە
فڕینی کاتژمێر چەند دێنەوە؟)

ــ (بەفڕینی ژمارە 4057 دەمژمێر 9:10 خولەك دەفڕین، هیوادارم دەمژمێر 12:20 خولەك بە کاتی ئەوێ، لەوێ بین.

ـــ (باشە ئێستا خواحافیز، هەر، کە گەیشتنە لۆس ئانجێلۆس، تەلەفۆنم بۆ بکەن.)
ـــ (حەتمەن، هاوڕێی خۆشەویست.)

(ئاندراس) هەمیشە ڕابێرتی وەکو برایەك خۆش دەویست. سالانێك بوو، کە هاوڕێی یەك بوون و بەشداری خەم و خۆشی یەکتر بوون و رابێرت لە زەمانی خوێندن و کاتیێ، کە ئاندراس بەهۆی کۆچکردنیانەوە لەلایەن هاوڕێکانەوە سوکایەتی پێدەکرا، هەمیشە لایەنگری لیێ دەکرد و بەم هۆیەوە ئاندراس خۆی بە قەرزاری ئەو دەزانی. ئەوان لەو کاتەوەی، کە لە وڵاتەکەیان ئیسپانیاوە، کۆچیان بۆ ئەمریکا کردبوو و نیشتەجێی نیۆیۆرك بووبوون، لەگەڵ ڕابێرتدا تەرحی هاوڕێتی دارشتبوو، وە هەر لەو زەمانەوە وەکو دوو برا پێکەوە بوون و وەك خەمخۆری یەك گوێیان لە دەردەڵی یەکتر دەگرت و دەرکیان دەکرد و لە کێشەکانی یەکتردا، هاودەردی یەك بوون. ئاندراس لە کاتێکەوە بە پێکدادانە لەفزییەکانی نێوان ڕابێرت و جینی زانیبوو، هەستی بە نیگەرانی دەکردو بەم هۆیەشەوە هەمیشە لە بارودۆخی ژیان و سازشیانی دەجوینییەوە. ئێستا بە بیستنی ئەوەی، کە ئیتر جین مشتومڕی لە بارەی باوەڕەکانییەوە نییە، خۆشحاڵ بوو و ئارەزووی بەختەوەری بۆ جین و هاوڕێکەی دەکرد.

مێگانیش لەوەی، کە ئەو دووانە بەرخوردێکیان لەگەڵ یەك نییە و وەك جاران لە کەشێکی پڕ لە خۆشەویستی و میهرەبانیدا درێژە بە ژیانیان دەدەن، خۆشحاڵ بوو.

ئەو شەوە ئاندراس و مێگان، بە هیوایەکی زۆرەوە بە ژیانی شیرینی داهاتوو، سەریان خستە سەر سەرین و خەوتن. دەمەو بەیانی ئاوازی باڵندە بەهارییەکان لەگەڵ سۆزەی شەونمەکانی سەر شووشە و هەڵهاتنی نزمی هەتاو لەسەروو تەمێکی چڕەوە، ئەو جووتەی لەخەو هەستاند. مێگان وەك هەمیشە زووتر هەستابوو و دوای ئامادەبوونی خۆی، ئاندراسیشی لەخەو هەستاند. بۆ خواردنی نانی بەیانی پێکەوە ڕۆیشتنە خوارەوە و کاتژمێر (8)ی بەیانی بوو، کە بەرەو فڕۆکەخانە ڕۆیشتن. فڕۆکەی بریتیش ئێرویز کاتژمێر 9:10 خولەکی ڕێك فڕی و ساتیێ دواتر خۆری تازە هەڵهاتوو لە دوایانەوە بوو.

هاوڕێ و هاوکارو ئاشنایان بۆ پێشوازی مێگان و ئاندراس هاتبوونە فڕۆکەخانە. هەموو ئاشنایان وێڕای سڵاو و هەواڵپرسین پیرۆزباییەکانی خۆیان دەردەبڕی. ئیتر ژیان ئاڵقەکانی پتەوتر دەکرد و پەیوەندی نێوان مێگان و ئاندراس تەباتر و پتەوتر دەبوو. ئەو جووتە لاوە بەشۆر و تاسەوە بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتنەوە. ماڵێك، کە ئێستا هێلانەی ئەوان بوو و لە ژێر

مێچەکەیدا تەرحی ژیانێکی نوێدا دەڕێژراو ژیانی نەوەیەکی نوێ ڕێکدەخرا. ئاندراس لەو کاتەدا، کەلەگەڵ ئەرکە خێزانییەکاندا خۆی بە ئەرکداری کار و پیشە دەزانی، گوتی:

ــ (لە بەیانییەوە دیسان دەبێ کار بکەین.)

ــ (بەڵام ئازیزەکەم من کارێکم نییە، نامەوێ ئەکتەری بکەم.)

ــ (چی؟ چیت گوت؟)

ــ (ڕاستییەکەم گوت، ئێستا ڕۆڵی من لە ژیاندا گەلێك گرنگترە لە ڕۆڵی من لە فیلمە ڕێکلامی (بازرگانی) یە کاندا. من دەبمە ئەکتەری ژیانمان.)

# بەشی دەیەم

ـــ (سڵاو هاوڕێی من... چۆنی؟)

ـــ (ئۆوە سڵاو ئاندراس، باشم، سوپاس بۆ خوا، بە سەلامەت گەیشتی؟)

ـــ (بەڵێ، ئەمڕۆ بەیانییەکەی دەستم بەکارەکەم کردەوە، تۆ چۆنی؟ جین چۆنە؟)

ـــ (سڵاوی هەیە... ئێمەش سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانین.)

ـــ (باشە کەی تاقیکردنەوەکان تەواو دەبن؟ هیوادارم سەرکەوتوو بن.)

ـــ (بەم زووانە تەوا دەبن، وابزانم هەفتەی داهاتوو پێش سەفەرەکەمان بتوانم پەیوەندیت پێوە بکەم.)

ـــ (بەڕاست؟ چ باش! کەواتە ڕۆیشتننتان بۆ هاوایی بوو بە ڕاست.)

ـــ(ئەگەر خوا بیەوێ، نیازمان وایە.)

ـــ (بەهیوای دیدار، سڵاو بگەیەنە.)

ئاندراس جارێکی تر بە بەرەکەتی هاوڕێیەتی ڕابێرتەوە، پەیوەندی کرد و ئاگاداری بار و گوزەرانی وی بوو، پاش ساتێ مێگان پەیوەندی بە ئاندراسەوە کرد و خراپی حاڵی خۆی پێ ڕاگەیاند. دەنگی مێگان وەها کز و لاواز بوو، کە ئاندراس هەر لە چرکەی یەکەمەوە پەی بە ڕووداوەکە برد.

ـــ (ئازیزەکەم، ئێستا خۆم دەگەیەنمەوە ماڵەوە، هیچ نیگەران مەبە.)

ـــ (نا، ئاندراس خۆت ناڕەحەت مەکە، تەنیا تۆزێ تووشی سەرگێژە بووم و هەر لەبەر ئەوە دڵم تەنگ بوو و تەلەفۆنم بۆ تۆ کرد. واز لە کارەکەت مەهێنە.)

ـــ (نا فریشتەکەم، ئاگات لە خۆتبێ، تا چەند خولەکێکی تر لە لای تۆم.)

ئاندراس خێراو بەپەلە دەیئاژووت و هەر وەك بەڵێنی دابوو، لە ماوەی چەند خولەکێکدا گەیشتەوە ماڵەوە. هێشتا مێگان لە تەنیشت سیسەمەکەوە دانیشتبوو و سەری خستبوە نێوان هەردوو دەستیەوە. ڕەنگ پەڕیوی و کزییەکەی، بەتەواوی نیشانەی نەخۆشبوونی بوو. ئاندراس بە بینینی بارودۆخی نائاسایی هاوسەرەکەی، نیگەرانی حاڵ وی بوو و هەوڵیدا بیگەیەنێتە پزیشك، وەلێ مێگان نەیهێشت و لە چوونە لای پزیشك خۆی بوارد. ئەو ڕۆژە تا

نیوەڕۆ، مێگان حاڵەتێکی پەرێشانی هەبوو و ئەسڵەن وەکو پێشتر نەبوو. هەرکاتێ، کە هەڵدەستایەوە، هەستکردن بە سەرگێژە و هێڵنج ئازاریان دەدا، هەتا ئاندراس ناچار بوو، خۆی خواردن ئامادە بکات. ئەو ڕۆژە دەمەو عەسر دیسانەوە حاڵی مێگان نالەبار بووەوە و ڕشانەوە و هاتنە خوارەوەی فشاری خوێن، زیاتر بووە هۆی نیگەرانی. ئاندراس بەناچاری ئەوی گەیاندە ئۆرژانسی نەخۆشخانەی "هێلس". پزیشك بە بینینی حاڵی مێگان، سەرەتا هیچی بۆ دەرنەکەوت و بەناچاری ئەوی خستە ژێر ئازمایشتە جۆراوجۆرەکانی میزو خوێنەوە.

ئەو شەوە پزیشك فایلی نەخۆشەکەی تەواو کرد و دوای دەرمانێکی سەرپێیی ژن و پیاوە لاوەکە دووبارە بۆ ماڵەوە گەڕانەوە.

شەو بە هێمنی و بە چێژو خۆشییەوە تێپەڕی. مێگان سەرلە بەیانی وەك جاران زووتر بێدار بووەوە و ناشتاییەکی تێروتەسەلی بۆ خۆی و هاوسەرەکەی ساز کرد، ئەو دووانە بە گەشی و کەیفخۆشی تەواوەوە بەرچاییان کردەوە و پاروویێك ئاندراس دەیکرد بە دەمی مێگانەوە و پاروەکەی تریش، مێگان بە شۆخی و شەنگییەوە دەیکرد بەدەمی هاوسەرەکەیەوە. ژیان بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، بۆیان شیرین و چێژبەخش بوو. هیچ شتێك نەدەبووە هۆی ناخۆشییان، مێگان لە حاڵێکا، کە کۆتەکەی ئاندراسی ڕاگرتبوو تا لەبەری بکات، گوتی:

ـــ (ئازیزەکەم، خۆت دەڕۆیتە نەخۆشخانە ئازمایشتەکان وەربگریتەوە یان خۆم بڕۆم.)

ـــ (نا، تۆ ئاگاداری خۆتبە. زۆریش خۆت ماندوومەکە، من خۆم وەری دەگرمەوە.)

دواتر پیاو لاوەکە ماڵئاوایی لە ژنەکەی کرد و بەرەو شوێنی کارەکەی ڕۆیشت.

لە دیدی ئاندراسەوە دنیا، جیلوەگای چێژەکان و شیرینی و سەفاو هاودڵی بوو. بۆ هەر شوێنێکی دەڕوانی، خۆشەویستی و هاودەردی دەبینی. تەواوی ساتەکان بۆ ئەو شیرین و خۆشەویست بوون، هەرکارێکی دەکرد و هەر شتێکی دەخوارد لە یادی مێگاندا بوو. ژیان دەگەڵ مێگاندا وەکو دیارییەکی پڕبەها دەهاتەو بەرچاوی، لە بەرامبەردا مێگانیش تەواوی شیرینی و چێژەکانی ژین و ژیانی لەبوونی ئاندراسدا کورت دەکردەوە. ئەو تا ئەو ڕۆژە، مانای ژیانی وەرنەگرتبوو. هەمیشە مانەوەی ئاوهایی و ڕاگەیشتن بە خۆی دەزانی، بەڵام هەنووکە وێڕای ئەوەی بەرپرسیارێتیەکی گرتبووە ئەستۆ، وەلێ خودی بەرپرسیارێتیەکەش بۆ ئەو شیرین و دڵگربوو، کاتێ کارێکی ئەنجام دەدا، بەخۆی ڕادەگەیشت، مەکیاژی دەکرد، ماڵەوەی پاك و

تەمیز دەکرد، بەدوای ئامانجێکەوە بوو. هەموو ئەو کارانە لەبەر ژیانی هاوبەش، مانای گشتی و بایەخداریان هەبوو.

کاتژمێر 10:30 خولەکی سەر لەبەیانی بوو، کە نزیکەی زۆری قەبارەی کاری ئاندراس کەم بووەوە، بڕیاری دا بچێتە نەخۆشخانە و ئەنجامی ئازمایشتەکانی دوێنێ شەو وەربگرێتەوە. هەر لەو کاتەدا، کە لە ژووری سکرتێرەکەی خۆی دەهاتە دەرەوە، سکرتێرەکەی خانمی "مێری" بانگی کرد:

ــ (بە ڕێز ئاندراس... خانم... خانمەکەتان تەلەفۆنی کردووە.)

(ئاندراس) بە بیستنی دەنگی سکرتێرەکەو لەوەی، کە زانی هاوسەرەکەی تەلەفۆنی کردووە، داچڵەکی و یەکسەر گەڕایەوە نووسینگەکەی. ساتێ لای تەلەفۆنەکەدا ئێسی کرد دەستەکانی لێك ساوین. سەرەتا وای دانا، کە دیسان حاڵی هاوسەرەکەی تێك چووە و هەواڵی خراپی پێیەو بەم بۆنەیەوە بە دڵە خورپێ و دڵەڕاوکێوە، لەسەرخۆ بیستۆکەکەی هەڵگرت.

ــ (ئەلو... تۆ... تۆی ئازیزەکەم؟ دیسان ئازارت هەیە؟)

ــ (0ئۆوە، نا، ئاندراس، بە پێچەوانەوە ئەم جارە دەمەوێ خۆشحاڵت بکەم.)

ڕەنگی گوڵێ ڕوخساری ئاندراس پشکوت و زەردەیەکی شیرین لە سەر لێوەکانی دەرکەوت. سکرتێرەکەی، کە بە وردی ئاگاداری هەڵسوکەوتی ئەوبوو، نائاگا ئەویش پێکەنی.

ــ (ئێ، چی بووە؟ یەکسەر بڵێ، کە ئیتر ئارام و تاقەتت لێ بڕیم.)

-(کەمێك لەمەوبەر دکتۆر "بێرترام" هەمان ئەو پزیشکەی دوێنێ شەو دەویانی کردم، تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کرد، سەرەتا ئەوم نەناسی و کاتێ، کە خۆی ناساند، تازە زانیم، کە خۆیەتی...)

ــ (ئێ... باشە... چی بوو؟)

ــ (هیچ. ئەگەر مزگێنی نەدەی، وڵامی پرسیارەکەت نادەمەوە.)

ــ (باشە تۆ بیڵێ، مزگێنیش هەرچی تۆ داوا بکەی.)

ــ (بە بۆچوونی تۆ چی ڕووی داوە؟)

ــ (ئازیزەکەم چی بووە؟ تۆ کەمنت نیوە گیان کرد، دە بیڵێ.)

ــ (ئەگەر بیڵێم، بە دڵنیاییەوە لای سکرتێرەکەتا باڵت لێ دەڕوێ و دەفڕی... تۆ بووی بە باوك.)

(ئاندراس) هوورایەکی کرد و لە زۆری خۆشحاڵیدا دەستێکی مەحکەمی دا بەسەرشانی سکرتێرەکەی خۆیداو گوتی:

ــ (بەڕاستە مێگان؟ بەڕاستی دووگیان بووی؟ کەواتە ئەم ئازارانە لە دووگیانی تۆوەبوو.)

ــ (بەڵێ ئازیزەکەم ئەو گوتی، کە ئێستا دووگیانم و ئەم هەموو ئازارەش لە دووگیانییەوەیە.)

ــ (باشە، کەواتە پێویست ناکات لێرە بم. ئازیزەکەم ئامادەبە، نیوەڕۆ پێکەوە لە دەرەوە نان دەخۆین.)

ــ (نا، وازبێنە، زۆر هەڵەخەرجی مەکە. ئەگەر حەز دەکەی لەگەڵ من بیت، نیوەڕۆ لە ماڵەوە چاوەڕێتم.)

ئاندراس باوەڕی بەوە نەدەکرد، کە بیستبووی. ئایا بەڕاست وەها بەخت و شانسێك ڕووی لەو کردبوو؟ ئەو ڕۆژە تانیوەڕۆ، بە ئەندازەیەك (... ... ... ... . .) بوو، کە تێپەڕینی کات بۆی زۆر دژوار بوو، نیو کاتژمێر زووتر لە جاران لە نووسینگەکەی هاتە دەرەوە و بەرەو ماڵەوە تێی تەقاند، لە ڕێگادا کراسێکی پەمەیی بە گوڵی جوانەوە لە جۆری ڕۆز، کە دەتگوت پارچەکە گوڵ ڕازێن کرابوو، بۆ مێگانی کڕی. هەر، کە لە دەرگایدا، وەك بڵێی مێگانیش لەو دیو دەرگاکەوە بوو، یەکسەر دەرگاکەی کردەوە، ئاندراس پاکەتەکەی نایە زەوی و بە خۆشییەوە دەستی کردە ملی هاوسەرەکەی و بە خۆشەویستی تەواوەوە لە ئامێزی گرت و ماچی کرد و پاشان گوتی:

ــ (باشە هیوادارم، کە ئەمڕۆ ئازارت نەبووبێت. موسافیرە چکۆلەکە چۆنە.)

ــ (هێشتا، کە هەست بەشتێ ناکەم، بەڵام وابزانم هیچ لە باوکی کەمتر نەبێ و وەك تۆ شەیتان و فێڵبازە.)

هەردووکیان بەم قسەیە پێکەنین و پاشان ئاندراس پاکەتەکەی هەڵگرت و بەبێ ئەوەی مێگان بزانێ چی لە ناو دایە، بەرەو ژووری نووستن ڕۆیشت، پاکەتەکەی کردەوە و لەسەر سیسەمەکە پانی کردەوە و دواتر مێگانی بانگ کرد و گوتی:

ــ (ئازیزەکەم، وەرە ئێرە بزانە ئەمە چییە؟)

مێگان کاتێ هاتە ژوورەوە، کراسێکی پەمەیی گوڵداری زۆر قەشەنگی بینی. ئەوەندە کەیفی پێی هاتبوو، کە نائاگا خۆی دا بەسەر کراسەکەدا دا و لە حاڵێکا خستبوویە سەر

شانی و تلێکی دا و لێرەدا ئاندراسیش لە ئامێزی گرت و تاتوانی خستیەبەر ڕەحمەتی لاواندنەوە و خۆشەویستییەوە.

خۆری دڵبزوێنی کۆتاییەکانی حوزەیرانیش هاوڕێتی ئەوانی دەکرد و لە خۆشی ئەواندا بەشدار دەبوو. ئاندراس بۆ ئەوەی ئیشتیای مێگان بکاتەوە، لە باوەشی گرت و بەرەو حەوز و باخچەکە ڕای کرد، هەردووکیان بۆ ماوەیەك لەحەوزە شیتینەکەدا مەلەیان کرد و بە خۆشییەوە ماوەیەکیان بەسەربرد. شادی ئەو ڕۆژە نەدەهاتە وەسف کردن، هەر چرکەیەکی بۆ مێگان و ئاندراس پڕ بەها و بایەخدار بوو، خۆشی ژیان لەگەڵ یەکتردا، زۆرتر و زیاتر لە پێشتر هەستی پێدەکرا. ئەو دووانە دوای مەلەکردن، کە بەتەواوی سەرحاڵ بووبوون، چوونە ژوورەوە و نانی نیوەڕۆیان خوارد. ئێستا ئیتر قۆناغەکانی ژیانیان بەتەواوی جیاواز لە رابردوو بوو. نەك هەر دەبووایە بە خۆیان ڕابگەن، بەڵکو ئاگاداری موسافیرە لە حاڵی کامڵ بوونەکەشدا بن، کە چەند مانگێ دواتر، شۆڕو نەشەیەکی لە وەسف نەهاتووی فەراهەم دەکرد. ئاندراس هەر لەهەمان ڕۆژەوە بڕیاری دا، مێگان بخاتە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕی ژنانەوە، تا لەهەر ڕوداوێ پارێزراوبن، ئاندراس ئەو ڕۆژە پەیوەندی بە یەکێك لە هاوڕێکانییەوە کرد لەم بارەوە پرسای پزیشکێکی قابیلی متمانە بوو.

ئەو شەوە سەردانی هاوڕێیان و هەروەها بەشداری کردن لەبۆنەی سەمای "باڵە"ی ئیتاڵی، بۆمێگان زۆر دڵخواز بوو. ئەو دوانە تا نیوەشەو خەریکی گەشت و گێڵ بوون سەرئەنجام بە ماندوێتییەکی زۆرەوە بەرەو ماڵ بوونەوە. هێشتا دەرگاکەیان نەکردبووەوە، کە دەنگی تەلەفۆنەکە گەیشتە گوێیان. مێگان دەم و دەس بەرەو تەلەفۆنەکە غاری داو کاتێ هەڵیگرت، ژنێك بە زاراوەیەکی تایبەت داوای لێکردن چاوەڕێی موخاتەب* بن، دەنگەکە پارازیتی* لەگەڵ بوو و بەسەختی دەنگ دەهاتە گوێ، مێگان ساتێ بە واق وڕماوی و سەرسووڕماوییەوە ئێسی کرد و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، ڕووی گرژ کرد و زاق سەیری ئاندراسی دەکرد، لەناکاو وەك بڵێی شتێ ڕووی دابێت، لەجێی خۆی تەکانێکی مەحکەمی دا و گوتی:

ــ( ئە ... ئەلو... بەڵێ... من مێگانم.)

ــ (سڵاو مێگان، ئاندراس لە ماڵەوەیە؟)

---

* مخاطب:- گوێگر، کەسی دووهەم، ئەو کەسەی ڕووی قسەت لەوە.

* پارازیت:- تەشویش، لامژ، لاکوت.

ــ (بەڵێ، ببوورن، ئێوە؟)

ــ (چۆن نەتناسیم؟ من ڕابێرتم. لە هاواییەوە تەلەفۆن دەکەم.)

مێگان پاش سڵاو ئەحواڵپرسی و گفتوگۆ لەگەڵ ڕابێرت و پاشان جین، ڕووی کردە ئاندراس، ئاماژەی کرد، کە بیستۆکەکە بگرێت.

ــ (سڵاو ڕابێرت، چۆنی؟ حەتمەن لەوێ خۆش دەگوزەرێ، نا؟)

ــ (خراپ نییە، جێی ئێوە خاڵی، بڕوا بکە ئیستا هەست دەکەم، کە قۆناغی سەرەتایی هاوژینیمان بەسەردەبەم، سرووشتی ئێرە بە ئەندازەیەك قەشەنگ و دڵگرە، کە مرۆڤ هیچ حەز ناکا لێرە دوور بکەوێتەوە.)

ــ (کەواتە بڵێ مانگی هەنگوینی تۆ ئێستا دەستی پێکردووە.)

ــ (ئێی، دەکرێ واش بڵێین، ئێ ئێوە چۆنن؟)

ــ (باش و سەرحاڵ و چاوەڕێ.)

ــ (چاوەڕێ!؟، چاوەڕێی چ شتێ؟)

ــ (ئەی بابە، لەبیرم چوو پێت ڕابگەیەنم، ناسەلامەتی! بووم بە باوك.)

ــ (کەواتە پیرۆزبایی دەکەم، لەلایەن منیشەوە پیرۆزبایی لە مێگان بکە.)

ئەو دوو هاوڕێیە چەن ساتێ بەم شێوەیە قسەیان کرد و پاشان خواحافیزیان لە یەکتر کرد.

ئێستا ڕابێرت لەوەی، کە دەیبینی و لە بێ ئاگاییەك، کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەنجامی دابوو، لە خۆی دەگوڕاند. دەتگوت ئیتر جین ئەو کچەی جاران نەبوو.

بەردەوام قسەی لە ژیان و شیرینی ژیان دەکرد. لەهەموو بارودۆخێکدا ڕابێرتی دەلاواندەوە، ئەسڵەن جین سەدوهەشتا پلە گۆڕابوو. بەم هۆیەوە بوو کە ڕابێرت، وایدەزانی، کە تازە دایك بووە و یان ژینی هاوبەشی تازە دەستپێکردوە.

ئەوان بە ڕادەیەك سوودیان لەخولەك و کاتژمێرەکان وەردەگرت، کە تێپەڕینی زەمان بۆیان لە هەر کاتێکیتر خێراتر دەهاتە پێش چاو. ڕابێرت جاروبار ئەوی دەبردە دارستان و ماوەیەکیش لەسەر لمی کەنارەکەدا، پیاسەیان دەکرد. زۆربەی کاتەکانیان بە گەڕان و سەیران و مەلەکردن لە دەریادا تێدەپەڕاند.

ئیتر تەواوی تاڵی و ناخۆشییەکانی ڕابردوو لەبەرچاویاندا شتێکی بێ مانا و تەنانەت پڕوپوچ بوو، ئەوەی، کە بایەخی بۆیان هەبوو، ئاوات و ئامانجە باڵاکانی داهاتوو بوو و بەس.

چەند ڕۆژێ بەم شێوەیە تێپەڕی و سەرئەنجام ڕابێرت بڕیاری دا، کە بۆ شیکاگۆ بگەڕێنەوە. ئێستا، کە جین لە دوای سەفەرێکی دوورودرێژ ئارەزووی دەکرد، کە هێشتا کات هەر بەم خۆشییەوە تێپەڕێت. داوای لەڕابێرت کرد، کە پێش ڕۆیشتن بۆ شیکاگۆ، بڕۆنە نیویۆرك، جین لە دواشەوی مانەوەیان لەهاوایی، خەو نەدەچووە چاوی. دەیڕووانییە هەرجێیەك، دەرکەوتەگەێکی لە جوانی و ڕاستی دەبینی. هەر شتێ دەهات ەگوێی وەکو سۆزەی قەشەنگی بەهەشتی لە زەینیدا وێنا و بەرجەستە دەبوو، ئەگەرچی درەنگ بوو بەڵام بە پێداگرییەوە داوای لە ڕابێرت کرد، کە بڕۆنە کەنار دەریا.

لە هاوایی ئەسڵەن شەو و ڕۆژ دیارنییە. هەموو دنیاگەڕ و گەشتیار و موسافیرەکان، تاقە شتێ، کە لەبەرچاویان بێت، سوود وەرگرتن لە ئیمکاناتە سرووشتی و جوانییەکانی سرووشتە. دەڵێی ئەو دوورگەیە بەهەشتی سەر زەوییە. هێشتا هیچکام لە میوانەکانی هوتێلەکە خەو نەدەهاتە بەرچاویان. هەندێ لەسەر سەکۆی سەماکە، سەرقاڵی سەماکردن و گۆرانیگوتن بوون، هەندێ لای بارەکە قسەیان دەکرد و دەیانخواردەوەو پێدەکەنین. بازێك لە کەنار دیوارە شووشەییەکانی هوتێلەکەوە دانیشتبوون و لە قولاییەکانی بیری خۆیاندا نوقم بووبوون و لە قووڵایی دڵەوە مژێکیان لە جگەرەکەیان دەدا.

ژنان و پیاوانیش نوقمی تەماشای سرووشت، لە سەر سەوزەڵانییەکانی دەرەوە دانیشتبوون. لەم نێوانەدا کوڕو کچە تازەپێگەیشتووەکان، کە یەکەمین ساڵی هاوسەرێتییان بوو یان ڕەنگە مانگی هەنگوینی خۆیان لەو دوورەگەیەدا دەگوزەراند، دەست لەناو دەستی یەك و یان بە پاڵ شانی یەکترەوە پیاسەیان دەکرد و بە نزمی قسەیان دەکرد و ڕەنگە ڕازی دڵ یان باسی ئارەزووەکانیان بە خۆشەویستی و هاودڵی و موحیبەتەوە بۆ یەکتر دەکرد.

ئێستا (جین)یش، خۆی لە وەها دۆخێکدات دەبینی. ئەو، کە هێشتا خۆی زۆر بە گەنجتر لە سنوری باو دەزانی، پانتۆڵە بلوجینەکەی خۆی لەپێ کردبوو و وەکو سەردەمی کچێتی، بلووزێکی قۆڵکورتی لەبەر کردبوو. ڕابێرتیش پانتۆڵێکی جین و وەکو هاوسەرەکەی بلووزێکی زۆر سادەی لەبەر کردبوو و لە تەنیشتیەوە پیاسەی دەکرد. لە ئاسۆی ڕۆژئاوای دەریاوە، کە کۆتایی ئۆقیانووسی ئارام نەدەبینرا و دەتگوت دەریا و ئاسمان بوونەتە یەك، لەو نێوانەدا مانگەشە و بەخۆنوێنییەکی تەواوەوە خۆی وەك شۆڕەسواری گۆڕەپانەکە دەردەخست. تیشکی درەوشاوەی مانگی چواردە لەسەر شەپۆڵە هێمنەکانی دەریا گەلێك دلڕفێن بوو. دەنگی خشەخشی گەڵای درەختە گەورەکان هێشتا بەنزمی دەگەیشتە گوێ. لەم نێوانەدا جارجارێ

هۆڕنی بەلەمێ یان کەشتی گەشتیاری بێدەنگی شەوی دەشکاندو یان لە لابەلای درەختەکانەوە دەنگی گیتار لەگەڵ نەوایەکی خەمیندا، ئارامی دەدایە گوێ. جاروبار لەوبەری درەختەکانەوە و لە نزیك کەنارەکەوە بلێسەگەلێ دەکەوتنە بەرچاو، کە هەندێ بەدەوریدا خەریکی سەماو هەڵپەڕکێ بوون. جین لە حاڵێکا، کە دەستی بە دەوری کەمەری مێردەکەیدا کردبووە ئەڵقە و سەری نابووە سەر سینگی، لەسەرخۆ بەرەو لەکانی کەنار دەچوونەپێش. کیسەڵێك لە پێشیانەوە و بە هێواشی بەرەو دەریا دەچووە پێش و وەك بلێی چاوساغی ئەو جووتە لاوە بوو. جارێ لە ترسان سەری دەشاردەوە و جارێ بەپەلە دەست و پێی دەجولان و زووتر خۆی لەوان دوور دەخستەوە و سەرئەنجام ڕابێرت لەسەر تەختە بەردێکی بچووك دانیشت و (جین)یش، لە تەنیشتیەوە پاڵی دایەوە.

ــ (دەزانی ڕابێرت، خودا چەند میهرەبانە. کاتێ مرۆڤ بیر لە قووڵایی بوون دەکاتەوە و یان سەیری ڕازی* بوون و ئافراندن دەکات، پەی بە گەورەیی و شکۆی خوایی دەبات.)

ــ (مەگەر چۆن. دیسان، کە هەڵگەڕاویتەوە و قسەی عاریفانە دەکەی.)

ــ (نا، گاڵتە ناکەم. کاتێ لەشارین، هەروەك ئەو کیسەڵە سەرمان لەناو کاوڵی خۆماندا شاراوەیە و کارێکمان بەکەسەوە نییە و تەنیا بە زیندوویی مانەوە و ژیان مانای هەیە بۆمان و هەرچییەك دەکەین تەنیا بۆ پارەو پێگەو ناوبانگە. بەڵام لێرە کاتێ مرۆڤ تەماشای سرووشتی زیندوو دەکات، لەوەی، کە دەیبینێ واقی وڕدەمێنێ، بڕوابکە، من لێرە، دەرکم بە مانای ژیان و مانەوە کردووە.)

ــ (زۆر خۆشحاڵم لەوەی، کە ئەم قسانە لەتۆ دەبیستم، باشە ئازیزەکەم ئەگەر قسەکەی من بە هەڵقۆستنەوە دانەنێی. دەبێ بڵێم، کە منیش لەم ماوەیەدا تاقە هەوڵ و ویستم ئەوەبوو، کە زیاتر نوقمی کۆمەڵگا و چوارچێوە هەڵە یان دروستەکەی نەبین. لەبەر ئەوە بووە، کە دەمویست گۆڕانکارییەك لە ژیانماندا بکەین، من منداڵم تەنیا بۆ ئەم مەبەستە ویست. ئەگەر منداڵمان هەبێت، ئیتر بیر لە خۆمان ناکەینەوە و بەڵکو ژیانی کەسی سێیەمیش بایەخی بۆمان دەبێت. بڕوانە ئاندراس و مێگان چەند بەختەوەرن. چەندە بە شادی و شۆر و تاسەوە باس لە هەبوونی منداڵ، ئەگەرچی هێشتا دیارنییە، کە لەدایك دەبێت یان نا، دەکەن. وەرە با ئێمەش گۆڕانێك لە ژیانماندا دروست کەین.)

---

* ڕاز:- سڕ.

لەم کاتەدا جین لە ژێرەوە، تەماشایەکی ڕابێرتی کردو لە حاڵێکدا تیشکی مانگەشە و لە کاسەی چاوەکانیاو لەناو عەدەسەی شینی چاوەکانی جیندا هەڵدەگەڕایەوە. خەندە شیرینەکەی دڵ و ڕۆحی ڕابێرتی لاواند. ژنی لاو ئاهێکی هەڵکێشا و لە حاڵێکا دەچووە نێوان باڵەکانی مێردەکەیەوە بە چپە و بە نزمییەوە گوتی:

ـــ (خۆشم دەوێی ئازیزەکەم، هەر چۆن تۆ بتەوێ.)

ئەم ڕستەیە پزیسکەیەکی ئاگرین بوو، کە بەردرایە ڕۆح و جەستەی ڕابێرتەوە. کڵپەکانی عەشق و ئەوین لەگەڵ هەوەس و ئاڵۆشدا، بڵێسەیان سەند و لە ساتێکدا ئەو دووانە لەسەر لمە نەرمەکانی کەنارەکەو لە ژێر نەسیمی فێنکی دەریادا، خۆیان لە باوەشی یەکترا دۆزییەوە، ئێستا ئیتر هەنگاوێکی نوێتر لەم ژیانە هەبووەدا، دەنرا و مزگێنی ژیانێکی پڕ بەرپرسیارێتی بە هەردووکیان دەدا. ترۆپکی چێژ، لەگەڵ هێزدا بۆ ڕابێرت و لەگەڵ عەشق و ئەوین و دەرکی بەرپرسیارێتی کەموێنە بۆ جین بوو.

ئەم دووانە چەند ساتێ دواتر ماندوو کامڕەوا لە ساتێکی شیرین، خەو هاتە چاویان. وەلێ ئێستا بە دامرکانەوەی ئاگری بوون، هەستیان بە ساردی هەواش دەکرد و پێویست بوو، کە بۆ هوتێلەکە بگەڕێنەوە. ئەو شەوە شیرینترین و لە هەمانکاتدا بیرەوەری بزوێنترین شەو، بۆ ڕابێرت و جین دەهاتە ئەژمار.

دەمەو بەیانی ئاونگی سەرپەنجەرەکە، ڕۆژە بارانییەکانی مانگی ئاوریلی وەبیر دەهێنایەوە. ژن و مێردە لاوەکە لە حاڵێکا، کە خۆیان دەشت نەخشەیان بۆ داهاتوویەکی نزیك دەکێشا، نەخشەگەلێ، کە وەکو دوو منداڵی کەم تەمەن لە کاتی بووك بووکێنەدا دادەڕێژرێن.

جین باسی لە شانەکردنی قژی کچەکەی دەکرد و ڕابێرتیش لە شیرین زمانییەکانی...

بەرچاییش لەگەڵ خەیاڵات و ئاواتگەلێکدا خورا، کەگەلێك شیرین بوون. ئیتر کاتێکی وا بۆ ڕۆیشتن نەمابووەوە. لە دوێنێوە ژمارەی فڕینەکەی خۆشیان گۆڕیبوو و ئێستا دەبوایە بەرەو نیۆیۆرك بڕۆن، بەم بۆنەیەوە پێویست بوو هەرچی زووترە ئەسپاب و شتەکانیان کۆ بکەنەوە و ئامادەی ڕۆیشتنەوە بن بۆ وەڵایەت و ماڵئاوایی لە هاوایی پڕ بیرەوەری بکەن.

کاتژمێر 10:15خولەك، فڕۆکەکە بەسەر ئۆقیانووسی ئارامەوە کەوتە فڕین، بۆ چەند خولەکێ دەریا بینراو پاشان شارستانییەت خۆی بە ڕوخسارە براوەکانی خۆی و بە ئاسمانگەزەکانەوە وەدەرخست و ئێستا دەبووایە لە فڕۆکەخانەی (سانتا باربارا) فڕۆکەکەیان بگۆڕن. چەند خولەکێکیش لە فڕۆکەخانەی ئەو شارە کەنارییەدا تێپەڕی و سەرەنجام ئەو

فڕۆکەیەی بەرەو نیۆیۆرك دەڕۆیشت کەوتە فڕین. کاتژمێر 5:30 خولەکی پاش نیوەڕۆ، فڕۆکەی پان ئەمێریکەن لەسەر باندی فڕۆکەخانەی (جان، ئێف، کێنێدی) نیۆیۆرك نیشتەوە. هێشتا هیچ کام لە خزم و ئاشناکانی ڕابێرت و جین ئاگاداری هاتنەوەیان نەبوون. چوونکە سەفەریان بۆ نیۆیۆرك، نزیك بووبۆوە، بەم هۆیەوە ڕابێرت بڕیاری دا پەیوەندی بە دایك و باوکییەوە بکات . سەرەتا بە باشی زانی هەواڵێك لە باوکی بزانێت. ژمارە تەلەفۆنی نەخۆشخانەی لێدا، بەڵام باوکی ئێشککگر نەبوو و دەبوایە لەماڵ بێت. دوای چەن خولەکێك سواری تاکسی بوون و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتن. سەرەتا خانمی براسۆن، باوەڕی بەوە نەدەکرد، کە دەیبینی. ئایا بە ڕاستی کوڕەکەی لەگەڵ بووکەکەی هاتبوونە ماڵیان؟ کاتێ، کە هەستی بە ماچە گەرمەکانی ڕابێرت لەسەر گۆنای خۆی کردو بۆنە خۆشەکەی جینی هێنایە لووتی. باوەڕی کرد، کە ئەوەی دەیبینێ ڕاستی تەواوە.

ـــ (چ عەجەب ئازیزەکانم. ئێمە چاوەڕوان نەبووین، کە بێنە ئێرە.)

باوکی ڕابێرت، ئاغای (ئۆلیڤەر برانسۆن)یش، وێڕای خۆشحاڵی لە بینینی کوڕ و بووکەکەی، مژێکی لە پایپەکەی دا و گوتی:

ـــ (ئەزقەزا پێرێ تەلەفۆنم بۆ ماڵی ئێوە کرد و هەتا چەند جار لێم دایەوە بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. ئێمە واماندەزانی، کە ڕەنگبێ سەرقاڵی دەرس و کاربن.)

ڕابێرت پێش ئەوەی هاوسەرەکەی لێو بجووڵێنێ بۆ وەڵامدانەوە، گوتی:

ـــ (نا، بابە گیان چەند ڕۆژێ دەبێت، کە تاقیکردنەوەکان تەواو بوون و من بە باشم زانی ئەگەر بۆ سەرگەرمیش بووە، بڕۆینە هاوایی.)

ـــ (ئۆوە کەواتە ئێوە بۆ بەهەشتی زەوی ڕۆیشتبوون، چەن سەرنجڕاکێش!)

خانمی برانسۆن لە حاڵێکا بە نیگا مانادارەکانی، جینی دەپشکنی، پرسی:

ـــ (بە دڵنیاییەوە خۆش گوزەراوە، وا نییە ئازیزم.)

جین شەرم دایگرت و سەری نەوی کرد و بە جووڵاندنی سەری، قسەکەی خانمی برانسۆنی تەئید کرد. پاش چەند خولەکێ، جین پەیوەندی بە دایك و باوکییەوە کرد و ئەوانیش بە بیستنی هاتنەوەیان خۆشحاڵ بوون و بەڵێنیان دا، کە هەرچی زووترە بێنە ماڵی برانسۆن.

کاتژمێر 7ی شەو بوو، کە سەرو سەکوتی خانم و ئاغای (جیمز ئوستین) دەرکەوت. بەڕێز جیمز ئوستین وەك هەمیشە جەفەنگ بازییەکەی پشکوتبوو و لە حاڵێکا سەری سەری دەنایە سەری بەڕێز برانسۆنەوە، لەگەڵ کچ و زاواکەیدا ماچومۆچی دەکرد. ئەمجارە خانمی (ئۆستین)یش

ئیتر لە چاوەڕوانیکردن وەزاڵە هاتبوو و هەوڵی بوو هەرچی خێراترە لە لایەن کچەکەیەوە هەواڵێکی خۆش ببیستێ.

ــ (جین هیچ لە گۆڕێیە یان نا؟)

ــ (لە چ ڕوویەکەوە دایە؟)

ــ (خۆت لە گێلی مەدە، زۆر باش دەزانی، کە مەبەستم چییە؟)

ــ (من هیچ لە قسەکانی ئێوە تێناگەم دایە گیان، باشە مەبەستەکەتان ڕوونتر بڵێن.)

ــ (ئێ دیارە کچێ، هیچ خەبەرێك لە منداڵ و پناڵ هەیە یان نا؟)

ــ (وەڵا، ئێستا خەبەرێك نییە، بابزانین لە داهاتوودا چی دەبێ.)

ــ (کچم تۆزێ ژیربە، خۆ نابێ لە پیریدا منداڵداری بکەی. ئێستا کاتیەتی، کە منداڵت ببێت، ئەگەرچی من خۆم حەزم نەدەکرد بەم زووانە ببیتە خودان منداڵ، وەلێ لە کاتێکەوە، کە سەرهاتی هاوسێکەمان (تۆماس)و هاوسەرەکەی (مارتا)م بیستووە، بڕوا بکە تەواو شێت بووم و داوا لە تۆدەکەم، کە بیر لەخۆت بکەیتەوە.)

ــ (باشە، دایە مەگەر چییان بەسەرهاتبوو؟)

ــ (هیچ، دەتویست چی ببێ. بەدبەختانە ساڵانێك بە بیانووی خوێندن و ژیان و دۆزینەوەی کار وماڵی گونجاو چاوەڕێیان کرد. خۆت، کە دەتزانی، زەمانێك خانمی (مارتا) بەهۆی سوود وەرنەگرتنی زۆر لە دەرمانە جۆراوجۆرەکانی دژە دووگیانییەوە، نەیدەتوانی دووگیان بێت و ئێستاش، کە دووگیان بوو، داماوانە لە ڕێگای بۆستۆن ــ نیۆیۆرك دەعمیان* کردو بەداخەوە ژن و مێرد، هەردووکیان مردن.

ــ (بەڕاستی جێی داخە دایە گیان.)

ــ (کەواتە ئێستا، کە ئەمە دەزانی، لانی کەم ئێمەش مەخەرە چاوەڕوانییەوە.)

لێرەدا خانمی برانسۆن سەرەداوی قسەی بەدەستەوەگرت و گوتی:

ــ (کچم جین، دایکت راست دەکات. ئێمەش لەم ئاخرەی پیرییەوە، ئارەزوومانە نەوەکانمان ببینین و لە دنیا بڕۆین. چۆن دڵتان دێ، نائومێدمان بکەن.)

لەم نێوانەدا ڕابێرت، کە لە قسەکانی ئەوان گەیشتبوو، گوتی:

ــ (زویر مەبن دایە گیان، بەم زووانە هەواڵی نەوەکەشتان دەگات.)

---

* دەعم: تصادف:- پێکدادان لە ڕووداوی هاتوچۆدا.

بەڕێز ئۆلیڤەر لە حاڵێکا هەم خۆشحاڵ و هەم لە ڕووداوی کوڕەکەی ناڕەحەت بووبوو، بایەکی کردە ژێر چەناگە و، گوتی:

ــ (کوڕە، ڕووداو، بەسی کە...)

ــ (خۆشتێکی وام نەووتووە بابە گیان، بینیم، کە دایەو خانمی ئوستین زۆر تکا و لاڵە دەکەن، دڵم بە حاڵیان سووتا. ویستم خۆشحاڵیان بکەم.)

بەم قسەیەی ڕابێرت هەموویان کەوتنە پێکەنین و لە حاڵێکا جیمز ئوستین دەستی پشتگیری دەخستە سەرشانی زاواکەی، (جین)یش، چاوێکی لە دایکی داگرت و لە بابەتی نەوەداربوبونەوە دڵنیا و خاتر جەمی کرد. شەوێکی خۆش و دڵگر لە نێوان ئەو دوو خێزانەدا وەگەڕ کەوتبوو، لەگەڵ ئەوەی، کە ماوەیەکی زۆر بوو لە نێوان ئەو دوو خێزانەدا ئاشنایی و خزمایەتی دروست بووبوو، وەلێ هەمیشە و هەرکاتێ، کە بەڕێز (ئۆلیڤەر) لەگەڵ (جیمز) و خانمی (ئوستین) لەگەڵ دایکی ڕابێرتدا یەکیان دەرگرت، دەتگوت ساڵانێکە، کە یەکتریان نەبینیوە و بە میهرەبانی و هاودڵییەوە یەکتریان دەرك دەکردو لە چەندین سەعات دەمەتەقێ لەگەڵ یەك تێر نەدەبوون.

ئاغای (ئۆلیڤەر برانسۆن) هەمیشە باسی لە ئەزموونە پزیشکییەکانی و شۆر و سووتانەوەی نەشتەرگەرییەکانی خۆی دەکرد و لە بەرامبەردا بەڕێز (جیمز ئوستین)یش، باسی وڵاتەکەی (ئینگلێستان) دەکرد.

بیرەوەرییەکانی ڕابردوو لە بەرچاویاندا وەکو دوێنێ وابوو لە گێڕانەوەیاندا، ئەگەر ڕۆژان و مانگانشینی بخایاندایە، ماندوو نەدەبوون. گاهێ بەڕێز جیمز باسی لەسەردەمی لاوێتی و یان منداڵی خۆی دەکرد و قسەی لە ڕاوکردنی باوکی دەکردو لەم نێوانەشدا بەڕێز ئۆلیڤەریش باسی لە کۆمەککردنی باوکی و هاروهاجییەکانی و چۆنییەتی ناسینی هاوسەرەکەی دەکردو پشتگیری جیمزی دەکرد.

ــ (ئاخ لاوێتی لە کوێی، کە چەند زوو بەسەر دەچی. دەڵێی هەر دوێنێ بوو، کە لە شەقامی مێدیسۆندا خانم ناسی، چ سەردەمێکی بەشکۆ! ئەگەر چی ئەوکاتە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکاش باش نەبوو بەڵام سەفاو یەکدڵی لە نێوان خەڵکدا زۆرتر بوو.)

ئەم ڕستانە هەمیشە قسەی سەر زاری بەڕێز ئۆلیڤەر بوون و لەم نێوانەدا ژنانیش باسیان لە ڕابردوویان و کارامەیی و چاپوکی و چالاکی خۆیان لە لاوێتیدا دەکرد. ئەوان هەمیشە

خۆیان بەسەرتر لە گەنجانی ئەم سەردەمە دەزانی و خانمی ئوستینیش هەمیشە خۆی بۆ کچەکەی (جین) دەکردە سەرمەشق و دەیگوت:

ــ (کە لە تەمەنی ئێوەدا بووم، کێوم دەنایە سەرکێو، ئاشپەزی، کە هیچ نەبوو، لە هەر پەڕ و پیتاڵێ شتێکی جوان و ڕێك و پێکم دروست دەکرد.)

و پاشان بۆ پشتیوانی قسەکانی خۆی، ڕووی لە هاوسەرەکەی (جیمز) دەکرد و دەیپرسی:

ــ (وانییە ئازیزەکەم.)

ــ (بەڵێ... بەڵێ... بەڕاستی هەروایە. بیرم دێ ڕۆژێکیان پێشەوەی پاڵتۆکەم بەهۆی گەرمی سۆپاکەوە ڕیشووەکانی سووتا بوون، گوتم: خانم ئەمە ئیتر بەکەڵك نایە. باشترە بیکەم بە نیوکۆت، کە خۆزگە نەمووتایە. وەها بەلاّیەکی بەسەر پاڵتۆ بێچارەکەمدا هێنا، کە نیوکۆت ئاسانە، جلیسقەشی لێ دەرنەچوو.)

(ئوستین) سەرقاڵی شتنی قاپەکان و خاوێنکردنەوەی ماڵ بوو، ئەگەر چی جین زۆرماندوو بوو، چووە یارمەتی و کۆمەکی خەسووی، خانمی برانسۆن بەو تەمەنەوەو ناتەواوی دڵەوە، پیرەژنێکی کۆشا و پڕ کار بوو. ئەو شەوە هاوکات لەگەڵ کارکردنندا باسی لە منداڵداری و ئەرکەکانی هاوسەرێتی و دایکێتی بۆ جین کرد. هەروەها (جین)یش، ئەوی زۆر خۆشدەویست و بەگیان و دڵ قسەکانی لێوەردەگرت. ئەگەرچی قسەکانی وی دووبارە کردنەوەی یەك لە دوای یەك بوون، بەلاّم هەمیشە بەرچاو ڕوونی جین بوو.

شەو کاتێ کەجین لە جێگاکەیدا ڕاکشابوو و چاوی بڕیبووە میچەکە، دوور نمای ژیانی خۆی وێنا دەکرد و بێ ئۆقرەیی بۆ داهاتوویەك دەکرد، کە ڕەنگە بەهەبوونی منداڵەوە شیرینتر بێت. لەگەڵ ئەم شەوق و تامەزرۆییەدا گاهێ لە ناو دڵیدا هەستی بە نیگەرانییەکی بێهوودە دەکرد، کە نەیدەزانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ. لە حاڵێکا، کە بەسەختی سەرقاڵی بیری خۆی بوو، نیگایەکی تێپەڕی بە سیمای ڕابێرتدا کرد، کە وەکو منداڵێکی هێمن خەوی لێکەوتبوو. بەو ئاواتەوە، کە بیکات بە باوك و ڕەنگە بەبوونی منداڵەوە ژیانێکی باشترو شایستەتر بۆخۆی و مێردەکەی دەستاوێز بکات، بزەیەکی کردو چاوی لێکناو چووە خەوێکی قووڵەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە، نیۆیۆرك دیسان بەو هەوا شێدارەیەوە دەرکەوتەوە. تیشکی درەوشاوەی خۆر لە پانایی هەوربڕەکانی دەداو هەڵدەگەڕایەوە. دەسپێکی ڕۆژ، لەو شارە قەرەباڵغ و پڕ جەنجاڵییەدا هاوڕێیە لەگەڵ گڕو شۆڕێکدا، کە نایەتە وەسف کردن. لەناکاو دەنگی هۆڕن و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکان هەموو شوێنێ پڕدەکا. بە تایبەتی لەوەرزی هاویندا، کە لە ئەم لاو

ئەولای چواردەوری دنیاوە هێرش بۆ ئەم شارە دێنن، نیۆیۆرك ڕوخسارێکی تایبەت بەخۆوە دەگرێ.

لەهەرشەقام یان کۆڵانێکەوە تێپەڕبیت تووشی جۆرەها نەژاد و قەوم و ڕوخسار دەبیت، لە ئاسیاییەوە بگرە تا قوڵەڕەشی ئەفریقایی تێدایە. ئەو شارە بە ڕووە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆیەوە، لەهەمان کاتدا نوێنەیەك لە شارستانییەتێکی پێشەوتووە. عەمارەتە گەورەکان و هەوربڕە بەرزو هەوابڕبووەکان، دنیایەکی تر بە مرۆڤ دەناسێنن. دەڵێی تەنیا لە دڵی بە خوورپەی ئەم شارە پارەو چالاکی لە ڕەوتانەدایەو لە شارەگیبوونی ئەودا تاقە کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری وەگەڕکەوتووە.

جین و ڕابێرت، کە ئەو ڕۆژ بۆ سەردانی شارو کڕینی شتی پێویست ڕۆیشتبوونە دەرەوە، بە بینینی دیمەنە سەیرەکەی شار پەییان بە جیاوازیگەلێك بردو ڕەنگە بەراوردی ناچاریانەی ئەمان بۆ ئەوە بوو، کە لە سرووشتە زیندووەکەی هاواییەوە هاتبوونەوە و هەموو شتێ لەبەر چاویاندا سەیر و سەرسووڕهێن لێك دەدرایەوە، ئەگەرچی سالآنێك بوو لەو شارەدا ژیابوون و گەورەبووبوون، وەلێ ئێستا بە شێوەیەکی تر بۆیان دەردەکەوت. لە سیمای ژن و پیاوانی شاردا تەنیا کار و تەقەللا و دڵەخورپێ و شێواوی و هەیەجانیان بەدی دەرکرد. ئەگەرچی نیۆیۆرك لەکەناری ئۆقیانووسی ئارامدا هەڵکەوتووەو هەموو شوێنێکی سرووشتێکی جوان گرتوویەتی، بەڵام دەڵێی لێرە سرووشتیش دەسکردە و وەکو هەوربڕەکان، دروستکراو دەهاتە بەرچاو.

جین و ڕابێرت تا دەوروبەری نیوەڕۆ لەبازاڕدا گەڕان و سەرئەنجام وەك هەمیشە نانی نیوەڕۆیان لە ڕێستورانتی (چوار وەرز)دا، خوارد. ئەنجامدانی خووەکانی پێشوو وەبیرهێنەرەوەی سەردەمانی پێشوو بوو. لەم نێوانەدا جین بەبیری هاتەوە، کە سۆراخێکی ئاگنێس بکات. ئەگەرچی ڕابێرت ئەم کارەی بەدڵ نەبوو، بەڵام جین مەیلێکی زۆری بۆ بینینی وی هەبوو. سەرئەنجام ڕابێرتیش ڕازی بوو و سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بوون و بەرەوماڵی ئاگنێس بەڕێکەوتن.

ئاگنێس، کە لە ماڵێکی ئاپارتمانیدا، هەڵکەوتوو لە کۆمەڵگای نیشتەجێیی شەقامی "68"دا، نیشەجێ بوو. ئەوێ زۆر جوان و ڕازاوە بوو. ئەوان بە گەیشتنیان ، پرسای بوون یان نەبوونی ئاگنێس لە پاسەوانەکە بوون. پاسەوانی عەمارەتەکە، کە پیرەمێردێکی ڕەشپێست بوو، بە بیستنی ناوی (ئاگنێس) گوتی:

ــ (ئاه! خاتوو ئاگنێس، بەداخەوە دوو هەفتەیە،کە لەسەردخانەی نەخۆشخانەدایە.)

ڕابێرت بە بیستنی ئەم قسەیە چاوی ڕەش داگەڕا. بەڵێ (ئاگنێس) بەهۆی پێکدادانێکەوە مردبوو و بەهۆی ئەوەوە، کە هیچ کەس ئاگای لە ڕووداوەکە نەبوو و خۆی لە دایك و باوك و مێردەکەی دوورخستبووەوە، کەس سۆراخێکی لێنەکردبوو. ئێستا ئەرکی ڕابێرت بوو، کە ئەم هەواڵە لانی کەم بە (ئالفرێد) هاوسەری پێشووی (ئاگنێس) ڕابگەیەنێت. هەرچۆنێك بووە لانی کەم ئەو هەواڵەکەی بە باوك و دایکی ئاگنێس دەگەیاند.

ئەو ڕۆژە جین ئەگەر چی خەمبار بوو، وەلێ سەخت ڕۆچوبووە ناو بیرکردنەوەوە. ئایا بەڕاستی ژیان وەها بێ مانا بوو؟ ئایا ئەم شێوە مردنە، ئاگنێس خۆی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو و یان ئەوەی، کە ئەم جۆرە کەسانە بەم شێوەیە ماڵئاوایی لە دونیا دەکەن؟ ئاگنێس لە ژیانیدا بەدوای چییەوە بوو و پرسای چ ئامانجێ بوو؟ئایا ئێستا ئەو بە ئامانجەکەی خۆی گەیشتبوو؟ ئایا ئەو ئازادییە سێکسیەی، کە ئەو دەیویست، ئێستا بەمردنی، مانا و واتایەکی پووچی نەبوو؟ ئەگەر لای هاوسەر و منداڵەکەی بووایە، ئێستاش لەسەردخانەی نەخۆشخانەدا دەیبەست؟ لە کاتێکدا، کە ڕابێرت ژمارە تەلەفۆنی ئالفرێدی وەردەگرت. (جین)یش، بەم فکرانەوە بۆ مانای ڕاستیەکانی ژیان دەگەڕا.

# بەشی یانزەیەم

سێ ڕۆژ دوای کفن و دفنی ئاگنێس، خانمی (ئوستین) بانگهێشتی کچ و زاواکەی کرد لە ماڵیان میوان بن، کاتێ، کە جین خۆی ئامادە کرد، کە بۆ ڕۆیشتن بۆ ماڵی باوکی خێراتر بجووڵێتەوە، ڕووی لە مێردەکەی (ڕابێرت)، کە لە بەردەم ئاوێنەکەدا خۆی ئامادە دەکرد، کرد و گوتی:

ــ (ڕابێرت هیچ ئاگات لێیە، کە ئێستا دوو ڕۆژ لە کاتی مەهیکەکەم* تێپەڕیوە یان نا؟)

ــ (ئێ، مەبەستت چییە؟ حەتمەن کاتەکەت بەهەڵە داناوە و وەها دەزانی.)

ــ (نا خۆشەویستم، بە پێچەوانەوە، کە لە هاوایی بووین، بەووردی ئاگاداری مەهیکەکەم بووم.)

ــ (واتە... واتە دەتەوێ بڵێی کە...)

ــ (بەڵێ... بۆچوونەکەت دروستە. وابزانم بە ئاواتەکەت گەیشتووی.)

ــ (سوپاس بۆ خوا. بڕوابکە ئەمە خۆشترین مزگێنییەك بوو، کە لەم ماوەیەدا پێم دراوە. مەرگی ئاگنێس زۆر پەرێشانی کردبووم، بەڵام هەواڵەکەی تۆ ئیتر خۆشحاڵی کردم.)

ــ (دەمویست بڵێم وا باشترە ئەمڕۆ عەسرەکەی بڕۆینە لای دکتۆر.)

ــ (باشە، حەتمەن. بەڵام پێش ئەوەی، کە شتێ دەرنەکەوێ، بەهیچ کەس مەڵێ، باشە؟)

جین بە جووڵاندنی سەری وەڵامی دایەوە، ئەو دوانە دەسپێکێکی باشیان لە ڕۆژی دووشەممەدا هەبوو. ڕابێرت نەیدەزانی ئەو ڕۆژ تا عەسر چۆن تێپەڕێنێت، بەهەر شێوەیەك بوو ڕۆژ تەواو بوو، دەمژمێر (4)ی، پاش نیوەڕۆ، ئەو دووانە بە بیانووی چوونەدەرەوە، لەماڵی بەڕێز(جیمز ئوستین) هاتنەدەرەوە.

---

* بێ نوێژی ژنانە: مەهك، مەهكی، مەهیك.

کاتێ، کە چوونە مەتەبی پزیشکەوە، پاش تاقیکردنەوەی پێویست، پزیشك بۆ ئەنجامدانی ئازمایشت و تێستی دووگیانی، جینی بردە تاقیگەوە. دکتۆر وەبیری هێنابووەوە، کە ڕەنگە دووگیانییەکەی جین وەڕاست بگەڕێ. پاش دووڕۆژ لە وەرگرتنەوەی ئازمایشتەکە، ئەنجامێك، کە ڕاگەیەنرا، دەرکەوت، کە جین بەراستی دووگیانە. هەواڵە شادیهێنەکەی دووگیانی جین لە زووترین کاتدا بە خێزانەکانی برانسۆن و ئوستین گەیشت و بووە مایەی خۆشحاڵیان.

خانمی ئوستین بە بیستنی وەها هەواڵێك جێی بەخۆوە نەدەگرت. وەکو هەموو دایکێك، سەخت گرفتاری ئاواتەکانی خۆی بووبوو. بێ قەراری نەوەکەی دەکردو هەر لەو کاتەوە جل و بەرگ و کەرەستەی پێویستی بۆ دابین دەکرد. لە خێزانی برانسۆنیشدا، مشتومڕ لەسەر کچ یان کوڕبوونی نەوەکەیان، دەستی پێکردبوو. بەڕێز ئۆلیڤەر بەر بنەمای پیشەکەی خۆی و ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە ڕوخساری جیندا بەدی دەکرد، وای دادەنا، کە نەوەکەیان کوڕبێت و بە پێچەوانەی ئەوەوە، خانمی برانسۆنیش بڕوای وابوو، کە نەوەکەیان کچ دەبێت. هەرچییەك بوو، هەواڵی دووگیانی جین، هۆی خۆشی و شادی هەردوو خێزانەکەی فەراهەم کردبوو.

کاتێ جین و ڕابێرت بۆ ڕۆیشتن بۆ شیکاگۆ ئامادە دەبوون، ڕاسپاردە پێویستەکان ڕاگەیەنران. (جین) وێڕای ئەوەی لەبوونی منداڵێك لە ڕەحمیدا تا ئەندازەیەك خۆشحاڵ بوو، بەڵام جار جارە بە تێبینیکردنی خۆشی ئەوانیتر، سەخت دەکەوتە بیرکردنەوەوە، بەتایبەت کاتێ سواری فڕۆکە بوون تا بڕۆنە شیکاگۆ. ڕابێرت بە تەواوی هەستی بەم بیر و خەمەی ئەو دەکرد.

ــ (چی بووە خۆشەویستم؟ ناڕەحەتی؟)

ــ (نا، خەریکبووم سەیری ئاسمانم دەکرد.)

ــ (بەڵام چاوت بڕیبووە پنتێك، ڕاستەکەی بڵێ، بۆ بیردەکەیتەوە؟)

ــ (ڕابێرت، وازم لێبێنە... لێگەڕێ با ساتێ لەگەڵ خۆم بم)

ڕابێرت بەو خەیاڵەوە، کە لە باوك و دایك و ئاشناکانی دوورکەوتووەتەوە، هەستی غەریبی ئەوی دڵپڕکردووە. وەلێ کاتێ ڕابێرت دەیویست ڕۆژنامەکە قەد بکات تا بابەتەکانی بخوێنێتەوە، جین لەناکاو رووی وەرگێڕا و گوتی:

ــ (ڕاستییەکەت دەوێ، من دەترسم ڕابێرت.)

ــ (لەچی دەترسم ئازیزەکەم.)

ــ (لەوەی کەئەم منداڵە سەقەت و ئیفلیج بێت.)

ــ (تۆ بیتو خوا ئەوەندە خەیالاتی مەبە، بۆچی بووە، کە زایەکەی* تۆ سەقەت بێت؟)

ــ (وا هاتە خەیالم. ئەگەر ساغ و تەندروستیش بێت دیسان هەر لێی دەترسم.)

ــ (ئەم قسانە چییە دەیکەی ئافرەت. مەگەر هەبوونی منداڵ ترسی ئەوێ؟)

ــ (ترسی من لەوەیە، کە نەکا ئەم منداڵە وەها گرفتارم بکات، کە نەهێڵێ بگەمە ئامانجەکانم.)

ــ (گیانەکەم. بۆچی مەگەر هەر ژنێك لە دایکێتی و هاوسەرێتی گرنگتر، ئامانجێکی تری هەیە؟ دەزانم مەبەستی تۆ گەیشتنە بە ئاواتە دێرینەکانت و دەتەوێ ڕۆژێ ببی بە نووسەرێکی بە ناوبانگ و کتێبەکانت لە هەموو دنیادا بفرۆشرێن و نازانم چی و چی...)

ــ (ئێ ئەگەر منداڵم ببێ دەبێ ئاگاداری لێ بکەم و لەو حاڵەتەشدا ناتوانم، کە خەریکی دەرس و خوێندنەکەم بم.)

ــ (دیسان دەستت پێ کردەوە جین، توخوا وازبێنە، ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی.)

(جین) بێدەنگ بوو. ئیتر قسەی نەکرد. کاتێ گەیشتنە شیکاگۆ، جین هێشتا سەخت لە فکرە ئاڵۆزەکانی خۆیدا بوو و هیچ ئاگای لە دەوروبەری نەبوو. ئەگەرچی جاروبار بەدرۆ بزەیەکی دەکرد، بەڵام ڕابێرت لەوەی، کە ئەوی وادەبینی و بە نزیکەیی وەکو جارانی لێهاتبووەوە، نیگەران دەبوو. تازە گەیشتبوونە ماڵەوە، کە جین، بە بیانووی شپرزەیی ماڵ و لەوەی، کە خاوێن کردنەوەی، هەزار جۆر کێشەی هەیە، دەستی بە ئیرادگرتن لە ژیانی کرد و خۆی بەبەخت ڕەش دەزانی. هەرچەندە ڕابێرت تکای لێدەکرد و قنیاتی پێ دەهێنا، کە ماوەیەکی زۆرە ماڵیان بەجێ هێڵاوە و ئاساییە ناوماڵ ئەوها بێت، قسەی حەسابی نەدەچووە مێشکی جینەوە. دەچووە مووبەقەکەوە، ئەوێی دەکردە بیانوو و لەعنەتی لە خۆی و ژیانی دەکرد. دەچووە ژووری نوستن و لەوەی، کە ژیانی هاوبەشی پێکیهێناوە، جنێوی بەخۆی دەدا. دەتگوت ئەو ژنە جاحێڵە شێت بووە، ڕابێرت ئێستا دەیزانی، کە هەموو ئەمانە هیچ نییە لە بیانوویەك زیاترو دیسان هەوای ئازادیخوازی لە کەللەی داوە. وەلێ ئێستا ئیتر وەکو پێشان نییەو نەك تەنیا بیری لە خۆی و هاوسەرەکەی دەکردەوە، دەبوایە بیرلەو منداڵەش، کە لە ڕەحمی جیندا، خەریکبو خۆی دەگرت، بکردایەتەوە.)

---

* زایە: جنین، منداڵ لەناو ڕەحمدا لە گەشەکردندایە.

ـــ (ئازیزەکەم، تۆ بەس خۆت نارەحەت مەکە. لێگەڕێ من هەموویان ڕێك دەخەم، ئەسڵەن ئەگەر لە وەها بارودۆخێکدا ئیش و کاری ماڵەوە کێشەت بۆ دروست دەکا، خزمەتکارێك دەگرین. ڕات چییە؟)

ـــ (نا ڕابێرت، مەسەلە ئەوە نییە، هەست دەکەم ئێرە بۆ من زیندانە. ئیتر تاقەتی ئەم ژیانەم نییە. هەموو شتێ یەکجۆرە، نە هەوا گۆڕینی نە جوراوجۆرییەك، ئاخر یانی چی؟)

ـــ (جین هاوسەرە خۆشەویستەکەم، بۆ دەبێ مرۆڤ هەمیشە لە سەیران و گەڕاندابێت. ئێ، کاتمان هەبوو چووینە سەفەرو سوپاس بۆ خوا، کە بەدەستی خاڵیش نەگەڕاینەوە. ئێستا کاتی دەرس و خوێندنەو دەبێ لەماڵەوە بین.)

ـــ (ئێ کێشەکە لێرەدایە. من هەست دەکەم ئیتر توانای خوێندنم نییە، زۆر هەست بە قورسی و ماندوویێتی خۆم دەکەم.)

ـــ (گاڵتە مەکە جین، بۆ هێشتا چەنەمین مانگی دووگیانیتە، کە هەست بە قورسی دەکەی؟)

ـــ (بەهەر شێوەیەك بێت من حەزناکەم لەم ماڵەدا بمێنمەوە و لە وەها هەلَ و مەرجێکدا بخوێنم.)

ـــ (ئەگەر ویستت ماڵەکە دەگۆڕین، باشە ڕات چییە؟)

ـــ (نا، دەبێ بیرێکی گرنگی لێبکەینەوە.)

ـــ (چ بیرێك؟)

ـــ (نازانم... نازانم... وازم لێبێنە.)

(ڕابێرت) بۆ ئەوەی زیاتر نارەحەتی نەکاو تووڕەی نەکات، ئیتر هیچ قسەی نەکرد. ئەو شەوە وەکو دوو کەسی بێگانە بەبێ ئیشتیاییەوە نانیان خوارد و بەبێ ئاوڕدانەوە لەیەك، سەریان کردە سەر سەرین. باری ئەخلاقی و ڕەفتاری جین وای لێدەهات ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر جێی تەحەمولکردن نەبێت.

تەنانەت وای لێهاتبوو، کە ئیتر دەمەقاڵێکانی ئەو دووانە تا چەندین کاتژمێر درێژەی دەکێشاو لە ئاکامدا لێك عاجز دەبوون و یان جین دەڕۆیشتە دەرەوە و یانیش ڕابێرت گۆڕەپانەکەی بەجێ دەهێلا.

بارودۆخی ماڵەوە بە ئەندازەیەك شپرزەبووبوو، کە ئیتر ژیان مانا و واتای خۆی دۆڕاندبوو و کەشی ماڵەوە بۆ هەردووکیان جێی تەحەموول کردن نەبوو. جلە چڵکنەکان لەچەن سوچێکا

فڕێ درابوون و جاری وابوو قاپەکان بە چەندین ڕۆژ بە نەشۆردراوی لە جێی قاپ شتنەکەدا دەمایەوە. بۆنی شێ و عارەقە هەموو ماڵەکەی پڕ کردبوو. ئەوێ بە رادەیەك شپرزە و بەسەریەکدا تێکەڵ بووبوو، کەهەر کەسێ بەیەکەم بینین هەستی بە نابەرپرسیارێتی دانیشتوانەکەی دەکرد.

گرنگترو سەرسووڕهێنەرتر لەوە، هەڵسووکەوتە بێ بەندەکانی جین بوو، کە لەهەموو شتێ زیاتر ڕابێرتی ئازاردەدا. گاهێك بە بیانوویەکەوە بۆ چەندین کاتژمێر دەستی بە دەمەقاڵێ لەگەڵ ڕابێرت دەکرد و بەبێ ئەوەی خەریکی دەرس و خوێندنەکەی بێت، خۆی خەریکی ماکیاژ و خۆڕزاندنەوە دەکرد و بەبێ گرنگی دان بە هاوسەرەکەی دەچووە دەرەوە. هەڵەخەرجی و زیادە مەسرەفی جین لە کڕینی جل و بەرگ و شتەکانی تردا گەیشتبووە ترۆپکی خۆی. جارجارێ ڕابێرت بڕیاری دەدا، کە بابەتەکە بە دایك و باوکی بڵێت، ڕووداوەکەیان لەگەڵ باس بکات، بەڵام لەوەی، کە ڕەنگە جین خۆی بدۆزێتەوە و لەکردەوەکەی پەشیمان بێتەوە، وازی لەم فکرە دەهێنا. یەکەمین ڕۆژی کردنەوەی زانکۆ بوو، کە ئەوان وەك هەمیشە لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلییەکاندا هاتووچۆیان بوو. هەڵسوکەوتی ناشرینی جین، وەها ڕابێرتی دڵ پەرێشان کرد، کە تەحەمولی نەکردو ئەو ڕۆژە زانکۆی بەجێهێشت. جین بەبێ گوێدان بەهاوسەرەکەی لەگەڵ هەموو هاوپۆلییە کوڕەکاندا گاڵتەی دەکرد و زۆربەی هاوڕێکان، کە هەمیشە ئەویان لەگەڵ ڕابێرتدا دەبینی، ئێستا بە بینینی بێ بایەخی و لاملی (جین) سەبارەت بە هاوسەرەکەی، هەزاران خەیاڵ و پرسیاریان لادروست بووبوو و لێیان وەشك کەوتبوون.

چەندین مانگ بەم شێوەیە تێپەڕی. سەرئەنجام ڕابێرت خۆی ڕانەگرت و لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بابەتەکەی لەگەڵ خەزووری، بەڕێز (جیمز ئوستین) باس کرد.

ـــ (بڕوابکە بەڕێز ئوستین، کە ئیتر تەحەمولم نەماوە. هەرچەند دانم بەخۆمدا گرت بەڵکو جین بەئاگا بێتەوە بەڵام نەکرا کە نەکرا.)

ـــ (بۆچی دەوێ کوڕم؟)

ـــ (بەخوا منیش هیچ لەڕەفتارو کرداری تێناگەم، ڕۆژێ دەرس دەکات بە بیانوو، ڕۆژێکی تر ماڵ و ژیانی هاوبەش دەداتە بەر ڕەحمەتی جنێودان و سەرئەنجام ئەوەی، کە تێگەیشتووم ئەوەیە، کە وا دەزانم لەمن تێربووە و بەم بیانووانە دەیەوێ من لە ژیانی خۆی وەدەرنێت.)

بەڕێز ئوستین بە بیستنی ئەو قسانە زۆر ناڕەحەت بوو. ئەو پیاوێکی زۆر ژیر و واقیع بین بوو. دەیزانی، کە کچەکەی بەڕاستی ئازاری ڕۆحی ڕابێرتی داوە. تەنانەت لەم بارەیەوە چەندین

جار لەگەڵ ژنەکەیدا قسەی کردبوو و هۆکاری نالەبارییەکانی ڕەفتاریی (جین)ی، بۆ پەروەردەی نادروست دەگێڕایەوە و خانمی ئوستینیشی بەهۆکاری سەرەکی دانابوو.

ــ (بەڵێ خانم، کاتێ ئێوە بە کچە تاقانەکەتانەوە دەنازن و نەتاندەهێڵا دەست لەڕەش و سپی بدات و هەرچیەکی دەکرد گوێتان پێ نەدەدا و ئامشۆو ڕۆتی لەگەڵ هەرکەسێکدا دەکرد کۆنترۆڵتان نەدەکرد. ئێستا وای لێدێت.

خاتوو (ئوستین)یش، کە لە ڕەفتاری کچەکەی بەداخ بوو، جگەلەوە چارەیەکی نەبوو، کە لەبەرامبەر تۆمەتەکانی هاوسەرەکەیدا، چۆك دابدا. ڕووداوی نەگونجانی جین و ڕابێرت تەنانەت گەیشتەوە گوێی خێزانی بر انسۆنیش. لەم نێوانەدا بەڕێز ئۆلیڤەر خۆی بۆ ڕانەگیراو کاتی شەو تەلەفۆنی بۆ ماڵی ڕابێرت کرد. بەداخەوە ئەو شەوە هیچ کامیان لەماڵەوە نەبوون. ئەو شەوە بەڕێز ئۆلیڤەر بۆ ماڵی جیمز ئوستین ڕۆیشت و و لەمەودای گوتوێژێکی پێویستدا ، بڕیاریاندا، کە لەگەڵ جین قسەبکەن. جیمز ئوستین ئەم کارەی لە ئەستۆ گرت و گوتی:

ــ (لەبەرئەوەی جین کچی منە، باشترە من قسەی لەگەڵ بکەم. ڕەنگە قسەکانی من کاریگەریان لەسەر هەبێت.)

ــ (باشە جیمز. هەر چۆنێکت پێ باشە وابکە.)

دوانیوەڕۆی پاش ئەو ڕۆژە، پەیوەندی تەلەفۆنی بە ماڵی ڕابێرت و جینەوە کرد، ڕابێرت لەم کاتەدا وەك هەمیشە خۆی خواردنی ئامادە دەکردو لەمووبەقەکەدا سەرقاڵ بوو، کە جین تەلەفۆنەکەی وەڵام دایەوە.

ــ (ئۆوە... سڵاو بابە، چۆن بوو تەلەفۆنت کرد.)

ــ (هیچ، نیگەرانی ئێوە بووم. گوتم سۆراخێکتان بکەم. ڕابێرت چۆنە؟)

ــ (باشە، لە مووبەقەکە خواردنەکەی ئامادە دەکات.)

ــ (چیت گوت؟ ئەی تۆ لەکوێ بووی، کە ئەو خواردن دروست دەکات؟)

جین قسەی نەکرد، بۆئەوەی بابەتەکە بگۆڕێ، درێژەی دایە:

ــ (بابە، کەش و هەوای نیۆیۆرك چۆنە.)

ــ (خۆت لەخەت مەدە. پرسیارم لەتۆکردو وەڵامەکەیم دەوێت.)

ــ (بەڕاشکاوی پێت بڵێم بابە، ئێمە ئیتر سەبارەت بەیەك، هەست بە بەرپرسیارێتییەك ناکەین.)

ـــ (قسەی قۆڕ مەکە جین، بیستم، کە چەند مانگێکە وەکو دوو بێگانە هەڵس و کەوت دەکەن. بۆ دەتەوێ چی بڵێی؟ مەگەر شێت بووی، کە شەق لە ژیانی خۆت هەڵدەدەی؟)
ـــ (کێ ئەمانەی بە ئێوە گوتوە؟)
ـــ (رابێرت بە بەڕێز ئۆلیڤەری گوتبوو و ئەویش لای من دەردە دڵی خۆی هەڵڕشت و بابەتەکەی وروژاند. کچەکەم تکا دەکەم ژیربەو سەرشۆڕم مەکە. تۆ ئێستا کچێکی ڕۆشنبیری. لە لایەکەوە منداڵیشت، کە هەیەو دوای چەند مانگێك، بەرپرسیاری ئەویش دەکەوێتە ئەستۆی تۆ. حەیفە، کە ژیانی شیرینی خۆتان بە فیڕۆبدەن.)
ـــ (بابە، کێشەی من هەرئەمەیە، من منداڵم ناوێ، بڕیارم داوە ئازادبم. ئیتر لەم ژیانە ماندووبووم.)
(جین) لەگەڵ دەربڕینی ئەم ڕستەیەدا، بەتوندی بیستۆکەکەی بەجێگاکەیدا کێشاو بەوپەڕی تووڕەییەوە بەرەو مووبەقەکە ڕۆیشت:
ـــ (تۆ بابەتی کێشەکەمانت بە باوکت گوتوە؟)
ڕابێرت ساتێ ئێسێکی کردو لە حاڵێکا رەنگ بەڕوویەوە نەمابوو، گوتی:
ـــ (ئێ، بەڵێ، ئیتر ماندووبووم، تاکەی دەتەوێ من بکەی بە ئامڕازی یاری دەستی خۆت؟ ئەوە چەند مانگە من وەکو زگوردەکان کارەکانم دەکەم. ئەوەندە خەیاڵت پەرێشان کردووم، کە ئیتر دەرس و دەوریش بایەخێکی بۆم نییە. ڕاستت بوێ، لەهەموو شتێ ماندوو بووم و لەهەموو شت و هەموو کەسێ بێزارم.)
( چ باشتر، لە ڕاستیدا منیش هەر ئەم بۆچوونەم هەیە. ئێستا، کە وای لێهات، من هەر لە ئێستاوە لەم سێلوولە لەعنەتیە دەڕۆمەدەر تا خەیاڵت ئاسوودە بێت.)
ئەگەرچی ڕابێرت هەوڵی دا ڕێی لێبگرێت، بەڵام ئەو بە تووڕەیی تەواوە، شتەکانی کۆکردەوەو لەماڵ دەرچوو. خواردنەکە لەسەر ئوجاخەکە دەسووتا، بەڵام ڕابێرت لەزۆری نارەحەتی ئاگای لێ نەبوو. بە ئاگر گرتنی تاوەکە هاتەوە سەرخۆی و لە حاڵێکا لەتاو تورەیی دەگریا، تاوەکەی فڕێ دایە سەر عەرزەکەو نەفرین وجنێوی بەخۆی و ژیانی داو دڵ پەشێو لەسەر کاناپەکە ڕاکشا. نەیدەزانی چی بکات. ئەو ڕۆژە عەسرەکەی هەرچەن هەوڵیدا خۆی هێوربکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، بەناچاری چووە دەرەوە و تا درەنگی شەو لەدەرەوە مایەوە. خەیاڵی ئەوەندە پەشێو بوو، کە ڕۆحە ئازارچەشتوەکەی، جەستەیشی لاوازکردبوو و توانای هەنگاو نانی نەبوو. دەمژمێر11:30 خولەکی شەو بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، بەڵام جین هێشتا

لەماڵەوە نەبوو. تا نیوەشەو جگەرەی بە جگەرەوە دەناو سەرئەنجام جین هیچ هەواڵێکی نەبوو. ڕابێرت لە خەفەتا ئەوەندە خواردنەوەی خواردبووەوە، کە نەیدەزانی کەی خەوی لێکەوتووە. کاتێ، کە سەرلەبەیانی لەخەو هەستا، هێشتا جین دیارنەبوو. بەبێ تاقەتییەکی تەواوەوە بەرەو مەتبەخەکە ڕۆیشت و هەرچەند یەخەچاڵەکە* پڕبوو، بەڵام لەوەی، کە کام خواردن بخوات دامابوو، بەناچاری پارچەیەك لە کالباسەکەی بڕی و بەبێ ئیشتیاییەوە خستیە ناو زاری و بەرەو زانکۆ کەوتە ڕێ.

جین بە بینینی ئەو لە گۆڕەپانەکەدا، هاتە لای و گوتی:

ــ (نیوەڕۆ کارم پێتە، ئەگەر کاتت هەبوو هەرلێرە چاوەڕێم بە تا پێکەوە قسەبکەین.)

ــ (ئێ باشە ناتوانی ئێستا بابەتەکەم پێ بڵێی؟)

ــ (نا، دەبێت لەبارەی شتێکەوە دڵنیابم.)

(ڕابێرت) ئیتر قسەیەکی بۆ گوتن نەبوو. هەردووکیان چوون بەلای کاری خۆیانەوە، ڕابێرت لە پۆلدا بە ئەندازەیەك لەفکردا بوو، کە (جۆرج)ی، هاوڕێی پێی زانی. ئەو دووانە هەر لەسەرەتای هاتنە زانکۆوە پەیوەندییەکی باشیان هەبوو. ئەو بابەتە گرنگەی، کە جۆرج دەیزانی، نەیدەتوانی بە ڕاشکاوی بۆ ڕابێرتی باس بکات. بەڵام هەرچییەك بوو دەبوایە ئەو ڕۆژە ڕاستییەکە بە هاوڕێیەکەی بڵێت. ئاخری بە نزمی داوای لە ڕابێرت کرد، کە بڕۆنە دەرەوە. ساتێ دواتر، لە کاتێکدا، کە لە گۆڕەپانی کۆلێژدا پیاسەیان دەکرد، جۆرج سەری قسەی بەم شێوەیە کردەوە.

ــ (ڕابێرت) بابەتێکی گرنگ هەبوو، کە دەمویست پێت بڵێم. بەڵام لەوەی، کە ڕەنگە تۆ نارەحەت بیت، نەمدەوێرا پێت بڵێم.)

ــ (چ بابەتێکی گرنگ جۆرج؟)

ــ (لەبارەی ژیانی هاوبەشتانەوە بوو.)

ــ (لەعنەت لەم ژیانە، ئیتر تەواوبوو. لەدوێنێ نیوەڕۆوە جین ماڵی بەجێهێڵاوەو شەویش نەهاتبووەوە. بەیانیش بەمنی گوتووە، کە نیوەڕۆ چاوەڕێ بم تا بابەتێکم پێبڵێ.)

ــ (بەدڵنیاییەوە لەم بارەیەوە، کە من دەمویست بەتۆی بڵێم.)

ــ (چ بابەتێك؟)

ــ (وەڵا چۆن بڵێم... ماوەیەکە کەمن خۆم بەم ڕاستییەم زانیوە. دەبێت بڵێم، کە هەر لەهەمان سەرەتای ساڵی خوێندنەوە ئاگاداری نەبوونی لێك تێگەیشتن لەنێوان تۆو جیندا بووین

وهەتا هەموو هاوپۆلییەکانیش لەم بارەوە قسەیان دەکرد. بەڵام من دژی بۆچوونەکانی ئەوان بووم. بەڵام نزیك بەهەفتەیەکە، کە دڵنیابووم، کە جین بەڕاستی دەربەستی ژیانی نییە.)

ــ (مەبەستت چییە؟)

ــ (هیچ، هەڵبەت قوتابییەکان دەیانووت، کە جین پەیوەندی لەگەڵ (بێرنارد)دا، هەیە.)

ــ (کام بێرنارد؟)

ــ (بێرنارد شاو ئەڵێم، ئەو کوڕە کالیفۆڕنیاییەی، کە لەساڵی کۆتایی کۆلێژی هونەرە هزرییەکان* دەخوێنێ. ئەرێ، گوایە جین پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵی هەیە و ماوەیەکیشە، کە زۆربەی کاتەکان پێکەوەن. وابزانم دوێنێ شەویش لەماڵی ئەودابووە.)

ــ (ڕابێرت) بە بیستنی ئەم قسەیە، وا هەستی کرد، کە دنیا بەسەریدا ڕووخا. دابەزینی فشارو سستییەکی وا بەسەریدا زاڵ بوو، کە ئیتر خۆی پێ کۆنترۆڵ نەکراو کەوت بەسەرکورسی کەناری باخچەدا. ئایا بەڕاستی ئەو دەنگۆیە، حەقیقەتی هەبوو؟ نیگایەکی قووڵی لە جۆرج کرد. لە نیگاکەیدا هەم نەفرەت و قین دەبینراو هەم لاوازی و بێ توانایی و لالانەوە لە ئەوانیتر، ڕەنگە نەفرەتەکەی لە جورج بووبێ، کە شتێکی وای بەڕوونی بۆ گێڕاوەتەوەو یان ئەگەر داوای یارمەتی دەکرد، لەوەوە بوو، کە نەیدەویست ژیانی بەم ئاسانییە لێك هەڵوەشێتەوە.

ڕابێرت ئەو ڕۆژە هەرچەند ویستی خۆی کۆنترۆڵ بکات، نەیتوانی ئەو کارە بکات، چەندین دەمژمێر وەکو کەسە خەیاڵییەکان لە گۆڕەپانەکەدا پیاسەی کرد. ماوەیەك لەتوندی و زۆری تووڕەییدا پێی بە زەویدا دەکوتا و ماوەیەکیش وەکو شێت پەنجەکانی لە نێوان قژە کاڵەکانیدا ئەجووڵان و لەتوندی سەرئێشەدا، تاڵەکانی ڕائەکێشا. سەرئەنجام لە ماندوێتیدا، لەسەر سەوزەڵانییەکانی حەسارەکەدا ڕاکشا، کە لەناکاو بەدەنگی (جین)دا، هاتەوە سەرخۆی.

ــ (ڕابێرت لێرەی؟)

نیگایەکی تێپەڕی جینی کردو دواتر ڕووی وەرگێڕا.

ــ (حەزناکەی پێکەوە قسەبکەین.)

-(ئێمە ئیتر قسەیەکمان پێکەوە نەماوە.)

---

* هونەری هزری:- هەرکام لەو هونەرانەی واکاریان بە دیهێنانی شتی بەرچاو و جێی تێڕامانە (وەك: نیگارڤانی، میعماری، پەیکەرتاشی و . . . هتد.

ـــ (دەزانم، هەروەها منیش دەمویست لەم بارەیەوەقسەبکەین.)

ـــ (مەگەر چ قسەیەك ماوە تا لەبارەیەوە باس بکەبن.)

ڕابێرت بەبێ تاقەتییەوە هەستاو لەگەڵ جیندا بەرەو دەرەوەی زانکۆ کەوتەڕێ، هێشتا جگەرە لەسەر جگەرەی دەکێشا. ئەوەندە جگەرەی کێشابوو، کە بۆنی دووکەڵ و قیر لەهەموو جێیەکیەوە دەهات. ئەو دووانە ساندویچیان کڕی و لەسەر کورسی پارکی شار دانیشتن. جین نەیدەزانی لەکوێوە دەست بکات بەباسەکە. نەیدەویست لەوە زیاتر ڕابێرت بخاتە بارودۆخی نائاسایی ڕۆحییەوە، خۆی دەیزانی، کە تا چ ئەندازەیەك مێردەکەی ڕەنجاندووە و خستوویەتیە هەل و مەرجێکی دژوارەوە. هەرچەندە بیری کردەوە نەیتوانی قسەکان ڕێکبخا، ئاخری گوتی:

ـــ (لەبارەی دوێنێوە بەداخەوەم ڕابێرت، زۆر داوای لێبوردن دەکەم کەلەبەرامبەرتدا توندبووم.)

ـــ (هیچ نییە. ئێستا من چەندین مانگە، کە عادەتم بەم بارودۆخەوە کردووە. بەڵام ئەوەی، کە دەتویست بیڵێی، زووتر بیڵێ.)

ـــ (دەمویست... واتە وامدەزانی... چۆن بیڵێم؟)

ـــ (باشە ئەسڵی مەسەلەکە بڵێ. بابەتی بێرنارد ئەڵێی؟)

(جین) بەبیستنی ئەم ناوە رەنگ بەڕوویەوە نەما. ئیتر نەیتوانی شتێ بڵێ و بەبەرکەوتنی نیگاکانی لەگەڵ نیگاکانی (ڕابێرت)دا، هەستی بە ترسێکی سەیر لەبوونی خۆیدا کرد، بە "توری"یەوە گوتی:

ـــ (نا... نا... بابەتەکە ئەوە نییە.)

ـــ (کەواتە چییە؟ دەتەوێ دیسانەوە بمکەیتە یاری دەستی خۆت؟)

ـــ (نا، وا دەزانم، کە ئیتر ژیان بۆ هەردووکمان ناشرین و بێزراو بووە... هەست ئەکەم ئیتر پێویستیمان بەیەکتر نییە. هەرچەند بیرم کردەوە، کە ڕێگەچارەیەك بدۆزمەوە، بەڵام نەمتوانی، من، کە گەیشتوومەتە بن بەست* و بەم پێیە بڕیارم داوە بەبێ ئەوەی کارەکە لەوە خراپتر بێت، لەیەك جیابینەوە. بەڵام...)

فرمێسك لەچاوەکانی ڕابێرتا ئەڵقەی بەست. نەیدەزانی لەبەرامبەر پێشنیارەکەی ئەودا چی بڵێ. ئەو، کە ساڵەهای ساڵ پەیوەندی هاوڕێیەتی هەبوو و لەزەمانی زۆر منداڵییەوە

---

* بن بەست:- ڕێ کورك، ڕێگایەك، کە دەرچوونی نیە.

مەیلێکی زۆری بۆجین هەبوو و ئێستاش پاش تێپەڕبوونی دووساڵ لەدەسپێکی ژیانیان، هەنگاوێکی تازە پێگەیشتووش چیٚ دەبوو، جین بەبیٚ شەرمییەکی تەواوەوە ئاوەها پێشنیارێکی دەکرد. ڕابێرت ئاخێکی هەڵکێشاو سەری نەوی کرد و جین دیسانەوە گوتی:

ــ (بەڵام دەمەویٚ لەم نێوانەدا کەس قوورربانی یاری چارەنووسی ئێمەنەبێت.)

وەك بڵێی بەم قسەیە بروسکەیەك لە وجودی ڕابێرتا لێدرا و بەسەرسووڕمانەوە پرسی:

ــ (مەبەستت چییە؟)

ــ (مەبەستم ئەوەیە، کە نامەویٚ منداڵەکەمان ببیٚ. کورتاژی دەکەم.)

ــ (بەڵام ... بەڵام ئەمە نەکردەیە.)

ــ (نا ڕابێرت، نەکردە نییە، ویستم بەڕازیبوونی خۆت بێت دەنا خۆسەرانە دەیکەم. ئێستا، کە ئێمە پێکەوە ناگونجێین، بۆچیبوونی منداڵێکیش داخێك بێت لەسەر دڵمان.)

ڕابێرت وەها تووڕە بووبوو، کە دەیویست هەرلەویادا جین بکوژیٚ. ئیتر لەدڵێدا هەستی بەهیچ خۆشەویستییەك بۆ ئەو نەدەکرد. بەتووڕەیی تەواوەوە هاواری کرد.

ــ (تەواوی ئەمانە لەبەر خاتری من و خۆتە، یان ئەوەی زەمینە بۆ بێرنارد شاو ئامادە دەکەی؟)

ــ (ئەوە ئیتر پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە. ئەسڵەن کیٚ گوتویەتی کەمن پەیوەندیم لەگەڵ بێرنارد شاودا هەیە.)

ــ (باش دەزانم، بەڵام بڵیٚ بزانم دوێنیٚ شەو لەکویٚ بووی؟)

ــ (ئەگەر پێت ناخۆش نەبیٚ دەبێت بڵێم، کە لەماڵی بێرنارد بووم. ئەویش وەکو من باوەڕی بەژیانی هاوبەش نییە. ئێمە لەگەڵ یەکدا وەکو دوو هاوڕیٚ دەژیەین، من نامەویٚ لەمە زیاتر ژیانی خۆم بۆ ئەوانیتر خەساربکەم.)

ــ (واتە ژیان هەر ئەمەیە. لەدەقەکانی قوتابخانەی ئێوەدا، ژیان بەم مانایەیە، کە پیٚ بنێی بەسەر هەموو بەهاکان دا و بەها مرۆڤانەکان بە بێهوودە بزانی؟ لەزمانی ئێوەدا ژیان بەم واتایەیە، کە وەکو ئاژەڵ ئەمرۆ لەگەڵ کەسێك و سبەی لەگەڵ یەکێکی تردا تێکەڵ بیت؟ لەعنەت لەتۆ و لەژیانی تۆ. خۆزگە تۆم نەناسیایەو ئەوندە بۆخۆم و بۆتۆ بەداخ نەبوومایە.)

ــ (ئێستا خۆت ئەزانی، من ڕێگای خۆمم هەڵبژاردووە. من نامەویٚ ئازادی و خۆشی خۆم بۆ کەسانیتر خەسار بکەم، ئەمڕۆ بە منداڵێك، سبەی بە منداڵێکی ترو لەناکاو

چاوبکەمەوە و ببینم، کە کار لەکار ترازاوە. دەبێ بەتەواوی وجودەوە، چێژ لەژیان، لە دەرفەتەکان، لە ئاسوودەیی و لەبوونی خۆم وەربگرم، تێگەیشتی؟)

ـــ (ئەریَ تێگەیشتم، کە چەند چەپەڵی. ئێستا بڕۆ ونبە و هەر قوژبنێ، کە بۆ تۆو ژیانی ئازادانەت گونجاوە، هەڵبژێرە. ئیتر واز لەمن بێنە، ئاژەڵ! ئاژەڵ!)

بەم قسەیە بە گریانەوە هەستایەوە و بەڵام ئیتر هێزێك لە ئەژنۆکانیدا نەبوو و دووبارە کەوتەوە سەرکورسیەکە. ئەو ڕێبوارانەی، کە هەڵس و کەوتی ئەوانیان چاولێبوو، نیگای ماناداریان دەکردن و جێن بۆ ئەوەی خۆی لەگێچەڵەکە ڕزگاربکات. خێرا خۆی لە ڕابێرت دوورخستەوە. ڕابێرت بۆ چەند ساتێ هەروا بێدەنگ و بێ جووڵە وەکوو پەیکەرێك مایەوە و تەماشای لایەکی دەرکرد. لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانەوە تا ئێستا قۆناغگەلێکی زۆری تێپەڕاندبوو. هەموو لایەنەکانی ژیانی و تەنانەت جۆری ڕەفتارو پەرچەکردارە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خۆیشی هێنایە پێش چاو و بەووردی هەڵیسەنگاندن تاکو هۆی ئەو شکستە بدۆزێتەوە. وەلێ هەرچەن قووڵتر دەبووەوە و بیری لە ناوەڕۆکی ژیانی خۆی کردەوە، زیاتر لەپێش، بەهەڵەی خۆی زانی. ئەو لە هەڵبژاردنەکەیدا هەڵەی کردبوو. جێن هەر لەهەمان سەرەتاوە، کە خاوەنی تێڕوانینێکی هەڵەو ئاوهایی بوو، بۆ ژیانێکی تەندروست و هاوبەش، لێك و لەبار نەبووبوو، دەسا نەدەبوایە ئەوی بۆ ژیانی خۆی هەڵبژاردایە. بەڵام ئێستا دەبوایە چی بکردایە؟ ئایا بەڕاستی بەهەموو بوونەوە ئاگر لەم ژیانە بەر ئەدرا یان بەدوای ڕێگەچارەیەکدا ئەگەڕا؟

ڕابێرت لەڕووی ناچارییەوە دیسان دەستەودامێنی باوکی بووەوە. ئەو شەوە گریانەکانی ڕابێرت لەتەلەفۆنەکەدا، پیرەمێردەکەیشی پەژارەمەند کردبوو. بەڕێز ئۆلیڤەر برانسۆن نەیدەزانی چۆن چۆنی کوڕەکەی بەژیان ڕازی بکات. لەقسەکانی ڕابێرتدا وەها خەم و پەژارەیەك دیاربوو، کە وا گریمانەدەکرا، کە ئیتر سەر ڕشتەی ژیان لەدەستی دەرچووەو جگە لەخۆکوژی چارەیەکی نییە. هەتا خاتوو برانسۆنیش لەوەی، کە کوڕەکەی لەبێ هیوایی و نائومێدییەوە، بیەوێ کارگەلێکی ناماقووڵ بکات، زۆر نیگەران بووبوو.

ـــ (کوڕم، هیچ ناڕەحەت مەبە، سەرئەنجام بەهەڵەی خۆی دەزانێ.)

-(چۆن دایە، چۆن؟ ئیستا، کە شەوێك لەگەڵ پیاوێکی تردا خەوتووەو ڕاشکاوانە دان بەم کارەشیدا دەنێ، چۆن بە هەڵەکەی دەزانێ.)

خانمی برانسۆن کەتازە لە مەسەلەکە تێگەیشتبوو، بەبیستنی ئەم قسەیە لای تەلەفۆنەکەدا وشك بوو، ئەویش وەها خۆی دۆڕاندبوو، کە بیستۆکەکە لەدەستی دەرچوو، بەڕێز ئۆلیڤەر برانسۆن بەدوای بابەتەکەدا چوو و ڕابێرت ڕوونی کردەوە کە:

ــ (باوکە گیان، پێریٚ کەمیٚ دەمەقالێمان بوو، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو، کە بەڕێز(ئۆستین) تەلەفۆنی کرد بابەتی کێشەکەی ئێمەی باس کرد. گوایە ئەو جینی سەرزەنشت کردبوو، کە جین بەبیانووی ئەوەوە، کە بۆچی ئێوە بەکێشەکەی ئێمەتان زانیوە، ماڵی بەجێهێشت، ئەو شەوە من تا درەنگانیٚ لەدەرەوە بووم، تا لانی کەم تووڕەیی و ناڕەحەتیم دامرکێتەوە، بەڵام کاتیٚ، کە نیوەشەو بۆماڵەوە گەڕامەوە، هێشتا جین نەهاتبووەوە. مەشروبێکی زۆرم خواردبووەوە، نازانم دەمژمێر چەندبوو، کە خەوم لێکەوت، بەیانییەکەشی لەماڵەوە نەبوو. لەزانکۆ یەکێك لەهاوڕێکانم بەناوی (جۆرج) بابەتی پەیوەندی جین لەگەڵ قوتابییەك بەناوی (بێرنارد شاو)ی، باس کردو تەنانەت وابڕیاربوو، کە نیوەڕۆ خودی جین بابەتێکم پێبڵیٚ. کاتیٚ کەمن بەر لەو باسی پەیوەندی ئەوم لەگەڵ ئەو کوڕەدا کرد بە بیٚ شەرمییەکی تەواوەوە دانی پێدانا کەلەگەڵ ئەودایەو ئەیەویٚ لەمن جیاببێتەوە و بەدوای ئازادی خۆیدا بێت.)

ــ (کوڕم ئەو چ جۆرە ئازادییەکی دەویٚ؟)

ــ (ئازادییەکی دڕندانەی دەویٚ. ئەو نایەویٚ پابەندی بەرپرسیارێتییەکان بێت. ئەو ژیان تەنیا بەخواردن و خەوتن و عەیش و نۆش ئەزانیٚ. ژیانی کەسی خۆی لەسەروو هەموو شتێکەوەیە. دەڵیٚ نایەویٚ، کە لەوەزیاتر خۆی وەقفی من و منداڵی داهاتووی بکات.)

ــ (باشە منداڵەکەتان چی لیٚدیٚ. ئێستا دەبیٚ چوارمانگان بێت، وایە؟)

ــ (بەڵیٚ، بەڵام بەداخەوە پیلانێکی بۆئەویش داڕشتووە؟)

ــ (چ پیلانیٚ؟)

ــ (دەیەویٚ کورتاژبکاو ئەویش لەناو ببات.)

ــ (خودای من! چی دەبیستم. خۆ ئەو چوارمانگە دووگیانە. ئەگەر کورتاژبکات، خۆی دەکەوێتە مەترسییەوە.)

ــ (ئێستا نازانم، دوێنێش دەیویست هەر ئەم بابەتە باس بکات. گوتی دەیەویٚ ڕەزامەندی من مسۆگەربکات و ئەگەر نا خۆسەرانە دەیکات.)

ــ (باشە ئەم بابەتەت بە خێزانەکەشیان گوتووە یان نا؟)

ــ (نەخێر، ئەسڵەن نازانم چی بکەم، مەیلم بۆخواردن و حەزم بەژیان نییە. نازانم بەڕاستی نازانم چی بکەم.)

بەڕێز (ئۆلیڤەر برانسۆن) لەوەی، کە کوڕەکەی ئەم ئیعترافاتانەی دەکرد، نیگەرانی داهاتووی بوو و هەوڵیدا هەرچی زووترە بیگەڕێنێتەوە لای خۆی. بەم خەیاڵەوە بەیەکەمین فڕۆکە بەرەو شیکاگۆ چوو و تاکو لای ڕابێرت بێت و پێش ئەوەی ڕابێرت لەڕووی تووڕەیی و بێ هیوایی و نائومێدییەوە، کارێکی ناماقووڵ بکات ڕێی لێبگرێت. هەر ئەوشەوە ئۆلیڤەر برانسۆن. کوڕەکەی (ڕابێرت)ی، بەمەستی دۆزییەوە. ڕابێرت لەماوەی نۆمانگی ڕابردوودا وەها فەرتووت و لاواز بووبوو، کە قەڵافەتی زۆر بەساڵاچووتر لەتەمەنی ڕاستەقینەی خۆی پیشانی دەدا. ئەو شەوە بەڕێز (ئۆلیڤەر) کوڕەکەی لەسەر جێکەی خەواند و لەحاڵێکا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ دایك و باوکی جیندا دەکرد، باسی لەداهاتووی بەرەو لەناوچوونی (جین)ی، بۆ کردن. بەڕێز ئوستین لەکاتێکا زۆر بەداخ و شەرمەزار بوو، لەگفتوگۆکردن لەگەڵ (بڕانسۆن)دا، تەریق دەبووەوە. نەدەزانی لەبەرامبەر ئەواندا چ پەرچەکردارێکی هەبێت. بەڕێز (ئۆلیڤەر) پێشی ڕاگەیاندن کەئیتر ژیان بۆ ڕابێرت و کچەکەیان نالوێ و دەبێ ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە. لێرەدا، کە ئاغای (جیمز ئوستین) نیگەران بووبوو. پرسی:

ــ (ئێستا جین لەوێ یە، ئەمەوێ قسەی لەگەڵ بەکەم.)

ــ (نەخێر بەڕێز ئوستین، بەداخەوە کچەکەتان سێ ڕۆژە ماڵی بەجێهێڵاوە و لەگەڵ ڕابێرت ناژی.)

ــ (ئەی لەکوێیە؟ خۆ ئەو خزم و ناسراوی لەوشارەنییە.)

ــ (نازانم ... من نازانم.)

(ئۆلیڤەر برانسۆن) بۆ ساتێ ئێسێکی کردو نەیویست بابەتی پەیوەندی نارەوای جین لەگەڵ کوڕێکدا بەناوی (بێرنارد شاو)ەوە، بە جیمز ئوستین بڵێ، بەڵام کاتێ قەڵافەتی داچەکاوی رابێرتی بینی، لە تووڕەییەوە گوتی:

ــ (بەڵام بەڕێز (ئوستین) ئەگەر پێتان ناخۆش نابێ و قسەکانی بەندە بە ڕووداری نەزانن، ئەبێ شتێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە.)

ــ (چ بابەتێ؟ تکا ئەکەم ڕوونتر قسەبکەن.)

ـــ (لە ڕاستیدا گوتنی ئەم شتە پێویستی بە ڕاشکاوی و ڕوونی بابەتەکە هەیە، بەداخەوە کچەکەتان لەگەڵ کوڕێکا بەناوی بێرنارد شاو، پەیوەندی داناوە و ئێستا چەندین شەوە کەلەماڵی ئەدا دەمێنێــتەوە.)

لەوبەری هێڵەکەوە بێ دەنگییەکی کوشندە زاڵ بوو، دوای ساتێ دەنگی ڕقاوی جیمز ئوستین گەیشتە گوێ، کە ئەیووت:

ـــ (داوای لێبوردن دەکەم... زۆر بەداخەوەم.)

ـــ (ئیتر لەدەستی ئێوەدا نییە بەڕێز ئوستین، کچەکەتان بەشێوە بیرە بەناو پێشکەوتووەکەی دەگاتە شوێنێ، کە جگە لە لەناوچوون و بەدبەختی سوودێکی نییە. ئاخر کەوتنە دوای ناوبانگ و پارە، پێویستی بەوەیە پشت لە ژیانی هاوبەش بکرێ، کە ئەو ئەیکات؟)

ئەگەر خوێندنی ئەویست و ئەگەر ئاواتی نووسەری و نازانم بەناوبانگ بوون و دەوڵەمەندبونی هەبوو، ئێ نەیهێڵایە دووگیان بێت. و دوای خوێندنی ئەو کارەی بکردایە. کەواتە چ پێویستی دەکرد، کە پشت لەژیانی هاوبەشی بکات و ئەویش ڕێگایەك هەڵبژێرێ کەجگە لە بەدبەختی و بەدناوی هیچ شتێکی تری پێ نابڕێ. زۆر ئافرەتی بەناوبانگ لە دنیادا هەن کەلەگەڵ کارو ناوبانگ و نووسەری و... هتد بەئەرکی دایکایەتی و هاوسەرێتی خۆیشیان ڕادەگەن.)

ـــ (بەڕاستی بەداخەوەم بەڕێز بڕانسۆن، بەتەواوی هەق بەئێوەیە.)

ئیتر قسەیەك بۆوتن نەمابوو، بەڕێز ئۆلیڤەر برانسۆن بیستۆکەکەی خستەوە سەرجێگاکەی. سەری خستە نێوان دەستەکانی و بیری لە ژیانی دژواری کوڕەکەی کردەوە، لەناکاو دەنگی تەلەفۆنەکە هەراسانی کرد. کاتێ بیستۆکەکەی هەڵگرت، لەو لاوە دەنگی دکتۆرێك دەبیسترا، کە هەواڵی کورتاژکردنی جینی دەدا و داوای لە ڕابێرت دەکرد، کە ئەگەر بکرێ کار بۆ دابینکردنی خوێن بکات. بەڵام ڕابێرت بەرپرسیارێتیەکی لەبەرامبەر جیندا نەبوو. ئەو خۆی پێی نابووە ئەم ڕێگایەوە و چڵپاوی لەناوچوونی هەڵبژاردبوو. ئەگەر لەژێر نەشتەری کورتاژدا گیانی لەدەست بدایە، بایەخێکی بۆ ڕابێرت نەبوو. لە ڕاستیدا ئەو بکوژی ئارەزووەکانی ڕابێرت و منداڵە چوار مانگانەکەی بوو!

# بەشی دوانزەیەم

ڕابێرت لەگەڵ باوکیدا بۆ نیویۆرك گەڕایەوە. ئەگەرچی خۆی بەسەختی لە گێروداری کێشەی خێزانی خۆیدابوو و کورتاژی جین و لەناوچوونی منداڵە چوار مانگانەکەی قەیرانێکی گەورەی ڕۆحی هێنابووە ئاراوە، وەلێ بەم حاڵەوە هاوڕێکەی (ئاندراس)ی، فەرامۆش نەدەکرد. چەندین مانگ بوو، کە لەلایەن ئاندراسەوە نامەیەك و یان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نەکرابوو و لەبەرئەوەی، کە ڕابێرت خۆیشی سەرقاڵی کێشەکانی خۆی بوو، دەرفەتی تەلەفۆن کردن و یان نامەنووسینی نەدەبوو.

(ئاندراس) پاش دووگیانی هاوسەرەکەی، چەندین حاڵەتی ناهەنجاری دەروونی و جەستەیی (مێگان)ی، تێبینی کردبوو و بەهۆی ئەوەوە، کە هەندێ جار هەستی بێهێزی و سەرگێژە زیاتر دەبوو، هۆیەکانی نیگەرانی ئەوی فەراهەم کردبوو و ناچار بردبوویە لای پزیشکی پسپۆڕ، لەمیانەی تویژینەوەو لێکۆڵینەوەو ئازمایشتە جۆراوجۆرەکانەوە دەرکەوتبوو، کە (مێگان) تووشی شێرپەنجەی مەسانە بووەو هیوایەکی واشی لێناکرێت.

دکتۆر (ئالبێرت جێرارد)، کە بۆ ئەم مەسەلەیە ئەو پەڕی هەوڵی خۆی پێشکەش دەکرد، بەئاندراسی گوتبوو، کە ئەبێ مێگان بخرێتە ژێر چارەسەری رادیۆتوراپییەوە تاکو لەم ڕێگەیەوە ڕیشەی شێرپەنجەکە بسوتێنرێت. هێشتا خودی مێگان ئاگاداری ناڕەحەتی و شێرپەنجەکەی نەبوو.بوونی دەرمان و بەکارهێنانی جۆرەکانی هیوایەکی وای بۆ زیندوومانەوە یان تەندروستبوونی پێزی* یەکە نەهێڵابووەوە. لەم حاڵەتەدا ئاندراس نەیدەهێڵا، کە پزیشکەکان نەشتەرگەری لەباربردنی پێزی یەکە، بۆ مێگان ئەنجام بدەن. دەوری چاوی مێگان جوخینەی ڕەشی لێهاتبوو و لەڕووی جەستەییەوە ڕۆژ بەڕۆژ لەڕولاوازتر دەبوو.

بەم حاڵەوە ئاندراس بۆساتێ جێی نەدەهێڵا و بەهەرشێوەیەك بووە، هەوڵی ئەوەبوو، کە ئەو بە نەخۆشییەکەی (شێرپەنجە)* نەزانێ، تەنانەت لەگەڵی دەچووە حەمام و هەمیشە لە حەمامکردنیشدا

* پێزی:- بەبلە، ساوای ناو سك. . .

* ئەم وشەی، کە لەناو کەوانەدایە وەرگێڕی کوردی دایناوە.

یارمەتی دەدا. ئەو هاوکاریکردنەو یان چوون لەگەڵیدا، نەك بۆ عەشقبازی و یان کەڵك وەرگرتن لەڕووی سێکسیەوە بوو، بەڵکو ئاندراس دەیزانی لە بارودۆخێکی هاوشێوەی ڕووداوەکانی پێشوو لە حەمام ڕوبدات و ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو، ڕووبدات. لەڕاستیدا چوون لەگەڵی لەڕووی چاودێری و ئاگاداری کردنەوەبوو. وەلێ لەو حاڵەدا شۆخی و گۆنگڵ بێژییەکانی مێگانی دڵخۆش ئەکرد. هەندێ جار بە درۆ باسی لەژیانی داهاتوو ئەکرد و مێگانی بەچاکبوونەوە دلگەرم ئەکرد.

ــ (ئازیزەکەم، لەگەڵ دکتۆر قسەم کردووە و گوتویەتی، کە بەم زووانە چارەسەری رادیۆتراپیت بۆ ئەکرێ و سەلامەتیت بۆ ئەگەڕێتەوە. بەس تکا ئەکەم ئاگاداری خۆتبە تاکو دایکێکی شایستە بۆ منداڵەکەمان بیت).

بەڵام خودی ئاندراس دەیزانی، کە ئەم قسانە هەمووی درۆیە و لە بێهوودە بێژی زارەکی زیاتر نییە. بەڵام جگە لەوە چارەیەکی تری نەبوو، چونکە لاوازی دەروونی توندی نەخۆشییەکەی زیاتر دەکرد و پێش وادەکە، ئەگەری لەدەستچوونی مێگان لەئارادابوو.

جاروبار، کە مێگان دەخەوت، خۆی بەتەنیا لە ژووری کارەکەیدا دادەنیشت و چەندین دەمژمێر دەگریاو حەسرەتی لەژیانی دەخوارد. ئاخربوونی مێگان، ئەوی بە ژیانی شیرین و گیانبەخش هیوادارتر کردبوو. ژیان لەگەڵ مێگاندا چێژبەخش بوو، پێکەنینە شیرینەکانی، زەردەخەنە ڕۆح بەخشەکانی بە دلۆڤانی و دلنەواییە ناکۆتانییەوە ژیان و ڕووە جۆراوجۆرەکانی لای ئاندراس دڵگرتر کردبوو. ئێستا چۆن دەیتوانی باوەڕ بکات، کە خۆشەویستترین کەس و میهرەبانترین ژنی دونیا لەبەرایی ژیانی هاوبەشیانا، بەهۆی تووشبوون بەنەخۆشی شێرپەنجەوە دنیا بەجێ دێڵێ. کاتێ وەها نوقمی بیرکردنەوە دەبوو، کە ئیتر لەبیری دەکرد ڕەنگە مێگان هەستابێ و بزانێ، کە لای نییە. ئەگەرچی مێگان زۆرجار بە سووری چاوەکانیا زانیبووی، کە ئاندراس گریاوە، بەڵام ئاندراس بە بیانووگەلێکی خەیاڵی ڕازی کردبوو، کە هیچ نەبووەو ئەو واتێگەیشتوە. تەنانەت جارێکیان مێگان بە پاڕانەوەوە داوای لێکردبوو، کە هۆی گریانی خۆی پێ بلێت، کە ئاندراس لەڕووی ناچارییەوە وەڵامی دابووەوە کە:

ــ (ئازیزەکەم من لەبوونی هاوسەرێکی دلۆڤان و بەوەفای وەك تۆ بەئەندازەیەك دڵخۆش و خۆشحاڵم، کە بچووکترین ناڕەحەتی و هەستی ئازار لەبوونی تۆدا، من نیگەران دەکات. من تەنیا سەبارەت بە نەخۆشییەکە ناڕەحەتم و لەبەرقاپی خوداوەندا دەپاڕامەوە، کە تۆ شیفا بدات.)

ــ (باشە مەگەر من چاك نابمەوە، کە ئەوها دەپاڕایتەوە.)

ــ (با، با... بەڵام تکام لەخوا دەکرد کەزووتر چاکت بکاتەوە.)

ئاندراس بەم ڕاڤانەوە ئەوی ڕازی دەکردو ژنەی دڵساف قسەکانی مێردەکەی قبووڵ دەکرد. هێشتا پێزی یەکە زیندوو بوو و دکتۆر (جێرارد) لەمیانەی سۆنەرە زۆرەکانەوە گوتبووی، کە پێزی یەکە زیندووە، بەڵام ئیتر هیوای تەندروست بوونی لێناکرێ. ڕۆژبەرۆژ توندی نەخۆشییەکە و سەرگێژەی مێگان زیاتر دەبوو. ئیتر بە ئەندازەیەك لەڕو لاواز بووبوو، کە جلەکانی بۆی گەورەبوون، جاروبار خودی مێگانیش بەهەندێ ڕووداوی دەزانی. تەنانەت ئەو ڕۆژەی کەدوای بەرنامەی رادیۆتوراپی لەگەڵ ئاندراس بۆ فرۆشگاکەیان ڕۆیشتبوون و ئاندراس بۆ دڵخۆشکردنی ئەو، جلێکی هەڵبژاردبوو تا بکاتە بەری، لەگەورەبوونی جلەکە، کە وەك هەمیشە لە سایزی ئاسایی گەورەتر دەهاتە پێش چاو، نیگەران بووبوو و گوتبووی کە:

ــ (ئاندراس جلەکانی ئێوە گەورەترن یان من لاوازبووم.)

ــ (نا ئازیزەکەم... نا... ئەمانە تەرحگەلێکی نوێن و مۆدیلەکەیان بەمشێوەیە. تۆ لاواز نەبووی.)

ــ (بەڵام خۆ من هەمیشە سایزی (28)م، لەبەر دەکرد. ئەم سایزە خۆ جیاواز نییە، وابزانم من لاوازبووم، نەکای ئەم... ئەرێ نەکا خوانەخواستە ئەم نەخۆشییە ترسناك و درێژخایەن بێت و من لەپێ بخات!؟)

ــ (نا ئازیزەکەم، لەخۆوە خەیاڵات مەخە سەرتەوە... تۆ بەتەواوی لەش ساغی. تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی داروەکانەوەیە، کە کەمێ لاوازبووی. ئێ بەدرێژایی ڕۆژ دەخەوی و ماسوولکەکانت کەم هێزتر بوون و هەرلەبەر ئەوەیە هەست دەکەی کەوا لاواز بووی.)

بەڵام مێگان لەڕووی هەستی ناوەکی خۆیەوە ئەیزانی، کە نەخۆشییەکی سەخت و دەرفەتی ڕزگاربوون نییە، وەلێ هەرچی هەوڵی دەدا، کە خۆی ئامادەی قبووڵی وەها ڕاستییەك بکات، بەڵام نەیدەتوانی. ئاخر تەلقینەکانی پزیشك و ئاندراس ڕێیان لێدەگرت، کە بەم شێوەیە بیربکاتەوە. لەلایەکی ترەوە چۆن ئەیتوانی بەم ئاسانییە خۆی ڕازی بکات، کە پاش چەندین مانگ لەژیانی هاوبەش و شیرینیان، بمرێت؟ مەگەر چەندە لەگەڵ یەکدا بووبوون تا بەم زوویییە لەیەك جیاببنەوە. هێشتا تامی تەواوی مێردە ئایدیاڵەکەی نەکردبوو و دەبوایە ساڵانێك لەگەڵیدا بژیەت. زۆربەی کاتەکان، کە مێگان حەزی تێکەڵبوونی سێکسی دەجووڵا، ئاندراس بە فێڵێك بەری بەم کارە دەگرت، ئاخر پزیشك ئەوی تێگەیاندبوو، کە بەهیچ شێوەیەك لەمێگان نزیك نەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم کارە بۆ ئەو زیانبارە. تەنانەت کاتێکیش وایلێهاتبوو، کە مێگان بە گلەیی و ناڕەحەتییەوە، گازەندەی کردبوو کە:

ــ (تۆش ئیتر لەمن تێربووی. ئەزانم لاوازترو قەڵافەتم ناشرین بووە و هەرلەبەر ئەوەش تۆمنت خۆشناوێ.)

ـــ (نا ئازیزەکەم، بڕوابکە تۆم لەگیانی خۆم زیاتر خۆش ئەویّ، بڕواناکەی تاقیم بکەوە. من تەنیا لەبەر ئەوەی، کە تۆ نارەحەت نەبیت و بەپێی ڕاسپاردەی پزیشك پێزی یەکە لەناو سکی تۆدا پیس نەبیّ، ڕازی بەم کارەنیم. سوێند بەخواو بە پەیوەندی و پەیمانی هاوسەریێتیمان قەسەم دەخۆم، کە خۆشم ئەوێی.)

وەتەنانەت مێگان بۆ ئەوەی دلێنیابێت زۆرجار ئەوی تاقیکردبووەوە. ڕۆژێکیان لەکاتی هاتنەوەی ئاندراس بۆماڵەوە، لەسەر کاناپەکە ڕاکشابوو. لەبەرئەوەی، کە ژنێکی بەسەلیقە و خۆش زەوق بوو جلە قەشەنگەکانی لەبەرکردبوو قژە ئاڵتوونییەکەی لەلایەکەوە کۆکردبۆوە. ئاندراس سەرقاڵی ئامادەکردنی مێزی خواردنەکە بوو و قاپی چینی پڕلە مریشکی سوورەکراوی لەدەستا بوو، کە مێگان قیژەیەکی کرد.

ـــ (ئاخ، ئاندراس فریام بکەوە،وەختە بمرم.)

بێچارە ئاندراس بەخەیاڵی ئەوەی، کە ڕووداوێك ڕووی دابێت، دەفرە گەورە چینییەکەی لەدەستی فڕێیدابوو و یەکسەر بەپەلە بەرەو ئەو ڕایکردبوو و یارمەتی دابوو کەلەم حاڵەدا مێگان چاوەکانی کردبووەوە و گوتبووی کە:

ـــ (تاقیکردنەوەکەت باش بوو. نمرەی تەواوت وەرگرت خۆشەویستەکەم. ئێستا زانیم کەبەڕاستی منت خۆشدەویّ.)

ـــ (پێویستی بەم تاقیکردنەوەیە دەکرد گیانی من؟ باشە ئێستا، کە دەفرەکە شکاوە، ئاکامی تاقیکردنەوەکە چی لیّ دیّ.)

ـــ (زەحمەت مەکێشە تا زەرەرمەند نەبیت نمرەی نایاب وەرناگری.)

هەردووکیان بەم قسەیە پێکەنیبوون. ئاندراس، کە دەیزانی ئیتر هیوایەك بەزیندوومانەوەی مێگان نییە، هەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەك، کە مومکینە دڵخۆش و ئومێدەواری بکات. هەتا بۆئەم مەبەستەش بۆ جەژنی کریسمەس ئەوی بۆ نیویۆرك بردبوو. لەگەڵ خێزانەکەیدا خۆشترین کاتەکانیان بەسەر بردبوو. تەنانەت نزیکەی دوو کیلۆ کێشی مێگان زیادی کردبوو و ئاندارس هەستی دەکرد کەگەڕان و سەیران بۆ دامرکاندنەوەی ئازارەکەی بەسوودبێت.

ئەو کاتانەیکە لەنیویۆرك بوون، چەندین ڕۆژو شەو خۆشترین کاتیان بەسەربردبوو و ، وەکو جاران سوودیان لەبوونی یەکتر وەرگرتبوو، وەلیّ لەهەر جار نزیکبوونەوەدا مێگان هەستی بەسەرگێژە و خەواڵوویی کردبوو. کاتێکە لەنیویۆرك گەڕانەوە. هەمان شەو کاتی حەوانەوەی شەوانە مێگان تووشی بێهۆشی بووبوو. ئەو شەوە ئاندراس بەزەحمەت گەیاندبوویە نەخۆشخانە و لەبەر ئەوەی دکتۆر جێرارد

لەویّ نەبوو، بە تەلەفۆن بابەتەکەی تێگەیاندو دکتۆریش لە زووترین کاتدا خۆی گەیاندە سەرسەری نەخۆشەکە.

پاش وەرگرتنی نموونەگەلی پێویست دکتۆر جێرارد تێگەیشت، کە ئیتر هیوایەك بۆ ڕزگاربوون نییەو هەر لەبەر ئەمە بە ئاندراسی گوت کە:

ــ (بەڕێز ئاندراس نازانم ئەم بابەتەتان چۆن پێ بڵێم. بەلام دەزانم، کە تۆش بە تێگەیشتوویی و ئاگاییەوە ڕاستییەکان قبوولّ دەکەن، بەڵام بەداخەوە نەخۆشی شێرپەنجەی هاوسەرەکەتان زیاد لەئاستی چاوەڕوانی گەشەی کردووە. ئێستا هیوایەك، کە هەمانە ئەوەیە، کە لە بەشی (ئانکۆلۆژی)دا، بیخەوێنن تا بە شێوەی شیمی دەرمانی بخرێتە ژێر چارەسەرییەوە.)

ئاندراس کەبە بیستنی ئەم ڕاستیە دنیا لەبەرچاویدا ڕەش و تاریك بوو، بەهێمنی کەوتە سەر کورسی هۆڵی نەخۆشخانەکە. هەرچەند بیری کردەوە کەچۆن قنیات بەهاوسەرەکەی بێنیّ، ڕێگەچارەیەکی نەدۆزیەوە و سەر ئەنجام گوتی:

ــ (بەڵام دکتۆر خۆ ئەو تا ئێستاش ئاگاداری نەخۆشیەکەی نییە، ئاخر من چۆن پێی بڵێم، کە دەمەویّ لەنەخۆشخانە بیخەوێنم؟)

ــ (منیش لەم ڕووەوە بەداخەوەم. ئەگەر بە ڕاشکاوانە بڵێم ئەو تا سێ مانگی تر دەمێنێ. هەڵبەت ئەگەر ئەنجامی شیمی دەرمانییەکە سوودمەندبێت، ڕەنگە ڕێگە چارەیەك هەبێت.)

ــ (خوای گەورە، واتە سێ مانگی تر...)

گریان ئەمانی نەدا. لە حالێکا، کە دکتۆر دەستی دەخستە سەرشانی تا ئارامی بکاتەوە. ئاندراس بیری لەبەخت ڕەشی و داهاتوویەکی دژوارکە لەچاوەڕوانیدا بوو دەکردەوە.

بەبێبوونی مێگان چۆن دەیتوانی درێژە بە ژیانی بدات؟ ئایا ئەمە هەق بووکە لەیەکەمین ساڵی هاوسەرێتیاندا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لەیەك جیاببنەوە. هێشتا ساڵیادی زەماوەندەکەیان نەهاتبوو و تەنیا دوومانگی بۆ ساڵیادەکە مابوو و دەبوایە ئێستا بەهەر شێوەیەك بووە، قنیات بەمێگان بێنیّ، کە ڕازی بێت لەنەخۆشخانەدا بیخەوێنن.

ئەو شەوە تابەیانی لەنەخۆشخانە مانەوە و کاتیّ، کە بەیانییەکەی بۆ ماڵ دەگەڕانەوە، ئاندراس خۆی دۆڕاندبوو و نەیدەزانی چی بڵیّ. ئەگەر چی بە ڕواڵەت پێکەنین و زەردەخەنەیەکی لەسەر لێو بوو، بەڵام لەهەر دەرفەتێکدا چاوی دەبڕییە دوورە دەستەکان و دەکەوتە بیرکردنەوەوە. لەو ساتەدا ئاواتی دەخواست کەخۆزگە خۆی تووشی ئەم نەخۆشییە ببوایەو لەجیاتی مێگان ئەم هەموو ئازار و ڕەنجەی بکێشایە. تەنانەت ئارەزووی دەکرد ئێستا، کە بڕیارە مێگان لەدنیا بڕوات خۆیشی بەهۆیەکەوە لەگەڵ

وی پێ بخاتە ئەو دنیاوە. جاروبار خەیاڵە شەیتانییەکان دەیانخستە وەسوەسەوە و بڕیاری دەدا بەبیانووی گەڕان، بەئۆتۆمبیل بۆ دەرەوەی شار بڕۆن و کارێ بکات کەبەهۆی ڕوداوێکەوە هەردووکیان پێکەوە گیان لەدەست بدەن، بەڵام کاتێ بەبیری دا دەهات، کە ڕەنگە ئەو بمرێت و خۆی دیسان زیندوو بمێنێتەوە، خۆی تاوانبار دەکرد کەلەو حاڵەتەدا زووتر کۆتایی بە ژیانی سنوورداری هاوسەرەکەی هێناوە و وازی لەم بیرکردنەوە و چارەسەرە دەهێنا.

مێگان، کە هەستی بەکەم خەوی دەکرد، ئاندراس بۆ ژووری خەوی برد. ژنەی بێچارە بەیەکەمین لاوانەوەی مێردەکەی خەوی لێکەوت. کاتێ، کە ئاندراس دەهاتە ژووری پەزێراییەوە، دەنگی تەلەفۆنەکەهات و بەبێ تاقەتییەوە هەڵیگرت و بەو خەیاڵەوە کە لە کۆمپانیاوە پەیوەندییان کردووە لەجێی خۆی دایناوە. ساتێ دواتر دووبارە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدایەوە. بەناڕەحەتی و نەفرینەوە بیستۆکەکەی هەڵگرت و بە ئاهەنگێکی فەرماندەرانەو توند، وەڵامی دایەوە:

ــ (ئەلو... ئەلو... ئەلو... فەرموون.)

ــ (سڵاو ئاندراس، خۆتی؟ من ڕابێرتم.)

ــ (ئۆوە، سڵاو ڕابێرت، زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم. کەمێ حاڵم باش نییە و لەبەر ئەوە بەبێ ڕێزییەوە وەڵامم دایەوە.)

ــ (بۆچی ئاندراس؟ لێگەڕێ بامن ناڕەحەت بم، بۆچی بووە، کە تۆ ناڕەحەتی.)

ــ (دەتویست چی ببێت. ئیتر دنیا بایەخێکی بۆم نەماوە. ئیتر ڕۆژگارم ڕەشە هاوڕێی من.)

ڕابێرت بە بیستنی ئەم ڕستانە وەك بڵێی لەناکاو برووسکە لێی دابێت. لەجێی خۆی وشك بوو. تۆ بڵێی چی ڕوویدابێ، کە (ئاندراس)ی، گونگڵ بێژ و جەفەنگباز ئەوەندە نائومێدانە ئەدوێ؟ بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات (ئاندراس) درێژەی دایە:

ــ (ڕابێرت ئیتر بەدبەخت بووم، ئازیزەکەم، خۆشەویستەکەم، باشترین هاودەم و یاری وەفادارم لەدەستم چوو.)

ــ (چی... چیت گوت؟)

ــ (ئەرێ، ڕاستت بیست، مێگان تووشی شێرپەنجە بووە. چەندین مانگە، کە زۆربەی شێوازەکانی چارەسەری بۆی بەکار هاتووە، بەڵام هیچ هیوایەکی لێناکرێ. دوێنێ شەو حاڵی خراپ بوو. بردمە نەخۆشخانەو دکتۆرەکەی بەڕاشکاوی گوتی، کە گەشەی نەخۆشیەکە زۆر زیاترە لەوەی، کە چاوەڕوان دەکرێ. بەدڵنیاییەوە دەمرێ.)

دەنگی گریان ئەمانی نەدا، ڕابێرت، کە لەولاوە گوێی لە قسەکانی وی بوو، بە بیستنی موو لەسەر جەستەی ڕاست بووەوە، ئەویش پێی کاریگەر بوو و فرمێسك لەکاسەی چاوەکانیا ئەڵقەی بەست و گوتی:

ــ (باشە، ئێستا دەبێ چی بکەی؟)

ــ (هیچ، تەنیا یەك ڕێگا ماوە. دکتۆر جێرارد ڕایسپاردووە، کە لە نەخۆشخانە بیخەوێنن تاکو بخرێتە ژێر شێوازی شیمی دەرمانییەوە. ئەگەر ئەم شێوازەش چارەساز نەبوو ئیتر دەبێ هیوابڕاوبم. بەڵام تۆ خۆت داوەری بکە. بەڕاست ئەمە بێ ویژدانی نییە ڕابێرت؟ بۆ دەبێ من خۆشەویستیرین کەسم لەدەست بدەم.)

ــ (زۆر بەداخەوەم هاوڕێی ئازیز، بەڕاستی دڵی منیشت هێنایە ئازار. ئیتر مەگریە. ئێستا مێگان لەکوێ یە؟)

ــ (لە ژوورەوە خەوتوە.)

ــ (ئایا شتێك بەمن دەکرێ؟)

ــ (دەمویست لەگەڵ باوکت ڕوانێژ بکەم. ئەگەر ئێستا لەماڵەوەیە، بمدەرێ تاقسەی لەگەڵ بکەم.)

ــ (بەداخەوە لەنەخۆشخانەیە. شەو من پەیوەندیت پێوە دەکەم و بەباوکم دەڵێم کە لەگەڵت قسەبکات. بڕوابکە بە ئەندازەیەك لە ناخۆشییەکەی تۆ ناڕەحەت بووم، کە پاك کێشەکەی خۆمم لەبیرکرد).

ــ (بەهەرحاڵ داوای لێبوردن دەکەم، کە تۆشم ڕەنجاند، بەڵام تۆ چ کێشەیەکت هەبوو.)

ــ (هیچ، باشترە نەپرسی. کاتێ من ژیانی خۆم لەگەڵ تۆ بەراورد دەکەم، ئاواتەخوازم، کە خۆزگە هاوسەرگیریم نەکردایە و ئێستا، کە دەبیستم ژنێکی باشی وەکو مێگان تووشی شێرپەنجە بووە زۆر ناڕەحەتم. ئەم جۆرە ژنانە دەمرن و ئاژەڵ گەلێکی وەکو جین دەمێننەوە.)

ــ (وا مەڵێ هاوڕێی من. نەکا دیسان شەڕ لەنێوانتاندا دەستی پێکردبێتەوە؟)

ــ (لەشەڕ تێپەڕی کردووە، کار گەیشتە جیابوونەوە، ماوەیەك لەمەوپێش جیابووینەوە، منداڵەکەشی کورتاژ کردو ئێستا لەگەڵ کوڕێکدا بەناوی (بێرنارد شاو)وە، دەژیەت.)

ــ (زەماوەندیان کردووە؟)

ــ (نەخێر، بەبۆچوونی خۆیان ژیانێکی ئازادانەیان هەیە. منیش لە شیکاگۆوە هاتوومەتەوە و لە نیۆیۆرکم، بڕیارە لەیەکێك لە قوتابخانەکاندا وانە بڵێمەوە.)

ــ (کوڕە قسەی قۆڕ مەکە. مەگەر شێت بووی کەواز لە خوێندن دەهێنی.)

ـــ (بەڵێ، ئیتر پێویستییەك لەم كارەدا بەدی ناكەم. دەمەوێ بەجینی بسەلمێنم، كە ژیان بەپارەو ناوبانگەوە مانای نییە. ئەو، كە بەدوای ئەوەوە بوو، كە ببێتە نووسەر. دەمەوێ من خۆم دەست بەنووسین بكەم و ڕەنگە خوا یارمەتیم بدات و نووسینەكانم بازاڕیان گەرم بێت و ئەگەر وابێت بەوی دەسەلمێنم، كە بۆ نووسەری، هەستی پاك و تێڕوانینی واقیع بینانیە پێویستە، نەك ئەوەی بخوێنی، زانكۆ تەواوبكەی و سەرئەنجام چاك لە خراپ جیانەكەیتەوە.)

ـــ (ڕابێرت، منیش بەداخەوەم بۆت. بەڵام ئەسڵەن خۆت ئازار مەدە، ژیانی تۆ لەگەڵ ئەودا هەر لەسەرەتاوە هەڵەبوو.)

ـــ (لەڕاستیدا هەركاتێ بیردەكەمەوە، دەبینم خۆم خەتابار بووم، كە ئەوم بۆ هاوسەری هەڵبژارد. بەڵام ئاندراس بڕوابكە هەركاتێ بیر لە بیرەوەرییە شیرینەكانی ڕابردوو دەكەمەوە، پاك شێت ئەبم. ئەسڵەن... ئەسڵەن ناتوانم فەرامۆشیان بكەم. تەنیا ئەو شتانە ئازارم ئەدەن ... ئەگەر... ئەگەر تۆ لە جێی...)

ئیتر ئوناق ڕێی گەرووی ڕابێرتی گووشی و نەیتوانی قسەبكات. ئاندراس، كە بەجۆرێك دەركی بە هەستی ئەو دەكرد و دەیزانی، كە بیرەوەرییە شیرینەكانی سەردەمی هاوسەرێتی چەندە كاریگەرن. هەقی بەو دەدا و بۆ ئەوەی نەیڕەنجێنێ، بیستۆكەكەی خستەوە سەر جێگاكەی.

ئاندراس بۆ ماوەیەك لەسەر قەنەفەیەكی ڕاحەت پاڵی دایەوە و حەوایەوە و دواتر نیگەران لەحاڵی هاوسەرەكەی، بەرەو ژووری نووستنەكەی وی ڕۆیشت. كاتێ دەرگای ژوورەكەی كردەوە، بەسەرسووڕمان و سەرسامییەكی زۆرەوە، مێگانی بە دانیشتنانەوە لەسەر سیسەمەكە بینی. نیگا مەعسومانەكان و چاوانێكی فرمێسكاوی، ئاماژەیەك بۆ ڕوودانی شتێك یان ڕووداوێك بوو.

ئاندراس بە حەپەساوی بەرەو لای غاری داو لە حاڵێكدا، كە لەئامێزی دەگرت، لەسەرخۆ سەری مێگانی لەنێوان دوو دەستیدا گرت و بەكەڵە ئەنگوستەكانی فرمێسكی لەگۆناكانی سڕییەوە و پرسی:

-(شتێك رووی داوە ئازیزەكەم، بۆ دەگریەی؟)

ـــ (شتێكی گرنگ نییە، لەبەرخۆم نەبوو، لەبەر...)

ـــ (لەبەر چی، لەبەر كێ؟)

ـــ (بەڕاستی منیش بەداخەوەم، كە (جین) وازی لەژیانی هێناوە.)

ئاندراس بە بیستنی ئەم قسەیە ڕاچڵەكی و بەبێ ئەوەی شتێك بڵێ، ترسا و چاوی بڕییە ڕوخساری مێگان. مێگان لەم كاتەدا، كە بەنیگەرانی و ترس و هەراسی هاوسەرەكەی زانی بوو، ئاخێكی هەڵكێشا و بەلێوانێكی لەرزۆك و ئاهەنگێكی تێكەڵ بەئوناق، گوتی:

ـــ (ئازیزەکەم ئەوەی، کە ڕابێرت پێی گوتی، گوێم لێبوو. بەڕاستی بەداخەوەم، کە هاوڕێکەت دووچاری وەها بارودۆخێکی شپرزە بووە. من...)

ئاندراس لێرەدا بوێری بۆ گەڕایەوە و بە پەشۆکانەوە پرسی:

ـــ (تۆ... تۆچی... نەکا...)

ـــ (بەڵێ ئازیزم، تەنانەت بابەتەکەی خۆیشمم بیست.)

لێرەدا گریان ئەمانی نەداو کەوتە باوەشی ئاندراسەوە و لە قوڵایی دڵەوە گریا. فرمێسکەکانی ژن و مێردە لاوەکە، کە هێشتا ڕوخساری قەشەنگی ژیانیان بە تەواوی نەبینیبوو، تێکەڵی یەکتربوو. ئاندراس بەهەموو توانای خۆیەوە هەوڵی دەدا هاوسەرەکەی هێور بکاتەوە بەڵام ئەو کارە بۆی کارێکی نەکردە بوو. ئێستا ئیتر پێویستی یەك بە گریانی خۆی لەپەنامەکی دا نەبوو، لەڕاستیدا لەوەی، کە خودی مێگانیش بەم راستییە حاشا هەڵنەگرەی زانیبوو، پێویستی بە هاودەردی وی بوو. مێگان بەگریانەوە گوتی:

ـــ (من خۆم دەمزانی، کە نەخۆشییەکی بێ چارەسەرم هەبووە، بەڵام نەمدەویست بڕوابکەم. زۆر داوای لێبوردن دەکەم، کە نەمتوانی هاوسەرێکی شایستە بم بۆت.)

ـــ (نا، مێگان لەمە زیاتر ئازارم مەدە، تۆ ژنێکی زۆر هێژاو شایستە بووی، تۆ باشترین و بەوەفاترین ژنی دونیای.)

ـــ (نا ئازیزەکەم، بەو جۆرەی، کە شایان بێت هاوسەریم بۆ نەکردی. من خۆ خەتایەکم نەبوو. ئاخر من خۆ گوناهێکم نییە. ئێ سرووشت و چارەنووسی من وابوو تا بمرم. بەڵام ئاندراس ... لە تۆ... تکا لەتۆ ئەکەم لەمردنی مندا زۆر مەگریە. تەنیا یەك ئاواتم هەیە. مەهێڵە بەتەنیا بەخاکم بسپێرن، من دەمەوێ منداڵەکەشم لەگەڵ خۆم بەرم. حەیف، کە سەردەمێکی زۆرم لەگەڵ تۆ بەسەر نەبرد.)

دڵی ئاندراس بەم وشانە زیاتر دەسووتا و لەحاڵێکا، کە بەدەنگی بەرز دەگریا و شانەکانی دەلەرزین، سەری ئەلەقاند و گوتی:

ـــ (توو بیتوو خوا بەسی، کە مێگان... بەڵام مێگان ناهێڵم تۆ بمری...)

ـــ (نا ئازیزەکەم، دەزانم چارەیەکم نییە... بەڵام تکا ئەکەم کاتێ، کە من گیان دەسپێرم لەلام بە، هیچکات فەرامۆشم مەکە. هەمیشە و هەموو یەکشەممەیەك وەرە سەر مەزارەکەم و لەگەڵ مندا دەردە دڵ بکە. خۆشەویستەکەم ئاخر جگە لە تۆ کەسێکم نییەو نامەوێ هیچ کەسێ ئاگاداری ڕازی دڵی ئێمە بێت. بڕوا بکە ئەگەر لەو دونیاش بم، چاوەڕێت دەکەم و خۆشم دەوێی.)

(ئاندراس لەکاتێکا فرمێسکەکانی مێگانی ئەسڕییەوەو بۆ ئەوەی ئازاری دڵی هێور ببێتەوە، گوێی لە قسەکانی رادەگرت، لەسەرخۆ لەسەر سیسەمەکە خەواندی و گوتی:

ــ (بەڵام مێگان بڕوابکە تەواوی ئەمانە بێهوودەن. تۆ نامری. دکتۆر جێرارد گوتوویەتی، کە ئەگەر چارەسەری کیمیاییت بۆ بەکاربێنین، بەدڵنیاییەوە چاك دەبێتەوە.)

ــ (نا، نا ئاندراس، نامەوێ کاتی مردن دزێو بم. ئەزانم، کە ئەو نەخۆشانەی ئەم شێوازەی چارەسەرییەیان بۆ بەکاردێت، چ زەجرێك ئەکێشن و هەموویان تووکی سەرو ڕوخساریان ئەوەرێ، نا، نامەوێ بڕۆمە نەخۆشخانە.)

ــ (بەڵام ئازیزم ئەگەر نەڕۆی شیمانی مەترسی هەیە.)

ــ (باشە، ئێستا، کە بڕیارە بمرم، بهێڵە با تا ساتی کۆتایی لای تۆبم. ئەگەر بۆت دەکرێ بەرایی* وەربگرە و هەمیشە لام بە، دەترسم بەتەنیا بم.)

ــ (تووبیتوو خوا، ئەوەندە دڵشکاو و بێ هیوا مەبە. مەگەر چ کەسێ ئیدعای کردووە، کە تۆ دەمری؟ تۆ بۆمن دەمێنی، منداڵگەلێکی قەشەنگم بۆ ئەهێنی. هەرکات کە دێمەوە بۆ ماڵەوە، تۆ لەدەست منداڵەکانمان شکات دەکەی و من...)

ئاندراس خۆیشی لەم قسانە کاریگەر بوو و کەوتە گریان.

چەندە پێداگری کرد کەمێگان بڕواتە نەخۆشخانە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو. هەفتەیەك بەمشێوەیە تێپەڕی. ڕۆژبەڕۆژبوونی مێگان لاوازتر دەبوو و ڕوخسارە جوان و چاوە پڕ نوورەکانی وردە وردە کەم نوورترو ژاکاوتر دەبوو. ئیتر ئەو مێگانە نەبوو، کە بە نیگایەك هەموانی شەیدای خۆی دەکرد. بارودۆخی جەستەیی وای لێهاتبوو، کە زۆربەی ڕۆژەکان بە چەندین دەمژمێر بێهۆش دەبوو و ژانی پشت و قاچەکانی ئازاریان دەدا، پزیشك گوتبووی، کە ئەم هەموو ئازار و پیتاکە هی شێرپەنجەکەیەتی. تەنانەت بەڕێز (ئۆلیڤەر برانسرۆن)یش، لەچەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، هەقی بە مێگان دابوو، و داوای لەئاندراس کردبوو، کە وازی لێبێنێ و واز لە بردنی بۆ نەخۆشخانە بێنێ. گەشەی نەخۆشییەکە بە ئەندازەیەك زۆر دەبوو، کە ئەگەری لەدەست چوونی مێگان زیاتر دەبوو، بارودۆخی ڕۆحی مێگان ڕۆژبەڕۆژ نالەبارتر دەبوو، ئیتر بەڕاستی ئاندراس نەیدەوێرا، کە هەروا وێڵی بکات. دوو ڕۆژی بۆ ساڵیادی زەماوەندەکەیان مابوو، کە ڕابێرت هات بۆ ماڵیان مێگان بە بینینی وی زۆر دڵخۆش بوو و کاتێ، کە دیارییەکەی ڕابێرتی بە بۆنەی ساڵیادی زەماوەندەکەیانەوە بینی، زۆر خۆشحاڵ بوو. ئەوشەوە وێڕای ئەوەی کەهەستی بەژان دەکرد داوای لە ئاندراس کرد، کە یارمەتی بدات و لە حەمامدا خۆی

---

* مرخص:- مەرەخەسی، بەرایی، بەردایی.

بشوات. بەزەحمەت خۆی حازرکرد و بە پێداگرییەکی زۆرەوە داوای لە ئاندراس کرد کە بڕۆنە دەرەوە و نانی ئێوارە پێکەوە بخۆن. لەگەڵ ئەوەی، کە ڕابێرت حەزی لەم دەعووەتە نەبوو بەڵام کاتێ، کە بینی بە قبووڵکردنی دەعوەتەکە مێگان خۆشحاڵ دەبێت، ئیتر بەرگری نەکرد.

ڕێستورانتی (مەك دۆناڵد)ی، لۆس ئانجێلۆس، وەبیرهێنەرەوەی بیرەوەری زۆر بۆ مێگان و ئاندراس بوو. ئەو شەوەش وەکو دەورانی ڕابردوو لەوێ نانی ئێوارەیان خوارد. مێگان بارودۆخێکی وەها خۆشی هەبوو، کە ئاندراس لەسەر سووڕمانی تەواو دابوو. دەتوت ژنە نەخۆشییەکەی تێپەڕاندووە و بەتەواوی سازبووەتەوە. تەنانەت ڕەنگی ڕوخساریشی گۆڕابوو و چاوەکانی بریسکەی خۆشییان لێ دەدا. ئاندراس بە بینی گۆڕانکارییەکانی هاوسەرەکەی بە ئەندازەیەك خۆشحاڵ بووبوو، کە ئەو شەو چەندین پەرداخ شامپانیای بەسەر یەکەوە خواردەوە. ئەو بەبینینی نەشەی هاوسەرەکەی جێی بەخۆوە نەدەگرت و زیاتر لەجاران خۆشحاڵ بوو. ئەو شەوە تا درەنگانێ لەدەرەوە گەڕان و کاتێ بۆ ماڵەوە هاتنەوە. ئاندراس دیاری ساڵیادەکەیانی لەژێر سەرینەکەی مێگاندا دانا. تا بەیانی زوو پێی بزانێ. ئەگەر چی هێشتا ڕۆژێکی مابوو، بەڵام دڵخۆشی مێگان ئەوی شاگەشکە کردبوو و هەوڵی ئەوەبوو زووتر لەوادەکە پیرۆزبایی بکات. کاتێ گەیشتنەوە ماڵەکەیان، مێگان خۆی هەستا بەخاوێن کردنەوەی قەنەفە و شتوومەکەکان و نزیکەی دەمژمێرێکیش بەمشێوەیە تێپەڕی هەتا ڕابێرتیش کەوتبووە ژێر کاریگەری هەڵس و کەوتی ئەوەوەو لەوەی، کە لەناکاو حاڵی مێگان بەرەو چاکبوونەوەڕۆیشتبوو، خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو. مێگان هەتا چارپایەی خزمەتکارەکەیانی بۆ ڕابێرت ئامادە کرد و نەیهێڵا ئەو شەوە ڕابێرت لە هۆتێل بخەوێ. کاتێ، کە هەموان بۆ حەوانەوە ئامادەبوون، مێگان وەك هەمیشە چووە بەردەم مێزی تەوالێتەکە و بە جوانترین شێوە خۆی ڕازاندەوە. گێسەکانی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕازاندنەوە و جوانترین جلی لەبەرکردو لە حاڵێکا داوای لە ئاندراس دەکرد، کە بۆ یادگاری وێنەیەکی بگرێت، لەهەموو لایەکی ماڵەکەدا وێنەگەلێکی جۆراوجۆری گرت.

دواتر بە شەنگییەکی زۆرەوە، جلی شەوی لەبەر کرد و لە حاڵێکا وەکو کیژۆڵەیەکی ژیکەلانە لە باوەشی ئاندراسدا دەخەوت. ماچێکی گەرمی ئەوی کرد و دواتر بە شۆخییەوە گوتی:

ــ (زۆر گەرم مەبە، کە پزیشك ئیجازەی نەداوە، لێگەڕێ ئەگەر چاك بوومەوە، ئەو کاتە هی تۆم.)

ئاندراسیش هیچی نەووت و بەمیهرەبانییەوە سەری ئەوی خستە سەر سینگی و لەحاڵێکا قژە ئاڵتوونییەکانی مێگانی بۆن دەکرد، دڵۆپە فرمێسکەکانی لە لابەلای قژەکانیدا ڕشت. ماوەیەك بەم شێوەیە تێپەڕی و دیارنەبوو، کە چەند دەمژمێرێك بەم جۆرە لەباوەشی یەکدا بوون، کە لەناکاو ئاندراس لەخەو ڕاپەڕی، باسکی لەژێر سەری مێگاندا سڕ بووبوو، ویستی لەسەرخۆ لەژێر سەری دەری بێنێ، کە

مێگان بەئارامی کەوت بەلایەکدا. دیمەنێك، کە ئاندراس بینی، لەناکاو کەوتە لەرزین. ئاباژووری سەروو سیسەمەکەکەی داگیرسان، دەستێکی بە جەستەی مێگاندا هێنا، بەڵام دەتگوت، کە ساڵانێکە مێگان گیانی سپاردووە. جەستەی سارد بوو و هەست بە نیشانەیەکی ژیان لەجەستە لەڕو لاوازەکەی ژنەی بێچارەدا نەدەکرا. چەندین جار بەنزمی بانگی کردو جووڵاندی، بەڵام مێگان بۆ هەمیشە خەوتبوو. هێشتا زەردەخەنە شیرینەکەی، کە نیشاندەری قایلبوونی بوو، لەسەر لێوەکانی دەبینرا. ئەسڵەن بە مردووەکان نەدەچوو، دەتگوت خەوتووە. ئاندراس نەیدەزانی بگریەت یان هاوار بکات. ماوەیەك وەکو پەیکەرەکان تەماشای کرد و دواتر وەکئەوەی تازە لەخەو هەستابێ، جەنازە ساردەکەی مێگانی لەئامێز کرد و بەدەنگی بەرز گریا. لەحاڵێکا ئەوی بەتوندی لەباوەشدا گوشیبوو، دەیگوت:

ــ (جوانکیلەکەم، ئازیزەکەم، ئەی تۆ شەو منت ئومێدەوار نەکرد. ئاخر من دیاری ساڵانەی زەماوەندم بۆ کڕیبووی، مێگان، ئازیزەکەم تکا ئەکەم یەك جاریکە چاوەکانت بکەوە. تەماشاکە ئەمشەو خۆشەویستتیرین هاوڕێمان میوانی ئێمەیە...)

بەدەنگی ئەو ڕابێرتیش لەخەو هەستابوو، لەسەرخۆ گەیشتە پشت دەرگاکە و کەمێك گوێی گرت. ئەوی، کە گوێی لێدەبوو، بۆ ساتێ ئێسێکی کرد، بەڵام هەموو شتێ ڕاست بوو. کاتێ، کە دەرگای ژوورەکەی کردەوە، ئاندراسی بەو شێوەیە بینی، کە جەنازەکەی مێگانی لە باوەش کردوە و لایلایەی بۆ دەکرد، لەسەرخۆ گەیشتە لای و بەهێواشی دەستی لەسەر شانی ئاندراس دانا، ئاندراس سەری بەرەو لای وەرگێڕاو گوتی:

ــ (ڕابێرت وەرە، بڕوانە بووکەشووشەکەی من چەند بەئارامی خەوتووە. گاڵتە لەگەڵ من دەکات، تۆبڵێ چاوەکانی بکاتەوە. ئاخر بۆ؟ بۆ؟...)

ڕابێرت ئارامی کردەوە و لەحاڵێکا، کە جەنازەکەی مێگانی ئامادە ئەکرد، فرمێسك لە چاوەکانییەوە هاتە خوارەوە. ئەویش ئاواتی دەخواست، کە خۆزگە لەجێی مێگان خۆی بمردایە و ژیانی شیرینی ئاندراسی ئەوەندە بەشێواوی نەبینیایە.

بەڕاستی مێگان و ئاندراس ژن و مێردێکی دلۆڤان بوون. هەمیشە هەوڵیان بۆشادی یەکتر دەدا. پاش کەمێك جەنازەکەی مێگان بۆ گۆڕستانی شار گوازرایەوە. ئاندراس بۆ ساتێك جەنازەکەی هاوسەرەکەی بەجێ نەدەهێڵا و هەرچەندە ڕابێرت پێداگری دەکرد، کە بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو دەیگوت، کە بەڵێنی بەژنەکەی داوە تا ساتی کۆتایی لەگەڵیدا بێت. ڕابێرت خۆی بۆ ماڵەوە هاتەوە و هەواڵی مردنی مێگانی بەهەموو هاوڕێ و ناسراوەکان ڕاگەیاند. بڕیار بوو دووسبەی جەنازەکە بەخاك بسپێردرێ. هەموو نوێنەرەکانی کۆمپانیاکان و نوێنەری کۆمپانیاکەی ئاندراس، بەڕێز (بنیامین

ڕابسۆن)یش، بەشدارییان لە پرسەکەدا کردبوو. ئەو، کە بەشداری لە ئاهەنگی زەماوەندەکەی ئاندراس و مێگاندا کردبوو، ئێستا لەمەرگی ئەویشدا ئامادە بووبوو و زیاتر لەهەر کەسێ بەداخ بوو و فرمێسکی دەڕێژا. لەڕۆژی دیاریکراودا، مێگان بە ڕێوڕەسمێکی تایبەتەوە بەخاك سپێردرا و تا ساتە کۆتاییەکان ئاندراس دەستی لێ بەر نەدەدا. بەردەوام ماچی دەکردو چڵە گوڵەکانی بەسەردا دەڕشت. تەنانەت ئەو ساتەی، کە خاکەنازەکەیان دا بەدەستیەوە تا یەکەمین تۆپەڵە خۆڵ بەسەر تابووتەکەیدا بکات، ناڵەیەکی گیان هەژێنی کرد، کە هەمووان کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، ئەو لەو حاڵەدا هاواری کرد:

ــ (مێگان،... مێگان ئاخر چۆن بەدەستی خۆم تۆ لەخۆم جیابکەمەوە. چۆن هێشتت، کە خۆڵ بکەم بەسەرتا... تووبیتوو خوا، سوێندت ئەدەم بە وەفاداریمان، کە منیش بۆلای خۆت بەرە.)

(ڕابێرت) لەحاڵێکا، کە ئەوی ئارام دەکردەوە، خۆی لەتاو گریان ئەژنۆکانی شل بووبوو. دوای ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردن، هەموو هاوڕێ و ئاشنایان ڕۆیشتن و ڕابێرت ڕێی بەخۆی نەدا، کە لەو ڕۆژەدا هاوڕێکەی بەتەنیا بەجێ بهێڵێ.

ئەو شەوە لەماڵی ئاندراس مایەوە. ئاندراس ئەسڵەن قسەی لەگەڵ ئەو نەدەکرد و تەنیا فرمێسکی دەڕێژاو تەنانەت شەو، کە ڕابێرت هەوڵی دەدا سەرقاڵی بابەتگەلێکی تری بکات، پێداگری کرد، کە زووتر بخەون. وەلێ ڕابێرت وایزانی، کە ئەو لە ماندوویێتی زۆرەوەیە، کە حەزی لەحەوانەوەیە. کاتێ، کە ڕابێرت ئەوی ڕەوانەی ژوورەکەی کرد، خۆی ئامادە بوو، کە بخەوێ بەڵام دوای ساتێ دەنگی ورتەی ئاندراس هاتە گوێی. کاتێ کەچووە پشت دەرگای ژوورەکەی و لەسەرخۆ کردیەوە، بینی، کە ئاندراس دۆڵابی جلەکانی هاوسەرەکەی کردووەتەوە و لەگەڵ جلەکانا بەم شێوەیە ئەدوێ:

ــ (جوانکیلەکەم، فریشتەکەم، میهرەبانترین کەسم، وات دەزانی ئیتر تۆنادۆزمەوە، هێشتا بۆنت لە لووتمدا زیندووە، وەرە تا لە باوەشت بگرم، بەخ بەخ! بەبۆنی خۆشی تۆوە، عەتری دڵبزوێنی گێسەکانت هێشتا بەتەواوی دیارە.)

دواتر کراسێکی هەڵگرت و لەحاڵێکا، کە بەتوندی بەباوەشی خۆیەوە نووساندبوو، لەسەریەك ماچی دەکرد. دواتر بەئارامی لەسەر سیسەمەکە خەواندی و لەحاڵێکا دیاریساڵیادی زەماوەندەکەی لەژێر سەرینەکەیەوە دەردەهێنا، کردییەوەو ئەنگوستیلەیەکی زۆر گرانبەهای لەسەر قۆڵی کراسەکە دانا و گوتی:

ــ (مێگان توخوا تەماشاکە بزانە بەدڵتە؟... ئیتر پێ مەکەنە... ئەی... نا، لەڕوو دامەمێنە، ئەمە زۆر کەم بایەخیشە بۆتۆ، تووبیتوو خوا قبوڵی بکە.)

دوای ئەوە وەك بڵێی بەخۆی زانیبوو، گریانەکەی بەرزکردەوە و هاواری کرد:

ـــ (خوا، خوا... بۆ قسەیەك ناكەی مێگان؟ بۆ منت بەتەنیا بەجێهێشت؟ مەگەر من چ خراپەیەكم لەگەڵت كردبوو؟ مەگەر من لەتۆ تێربووبووم، كە منت بە تەنیا بەجێهێشت؟ ئاخر من، كە تۆم وەكو خۆشەویستترین كەس دەپەرست و خۆشم دەویستی، ئەمە ویژدان بوو، كە من بەتەنیا بەجیّ بهێڵی؟ ئاخر چۆن ئەم ماڵە بەبیّ تۆ تەحەمول بكەم؟ ئاخر لەكوێوە گویّ لەدەنگت بگرم. ئیتر كیّ دەرگام بۆ بكاتەوە. ئەی ئیتر كیّ لەم ژوورەدا بەقسە خۆشەكانی من دڵگەرم دەكات، ئاخر مێگان چۆن بەبیّ تۆ بژیم. قەینا. هێشتا هەست بەبۆنی تۆ دەكەم. هێشتا وامەزانە كەلەبیرم كردووی.)

ڕابێرت بەئەندازەیەك بەم قسانە خەمین بووبوو، كە ئیتر نەیتوانی خۆی كۆنترۆڵ بكات و لەحاڵێكا، كە هاوڕێكەی لەباوەش دەگرت ئەوی خستە بەر میهرەبانی و خۆیشی هاودەنگ لەگەڵ وی گریا.

كاری ڕۆژانەی ئاندراس ڕاوەستا بوو و هەموو شەو و ڕۆژیّ لە ماڵەوە لەگەڵ مێگاندا قسەی دەكرد. هەركاتیّ دەرفەتێكی بۆ دەلوا بەرەو لای دۆلابی جلەكان دەڕۆیشت و هەر ڕۆژ گیان هەژێنتر لەڕۆژی پێشوو قسەگەلێكی دەهێنایە سەر زار و جلەكانی مێگانی بۆن دەكرد. بارودۆخی ڕۆحی و دەروونی ئاندراس بەڕادەیەك پەرێشان بووبوو، كە هەتا شەوانە كابووسی دەبینی و بەیادی مێگانەوە دەخەوت و هەندیّ جار بەهاوارەوە لەخەو ڕادەپەڕی. ڕابێرت، كە ئاگاداری قەیرانی گەورەی دەروونی ئەو بووبوو، داوای لە نوێنەری كۆمپانیا، بەڕێز (بنیامین ڕابسۆن) كرد، كە داوا لە دەستەی بەڕێوەبەری بكات، تاكو دیسانەوە كارەكەی ئاندراس بۆ نیۆیۆرك بگوازنەوە. ئەگەر ئاندراس لەوە زیاتر لەماڵەكەیاندا بمایەتەوە، بیرەوەرییەكانی ئەوماڵە زیاتر ئازاری دەدا. هەموو شوێنێك و هەموو شتیّ ڕەنگ و بۆی مێگانی هەبوو. ناڕەحەتی و خەیاڵات و خۆفەكانی ئاندراسیش بێهۆ نەبوو. ڕابێرت خۆی بە بیرەوەری ئەو شەوەوە، جارجارە لە پەنامەكی دا دەگریا. ئاخر خۆشترین كات وشیرینترین بیرەوەرییەكانی ئاندراس و مێگان لەو ماڵەدا ڕووی دابوو. هەركەسیّ وەها هاوسەرێكی هەبووایە، حەتمەن هەقی بەئاندراس دەدا.

ئەگەرچی ڕابێرت پێداگری دەكرد، كە ئاندراس ماڵەكە چۆڵ بكات، بەڵام ئاندراس دەیگوت:

ـــ(نا هاوڕێی من، ئەگەر لەم شارە بڕۆم ئیتر مێگان لەمن دوور دەكەوێتەوە. دەبیّ لێرە بمێنمەوەو هەمیشە لەگەڵ مێگاندا گفتوگۆ بكەم، ئێستا كەئەو بیّ وەفایی كردووە و لەلام ڕۆیشتوە، من وازناهێنم.)

بەڵام ڕووداوەكەی شەی چوارشەممە ڕابێرتی زیاتر نیگەران كرد. ئاندراس دەیویست ئاگر لەماڵەكە بەردا و خۆیشی بكوژیّ، تا لەم ڕێگەیەوە بە مێگان بگات. ئەم كارە بووە هۆی ئەوەی، كە ڕابێرت بە سامنجی* تەواوەوە ئەو لەو ماڵە دوور بخاتەوە. بە یەكەمین فڕۆكەی دوای ئەو ڕۆژە بەرەو نیۆیۆرك

* سامنجی:- سووربوون ـــ پێداگری، پاداگەزی.

ڕەوانەبوون. دەرك كردن بە واقیعیەتەكان و دووری لەماڵەوە، تا ئەندازەیەك ئاندراسی هێنا بووەوە سەرخۆی. وەلێ هێشتا ئەنگوستیلە و سندووقی مكیاژو جلە گوڵدارەكەی مێگانی، كە لەهەموو جلەكانی تر زیاتر بەدڵی بوو، لەگەڵ خۆی هێنابوو.

بە دەستپێكردنی كاری ئاندراس لە نیۆیۆرك و دووری ئەو لەماڵەكەی، لە لۆس ئانجێلۆس رۆحیەی ڕابردووی گەڕابووەوە. بەڵام سوێندی خواردبوو، كە جارێكی تر هاوسەرگیری نەكات و بەعەشق و وەفادارییەوە پابەندی پەیوەندی پیرۆزی مێگان بێت و تاكۆتایی تەمەن بەزگورتی بمێنێتەوە و پاك و بێ خەوش بڕواتە لای. ئەو تەواوی دونیای بۆ مێگان دەویست و هەموو شتێ بەبێ مێگان بەهای بۆ ئەو نەبوو، ناوی مێگان لەسەر هەموو ئەسپاپ و كەرەسەو كەل و پەلەكانی نەخشی بەستبوو و لەبەرئەوەی، كە ڕۆحی مێگان شاد بكات، هەموو چالاكی و داهاتی خۆی لەبەر خاتری شادی ڕۆحی هاوسەرەكەی تایبەت دەكرد بەكارە خێرخوازییەكانەوە و بەم كارەی شادی ڕابردوو و گۆنگڵ بێژی ڕابردووی بۆ گەڕابووەوە و هەرلەم نێوانەشدا بوو، كە سەركەوتنێكی زیاتری بەدەست هێنابوو و بەپلەی جێگری یەكەمی كۆمپانیا گەیشتبوو.

لە پەیوەندیدا بەمەوە، تەنانەت ئەو پاداش و داهاتە زۆرەی، كە لەمەودای كارەكەیدا لە كالیفۆرنیا بەدەستی هێنابوو، بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەك، خەرجی كردو ناوی قوتابخانەكەی بەناوی مێگانەوە ناو بە منداڵە كەرولاڵەكانی پێشكەش كرد. لەم حاڵەتەدا ڕابێرت هێشتا بیرەوەری جیابوونەوەی خۆی لەگەڵ جین فەرامۆش نەدەكرد. خۆزگەی بە ڕەوشی هاوڕێكەی دەخوارد و لەوەی، كە بارودۆخی بە ئازاری ئاندراس جێی تەحەمول نەبوو بەڵام ئاواتی دەخواست، كە خۆزگە دابڕانی ئەویش لەگەڵ جین دا، وەكو ئەوان بووایە.

ڕابێرت بڕیاری دابوو، بە پێی قسەكەی لەكاری نووسەریدا هیمەت بكات و ژیانی واقیعی خۆی و ئەوانیتر بنوسێتەووە. وە لەم ڕاستایەدا بوو، كە هەوڵی دەدا یەكەمین بەرهەمی خۆ بهێنێتە سەر پەڕەی سپی، كە ناچار ماندوو داماو بۆ دەرەوەی ماڵ ڕۆیشتبوو و لەپەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئاندراس قسەیان كردبوو، كە لەدەرەوە نان بخۆن، دوای خواردن تووشی ڕووداو بووبوو و ئێستا لەبەشی چاودێرییە تایبەتییەكان، لە نەخۆشخانەی نیۆیۆرك بانەجا* بوو.

* بانەجا:- لەجێ كەوتوو.

# بەشی سیانزەیەم

پەرەستار (ئانجێلا لاویس) کاتێ سەربردەی نشوستی ڕابێرتی لە زمانی ئاندراسەوە بیست، زۆر خەمبار بوو. ئاندراس لەو شەوەدا هێشتا زاتی نەدەکرد، کە ئەو بەتەنیا جێ بهێڵێ. لەلایەکەوە هەم نیگەرانی حاڵی بوو و لە لایەکی تریشەوە خۆی بە قەرزاربار ی ڕابێرت دەزانی. چونکە ڕابێرت لە ڕۆژگارە نائاسایی و دژوارەکاندا هەمیشە لای بوو بۆ ساتێك بەجێی نەهێڵا بوو و ئێستا، کە ئەو لە هەڵوومەرجێکی دژواردایە، ئەرکی ئاندراس بوو کەلای ئەو بێت. دکتۆر "جۆرج ویڵسۆن"، کە بەتەواوی ئاگاداری بارودۆخی ڕابێرت بوو، بە ئاندراسی گوتبوو کە:

ــ (ئەگەر تا بەیانی بمێنێ، ئیتر مەترسی لێ ڕەویوەتەوە و ئەگەری ژیانی هەیە .)

پەرستارەکە هەموو ساتێ لەسەر سەری بوو. ئامێرەکانی ئاگادارکەرەوە هێشتا ئاماژەیان بەبوونی نیشانەکانی ژیان و گیانی لەجەستەو گیانی ڕابێرتدا دەدا.

ئاندراس بەهەستی ماندوێتی زۆرەوە، هێشتا نەیدەتوانی ساتێ بخەوێ. نیگەرانی حاڵی باشترین هاوڕێی بوو. دکتۆر جورج ویلسۆن پاش دەویان و ئازمایشتەکان هاتە لای و گوتی: (وەك بڵێی لەگۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ مەرگ و ژیاندایە. بەڕاستی مرۆڤێکی سەیرە. بەتەواوی هێزیەوە هێشتا هەوڵی زیندوومانەوە دەدات.)

ــ (دکتۆر هیوایەك بە زیندوومانەوەی هەیە؟)

ــ (هیوادارم، کە سەرکەووبێ تاکو زیندووبێت.)

ــ (دکتۆر بەرژەنگ* یەکیش لەسەری دەمێنێتەوە؟)

---

* بەرژەنگ:- کەت، نەخۆشی، کاریگەرییەکانی دوای نەخۆشی، کە دواتر دەردەکەون و دەبنەهۆی ئازار یان نەخۆشی تر. "فرهنگ فارسی_کردی دانشگاه کردستان".

ــ (هەڵبەت ئێسکەسەری شکاوە، بەڵام سوپاس بۆخوا ئەو زەربەیەی بەر مێشکی کەوتووە نەووەتە هۆی خوێنرێژی، ئەگەر مەترسییەکە بڕەوێتەوە و لە بێهۆشی بێتە دەرەوە، تەنیا پێویست بە گۆشتە و زوون هێنانەوەی پێستی دەموچاویەتی، کە ئەویش ئەوەندە گرنگ نییە.

ــ (دکتۆر ویلسۆن پێوسیت دەکات بۆ بەهۆش هێنانەوەی کارێکی تر بکەین؟)

ــ (نەخێر، هیچ پێویست ناکات. خانمی (لاویس) بەباشی ئاگاداری ئەون.)

لێرەدا پەرستار (ئانجێلا لاویس) هاتە دەرەوەی ژوورەکە و بەپەلە بەرەو دکتۆر ڕۆیشت و گوتی:

ــ (دکتۆر وەك بڵێی نەخۆشەکە دێتەوە سەرهۆش، زووتر وەرن.)

دکتۆر ویڵسۆن لەگەڵ پەرەستارەکە و ئاندراس دا چوونەژووری نەخۆشەکەوە. ڕابێرت بەنزمی زووکە زووکی دەکرد و جارجارێ شتەگەلێکی گۆنگی دەووت. ئاندراس بە لەسەرخۆیی بۆ لای ڕابێرت ڕۆیشت و لەحاڵێکا بەئارامی گوێی لەڕابێرت نزیك کردبووەوە، ناوی جینی لە زارییەوە بیست.

ــ (ناوی جین دەهێنێ، هێشتا ئەوی لەیادە.)

پەرەستارەکە سەیرێکی ڕابێرتی کرد و لەحاڵێکا فرمێسك چاوەکانی پڕ کردبوو، لەسەرخۆ دەستی لەسەر دەستی ڕابێرت دانا. ئاندراس چەندین جار بانگی کرد و لەحاڵێکا ڕابێرت بەهێمنی چاوەکانی ئەکردەوە، نیگای لەسەر سیمای پەرەستارەکە وەستاو بە ئارامی دەستی ئەوی گوشی و گوتی:

ــ (ئاخ، جین دەبینی منت خستووەتە چ حاڵێکەوە، من لەکوێم؟)

پەرەستار لەحاڵێکا بە سەختی خۆی ڕاگرتبوو، گوتی:

ــ (مەترسە ئازیزەکەم، لەنەخۆشخانەی، سوپاس بۆخوا، کە مەترسییەکە ڕەوییەوە.)

ــ (ئۆوە جین، دیسان، کە وەکو جاران بە منت گوت ئازیزەکەم. خۆشم دەوێی جین. لەبەر تۆ بوو کەنەمزانی چۆن لەپانایی شەقامەکە بپەڕمەوە.)

ــ (باشە، ئێستا منیش لەلاتم. هیچ ناڕەحەت مەبە.)

ــ (جین بۆچی ئەوەندە پەرێشانت کردم؟ مەگەر من چ خراپەیەکم لەگەڵ تۆ کردبوو؟ ئێستا، کە بەهەڵەی خۆتت زانیوە، قەیناکا هەرخۆشم دەوێی، (جین) فەامۆشم مەکە، هیچ کاتێ جێم مەهێڵە.

ـــ (باشه... باشه. ئێستا بخەوه.)

ئەگەرچی ڕابێرت چاوەکانی نووقاندبوو بەڵام دەستی لاویسی پەرستاری بەرنەئەدا. ئەو هێشتا وایدەزانی، کە جین هاتووەتەوە لای. بەڵام غافڵ لەوەی، کە ئەوە پەرەستار لاویس بوو. پەرەستار لاویس لەحاڵێکا دەستی لە دەستی نەدەکردەوە بەئارامی دەستی بە قژی ڕابێرتا دەهێناو دواتر لەسەرخۆ دەستی دەرهێناو بۆ دەرەوە ڕۆیشت.

لێرەدا هەڵس و کەوت و پەرچەکرداری پەرەستار بووبووە هۆی کۆنپشکنی و مەیلی ئاندراس سەبارەت بەو. لەم بارەیەوە پرسیاری لە دکتۆر ویڵسۆن کرد. دکتۆر ویڵسۆن دانی پێدانا کەئەو پێشتر کوڕێکی ناسیوەو بەهۆی ئەوەوە، کە کوڕەکە ڕووی لە خراپەکاری و ڕێگە لار و ناڕەواکان کردبوو و ئەوی بە کیژۆڵەیەکەوە بەتەنیا جێهێڵابوو، لاویس ناچار تەڵاقی لێ وەرگرتبوو.

لەڕاستیدا بەپێی درکاندنەکەی دکتۆر ویڵسۆن، پەرستار ئانجێلا لاویس، کە خەڵکی شاری لۆس ئانجێلۆس بوو، لەگەڵ کوڕێك، کە لافی لێدابوو دەرهێنەری سینەمایە، ئاشنا دەبێ و پاش ماوەیەك، کە مێردەکەی بەهۆی خووگرتن بە مادده سڕکەرەکانەوە، واز لەکارەکەیشی دەهێنێ، لاویسی بەدووگیانی وێڵ کردبوو و تەنانەت پاش لەدایکبوونی کچەکەشی بۆلای نەهاتبووەوە. ئێستا دوای ئەو ساڵانە، پەرەستار لاویس زۆربەی کارەکانی تاقیکردبووەوە و سەرئەنجام بەتەواوکردنی خولی تایبەت، لەنەخۆشخانەی نیۆیۆرکدا دەستی بەکار کردبوو.

ئاندراس، کە بەدەرککردنی ڕاستییەکانی ژیانی پەرەستار لاویس، دەیبینی، کە ئەویش شکست خواردووی عەشق و ژیانی هاوسەرێتییە، بڕیاری دا کەقسەی لەگەڵ بکات. ئەو شەوە دەمە و بەیان، کە ڕابێرت حاڵی باش بوو و هاتەوە سەرهۆش، ئاندراس بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە بۆ ماڵەوە ڕۆیشتەوە و حەوایەوە.

ئەو شەوە هێشتا دایك و باوکی ڕابێرت ئاگایان لەبارودۆخی کوڕەکەیان نەبوو. دەمژمێر 9:30 خولەك بوو، کە زەنگی دەرگای ماڵەوە ئاندراسی خەبەرکردەوە. کاتێ دەرگای کردەوە، بەڕێز (ئۆلیڤەر برانسۆن) باوکی رابێرتی لەبەرامبەر خۆیدا بینی.

ـــ (سلاو ئانداس، لەمێژە لەدەرگا ئەدەم، خەوتبووی؟)

ـــ (بەڵێ. دوێ شەو تابەیانی نەخەوتم و زۆر ماندوو بووم و لەبەر ئەوە خەوتم.)

ـــ (بۆچی. مەگەر شەو بێداری دەکەی؟)

ـــ (نا... یانی چۆن بڵێم. یەعنی ڕووداوێ ڕوویدابوو، کە ناچار بووم نەخەوم.)

ــ (ئیّ. کەواتە تۆش ناتوانی هەواڵێکی ڕابێرتت لابێت.)

ــ (یانی چۆن؟)

ــ (هیچ، دویّ شەو ڕابێرت نەهاتەوە ماڵەوەو تابەیانی من و دایکی نیگەران بووین. ئەسڵەن نازانم لە کوێیە.)

ــ (ڕاستییەکەی دویّ شەو لەگەڵ من بوو بەڵام ... بەڵام ...)

ــ (بەڵام چی؟ مەگەر تۆ هەواڵێکت لێی هەیە؟)

ــ (ئەگەر نەبێتە هۆی نارەحەتی ئێوە، ڕاستییەك هەیە، کە دەبیّ پێتان بڵێم.)

بەڕێز (ئۆلیڤەر) بۆ ساتیّ ئیسێکی کردو ڕەنگ بەڕوویەوە نەما، بەڵام پاشان بە قایمی و پتەوی و ڕاشکاوییەوە پرسی:

ــ (نەکا بەڵایەك بەسەر ڕابێرتا هاتبیّ؟)

ــ (نەك وەها، کە جێی نیگەرانی بێت. دویّ شەو پێکەوە بووین. لەناکاو لەوبەری شەقامەکەوە ژنێکی بەخەیاڵی ئەوەی، کە جینە، بینی و ویستی بەرەو لای ڕابکات، کە لەناکاو لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکدا دەعمی کرد.)

ــ (خوای گەورە، ئێستا لەکوێیە؟)

ــ (هەڵبەت ئێستا بارودۆخی جەستەیی باشترە. دویّ شەو تا بەیانی لەسەرسەری بووم. هەرکەبەیانی دکتۆر دڵنیای کردم، کە بارودۆخی بەرەو باشبوون دەچیّ، بۆماڵەوە هاتمەوە. ئێستا لە نەخۆشخانەی (هێڵس)* ی نیۆیۆرکە.)

ــ (دەمزانی شتێکی بەسەرهاتووە. دەنا ئەوشەوان قەت لەدەرەوە نامێنێتەوە. ئەگەر دایکی بزانێت، بەدڵنیاییەوە پاك خۆی ئەدۆڕێنیّ.)

ــ (باشە، ئەگەر کەمێك ڕاوەستن، منیش ناشتاییەکەم دەخۆم و پێکەوە بۆ نەخۆشخانە دەڕۆین.)

بەڕێز ئۆلیڤەر هاتە ناو مووبەقەکەی ماڵی ئاندراسەوە، لە کاتی خواردنی ناشتایی لەلایەن ئاندراسەوە ئەویش پرسای بارودۆخی کوڕەکەی بوو. کاتیّ، کە ئاندراس دیمەنی گفتوگۆی ڕابێرت و پەرەستارەکەی بۆ دەگێڕایەوە بەڕێز ئۆلیڤەر ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

---

* Health

ــ (ئاندراس ڕاستییەکەت بووێ بارودۆخی دەروونی ڕابێرت زۆر تێکچوە. من ماوەیەکە هەست دەکەم ئەو لەتەنیایی ڕەنج دەکێشێ. ئەگەر چی پێداگری دەکات، کە تەنیا بێت و پێی وایە، کە ڕۆژێ جین دێتەوە لای و من وادەزانم ئەگەر ئەو بەم شێوەیە بژیەت بە دڵنیاییەوە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت.)

ــ (بەڕێز ئۆلیڤەر، لە ڕاستیدا منیش پێشنیارێکم هەیە، کە لەم بارەوەیە.)

ــ (چ پێشنیارێك؟)

ــ (دوێ شەو لەگەڵ دکتۆر (جۆرج وێلسۆن) قسەم دەکرد و کاتێ، کە هەستی دڵتەنگی پەرستارم بینی. سەبارەت بەژیانی وی زۆر کونجکاو* بووم. دکتۆر دەیگوت، کە ئەویش بێوەژنەو لە مێردەکەی جیابووەتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەویش بۆ ڕابێرت هاوسەرێکی شایستە دەبێت.)

ــ (بەڵام خۆ ناکرێ لەم ساتەدا و بەم خێراییەوە داوەری بکەین. هەر چۆنێك بێت، پەرستارەکان هەموویان میهرەبانن و دڵسۆزن. خۆ ناکرێ دڵ بەخەمی و گریانی ئەو پێوەری خۆش ویستن و یان هەڵبژاردنی ڕابێرت بۆ ژیانی هاوسەری بێت.)

ــ (دەزانم... دەزانم... بەڵام ئەگەر حەزبکەن، من ڕێخۆشکەری دەکەم و بابزانین شتەکانی تر چۆن دەبێت.)

ــ (هەر چۆنێك تۆ پێت باشە.)

ئەو دووانە پاش گفتوگۆیەکی زۆر بۆ نەخۆشخانە ڕۆیشتن. ڕابێرت هێشتا خەوتبوو و پەرستار (ئانجێلا لاویس) لەلای دانیشتبوو. هەر چەن شەفتی کاری ئەو تەواو بووبوو، وەلێ وەك نزیکترین کەسی ژیانی، ئاگاداری لە ڕابێرت دەکرد. ئەو بەبینینی ئاندراس و باوکی ڕابێرت بەخێرایی بەرەو لایان هات و گوتی:

ــ (سڵاو بەڕێز ئاندراس، خۆشبەختانە بارودۆخی جەستەییان باش بووە. هەست دەکەم ڕابێرت لە شتێکدا هەست بە بۆشایی و ناڕەحەتی دەکات. کاتێ دوای ڕۆیشتنی ئێوە منی ناسی و زانی، کە جین نیم، چەن دڵۆپێك فرمێسکی ڕێژا و دیسان خەوی لێکەوتەوە.)

پاشان ئاندراس باوکی ڕابێرتی بە پەرستارەکە ناساندو بەڕوخسەتی وی چووە ژوورەکەوە، بەڕێز ئۆلیڤەر، کە خۆیشی پزیشك بوو، بە بینینی قۆناغەکانی نەخۆشی و نیشانەکانی ژیان،

---

* کونجکاو:- کون پشکن.

بەمانەوەی کوڕەکەی هیواداربوو و دوواتر لەسەرخۆ بەسەریدا چەمایەوەو ماچی لە نێوچاوانە برین پێچ کراوەکەی ڕابێرت کرد. دەنگی هێدی باوکی وەکو ئاوازێکی خۆش لە گوێی ڕابێرتا دەنگی دایەوە و ڕابێرت بە زەردەیەکەوە، یەکسەر چاوەکانی کردەوەو بەنزمی و بە لێوانێکی لەرزۆکەوە ناوی باوکی هێنایە سەر زار.

ــ (قسەکەمە کورم، ئاسوودەبە، سوپاسی خوا بکە مەترسییەکە ڕەویوەتەوە. دەبێ سوپاسی خاتوو لاویس بکەی، کە وەکو فریشتەیەکی میهرەبان ئاگاداری لەتۆ دەکات.)

ڕابێرت زەردەیەکی کردو چاوی بڕییە پەرستار لاویس و بەنیگای خۆی ئەوین و خۆشەویستییەك کەنیشاندەری سوپاس و پێزانین بوو لەدڵی پەرستارەکەدا جاری کرد.

پاش چەن ساتێ ئۆلیڤەر برانسۆن لەگەڵ پەرەستارەکەدا قسەی کرد و مەسەلەی جینی لەگەڵ ویدا باس کرد و لاویس گوتی:

ــ (لەڕاستیدا، کە هەستم کرد ئەو تووشی بۆشایی سۆزدارییە، زیاتر ئاگام لە ئەرکەکەم بوو. کاتێ، کە ئەو منی بەجێ زانی، بەڕاستی خەفەتبار بووم. دەزانم، کە چ ڕەنجێك دەکێشێ. لەبەر ئەوەی، کە خۆیشم وەکو ئەو شکست خواردووی عەشق و ژیانم.)

ــ (چۆن؟ نەکا ئێوەش مێردەکەتان لەدەست داوە؟)

ئەگەر چی ئۆلیڤەر برانسۆن بابەتەکەی لەزمانی ئاندراسەوە بیستبوو، بەڵام ویستی راشکاوای و راستی مەسەلەکە لەخودی پەرەستار لاویسەوە ببیستێ. پەرەستار ئانجێلا لاویس ڕوونی کردەوە:

ــ (بەداخەوە دەبێ بڵێم، کە بەڵێ، منیش مێردەکەم لەدەست داوە، بەڵام وەکو ئەو لە لەدەستدانی مێردەکەم نارەحەت نیم. ئەو لەڕاستیدا ئێمەی کردە قوربانی هەواوهەوەسی خۆی.

ــ (چۆن؟ ئەگەر چی ڕەنگە ڕووقایمیش بێ بەڵام زۆر جێگەی سەرنجە.)

ــ (بەڵێ، مێردەکەم پێشتر لەهۆلێۆد کاری دەکرد و بەیەکێك لە کەسە بەناوبانگە هونەرییەکان دەژمێردرا و سەرقاڵی دەرهێنەری بوو. بەڵام دوواتر خووی بەمادە سڕکەرەکانەوە گرت و لەکارەکەی دەریان کرد. ئەو کاتە من بە کچەکەم "مێلیسا"وە دووگیان بووم. هەرچەن چەندین جار دام بەگوێیا، کە واز لەم کارەی بهێنێ بەڵام بەداخەوە بەم قسانە گوێی شل نەبوو.)

ــ (بەڵام هەرچی بوو دەبوایە لەخەمی ئێوەدابوایە. ئەی وانییە؟)

ــ (هەروەها جێگای داخی منیش هەر لەوەدایە. ئەو سەرەڕای ئەوەی کەوازی لە گیرۆدەیی بەمادە هۆشبەرکانەوە نەهێنا، بەڵکوو چەندین جار دزی و دەستدرێژی بەزۆری کردو هەموو جارێکیش قۆڵبەستیان کرد. واتە کاتیێ کەمن منداڵم دەبوو ئەو لەزیندانی فیدراڵیدا بەندبوو. هەتا پاش ئازادبوون تەلەفۆنی کردو من بەو خەیاڵەوە، کە ژیر بووە خۆشحاڵ بووم. بەڵام بەداخەوە نەك هەر ژیر نەبووبوو، بەڵکو بە بەندبوون و ناسینی خراپەکارنی جۆراوجۆر لەگرتووخانەدا، هەزار جۆر خراپەکاری و دزی و دەس بڕین فێربووبوو.)

ــ (لەتەلەفۆنەکەدا چی گوتبوو؟)

ــ (هیچ. مەگەر دەیتوانی چی بڵێ، دەیویست پارە لەمن وەربگرێ. کاتیێ، کە سەرکەوتوو نەبوو، هەستم کرد هەڕەشەم لێدەکات و دەیەوێ منیش بۆ ڕێگە خراپەکان هان بدات و هەر لەبەر ئەوە هاتم بۆ نیۆیۆرك و لێرە مامەوە. جگە لەوە چارەیەکەم نەبوو...)

ــ (لانی کەم لێرە ئاشنایەك، خێزانێکت هەیە یان نا؟)

ــ (بەڵێ هێشتا دایکم لێرەیە. واتە ئێمە بەئەسڵ خەڵکی ئێرەین. کاتیێ، کە باوکم مردو دایکم شووی بە پیاوێکی تر کرد، من قۆناغی ئامادەییم تەواوکرد و بەتەمابووم کارێك بدۆزمەوە. لەبەر ئەوەی، کە حەزم لەکارە هونەرییەکان دەکرد، ڕۆیشتمە هۆڵیوود و هەرلەوێ لەگەڵ مێردەکەمدا ئاشنا بووم. ئێستاش دایکم هەرلەم شارەدا دەژی.)

ــ (ئەوان ئاگایان لەبارودۆخی تۆ هەیە؟)

-(بەڵێ، لە ڕاستیدا بە ڕێنمایی و هاوکاری دایکم توانیم لە نەخۆشخانەدا کارێك بدۆزمەوە، دایکم لە مەزرینگەی ئاریکاری " ڕێکخراوی پێڕاگەیشتن بە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا" کار دەکات. ئەو منی خستە ژێر پشتیوانی ئەو ڕێخراوە و بە خولێکی تایبەت، ئامادەی کارکردن لە نەخۆشخانەدا بووم.)

ــ (ئێستا کچەکەت لەکوێیە؟)

* دائرە: مەزرینگە

ــ (ئەوم لەباخچەی ساوایان داناوە. بەڕێز دکتۆر برانسۆن نازانن، کە چەن کچێکی ڕەزاشیرینە. هەزار جۆر زمان شیرینی دەکات واتە... بەبێ ئەو ژیانم لەبەرچاومدا بەهایەکی نییە.)

گفتوگۆکەی (ئۆلیڤەر برانسۆن) و پەرەستار (ئانجێلا لاویس) بەهاتنی دکتۆر (جۆرج ویلسۆن) کۆتایی پێهات. دکتۆر بەسیمایەکی شادو گەشەوە هاتبووە لایان. خۆشحاڵی وی نیشانەی هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو. دکتۆر ویلسۆن پاش قسەکانی گوتی:

ـــ (خاتوو لاویس دەبێ پیرۆزبایی لەئێوە بکەم. ڕەنگە بڕوا نەکەن، بەڵامبوونی ئێوە و چاودێرییەکانتان و هەروەها لەمس کردنی دەست و سەری ڕابێرت بووە هۆی ئەوەی، کە ئەو لەلایەنی دەروونییەوە زیاتر خۆی بەهێز بکات. لەڕاستیدا ئێوە بوونەتە هۆی ڕزگاربوونی ڕابێرت. بەڕاستی سوپاستان دەکەم.)

ئۆلیڤەر برانسۆن بەم قسەیە فرمێسکی شادی دەڕێژا، ئەو لەحاڵێکا، کە بە جووڵاندنی سەری پشتیوانی لەقسەکانی دکتۆر ویلسۆن دەکرد، درێژەی پێدا:

ـــ (دکتۆر من وتەکانی ئێوە دەسەلمێنم، کوڕەکەم لەکاتێکەوە، کە هاوسەرەکەی لەدەست داوە و جێی ئەوی بەجێهێشتوە تووشی جۆرە بۆشاییەکی دەروونی بووە. ئەو پێویستی بەهاوسەرێك بوو، کە بتوانێ هەستە دێرینەکەی زیندوو بکاتەوە و رەنگە ئامادەبوونی پەرەستار لاویس ئەم پرۆسکەیەی لەبوونیدا هەڵگرساندبێت.)

پەرەستار لاویس، کە لە بەرامبەر قسەو تاریف و پیاهەڵدانەکانیاندا قسەیەکی بۆ گوتن نەبوو، بە حاڵەتێکی شەرمنییەوە سەری دانەواند گوتی:

ـــ (بەڕێز دکتۆر ئەگەر ڕوخسەت بدەن، من بڕۆمە لای نەخۆشەکە .)

ئۆلیڤەر برانسۆن زەردەیەکی کردو دەستێکی خستە سەر شانی پەرەستارو گوتی:

ـــ (بڕۆ بووکە عەزیزەکەم، بڕۆ، کە کوڕەکەم پێویستی بەتۆیە.)

زەردەخەنەو پێکەنینی لاویس هاوڕێ لەگەڵ شەرم و حەیادا، نیشانەی ڕازیبوونی وی سەبارەت بە لەقەب پێدانەکەی دکتۆر برانسۆن بوو. دکتۆر ویڵسۆن، کە بەبیستنی ناوی (بووك) سەری سووڕمابوو، بەسەرسووڕمانەوە چاوی بڕییە ئۆلیڤەر برانسۆن و لێرەدا ئۆلیڤەر گوتی:

ـــ (لاتان سەیر نەبێت دکتۆر، لەڕاستیدا ئەوەی، کە بیستووتانە، ڕاستی شتەکەیە. هەروەها، کە کوڕەکەم پێویستی بەژنێکە، ئەویش پێویستی بە پیاوێك و هاوبەشێکی گونجاوی ژیانە. وابزانم ئەگەر هەر لەئێستاوە هەردووکیان ئەم ڕاستییە قبووڵ بکەن، بۆیان گونجاو بێت. بەتایبەت بۆ ڕابێرت، کە زووتر چاك دەبێتەوە.)

دکتۆر ویڵسۆن، کە خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆر و تایبەتی بۆ پەرەستار لاویس دادەنا، لە پێشنیارەکەی وی خۆشحاڵ بوو و دواتر ماڵئاوایی لە ئۆلیڤەر کرد. لەم کاتەدا ئاندراس، کە لای ڕابێرت بوو، بە پرتاو بەرەو لای هات و گوتی:

ــ (بەڕێز برانسۆن کوڕەکەتان ئێوەی دەوێ.)

ــ (شتێك ڕوویداوە؟)

ــ (نا، نیگەران مەبن. گوایە دەیەوێ شتێکی گرنگتان پێبڵێت.)

ــ ( چ شتیێ؟ نەکا...)

ــ ( بەڵێ ... پەلەبکەن.)

هەردووکیان بەرەو ژوورەکەی ڕابێرت چوون. ڕابێرت لەحاڵێکا، کە دەستی پەرەستار لاویسی لەنێوان دەستەکانیدا گرتبوو، گوتی:

ــ (باوکە گیان هەرچەن جین ڕۆیشتبوو بەڵام دیسانەو گەڕایەوە.)

ئاندراس پێکەنی، بەڵام لەبەر ئەوەی، کە ئۆلیڤەر شتێکی لەبابەتەکە نەدەزانی بەسەرسووڕمانەوە سەیری کردو ڕابێرت درێژەی پێدا:

ــ (من بەمەبەستی جین و بینینی ئەو تووشی وەها ڕووداوێکی لەناکاو بووبووم، بەڵام ئێستا جینێکی ئازیزم دۆزیوەتەوە. ئەگەر ڕوخسەت بدەن دەمەوێ ئانجێلا...)

لێرەدا ئۆلیڤەر کۆتەکەی لەسەر چارپایەکە دانا و لەحاڵێکا کوڕەکەی ماچ دەکرد، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

ــ (دەزانم... دەزانم کوڕم، کارێکی زۆر باشت کردووە، لەڕاستیدا من لەپێش تۆوە ئەوم بە بووکی خۆم بانگ کردووە.)

ئۆلیڤەر پاش چەن ساتێ تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردو لەحاڵێکا خانمی برانسۆن نیگەران بووبوو، ئۆلیڤەر بەشادی و بەدەنگی بەرزەوە گوتی:

ــ (ئازیزەکەم ئاگات لێ نییە، کە کوڕەکەمان لەکوێیە. ئێستا ئەو لای هاوسەرەکەیەتی، بڕوا بکە، زووکە تۆش وەرە. بەڵام نا...)

ــ (بۆکوێ بێم؟ بۆ لەکوێن؟)

ــ (یانی... نا... نا چۆن بڵێم. تۆ دەستە گوڵێك تەرتیب بکەو پاشان ئەو ئەنگوستیلە زمرووتەی، کە ڕابێرت بۆ جینی کڕیبوو و ئەو دواتر پێی دابووەوە، هەڵگرە و وەرە بۆ نەخۆشخانەی (هێلس)ی، نیۆیۆرك، تێگەیشتی؟)

ــ (چیت گوت؟ نەخۆشخانە؟!)

ــ (ئا، هیچ نیگەران مەبە، زووتر خۆت بگەیەنە.)

خاتوو برانسۆن ئەوەی، کە مێردەکەی ڕایسپاردبوو، تەرتیبی کرد و خۆی گەیاندە نەخۆشخانە. ئاندراس لەهۆڵی نەخۆشخانەکەدا چاوەڕێ بوو. کاتێ، کە خانمی برانسۆن ئەوی بینی، غاری دایە لای و پرسی:

ــ (ئاندراس چی بووە؟ بۆ ڕابێرت لێرەیە.)

ــ (هیچ خاتوون، نیگەران مەبن. جارێ خۆتان بۆ هەواڵێکی خۆش ئامادە بکەن.)

پاشان ئاندراس ئەوی بە کێشەکێش بەرەو ژووری نەخۆشەکە برد و کاتێ کەخانمی برانسۆن کوڕەکەی لەسەرجێی نەخۆشی بینی، سەرەتا نیگەران بوو و بەحاڵی گریان و زارییەوە ماچی کردو کاتێ دڵخۆشی کوڕەکەی بینی، بەسەرسووڕمانەوە سەیری کرد و ڕابێرت گوتی:

ــ (دایەگیان سەیری بووکەکەت بکە، بزانە بەدڵتە؟ ئێوە دەناسێنم. ئەوە هاوسەری میهرەبانم (ئانجێلا لاویس)ە، کە لەکاتی بارودۆخی دژوارمەوە بەردەوام لەلام بووەو ئەویش، کە دایکمە.)

پاش دووڕۆژ ڕابێرت گوازرایەوە بۆ بەشێکی ترو نزیکەی دوو هەفتەی تر لە نەخۆشخانەدا دەرکرا. ئێستا ئیتر هەمووان دەیانزانی، کە ئانجێلا لەگەڵ ڕابێرت، گرێبەستی هاوسەری دەبەستن. تەنیا نیگەرانی ڕابێرت، تەنانەت خودی ئانجێلا ئەوە بوو، کە ڕەنگە "مێلیسا"بوونی باوە پیارەیەك لە ژیانیا قبووڵ نەکات.

بەڵام "مێلیسا" هەر لە یەکەم وێکەوتدا زەمینەی هاوڕێیەتی داناو تەنانەت سەری گاڵتەو یاریشی لەگەڵ وی کردەوە.

ئاهەنگی مارەبڕین و گواستنەوەی ئانجێلا بۆ رابێرت، لەڕۆژێکی زۆر سارد بەڵام لەهەمان کاتدا لە ژێر ئەنگوتنی قەشەنگی هەتاودا ئەنجام درا. ئەو دووانە ئیتر ژن و مێردی یەکتر بوون. هەرچەن وەرزی زستان بوو، بەڵام ڕابێرت بڕیاری دا هەر ئەوکاتە بۆ مانگی هەنگوینی بۆ ئەوروپا بڕۆن. لەم نێوانەدابوونی "مێلسا" لەمانگی هەنگوینیدا بووبووە مایەی پێکەنین و گاڵتەی ئەوانیتر و لەم نێوانەدا ئاندراس لەهەموو کەسێ زیاتر سەری دەنایە سەر ڕابێرت و ڕابێرتیش لەوەڵامدا دەیگوت:

ــ (بەهەر فێڵ و کەڵەکێك بوو ئێمەت تووش کرد ئێستاش کەمێك بیرلەخۆت بکەرەوە.)

ــ (وازبێنە هاوڕێی خۆشەویست. من پەیمانی خۆمم کردووە و تاکۆتاییش پابەندم.)

ڕابێرت بۆماوەی دووهەفتەی تەواو هاوسەرەکەی (ئانجێلا)ی لەئەورووپادا گەڕاندوویە و خۆشتیرن کاتیان بەسەربرد. خۆشترین کاتیان هەبوو و ئێستا هەموو تاڵییەکانی ژیانی هەردووکیان فەرامۆش کرابوو. نەخەبەرێك لە جین هەبوو کەبێت و ئارامشتی رابێرت تێك بدا و نەلە مێردەکەی ئانجێلا، کە مایەی ڕەنج و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بێت. شادی و زمان شیرینییەکانی مێلیسا ئەوانی دوو ئەوەندە خۆشحاڵ دەکرد و ئێستا ڕابێرت ئارەزووی دەکرد، کە مندالگەلێکی وەك مێلیسای هەبێت و شادی ئەوان فەزای ماڵەکەی گرم و بەنەشە بکەن.

ئیتر ڕابێرت بە ئاواتەکەی گەیشتبوو. واتای ژیان و مانای ژیان کردن و مرۆڤایەتی و جوامێری بەڕوونی دەبینی و لەوەی، کە ساڵانێکی بە بێهوودە بۆ جین بەفیڕۆ داوە، خۆی سەرزنشت دەکرد و ئێستا چرکە بەچرکەی ژیانی بەبوونی ئانجێلاوە مانا و واتای وەردەگرت و چێژو شیرینی ژیان، بەسەلیقەی خۆشتر و دڵگرتر بوو.

شادی ئەوان بووبووە هۆی کەیفخۆشی ئەوانیتریش. ئێستا ڕابێرت دەیتوانی وشەگەلێك بهێنێتە سەر لاپەڕە سپییەکانی. دەیتوانی ئەوەی، کە بەمێشکیدا دەهات بنووسێت و ئەوەی، کە نیاز و مەبەستی دڵی بوو، بخاتە سەر دێڕەکانی کاغەزەکە. ئەو یەکەمین کتێبی خۆی، کە نیشانەیەك لە هیوا و ژیان و عەشق و دۆستی و وەفاداری بوو، تەواو کرد و جوانترین ناوی بۆ هەڵبژارد. ناوی (هەڵهاتنی ڕۆژی بەشکۆ) بریقەدارکەرو ڕازێنەری کتێبەکەی بوو. بەڵێ ئەو بەڕاستی ڕۆژێکی دەستپێکردبوو، کە شکۆو گەورەییەکەی لەئاسۆی هیوا و ئارەزووەکاندا دەبینرا. ئەو شکۆ و مەزنی ویست و خۆڕاگری و پشوودرێژی، لە پێدەشتی پیسییەکان، چەوتییەکان و ناڕاستییەکاندا بەدیار خستبوو. گەورەیی و شکۆی (هەڵهاتنی ڕۆژی بەشکۆ) لەگەڵ ترۆپکی ناوبانگی ڕابێرتدا هاوڕێ بوو. ئێستا "جین" یش، بەخوێندنەوەی کتێبەکانی ئەو تێدەگەیشت، کە بەهاکان دەساوێزێکن، کە لە ناخی تایبەتمەندییە جوانە مرۆڤانەکاندا شاراوەیە. نەك لە ئازادیگەلێکدا، کە ماناو واتای ئازادیش بێتام ئەکەن.

کۆتایی